پانزه هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

# رۆژنامە ٧


هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٥) سێشەممە ١٧/ ٨/ ٢٠١٠ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار



د. بورهان یاسین:
سەرکردەکانی گۆڕان ئەوپێزانینەیان بەرامبەر سەرکەوتنی بادینان نەبوو

8



«رۆشنبیران لە بەردەم شەپۆلێکی فراوانی هێرش و پەلاماردان»

14

# لیژنەیەک بۆ «چاکسازیی» لە هەرێم پێکدەهێنرێت



فۆتۆ: KRP

رۆژنامە

هەر پێنج لایەنی سیاسیی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) لیژنەیەکیان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسیی و ئیداریی و ئەمنیی لە هەرێمی کوردستان پێکهێنا.

ئەو لیژنەیە لەسەر داوای بزووتنەوەی گۆڕان پێکهات، کە لە کۆبوونەوەی رابردووی لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت بڕیار لەسەر ئەو لیژنە چاکسازییە درا.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، وتی: «بۆ گفتوگۆو پشتیوانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بڕیارماندا وەک بزووتنەوەی گۆڕان هەندێک خاڵی ئەو پڕۆژەیە پشتیوانی لێبکەین»، بەڵام «دەبێت لە کوردستانیش پڕۆژەیەکی چاکسازیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بێتەدی».

ناوبراو لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە لەوبارەیەوە وتی: «دوای ئەو کۆبوونەوەیەی لایەنەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کردیان، بڕیار لەسەر ئەوە درا لیژنەیەک پێکبێت بۆ دانانی ئەو پڕۆژەی چاکسازیی سیاسییە لە کوردستان».

محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، پشتگیریی خۆیانی دووپاتکردەوە بۆ پڕۆژەی ئەنجامدانی چاکسازیی لە کوردستان و وتی: «بۆئەوەی بارودۆخی کوردستان لە هەموو روویەکەوە بەرەوپێش ببرێت، ئێمە پشتگیریی لەو بۆچوونە دەکەین».

دوێنێش لیژنەکە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی دەستپێکرد.

لە ل٤دا وردەکاریی لیژنەکە بڵاوکراوەتەوە

## بۆ یەک کورسی پەرلەمان (٥٠ - ٦٠) ملیۆن دینار وەک بودجە دەدرێت بە حیزبەکان

رۆژنامە

پاش (٩) مانگ، حکومەت پڕۆژەیاسای بودجەی پارت و رێکخراوەکان رەوانەی پەرلەمان دەکاتەوە، بێئەوەی هیچ تێبینییەکی لەسەر بدات و پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: بۆچوونی بەهێز لەناو پەرلەماندا ئەوەیە لەنێوان (٥٠-٦٠) ملیۆن دینار بۆ یەک کورسی پەرلەمان بدرێت بە حیزبەکان.

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران هۆکاری دەستکارینەکردنی پڕۆژەیاساکەو گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانی بەوە لێکدایەوە، کە حکومەت پڕۆژەکەی بەلاوە پەسەند بووەو پێیوابووە، کە پێویستی بە گۆڕانکاریی نییە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسای پەرلەمان وتی: «هەرچەندە رێکەوتنی تەواو لەوبارەیەوە نەکراوە، بەڵام لە پڕۆژەیاساکەدا رێژەی کورسی کراوەتە بنەماو ئەوەی تائێستا کە لە گفتوگۆکاندا قسەی لەسەر کراوە (٥٠-٦٠) ملیۆن دینار بوو بۆ کورسییەک.

بۆ ل٥

## گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ داوای چارەنووسی پارەی فرۆشتنی نەوت دەکەن

شارا عەبدولڕەحمان

هەرسێ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکەی پەرلەمان داوای کۆبوونەوەی نائاسایی دەکەن سەبارەت بە پرسی ناردنەدەرەوەی نەوت و بەپێویستی دەزانن ئەوان و هەموو خەڵکی کوردستان ئاگاداری دڵۆپ بە دڵۆپی نەوت بن کە چی بەسەردێت.

هەفتەی رابردوو هەرسێ فراکسیۆنی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو تێیدا داوای کۆبوونەوەی نائاسایی تایبەت بە پرسی ناردنەدەرەوەی نەوتیان کرد، بەڵام تائێستا وەڵامنەدراوەنەتەوەو کۆبوونەوەکە گرێنەدراوە.

عەدنان عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: پێمانوایە کە مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوت نارۆشنەو رای جیاوازی دروستکردووە، پەرلەمان ئاگاداری ئەو ناردنەدەرەوەیە نییە، لەکاتێکدا کە پێویستە پەرلەمانتاران و هەموو خەڵکی کوردستان بزانن کە ئەو نەوتە چۆن دەڕوات و بۆ کوێ دەڕوات و کێ دەیبات و داهاتەکەی چی لێدەکرێت.

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئاماژەی بەوەکرد: هەموو ئەو خاڵانە دژیەکن لەنێوان وەزارەتی کارەباو سامانە سروشتییەکان و دارایی، وتیشی: «تائێستا وەڵاممان نەدراوەتەوەو کۆبوونەوەکە گرێنەدراوە، بەڵام هەر کە کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا، سەرجەم ئەم پرسیارانە لە پەرلەمان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت و لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ پێکدەهێنرێت و پرسیار ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکرێت و ئەگەر وەڵامیان نەدایەوە، ئەوکاتە بانگهێشت دەکرێن بۆ پەرلەمان، چونکە پێویستە خەڵکی کورستان ئاگاداری دڵۆپ بە دڵۆپی نەوتی خاکەکەیان بن کە چی لێ بەسەردێت».

## CPJ داوا لە پارتی دەکات سکاڵاکەی لە دژی رۆژنامە بکشێنێتەوە

رۆژنامە

لیژنەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسانی جیهان، داوا لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات سکاڵای پارتەکەی دژی (رۆژنامە) بکشێنێتەوەو پێیوایە، کە ئەو سکاڵایەی لەسەر بڵاوکردنەوەی داهاتی بە قاچاخبردنی نەوت لە دژی رۆژنامە تۆماریکردووە، بەکارهێنانی یاسایە لەپێناو بێدەنگکردنی رۆژنامەکەدا.

لیژنەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان(CPJ )، لە راپۆرتەکەیدا ئەو سکاڵایەی دژی رۆژنامەی (رۆژنامە) لەلایەن پارتییەوە تۆمارکراوە، بکشێنرێتەوە کە بە یاسای سەردەمی سەدام حسێن تۆمارکراوەو داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوو لە رۆژنامە دەکات، دەربارەی بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەسەر ئەو داهاتەی کە پارتی لە بردنەدەرەوەی نەوتی قاچاخ دەستیدەکەوێت.

CPJ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەشداوە، هەرچەندە چەندینجار داوایان لە بەرپرسە عێراقییەکان کردووە، کۆتایی بهێنن بە کارکردن بە یاسای سزادانی سەرکوتکەر، بەڵام لەم سکاڵایەی پارتیشدا پەنا براوەتەبەر یاسای سزادانی سەردەمی حوکمی سەدام حسێن، لە بری یاسای رۆژنامەگەریی کە ساڵی(٢٠٠٧) پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە.

بۆ ل٣




ناسک قادر: نوێبوونی ئۆپۆزسیۆن پاساو نییە بۆ کەموکوورییەکانی

12



وردەکارییەکانی پڕۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان

6



وەزیری تەندروستی: زۆربەی خەڵکی هەرێم نەخۆشی دەروونییان هەیە

2

# CPJ داوا لە پارتی دەکات سکاڵاکەی لە دژی رۆژنامە بکشێنێتەوە

ئا: بەرهەم خالید

لیژنەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان، داوا لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات سکاڵای پارتەکەی دژی (رۆژنامە) بکشێنێتەوەو پێیوایە؛ ئەو سکاڵایەی لەسەر بڵاوکردنەوەی داهاتی بە قاچاخبردنی نەوت کە دژی رۆژنامە تۆماریکردووە، بەکارهێنانی یاسایە لەپێناو بێدەنگکردنی رۆژنامەکەدا.

سکاڵاکەی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی رۆژنامە، پاش بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک دەربارەی داهاتی بردنەدەرەوەی نەوتی قاچاخو هەروەها کاردانەوەی ئەو پارتە دژی گۆڤاری لڤین، پاش بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێکی قانعی فەرد دەربارەی رۆڵی مەلامستەفا، ناوەندو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی هێنایە دەنگو بە گرنگییەوە باسی ئەم رەوشو پێشهاتە نوێیەی هەرێمیان کرد.

لیژنەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان، لە راپۆرتێکدا داوا لە هەردوو سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەت دەکات، کە ئەو سکاڵایەی دژی رۆژنامەی (رۆژنامە) لەلایەن پارتییەوە تۆمارکراوە، بکشێنرێتەوە، کە بە یاسای سەردەمی سەدام حسێن تۆمارکراوەو داوای یەک ملیار دۆلار لە رۆژنامە دەکات وەک قەرەبوو، دەربارەی بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەسەر ئەو داهاتەی کە پارتی لە بردنەدەرەوەی نەوتی قاچاخ دەستیدەکەوێت، محەمەد عەبدولدایم، رێکخەری بەرنامەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا لە لیژنەی بەرگریی لە رۆژنامەنووسان(CPJ)، لەو بارەیەوە دەڵێت: «شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بیانووی ناوزڕاندن بۆ رووماڵکردنی ئەو هەواڵە بدۆزێتەوە، ئەو داوایەش بۆ قەرەبوو نەگونجاوەو ئەوە دەردەخات کە داواکە جدیی نییەو هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ بەکارهێنانی داد لەپێناو بێدەنگکردنی رۆژنامەکەدا».

CPJ لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەشداوە، هەرچەندە چەندینجار داوایان لە بەرپرسە عێراقییەکان کردووە، کۆتایی بهێنن بە کارکردن بە یاسای سزادانی سەرکوتکەر، بەڵام لەم سکاڵایەی پارتیشدا پەنا براوەتەبەر یاسای سزادانی سەردەمی حوکمی سەدام حسێن، لە بری یاسای رۆژنامەگەریی کە ساڵی(٢٠٠٨) پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە.

هەروەها CPJ هۆشداریی ئەوەی داوە، کە پاش بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنێکی مێژوونووس، قانعی فەرد لە گۆڤاری لڤیندا، کە تێیدا باسی چەند قۆناغێکی سیاسیی کوردستانی عێراقو رۆڵی مەلامستەفای بارزانیی کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڕەشەی لە رۆژنامەنووسانی ئەو گۆڤارە کردووەو لەژێر چەند ناوێکی وەک لاوانو پیاوانی ئایینیدا، هەڕەشەیان لە رۆژنامەنووسان کردووە، هەرچەندە بەرپرسانی ئەو پارتە رەتیانکردووەتەوە کە هیچ هەڕەشەیەکیان لە لڤین کردبێت.

لەلایەکی دیکەوە، رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، لە راپۆرتێکدا بە ناونیشانی (پارتی دیموکراتی کوردستانو ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کوردستانی عێراق) رەخنەی لە هەڵسوکەوتەکانی پارتی دژ بە رۆژنامەنووسان گرتووە.

پەیامنێرانی بێسنوور، دەنووسێت: زیاتر لە هەفتەیەکە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی دژ بە گۆڤاری لڤین دەستپێکردووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە ئیهانەی بە مەلامستەفا بارزانیی کردووەو ئەوەش پارتیو لایەنگرانی توڕەکردووەو هەڕەشەی کاردانەوەی توندیان کردووە، ئەگەر بە ئاشکرا داوای لێبوردنیان لێنەکەن، هەروەها باسی ئەو سکاڵایەشی کردووە کە پارتی دژی رۆژنامەی رۆژنامە تۆماریکردووە.

لەوبارەیەوە، رێکخراوەکە دەڵێت: «ئەو دوو دۆسیەیە، هەڕەشە لە ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکەن لە کوردستانو لەوبارەیەوە هەستی نیگەرانیی زۆری خۆمان دەردەبڕینو داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین، هێمن بنو لەسەر بەرپرسانی پارتیش پێویستە کە بەرپرسانە رەفتار بکەنو هەوادارانیان هانبدەن ژیرانە مامەڵە بکەن، ئەگەر نا رەوشەکە ئاڵۆز دەبێت، هەروەها لەسەر بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش پێویستە زامنی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانی هەرێم بکەنو پێویستە سیاسەتمەدارانیش جیاوازیی بکەن لە نێوان رەخنەو ناوزڕاندندا».

دەربارەی سکاڵاکەی پارتی دژ بە رۆژنامە، دەنووسێت: «ئەو سکاڵایە، بێمانایەو ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان دەتوانێت سکاڵا دژی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز تۆماربکات، کە سەرچاوەی بابەتەکەیە؟»

## سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو
# تا کۆنگرە بڕیار لەسەر جیاکردنەوەی دەعوەو سیاسەت نادرێت

رۆژنامە

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو رایدەگەیەنێت؛ وازهێنانی هادی عەلی، لە پۆستی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی، بووەتە جێگەی پرسیاری ئەندامانی سەرکردایەتیو بە دووریشی دەزانێت هەتا کۆنگرەی داهاتوو مەسەلەی جیاکردنەوەی دەعوەو سیاسەت لەناو یەکگرتوودا گفتوگۆی جدیی لەسەر بکرێت.

دیندار نەجمان دۆسکی، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی لەناو سەرکردایەتی یەکگرتوودا بووەتە جێگەی پرسیار، کە ئایا بۆچی وازیهێناوەو هۆکارەکانی چین؟! لە هەمانکاتدا ئەوەی رەتکردەوە کە دەستلەکارکێشانەوەی هادی عەلی، ناجێگیریی سیاسییو ئیداریی لەناو یەکگرتوودا دروستکردبێت، بەوپێیەی هادی عەلی، بە قەناعەتی خۆی ئەو بڕیارەی داوەو فشاری لەسەر نەبووە.

دەربارەی دانانی جێگرەوەی پۆستی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووش، دیندار نەجمان، ئەوەی خستەڕوو؛ ئەمینداری گشتیی بۆ ماوەی سێ مانگ خۆی ئەو پۆستە بەڕێوەدەباتو سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی دەکات، چونکە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو دەورییەو سێ مانگ جارێک بەڕێوەدەچێت، ئەو کاتە کەسێکی دیکە بۆ پۆستی سەرۆکی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو هەڵدەبژێرن.

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکگرتوو دەربارەی مەسەلەی جیاکردنەوەی دەعوەو سیاسەت لەناو حیزبەکەیدا وتی: «لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بوچوون هەیە بۆ جیاکردنەوەی دەعوە لە سیاسەت، بەڵام تا کۆنگرە بڕیاری لەسەر نادرێت».

# پەکەکە لەبەر ئۆجەلانو رەمەزان شەڕی راگرت

بەرهەم خالید

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، ئاگربەستی لەگەڵ حکومەتی تورکیادا راگەیاندو هۆکارەکەشیان بۆ هاتنی مانگی رەمەزانو نەخشەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد گەڕاندەوە.

رۆژی (١٤)ی ئەم مانگە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا سێ ئەندامی کۆنسەی کۆماجفاتی کوردستان، کە لە بناری قەندیل بەڕێوەچوو رایانگەیاند: لەسەر نەخشەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی دەستگیرکراوی پەکەکە کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەیەتیو هەروەها بەهۆی هاتنی مانگی رەمەزانەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ماوەی (٤٠) رۆژ ئاگربەست لەگەڵ تورکیادا رادەگەیەنێت، واتە لە (١٣)ی ئابەوە تا (٢٠) ئەیلول یەکلایەنە شەڕ لە دژی هێزەکانی تورکیا رادەگرێت.



بوزان تکین، یەکێک لەو ئەندامانە لە کۆنگرەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان شەڕ رادەگرن، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر هێزەکانی تورکیا هێرشبکەنە سەریان ئەمان وەک مافی بەرگریکردن داکۆکیی لەخۆیان دەکەن.

لەلای خۆیەوە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەمان رۆژ لە لێدوانێکدا پێشوازیی لەو بڕیارە کردو رایگەیاند: «خۆشحاڵین بەو ئاگربەستەی کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە راگەیەندراوەو پشتگیریی ئەم هەنگاوەیان لێ دەکەین».

سەرۆکی هەرێم، هیواشی خواست ئەو ئاگربەستە بەردەوام بێتو دووپاتیشیکردەوە، کە ئەو کێشەیە هەرگیز بە شەڕ چارەسەر ناکرێتو پێویستی بە دیالۆگو گرتنەبەری رێگەی ئاشتییە.

هاوکات ژمارەیەک رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو چەند پارتێکی سیاسیی لە خۆرهەڵاتو باشووری تورکیا خۆشحاڵی خۆیان بەو بڕیارە دەربڕیو بە یارەمەتیدەرێکی باشیان زانی بۆ بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەسەر هەموارکردنی دەستووری ئەو وڵاتەو پێیانوایە: بەو هەنگاوە بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەشداریی ئەو ریفراندۆمە دەکەن.

# میدیای ئۆپۆزسیۆنو ئەهلی: رامکردنی دەسەڵات



مەحمود رەزا

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن رای گشتییو میدیای ئازادەوە تۆمەتبارە بەوەی لە رابردوودا بە فیشەکو کوشتن، هەڕەشەی کوشتنو چاوسوورکردنەوە، فڕاندنو فەلاقەکردن... هەوڵیداوە رۆژنامەنووسە جەسوورەکانو میدیای ئەهلیو ئازاد دەمکوت بکات، بەڵام لە ئەنجامی فشاری پەی دەرپەی میدیای ئازادو پاشان هاتنە مەیدانی میدیای ئۆپۆزسیۆنەوە رەوشەکە گۆڕا.

پاش ئەوەی دەسەڵات تێگەیشت بەرپرسیاریی کوشتنی رۆژنامەنووس ئەوەندەی بۆ دەسەڵات خەتەرو مەترسییە، دوو ئەوەندە ورەو زەخم بە میدیای ئەهلیو ئازاد دەبەخشێو چەند ئەوەندە گوڕ بە میدیای ئۆپۆزسیۆن دەدا، ناچار بووە لەباتی بەکارهێنانی زەبرو زەنگ رێگەی قانوونیی دادگا بگرێتە بەر.

پەنابردنی دەسەڵاتو حیزبەکانی بۆ دادگا، ئەگەرچی بۆ ئەوان هەنگاوێکی ناچارییە، لێ بۆ کۆمەڵی کوردستانو پەرەسەندنی ئیجابیی پرۆسێسی سیاسییو دیموکراسی هەنگاوێکی پێویستو تەندروستە، بەمەرجێک دەسەڵاتی سیاسیی دەستی گوشاری لەسەر شانی دەسەڵاتی دادوەریی کوردستان هەڵگرێتو ناو هۆڵی دادگاکان نەکات بە هۆڵی نمایشکردنی شانۆگەرییو لە تۆمارکردنی سکاڵاکانیدا رێنمایی دادگا نەکاتو نەخشەی رێگەی بۆ دانەنێ کە چۆن چۆنی بەدڵی خۆی دادگاییەکە کۆتایی پێ بهێنێت، وەکو ئەوەی پارتی لە شکاتەکەیدا کردوویەتی.

وەکو رای گشتیی کوردستانو ماسمیدیای جیهانیی ئاگادارن، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بڵاوکردنەوەی ریپۆرتاژێک لەسەر (بە تاڵانبردنی داهاتی نەوتی کوردستان)، کە رۆژنامەی رۆژنامە بڵاوی کردبووەوە، سەرنووسەری رۆژنامەو نووسەری ریپۆرتاژەکەو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای وشەی داوە بە دادگاو داوای یەک ملیارد دۆلاری ئەمریکی لێ دەکات، بەڵام لەژێر گوشاری میدیای ئۆپۆزسیۆنو ئەهلیو ماسمیدیای جیهانیدا، بە بیانووی هەڵەی چاپ، پارتی ناچار بوو یەک ملیار دۆلارەکە بکات بە یەک ملیار دیناری عێراقی.

بەگوێرەی سەرەتایەکی قانوونی: (الاختصاص المكاني) کۆمپانیای وشە داوای گواستنەوەی شوێنی دادگاییەکەی کرد لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی، هەتا ئەمە رووینەدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تا رادەیەک خۆی لە کەیسەکە بە دوور گرتبوو، دوای پێشکەشکردنی داوای گواستنەوەی شوێنی دادگاییەکە، یەکێتیش هاتە سەر خەتو هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر هەمان بابەت لە رۆژنامەو کۆمپانیای وشە دەکات، من هیوادارم ئەم هەڵوێستەی یەکێتی پەیوەندیی بە داوای گواستنەوەی شوێنی دادگاییکردنەکەوە نەبێت؛ بۆئەوەی شوێنی دادگاییکردنەکە لە هەولێر بێ پارتیو لە سلێمانی بێ یەکێتی بتوانێت کار لە پرۆسێسی دادگاییەکە بکات.

ئەوەی سەرۆک کۆماری عێراق، جەلال تاڵەبانی شەوی ٢٠١٠/٨/١٥ لە گفتوگۆ رۆژنامەنووسییەکەیدا لەگەڵ (٦) رۆژنامەنووسی یەکێتیو پارتی سەبارەت بەو دادگاییە وتی، دەستوەردانی راستەوخۆیە لە کاروباری دادگاییەکە، کاتێک وتی: «... ئەوان پەشیمانن، چونکە داواکە لە دادگا دەدۆڕێنن»، دەستوەردانە چونکە جۆرێکە لە دیاریکردنی پێشوەختی ئەنجامی دادگاییەکە، دەستوەردانە، چونکە تاڵەبانی: یەکەم، ئەو هاوڵاتییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو سەرۆک کۆماری عێراقەو دەبێت بە دووریی یەک مەودا لە هاوڵاتییەکانی بوەستێت؛ دووەم، حیزبەکەی لایەنە لە کەیسی بەتاڵانبردنی سامانی نەوتدا؛ سێیەم، کەسایەتییەکی بەنفوزو کاربەدەستێکی گشتیی گەورەیە.

ئێستا کە بە بەرچاوی تەواوی خەڵکی کوردستانەوە موشتەقاتەکانی نەوت ئاودیو دەکرێنو داهاتەکەشیان حوکمەتو پەرلەمانی کوردستان نازانن بۆ کوێ دەچێت، بەڵام ئێمە نامانەوێت پێش بڕیاری دادگا بکەوین، لە ئێستەوە نەخشەی رێگە بۆ دادوەرە بەڕێزەکان دابنێن، کە ئەگەر دەسەڵاتداران دەست لە کاروباریان وەرنەدەن، ئەنجامەکەی بۆ خەڵکی کوردستان مژدەبەخش دەبێت.

دەستکەوتی ئۆپۆزسیۆنو میدیای ئەهلیو خەڵکی کوردستان لە کردنەوەی دۆسیەی بەتاڵانبردنی سامانی نەوتدا بەتەنیا ئەوە نییە دادگاییەکە ببەینەوە، بەڵکو ناچارکردنی دەسەڵاتی حیزبییو حکومیی بۆ هاتنە سەر خەتو قسەکردن لەسەر نەوتو موشتەقاتەکانیو داهاتەکانیانو ئەو هەموو خیلافو ناکۆکییەی لە زانیارییەکانیاندا دەرکەوتن، دەستکەوتی بەدیهاتوونو بۆ ئێمە بوون بە سامانێکی مەزن بۆ دادگاییکردنی دەسەڵاتو بردنەوەی کەیسەکە.

خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەین بەردەوام دەبین لە رامکردنی دەسەڵات تا ئەو کاتەی سیستمی سیاسییو بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان دەکەین بەو نموونە جوانەی شایستەی قوربانییەکانیان بن.

ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵدەسەنگێنێت 4

# دادگای تەمیز شەرعیبوونی هەڵبژاردنی پارێزەران یەکلاییدەکاتەوە

**راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق**

ژمارەیەک پارێزەری هەولێرو سلێمانی بە پاساوی نەبوونی رێژەی یاسایی بەشداریکردنی پارێزەران، لە دادگای تەمیز تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی نەقیبو ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پارێزەران دەدەن.

دوای ئەوەی کۆنگرەی سەندیکای پارێزەران لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی رابردوو لە هەولێر بەڕێوەچوو، رۆژی (٧/٢٥) پێویستبوو (٢٩٤٦) پارێزەر لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوکو دهۆک بەشداریی بکەن لە هەڵبژاردنی نەقیبو ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پارێزەران، بەڵام لە کۆی ئەو ژمارەیە تەنیا (١٤٦٥) پارێزەر بەشدارییان کردو نیوەکەی تری بەهۆی بوونی لیستی تەوافوقی یەکێتیو پارتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەیان کرد، بەو حاڵەشەوە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پارێزەران ئەنجامەکەیان پەسەندکردو ئەم هەنگاوەش نارەزایی ژمارەیەکی بەرچاو لە پارێزەرانی لێکەوتەوە.

ئاکار محەمەد عەبدوڵڵا، پارێزەر، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە وەک ژمارەیەک پارێزەری سلێمانی لە دادگای تەمیزی کوردستان بەهۆی ئامادەنەبوونی رێژەی یاسایی پارێزەران لە هەڵبژاردنی نەقیبو ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پارێزەران، تانەمان لەو ئەنجامە داوە، چونکە نیوەی ئەوانەی پێویستبووە دەنگبدەن، دەنگیان نەداوە».

ئەو پارێزەرە ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوان ژمارەیەک پارێزەرن لە رووی پیشەییەوە سەربەخۆن‌و کار بۆ دەرهێنانی دەستی حیزبیی‌و نەهێشتنی تەداخولاتی حیزبیی دەکەن لە سەندیکای پارێزەران، وتیشی: «چاوەڕێی وەڵامی دادگای تەمیزین، بۆئەوەی دوایین هەڵوێستی خۆمان رابگەیەنین».

ئەندامێکی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پارێزەران ئەوەی روونکردەوە، سەرەتا ئەوانیش لەگەڵ ئەوەبوون هەڵبژاردنەکە رێژەی یاسایی تەواونەکردووە، بەڵام دواتر کە گەڕاونەتەوە بۆ یاسای پارێزەران، بۆیان دەرکەوتووە ئەو حاڵەتە ئاساییە.

سەردار هەرکی بۆ رۆژنامە وتی: «بە گەڕانەوەمان بۆ یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٩)ی پارێزەران، بڕگەی (٢) لە مادەی (٤٨)و بڕگەی (٥) لە مادەی (٤٩)، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە تەنیا کۆنگرە پێویستی بە ئامادەبوونی رێژەی زۆرینەی رەها (٥٠+١) هەیە، هەرچی هەڵبژاردنە، کە بەشێکە لە بڕیارەکانی کۆنگرە بە بەشداریی زۆرینەی بەشداربووان بەڕێوەدەچێت، لەو هەڵبژاردنەشدا زۆرینە بەشداریی کردووە».

لای خۆشیەوە وریا سەعدی، نەقیبی هەڵبژێردراوی سەندیکای پارێزەران، کاردانەوەی ئەو ژمارە پارێزەرانەی بە مافی ئاسایی خۆیان زانی‌و وتی: «پارێزەر مافی خۆیەتی تەعنی هەر بڕیارێک بکات، ئەگەر لە بەرژەوەندیی پارێزەران نەبێت، بەڵام لەبارەی هەڵبژاردنەکانەوە بەپێی یاسای پارێزەران ئیشوکارەکان رێکخراوەو رێوشوێنی یاسایی گیراوەتە بەر، ئێستاش بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو کێشەیە چاوەڕێی دادگای تەمیز دەبین».

هەڵبژاردنی نەقیبو ئەنجومەنی باڵای سەندیکای پارێزەران بە سوودبینین لە شێوازی لیستی داخراو و پەیڕەوکردنی زۆرینەی سادە بەڕێوەچوو، کە تێیدا (وریا سەعدی) وەک نەقیب لە یەکێتیو (١٠) ئەندامەکەی دیکە لەنێوان پارتی‌و یەکێتی‌و ئەندامێکی یەکگرتووی ئیسلامیی هەڵبژێردرانەوە.

## دەستدرێژیکردنە سەر رۆژنامەنووسان بەردەوامە

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

پەلاماردان‌و هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەردەوامەو رۆژنامەنووسانیش داوای سزادانی ئەنجامدەرانی دەکەن.

هەفتەی رابردوو دانیشتووانی ناحیەی شۆڕش بەمەبەستی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، خۆپیشاندانێکیان سازکردو لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی چەمچەماڵ هێرشیانکردە سەر پەیامنێری کەناڵی (سپێدە)و تەقەیان لێکرد، هاوکات هێرشکرایە سەر پەیامنێری کەناڵی (KNN)، هەفتەی رابردووش هێزێکی ئاسایشی هەولێر هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەی گۆڤاری هاودەم.

لە روونکردنەوەیەکی کەناڵی سپێدەدا ئەوە خراوەتەڕوو: «رۆژی (٨/١١) لە ناحیەی شۆڕش هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی چەمچەماڵ زۆر بە توندیی هێرش دەکەنە سەر تیمی کەناڵی سپێدەو تەقە لە کامێرامانی کەناڵەکەمان دەکەن‌و شوێنی دەکەون، ئێمە لەکاتێکدا کە ئەم رەفتارە ناشارستانییە بە توندیی ئیدانە دەکەین، هاوکات داوا لە سەرۆکی حکومەت‌و وەزارەتی ناوخۆ دەکەین هەڵوێستی خۆیان پیشان بدەن».

لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە (٨/١٢) لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە ئیدانەی دەستدرێژیی بۆ سەر رۆژنامەنووسان دەکات‌و تێیدا هاتووە: «وەڵامدانەوەی توندیدەسەڵات بۆجەماوەری ناڕازییو خۆپیشاندەرو پەلاماردان‌و لێسەندن‌و شکاندنی کامێرای راگەیاندنکاران‌و رۆژنامەنووسان‌و سووکایەتیکردن پێیان، دەرهاویشتەیەکی ترسناکی دیکەی دۆخەکەن‌و رۆژ لەدوای رۆژیش هەست بە زیدەبوونی دەکرێت‌و پێویستی بە چارەسەرێکی بەپەلەیە».

ئەوەش خراوەتەڕوو: «زۆر بە توندیی ناڕەزایی خۆمان دژی ئەو رەفتارە نابەرپرسیارێتییانە دەردەبڕین کە دەرهەق بە رۆژنامەنووسان پیادەدەکرێن‌و ئەو دەستدرێژییانە بە پێشێلکردن‌و سەرکوتکردنی ئازادیی خەڵک دەزانین».

هاوکات رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە راپۆرتێکیدا ئیدانەی ئەو پەلامارەی هێزە ئەمنییەکانی چەمچەماڵ دەکات‌و داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات، بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوە بکات‌و سزای ئەنجامدەرانی بدرێت.

## «هەڵبژاردنی (٢٠١١) بدۆڕێنم دەست لە سەرۆکایەتیی حیزبەکەم دەکێشمەوە»

**رۆژنامە**

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی دەنگوباسی (ئەنادۆڵ)، رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، لە لێدوانێکدا رایگەیاندووە: ئەگەر هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی تورکیا بدۆڕێنم، هەرچەندە بەو شێوەیە پێشبینی ناکەم، ئەوکات دەست لە پۆستی سەرۆکایەتیی حیزبەکەم دەکێشمەوە.

بەپێی وتەی سەرچاوەکانی هەواڵ، سەرکەوتنی ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، بەندە بەو راپرسییەی لە مانگی داهاتوودا سەبارەت بە هەموارکردنی دەستوور لەسەر پێشنیازی ئەردۆغان دەکرێت.

بەپێی راپرسییەکیش کە رۆژی (چوارشەممە)ی رابردوو بڵاوبووەتەوە، بۆ یەکەمینجار بە جیاوازییەکی کەم، دەنگدەران هەموارکردنی دەستووری ئەو وڵاتەیان رەتکردووەتەوە.

رەجەب تەییب ئەردۆغان، لە ساڵی (٢٠٠٣)



وە لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەدا دەستبەکاربووەو تا ئێستا حیزبەکەی توانیویەتی لە دوو خولی هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەدا، سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

# وەزیری تەندروستی: زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان نەخۆشیی دەروونییان هەیە

**هەنگاو هاشم- هەولێر**

وەزیری تەندروستی هەرێم رایگەیاند: بەشێکی زۆر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان نەخۆشیی دەروونییان هەیەو بە شەرمی دەزانن سەردانی پزیشکی دەروونیی بکەن.

د.تاهیر هەورامی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا یاسایەک نییە لە هەرێمی کوردستان بۆ چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ تووشبووان بە نەخۆشیی دەروونیی، بۆ ئەم مەبەستە رێکخراوی هاردلاندی ناحکومیی زیاتر لە چوار مانگە بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستی پرۆژەیاسایەکیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسایەکی لەمجۆرە دەربچێت.

وەزیری تەندروستی دەڵێت: لە هەرێمی کوردستان رێژەی تووشبووان بە نەخۆشیی دەروونیی زۆرە، واتە کارەساتی دارمانی دەروونیی دوای لێقەومان، بەو پێیەی (٩٠٪)ی خەڵکی هەرێمی کوردستان لێی قەوماوە، بۆیە زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان تووشی نەخۆشیی دەروونیی بوون.

باس لەوەشدەکات: لەبەرئەوەی گەلی کورد هەموو جۆرە زەبرێکی بەرامبەر بەکارهاتووە، تائێستا بە شەرمی دەزانێت سەردانی پزیشکی دەروونیی بکات.

د.پەریهان قوبلای، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە بواری تەندروستی خێزانی‌و ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت یاسایەک هەبێت بۆ مامەڵەکردنی تووشبووان بە نەخۆشیی دەروونیی بەپێی تەمەن، چونکە هەر تەمەنێک مافی تایبەتی خۆی هەیەو جۆری رەفتارکردن لەگەڵیدا جیاوازە.

پێیوایە: لەسەرەتاوە زوڵم لە تووشبووانی نەخۆشیی دەروونیی کراوە، لەبەرئەوەی شوێنی شیاویان نییە، پێویستیشە لە نەخۆشخانەکان پزیشکی خێزانیی هەبێت، بۆ ئەوەی نزیک بێت لە خێزانەکانەوەو جۆری نەخۆشییەکان دیاری بکات، ئینجا بنێردرێت بۆ سەنتەرەکانی تایبەت بە نەخۆشیی دەروونیی.

هەرەچەندە لە پەرلەمانی عێراق یاسایەک لەو بارەیەوە دەرچووە، بەڵام لە کوردستان کاری پێناکرێت‌و لە ئێستادا رێکخراوێکی بیانیش سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی تایبەتن بە مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشانی دەروونیی.

د.رێباز فەتاح، ئەندامی لیژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو رەفتارەی نەخۆشخانە دەروونییەکان لەگەڵ نەخۆشییە دەروونییەکان دەیکەن، تەنیا پەیوەندیی بە رەفتاری پزیشکەکەوە هەیە، ئەگینا لە پەرلەمانی کوردستان تائێستا یاسایەک نییە لەمبارەیەوە، وتیشی: «وەکو فراکسیۆنی گۆڕان پرۆژەیاسایەکمان ئامادەکردووە، بەڵام تائێستا پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان نەکردووە، لەبەرئەوەی رێکخراوی هاردلاندیش بڕیارە پرۆژەیاسایەک لەوبارەیەوە رێکبخەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەین».

## فەرەج حەیدەری لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆبووەوە

# «پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەرێم، پێویستی بە تەوافوقی نیشتمانیی هەیە»

**راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان‌و ئۆپۆزسیۆنیش پێیانوایە، پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، پێویستی بە تەوافوقی لایەنەکان هەیەو پرۆژەیاساکەش پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە لیژنەی یاسایی پەرلەمان، راپۆرتی کۆتایی ئامادەکردووە.

رۆژی(٨/١٥)، وەفدێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە سەرۆکایەتیی فەرەج حەیدەری، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر «پێشنیازی یاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێم» سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردو لەگەڵ سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتیی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کۆبوونەوە.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: سەردانەکەمان بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ گفتوگۆکردن‌و شیکردنەوەی رەشنووسی پرۆژەیاسای دەستەی هەڵبژدارنەکانی هەرێم بوو، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان مەبدەئییەن هیچ رێگرییەکی لەسەر پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم نییە، بەڵام هەندێک وردەکاریی هەیە کە پێویستی بەتەداخول‌و تێکەڵبوونی کۆمسیۆن هەیەو پێویستە بە وردیی قسەی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی یاساکە بەدەربێت لە کەموکووڕیی‌و گرفت، پێویستە ئەو یاسایە لە ئەنجامی وتووێژی تێروتەسەلی نێوان کۆمسیۆن‌و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوو هەفتە پێش ئێستا لە لیژنەی یاسایی‌و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کۆمسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێم، گفتوگۆمان لەسەر پرۆژەیاساکە کردو راپۆرتێک ئامادەکرا، بەڵام ئێمە لە فراکسیۆنی (گۆڕان، کۆمەڵ، بزووتنەوەی ئیسلامیی) لەو کۆبوونەوەیەدا نەگەیشتینە ئەنجام‌و یەکلایی نەکرایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە وتەی شیروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکەیان راپۆرتی کۆتایی لەسەر (٧)پرۆژەیاسا ئامادەکردووە کە یەکێکیان پرۆژەیاسای «دامەزراندنی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم»ە.

هەروەک عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئێمە لە لیژنەی یاسایی، راپۆرتمان لەسەر پرۆژەیاساکە ئامادەکردووە، بەڵام تا ئێستا ئەندامانی لیژنەکە، ئیمزایان لەسەر نەکردووە».

ژمارەیەک لە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان‌و بەتایبەتیش ئۆپۆزسیۆن، رەخنە لە پرۆژەیاساکە دەگرن‌و مەترسیی ئەوەیان هەیە کە ئامانج لە پێکهێنانی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، کۆنترۆڵکردنی تەواوی هەڵبژاردنەکان بێت لەم قۆناغەدا.

بە بڕوای ئەحمەد وەرتێ، سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمان، هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی دەستەی هەڵبژاردنی هەبێت، بەڵام وەکو ناوبراو دەڵێت: «پێویستە پێکهێنانی ئەو دەستەیە، لە چوارچێوەی رێکەوتنی هەموو لایەنەکاندا بێت‌و بە ئامانجی رێکخستنی کاروباری هەڵبژاردنەکانی هەرێم بێت‌و هیچ مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوە نەبێت».

هەروەک د.زانا رەئوف، ئەوەی خستەڕوو: «ئێمە وەکو ئۆپۆزسیۆن، لەسەر خودی پرۆژەیاساکە تێبینیمان هەیەو پێمانوایە، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی هەستیارەو پێویستی بە تەوافوقی نیشتمانیی هەیەو ناکرێت بە زۆرینەو کەمینە بڕیار لەسەر پێکهێنانی دەستەکە بدرێت، بۆ نمونە، سەرەکیترین گرفت کە مەسەلەی بودجەیە، پێویستی بە وەرگرتنی رای حکومەتی هەرێم هەیە، هەروەها پرۆژەیاساکە، هەندێک خاڵی تێدایە کە پێچەوانەی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقن».

دوای سەردانەکەی وەفدی کۆمسیۆن بۆ پەرلەمانی کوردستان، وا بڕیارە بەمنزیکانە کۆبوونەوەیەک لە نێوان کۆمسیۆنی باڵاو لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستاندا بەڕێوەبچێت.

# بودجە لەسەر بنەمای (٥٠-٦٠) ملیۆن لەبری یەک کورسی دەدرێت بە حیزبەکان

## حکومەت پاش (٩) مانگ، پرۆژەی بودجەی حیزبەکان بێ گۆڕانکاریی دەنێرێتەوە پەرلەمان

ڕاپۆرتی: چاوان عەلی

پاش (٩) مانگ، حکومەت پرۆژەیاسای بودجەی پـارتو ڕێکخراوەکان ڕەوانـەی پەرلەمان دەکاتەوە، بێئەوەی هیچ تێبینییەکی لەسەر بداتو پێوەری پێدانی بودجەکەش تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوە.

پەرلەمانتارانیش حکومەتو سەرۆکایەتی پەرلەمان بە بەرپرس دەزانن لە دواکەوتنی یاساکە، کە تائێستا نازانرێت لەسەر چ بنەمایەک پارەکە دابەشدەکرێت (کورسی، یان ڕێژەی دەنگ).

پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/١١/١٩ەوە پرۆژەیاسای پشتگیریی دارایی پارتو قەوارە سیاسییەکانی ڕەوانەی حکومەت کردووەتەوە، کە پابەندبوونی مادیی تێدا بـووە، بەڵام حکومەت پاش گلدانەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر، پرۆژەکەی بێ دەستکاری ڕەوانەی پەرلەمان کردووەتەوە.

د.ئـەحـمـەد وەرتـــی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی، پێیوایە: ئەم هەڵوێستەی حکومەت جێگەی هەڵوێستە لەسەر کردنە، چونکە دواخستنەکەی لەلایەن حکومەتەوە بێ پاساو بووە.

هاوکات، محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیـران، هۆکاری دەسـتـکـارینـەکـردنی پـرۆژەیـاسـاکـەو گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمانی بەوە لێکدایەوە، کە حکومەت پرۆژەکەی بەلاوە پەسەند بووەو پێیوابووە کە پێویستی بە گۆڕانکاریی نییە.

ئەم بۆچوونەش لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ڕەتدەکرێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە بـەرپـرس دەزانـرێـت لە دواخستنی پرۆژەیاساکە.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، ئاماژە بەوەدەکات: حکومەتو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرپرسن لە دواکەوتنی پرۆژەیاساکە، چونکە بە وتەی ئەو: «حکومەت لیژنەی یاسایی هەیە، کە دەبوو ئەوە لەبەرچاو بگرن ئەو پرۆژە یاسایانە هێندە لە حکومەت گلنەدەنەوە بەتایبەت ئەگەر پێیانوایە پێویستی بە گۆڕانکاریی نییە.

ئارام قادر، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بە بەرپرس دەزانێت کە پاش ئـەوەی پـرۆژەیـاسـای بـودجـەی (٢٠١٠) پەسەندکراو (٩٠) ملیار دینار بۆ پارتو ڕێکخراوەکان دەستنیشانکرا، پێویستی نەدەکرد ئەو پرۆژەیاسایە لەلای حکومەت بمێنێتەوە، چونکە لە پەرلەمانو یاساکەدا پێوەرەکەش دەستنیشانکراوە، کە بریتییە لە ڕێژەی کورسی پەرلەمانیی.

بـەپـێـی زانـیـاریـیـەکـانـی ڕۆژنـامـە، سەرۆکایەتی پەرلەمان بەنیازە مەسەلەی دیاریکردنی بودجە لەسەر بنەمای کورسیو

> **سەرۆکایەتی پەرلەمان بەنیازە مەسەلەی دیاریکردنی بودجە لەسەر بنەمای کورسیو دیاریکردنی بڕی پارەکەی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان یەکلایی بکاتەوە**

دیاریکردنی بڕی پارەکەی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان یەکلایی بکاتەوە، ڕێکەوتنێک لەوبارەیەوە بکرێتو دواتر لە دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

سـەرۆکـی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی وتی: «پێناچێت لە هۆڵی پەرلەمان بتوانرێت بگەینە ڕێکەوتنێک، بۆیە باشتروایە سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕێکبکەونو دواتر گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت».

لە پرۆژەیاساکەدا هاتووە: ژمـارەی کـورسـی پەرلەمانیی ببێتە بنەما بۆ دابەشکردنی پارەکە، ئەمەش وەک کاردۆ محەمەد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، ڕوونی کردەوە، کە هەرچەندە ڕێکەوتنێک لەبارەیەوە نەکراوە، بەڵام لە پرۆژە یاساکەدا ڕێژەی کورسی کراوەتە بنەما، کە ئەمە ڕەنگە کێشەیەک دروست بکات، بۆ ئەو لایەنانەی کە کورسییان نییە لە پەرلەمان، هەرچەندە لە یاساکەدا هاتووە: ئەگەر نیوەی ڕێژەی کورسییەکیشیان هێنابێت، ئەوا هەر کۆمەک دەکرێن .

لە ئێستادا (١٥) حیزبو لایەنی جیاجیا بە کۆتاکانیشەوە کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان هەیەو چەندین حیزبو قەوارەی دیکەش هـەن، کە نەیانتوانیوە ڕێـژەی کورسییەکی پەرلەمانی بەدەستبهێنن، کە زیاتر لە (١٨) هەزار دەنگی پێویست بوو لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥دا.

عومەر سدیق، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانیی، بەباشی دەزانـێـت: «دەنگی دەنگدەر بکرێتە بنەما، چونکە ئەمەیان ڕەنگە دادپەروانەتر بێتو ئاسانتر بێت لەکاتی جێبەجێکردنی یاساکەدا».

ئەمە جگەلەوەی کورسییە کۆتاکانی پەرلەمانیش گرفتێکی دیکەن، کە (١١) کورسین (یەک ئەرمەنو ٥ مەسیحیو ٥ تورکمان)، ڕێـژەی ئەو دەنگانەی بەدەستیانهێناوە نیـوە یان کەمترە لەو ڕێژەی دەنگانەی بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانی پێویست بـوو، ئەمەش بە بـڕوای کـاردۆ محەمەد، کێشەیەکی دیکەیە لەبەردەم یاساکەدا، چونکە ناکرێت کورسی (کۆتا)و کورسییەکانی دیکە کە بە ڕێژەیەکی زۆری دەنگ بەدەستهاتووە یەک حسابیان بۆ بکریت.

بەڵام ئەو لایەنانەی کورسی کۆتاشیان پێدراوە خۆیان بە زەرەرمەند دەزانن، سائر عەبدولئەحەد ئۆغستین، پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، بۆ ڕۆژنامە ئـەوەی خستەڕوو: ئەگەر بە ڕێژەی کورسی بنەمابێت هەر زەرەرمەند دەبنو ئەگەر بە ژمارەی دەنگیش بێت هەر زەرەرمەند دەبن، چونکە نازانن ئەو بڕەپارەیە چەندە بۆ کورسییەک، یـان دەنگەکان دەستنیشاندەکرێت، تا بزانرێت بەشیان دەکات، یان نا.

بە وتەی کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی دارایـی پەرلەمان: «ئـەوەی تائێستا کە لە گفتوگۆکاندا قسەی لەسەر کراوە (٥٠-٦٠) ملیۆن بوو بۆ کورسییەک، پێشنیازی (١٠٠) ملیۆن بۆ کورسییەکیش کـراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو کە هەندێک حیزب یەک دوو کورسییان هێناوە لە هەڵبژاردنی ئەمجارە».

د.ئەحمەد وەرتی، بەپێویستی دەزانێت لەدوای پشووی پەرلەمانەوە ئەم پرۆژەیاسایە بخرێتە بەرنامەی کـارەو لە ئەولەویاتی کاری پەرلەمان بێت، چونکە «ئەو بنەمایەی ئێستا کۆمەکی دارایی حیزبو لایەنەکانی پێدەکرێتو نادادپەروەرانەیەو هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە».

# پسپۆڕانو مامۆستایانی زانکۆکانی هەرێم، لە بەقاچاخبردنی نەوت نیگەرانن

ڕاپۆتی: بەرهەم خالید

پسپۆڕانی بـــوارە جـیـاوازەکـانـی زانکۆکانی کوردستان، بۆچوونی خۆیان لەسەر ئاودیوکردنی نـەوت بەقاچاخ دەخـەنـەڕوو، ئاماژە بۆ ئـەوە دەکـەن: بەقاچاخبردنی نەوت ناوبانگی هەرێم دەخاتە ژێر پرسیارەوەو جگە لە چەند کەسێک، کەس نازانێت داهاتی ئەو نەوتە چۆنو لەکوێ سەرف دەکرێت.

مشتومڕی بابەتی نـاردنـەدەرەوەی لە نـێـوان دەســەڵاتو ئۆپۆزسیۆنو ناوەندە مەدەنیو ئەکادیمییەکانیشی سەرقاڵکردووە.

د.کـەیـوان ئـازاد ئـەنـوەر، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، لە وتارێکیدا کە بـۆرۆژنـامـەی ئاسۆی نوسیوە باس لەوە دەکات: سەرەڕای ئەوەی (پارتیو یەکێتی) ئاماژە بـەوە دەکـەن کە ئەو نەوتەی ئاودیوی سنوورەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرێت، نەوتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراقە، بەڵام ئۆپۆزسیۆن دەڵێت، ئەو دوو پارتە، ئەو کارە دەکەنو دەرامەتەکەشیان نەخستووەتە گەنجینەی حکومەتەوە.

د. کەیوان، دەربارەی داهاتی ئەو نەوتە، دەڵێت : ڕۆژانە (یەک ملیۆن) تەن نەوت ئاودیوی سنوورەکانی هەرێمو وردتریش سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لـەلایـەکو کۆماری تورکیا لەلایەکی دیکەوە دەکرێت! خۆ ئەگەر نرخی (یەک تـەن) نـەوت (٣٠٠)دۆلارەو ڕۆژانـەش بایی (٣)ملیۆن دۆلار نەوت بەهۆی (٦٠٠) تانکەرەوە ئاودیوی سنوورەکان بکرێت! دەبێت دەرامەتی دارایـی یەک مانگو یەک سـاڵو دواتـر چەندین ساڵی ئەو کەسو لایەنە قارەمانانە چەند بێت، کە زۆر چاونەترسانەو بە درێژایی ڕێگاکانی سەر سنوورەو بە بەرچاوی ئەو هەموو ڕێبوارو گەشتیارانەوە، قووتی دەدەن! ئەمە ئەو پرسیارەیە، تەنیا نەخۆشخانە تایبەتەکان بە (جەڵتەی دڵ) وەڵامی دەدەنەوە!

هـەرێـمـی کـوردسـتـان خاکێکی دەوڵـەمـەنـدی هەیە بە نـەوتو بەپێی زانـیـاریـیـەکـان، یەکێکە لـە خاوەنی گەورەترین یەدەگی جیهان لە نەوت، بۆیە دەتوانرێت بۆ ئایندە سوودی زۆر لەو نەوتە وەربگیرێت.

د.ئیبراهیم محەمەد جەزا، پسپۆڕی جیۆلۆجی لە زانکۆی سلێمانی، باس لەوە دەکات: لە ڕووی زانستییەوە، نەوت وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی زەوی کە ملیۆنەها ساڵی دەوێت تا دروستدەبێتو لە چەند شوێنێکدا کۆدەبێتەوە، نەوتیش بە یەکێک لە سوتەمەنییە لە بنهاتووەکان دەناسرێت، بەو پێیەی لە تازەبوونەوەدا نییە، بۆیە دەرهێنانی نەوت پێویستی بە ڕێوشوێنی زانستیی گونجاو هەیەو دەبێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ بـواری پێشکەوتنی وڵاتو لـەوبـارەیـەوە دەڵـێـت: «کەس لاری لەوە نییە کە لە کوردستان نەوت دەربهێنرێتو سـوودی لێوەربگیرێت، بەڵام دەرهێنانی نەوت بەو شێوەیەی ئێستا، لە ڕووی ستراتیژییەوە زیانی بۆ ئایندەی هەرێم دەبێت، ئەوە ئەگەر بە یاسایی بێت کە بەشێکی داهاتەکەی بۆ هەرێم دەگەڕێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە بردنەدەرەوەی نەوت بەقاچاخ، کە هیچ داهاتێکی دیار نییەو حکومەتیش هیچ قسەیەکی دیاریکراوی نییە لەسەری، ئەوە زیانی زیاترە بۆ کورد».




د.کامەران بەرواری

لـــەلای خـۆیـەوە زمناکۆ سەعید، ئەندازیاری نەوت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: لەبری ناردنەدەرەوەی نەوت بەقاچاخ، پێویستە حکومەتی هەرێم بیر لەوە بکاتەوە کە پاڵاوگەی نـەوت دروست بکاتو هەر لە نەوتە خاوەکەوە تا کۆتایی پاشماوە لە کوردستان بەکاربهێنێت، ئەوەش بەپێی پلانێکی تەواوکارو تۆکمە، نەک وەک پاڵاوگە چەواشەکارەکانی ئێستا، بە تایبەت لە ناوچەیەکی وەک تەقتەق، کە ناوچەیەکی نەوتییەو نزیکی ئـاوەو هـەروەهـا نزیکی سێ بـازاڕی نەوتی گەورەی وەک سلێمانی، هەولێر، کەرکوکە.

ئەندازیارەکەی نەوت، هەروەها دەڵێت: «نەوت، واتای سیاسەتە، بەڵام بەداخەوە هەندێک لایـەن نازانن ئـەو سیاسەتە بکەنو نازانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو سەروەتە بکەنو دواتریش تەنیا پەشیمانییان بۆ دەمێنێتەوە».

بەبۆچوونی پسپۆڕانی ئابووریی، ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم لە ئێستادا، بە شێوەی یاساییش زیانی بۆ ئایندەی




د.کەیوان ئازاد ئەنوەر

هەرێم دەبێت، بەو پێیەی بەشێکی کەمی داهاتەکەی بۆ هەرێم دەگەڕێتەوە.

ئەیوب سماقەیی، پسپۆڕی ئابووریو مـامـۆسـتـای زانـکـۆی سـەڵاحـەدیـن، بـاس لـەوە دەکـات: مەسەلەی نـەوت، لەهەمانکاتدا سیاسیو ئابووریشە، بۆیە لەم قۆناغەدا ڕۆیشتنی نەوت بە هــەردوو ڕێگای یاساییو قاچاخیش، لە بەرژەوەندیی کورد دا نییە، چونکە داهاتێکی زۆر دەڕوات بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەریی هەبێت لەسەر زیادکردنی بەشی کورد لە بودجەی عێراقو وتیشی: «ڕۆیشتنی نەوتی قاچاخ بەو شێوەیە، دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت لەنێوان کوردستانو نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەمریکادا، بە تایبەت کە ئێستا گەمارۆی نوێیان خستووەتە سەر ئێران، بۆیە ئەوە دەبێتە هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن کوردەوە».

دەربـــارەی داواکـــاریـــی لایـەنـی ئۆپۆزسیۆنو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـیو مێدیا بـۆ ئاشکراکردنی داهاتی ئەو نەوتە، پسپۆڕەکەی بواری



د.ئیبراهیم محەمەد جەزا

ئابووریی، وتـی: «لەسەداسەد لەگەڵ ئەوەم کە پێویستە خەڵکی کوردستان ئاگاداری چوونەدەرەوەی هەر دڵۆپێکی نەوتی کوردستان بێتو بزانێت بە کێ دەفرۆشرێتو داهاتەکەی دەچێتە کوێو چۆنیش خەرجدەکرێت، چونکە هەتا شەفافییەت هەبێت، ئەوا مانای ئەوەیە بنەماکانی دیموکراسییەت چەسپاونو بە پێچەوانەشەوە، ئەوە نیشاندەدات کە دیموکراسییەکەمان رووکەشە».

هـــەروەک د.کـــامـــەران بـــەرواری، مامۆستای زانکۆی دهۆکیش باسی دەکات، بەو جۆرە کارانە، هەرێمی کوردستان دیوێکی ناشرین پیشانی ڕای گشتیی جیهان دەداتو پێیوایە: نەوتی کوردستان سامانێکی نەتەوەییەو موڵکی سەرجەم خەڵکی کوردستانە، نەک گروپو لایەنێکی سیاسیی دیاریکراوو دەڵێت: «دژی ئەوەم کە ئەو نەوتە دەربهێنرێتو بەقاچاخ ڕەوانەی دەرەوە بکرێت، کە تەنیا چەند کەسێکی دیاریکراو لێی سوودمەند دەبن، بۆیە ئەگەر حکومەت هەڵوێستێکی جدیی نەبێت، دەبێت خەڵکی بێنە سەر جادەو

## لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، بڕیاری لێدراوە

# لیژنەیەک لە لایەنە سیاسییەکان بۆ چاکسازیی لە هەرێم دروستدەکرێت



راپۆرتی: سەنگەر جەمال

هەوڵی چاکسازیی سیاسیی‌و ئیداریی‌و ئەمنیی دەدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئـەوەش لە دوا کۆبوونەوەی ئیئتیلافی کوتلەکوردستانییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا بڕیاری لەسەردا.

دوای داواکاریی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسیی‌و ئیداریی‌و ئەمنیی لە هەرێمی کوردستاندا، لایەنە سیاسییەکانی ناو ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان لە دواکۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بە ئەمادەبوونی سەرۆکی حکومەت بـڕیـاردرا بە کارکردن بۆ ئەو چاکسازییەو بڕیارە لە ئایندەدا لیژنەی بۆ پێکبهێنرێت.

### یەکهەڵوێستیی پەیوەستە بە چاکسازیی خۆماڵییەوە

لەکاتی پێکهێنانی کوتلە کوردستانییەکان‌و دانانی کارنامەیەک بۆ داواکارییەکانی کورد بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لەوە کردەوە، کە بەرامبەر قایلبوونیان بە هەندێک خاڵی ناو پڕۆژەکە لە چاکسازیی لە بارودۆخی سیاسیی‌و ئیداریی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، هەرچەندە کۆمەڵ‌و یەکگرتوو کە دوو لایەنی ئۆپۆزسیۆنن لە پەرلەمانی کوردستان پێیان باشبوو مەلەفی کوردستان جیابێت لە بەغدا، بەڵام دواجار سەرجەمی لایەنە سیاسییەکان گەیشتنە ئەو ڕێکەوتن‌و بڕیارەی کە بە بەشداریی لایەنە سیاسییەکان کاری جدیی بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازییە لە کوردستاندا.

شۆڕش حاجی، سەرۆکی فراکسیۆنی گــۆڕان‌و ئـەنـدامـی ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان، باس لـەوە دەکـات: بۆ گفتوگۆو پشتیوانیی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بڕیارماندا هەندێک خاڵی ئەو پڕۆژەیە پشتیوانیی لێبکەین، بەڵام «دەبێت لە کوردستانیش پڕۆژەیەکی چاکسازیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بێتەدی»، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە لەو بارەیەوە وتـی: «دوای ئەو کۆبوونەوەی لایەنەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کردیان، بڕیار لەسەر ئـەوە درا لیژنەیەک پێکبێت بۆ دانانی ئەو پڕۆژەی چاکسازیی سیاسییە لە کوردستان».

لای خۆیەوە محەمەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی، پشتگیریی خۆیانی دووپاتکردەوە بۆ پڕۆژەی ئەنجامدانی چاکسازیی لە کوردستان‌و وتی: «بۆئەوەی بارودۆخی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەوپێش ببرێت، ئێمە پشتگیریی لەو بۆچوونە دەکەین»، ئەو پێیوایە: لە هەندێک ڕووەوە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لە پێشتر باشترە لە پەیوەندیی نێوان کوتلە سیاسییەکان، بەڵام بارودۆخەکە لەڕووی سیاسیی‌و تەندروستی‌و پەروەردەو هەموو ڕووەکانی دیکەوە پێویستی بەوە هەیە، کە هەوڵی چاکسازیی بۆ بدەین، بڕیاردانی لایەنەکانیش بە سەرەتایەکی باش دەزانێت بۆ ئەو چاکسازییەی کە پێویستە بکرێت.

### هەنگاوەکانی چاکسازیی

بەپێی بڕیارەکەی کوتلە سیاسییەکان‌و سەرۆکی هەرێم، لەسەرەتاوە دوو هەنگاو دەنرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازییەکە، ئـەوەش بە کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی لایـەنـە سیاسییەکان لـەگـەڵ سەرۆکی هەرێم، هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەک لە دوو کـەس لەیەک لایەنی سیاسیی، کە پێکدێت لە: ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی‌و پەرلەمانتارێکی کوردستانیی هەمان لایەن، لەلایەنی حکومەتیشەوە سەرۆکی حکومەت‌و جێگرەکەی پێکبێت.

شۆڕش حاجی دەڵێت: «ئێمە پڕۆژەیەکمان ئامادە کـردووە، بەڵام ئەو لیژنەیەش کە پێکدێت دەتوانێت تەعدیلی ئەو پڕۆژەیەو پڕۆژەیەکی چاکسازیی دابنێت، بۆئەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنەکان‌و بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئاسایی ببێتەوە».

ئـەو ڕوونـیـشـیـکـردەوە، کـە وەک بزووتنەوەی گۆڕان ڕەشنووسی پڕۆژەیەکی دیاریکراویان ئامادەکردووە، کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەشەی پێبدرێت‌و یەکبخرێتەوە بۆئەوەی نوێنەری ڕاستەقینەی هەموو خەڵکی کوردستان بێت‌و بەرگرییان لێبکات، نەک تایبەت بێت بە لایەنێکی سیاسیی، جگە لەوە «بەشێکی تری ئەوەیە کە بودجەی کوردستان شەفاف بێت‌و خەڵک ئاگای لە چۆنیەتی داهات‌و خەرجکردنی بێت‌و نەوتیش بەهەمانشێوە لەگەڵ چەند تەوەرێکی دیکە».

محەمەد حەکیم، باس لەوە دەکـات، لە دوا کۆبوونەوەدا پشتگیرییان لەوەکردووە حکومەتی هەرێم کۆبوونەوە بە هەر پێنج حیزبەکە بکات‌و دواتریش سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی ئەو حیزبانە دابنیشێت‌و کۆبوونەوەیەکی شەفافیان لەگەڵ بکات، بۆئەوەی «لەو ڕووەوە بارودۆخی هەموو وڵات‌و کوردستانیش چاکتر بکرێت»، بەپێویستیشی دەزانێت ئەو لایەنانە بە بڕیارو دەسەڵاتی چاکسازییەوە بێنە نـاوەوەو ئۆپۆزسیۆنیش لە ئالیەتەکان پێداگیریی بکات، وتیشی: «ئێمە پێمانباش بوو سەرۆکایەتی هەرێم سەرپەرشتی ئەو مەوزوعە بکات، چونکە دامـەزراوەیـەکـی دەستوورییەو بڕیاری بەسەر حکومەتدا هەیەو یاساکانی پەرلەمان پەسەند دەکات‌و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، بەشێوەیەک سەرۆکایەتی هەرێم وەکو چەترێک بێت بۆ لایەنە سیاسییەکان».

لەلایەکی دیکەوە نەجیب باڵەتەیی، ئـەنـدامـی سـەرکـردایـەتـی‌و سـەرۆکـی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق، نەیشاردەوە کە ئەوان دەیانەوێت مەلەفی هەرێمی کوردستان بە بەغداوە نەبەسترێتەوە، بەوەی کە کورد لە بەغدا یەکڕیزو یەکهەڵوێست بێت‌و ئەوە «بە ئەرکێکی ئایینی‌و نیشتمانیی دەزانین»، لـەبـارەی مـەسـەلـەی چاکسازییەکەو بارودۆخی کوردستانیشەوە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەو دوو ڕێگەیەی باسکرا بە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێم‌و پێکهێنانی لیژنە لە لایەنە سیاسییەکان میکانیزمێکی زۆرباشە بۆ چاکسازیی، ئەوەش بۆئەوەی بە ڕاشکاوانە لایەنەکان پێکەوە دابنیشن، هەروەها لیژنەکەش باسی وردەکاریی مەلەفەکان‌و کارەکان بکات».

### تائێستا لیژنەکە پێکنەهاتووە

هەرچەندە زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر بڕیارەکە تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا لیژنەکە پێکنەهاتووە، بەشێکی لایەنەکانیش ئەوە بۆ سەرقاڵیی ئیئتیلافی کوتلەکوردستانییەکان بە بەغداوە دەگەڕێننەوە.

لـەو ڕووەشـــەوە نەجیب باڵەتەیی، وتی: «دوای کۆبوونەوەکە ئێمە سەردانی بەغدامان کردو سەرقاڵی کۆبوونەوەبووین، بـەڵام پێویستە لە داهاتوویەکی نزیکدا لیژنەکە پێکبێت‌و دەبێت هەوڵی جدیی بدەین‌و سووربین لەسەر پێداگیریمان بۆ ئەو مەسەلەیە».

هــەروەک شـۆڕش حاجی، لەبارەی دواکەوتنی پێکهێنانی لیژنەکەوە وتی: «ئەو بڕیارە لە کۆبوونەوەو بە ڕەزامەندیی هەموو لایەنەکان دراوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئومێدم وایە لە چەند ڕۆژی ئایندە لیژنەکە دروستببێت‌و دەست بە کارەکانی خۆی بکات، چونکە ئەوە بڕیاری لایەنە سیاسییەکان‌و سەرۆکی هەرێمە».

---

# ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵدەسەنگێنێت

## «سیستمی لامەرکەزیی لە بەڕێوەبردندا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە دژایەتی دەکرێت»

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان

لەکۆی (٦٣)پـــڕۆژەی پێشنیازکراوی ئەندامەکانی، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (٤٧)پڕۆژەی پێ جێبەجێنەکراوەو سەرۆکی ئەنجومەنەکەش ئاماژە بەوە دەکات: گوێ لە ئەنجومەنی پارێزگاکان ناگیرێت.

ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی -ڕێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی، راپۆرتی یەکەمی خۆی سەبارەت بەچاودێریکردنی ئـەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە، کە تێیدا دەستی خستووەتە سـەر ژمـارەیـەک کـەمـوکـووڕیـی‌و ئەو کۆسپو تەگەرانەی لەبەردەم کارکردنی ئەنجومەنەکەدان.

پـڕۆژەکـەی نـاوەنـدی ڕۆشنبیریی بەدلیسی، پێکهاتووە لە چەند قۆناغێک کە یەکێک لەقۆناغەکان بریتییە لە چاودێریکردنی کارو چالاکییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ڕێگەی وەرگرتنی داتاو زانیاریی تایبەت بە کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن‌و بڵاوکردنەوەی ئەو داتـاو زانیارییانە لە راپۆرتێکدا.

### چالاکی لیژنەکان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە لە ساڵی (٢٠٠٥)وە دەستبەرکارە، (١٥)لیژنەی هەمیشەیی هەیە کە تایبەتن بە (هاتوچۆ، ژینگەو کشتوکاڵ، ئابووریی، سکاڵا، ژنان، پلاندانان، ئاینی، گەنجان، وەرزشی، یاسایی، پەیوەندییەکان، پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە)، یەک لیژنەی کاتیش کە لیژنەی ئەنفال بووەو بە یارمەتی ڕێکخراوی RTI کاری بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانی ناوچەی گەرمیان کردووە.

ئەم لیژنانە سەرجەمیان لەسەرەتای کارەوە تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەی ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی، (٧٠)کـارو چالاکییان هەبووە، کە ژمارەیەکی زۆریان کاری زۆر گرنگن‌و لەراپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەریان، بـەڵام ئـەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، بەهۆی هاوکارینەکردنی سەرۆکی لیژنەی پـەروەردەوە، هیچ زانیارییەکیان بەردەستنەکەوتووەو هاوکات سەبارەت بە کارو چالاکییەکانی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەش، ناوەندەکە نووسیویەتی: «هیچ زانیارییەکمان دەستنەکەوت بەهۆی هاوکارینەکردنی سەرۆکی لیژنەکەوە».

### پێشنیازو پڕۆژەی ئەندامانی ئەنجومەن

جگە لـە کـارو چالاکیی لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە بەشێوەی گروپ ئەنجامدراوە، ئەندامانی ئەنجومەنەکە بـەشـێـوازی کەسی(شەخسی) چەندین پێشنیازو پڕۆژەیان پێشکەشی ئەنجومەنەکە کردووە، بەڵام لەکۆی نزیکەی (٦٣)پێشنیازو پڕۆژەی تاکەکەسیی ئەندامانی ئەنجومەن، (٤٧)پڕۆژەیان جێبەجێنەکراون.

شـــازاد کـەریـم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کە لەماوەی کارکردندیدا زۆرترین پڕۆژەی پێشکەشکردووەو کەزیاتر لە (١٦) پڕۆژەیە، هیچکامیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «پڕۆژەکانم هیچیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، یەک دوانێکیان هەنگاویان بۆ نراوە، بەڵام هەنگاوەکان بەو شێوەیە نەبوون کە بگەنە ئەنجام، چەندجارێکیش داوای هاوکاریم کردووە، بەڵام هیچم بۆ نەکراوەو لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەوە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی بودجە».

### کۆسپەکانی بەردەم ئەنجومەن

بەپێی راپۆرتەکەی ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی، سێ هۆکاری دیار هەن کە بوونەتە کۆسپ لـەبـەردەم کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

١- دژایەتیکردنی سیستمی لامەرکەزی لە بەڕێوەبردندا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە (بە وتەی هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا)، واتە قبووڵنەکردنی سەربەخۆیی کارکردنیان‌و هەوڵدانی بەستنەوەیان بە مەرکەزی دەسەڵاتەوەو نەهێشتنی گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ خەڵک وایکردووە کە ئەنجومەن لە دەزگایەکی کاراو لێپرسراوەوە، ببێت بە دەزگایەکی هەتیو.

٢- کەمئەزموونی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕاییکردنی کارەکانیاندا بەهۆی ئەوەی کە دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق‌و کوردستان ئەزموونێکی تازەیە.

٣- نەبوونی بـودجـەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان، واتە تەنیا بوونی بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان، ئەویش لەساڵی(٢٠٠٥)دا ئەو بودجەیە نەبووە، بەڵام لە ساڵەکانی (٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩) ئەم بودجەیە هەبووەو لە ساڵی (٢٠١٠)دا ئەو بودجەیەی هەیە تەرخانکراوە بۆ تەواوکردنی پڕۆژەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، واتـە لە ساڵی (٢٠١٠)دا بودجەی پێویست نییە بۆ پڕۆژەی نوێ.

### کەموکووڕییەکانی ئەنجومەن

راپـۆرتـەکـەی نـاوەنـدی ڕۆشنبیریی بەدلیسی، تیشکی خستووەتە سەر چەند کەموکووڕییەک، کە لە ئەنجامی سەردانەکانیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆیان ئاشکرابووەو خۆیان لەم چەند خاڵەدا دەبیننەوە:

١- کێشەی دانـانـی دوو جێگر بۆ پارێزگار بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەن‌و وەڵامـنـەدانـەوەی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەکەو نەبوونی پەیوەندیی‌و هەماهەنگی لەنێوان ئەنجومەن‌و پـارێـزگـاردا، ژمـارەیـەکـن لـەو کێشەو کەموکووڕییانەی کە ڕوویان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە.

٢- ئەنجومەن، دەسەڵاتی بڕیاردان‌و چاودێری‌و ڕێکخستنی ئیداریی‌و دارایی لەسنووری پارێزگاکەیدا جێبەجێ ناکات.

٣- ئەنجومەن، لەسەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی تەمموز، تەنیا دوو کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە، پێویستە هەفتەی جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی سازبکەن‌و کاوە عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە وتی: «کێشەی گەورەی ئێمە ئەوەیە، کە بەزۆرینەی دەنگی ئەندامەکانمان بڕیارمانداوە کە دانانی پارێزگار نایاسابییە، هەربۆیە تا ئێستا لەسەر دانانی پارێزگارێکی تر بۆ سلێمانی ڕێکنەکەوتووین، هەرکات ئەو مەسەلەیە یەکلایی بـووەوە، ئەوا کۆبوونەوەکانمان ئاسایی دەبنەوە».

٤- ســاردیــی بــە کــاری بەشێک لەئەندامەکانەوە بە ئاشکرا بەدیدەکرێت، بەجۆرێک کە کشانەوە لەکارەکانیاندا بە ڕوونی تێبینی دەکرێت.

٥- نەبوونی سیستمی ئیداریی بەهێز لەناو خودی ئەنجومەندا.

٦- هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن، پێویستە لیژنەکان مانگی جارێک راپۆرتی پوخت سەبارەت بەکارو چالاکییەکانی ئەو ماوەیەیان پێشکەش بکەن، بەڵام تەنیا لەساڵانی (٢٠٠٥و ٢٠٠٦)دا ئەوە پەیڕەوکراوەو دواتـر گرنگی پێنەدراوە، لەوبارەیەشەوە کاوە، وتی: «دوای ئەوەی کە ئەنجومەنەکان پڕۆژەکانیان نەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە، ژمارەیەک لەئەندامەکان لە لیژنەکانیان هاتنە دەرەوەو بەشێک لە لیژنەکان هەڵوەشانەوە، ئامادەنەکردنی راپۆرتەکانیش پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە هەیە».

٧- نەبوونی یەکەی ژمێریاریی سەربەخۆ لـەنـاو خـودی ئەنجومەنی پـارێـزگـادا، بەشێوەیەک بۆ کڕینی شتی بچووکیش دەگەڕێنەوە بۆ سەرۆکایەتیی پارێزگا.

سەبارەت بەتێکڕای کەموکووڕیی‌و تەگەرەکانی بـەردەم ئەنجومەنیش، کاوە عەبدوڵڵای سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەبەرئەوەی وەک پێویست گوێ لە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەگیراوە، جێبەجێنەکردنی ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەی ئەندامەکانیش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان بەگشتیی چالاک نەبوون لەکوردستاندا، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئەنجومەنانە بێلایەن نەبوون‌و کاریگەریی دەسەڵاتیان بەسەرەوە بووە.

له دوای ساڵی ١٩٩١ەوە کاتێک کە راپەڕینی خەڵکی کوردستان روویداو دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی حکومەتی بەعس لە کوردستاندا کشانەوە، کوردستان رووبەڕووی چەندین گەمارۆ بووەوە کە گەمارۆی سووتەمەنی یەکێک بوو لەوانە.

دواتر لەساڵی ١٩٩٤دا لە کێڵگەی تەقتەق کە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی کۆیە، نەوت دەرهێنراو لە ١٩٩٦/٥/١٧دا کارکردن لە بیری یەکەمدا تەواو بوو کە رۆژانە سێ هەزار بەرمیل نەوتی لێدەردەهێنراو لەلایەن کۆسرەت رەسوڵ عەلی، سەرۆکی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی یەکێتییەوە کرایەوە.

لە رۆژی ١٩٩٧/١٢/٢٥، بەپشتبەستن بە کەلوپەلە لەکارکەوتووەکانی کارگەی شەکری سلێمانی، پاڵاوگەی نەوتی سلێمانی کەوتەکار کە بە بڕی بیستو یەک ملیۆن دیناری چاپی سویسری دروستکرابوو، ئەو پاڵاوگەیە کە نەوتی لە کێڵگە نەوتییەکانی شیواشۆکەوە بۆ دەهات، رۆژانە بڕی (٣٢٥)هەزار لیتر سووتەمەنی بەرهەمدەهێناو لەکاتی خۆیداو بە ئێستاشەوە بە یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێم بۆ خەڵکی کوردستان ناوبرا، بە بێئەوەی خەڵک لە وردەکارییەکانی ئەو داهاتانە ئاگاداربن کە بەهۆی ئەو نەوتەوە دەست دەکەوتن.

رۆژی یەکی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩، تاڵەبانیو بارزانی لە مەراسیمێکی ئاهەنگئامێزدا، یەکەم قوفڵی نەوتیان لە کوردستاندا کردەوەو نەوتیان لە کێڵگە نەوتییەکانی تاوکیو تەقتەقەوە رەوانەی بەندەرەکانی جەیهانی تورکی کرد، هەر ئەو کات راگەیەنرا کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە نەوت بۆ دژایەتیکردنی کورد بەکاربهێنرێتو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە میللەتی کورد بحەسێتەوە لە سایەی ئەو داهاتەی لە نەوتەوە دەستی دەکەوێت.



فۆتۆ: خالید مەحموود

تایبەتیان لەوەزارەتی دارایی کردووەتەوەو لەوێ دایان ناوە، وەزیری دارایی بێئاگایی خۆی دەردەبڕێتو دەڵێت «یەک دیناری نەوتمان لا نییە»، سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێت، حیسابێک لە وەزارەتی دارایی کراوەتەوەو پارەکە دەچێتە ئەوێوە.

هەرکاتی خۆشیو لە میانەی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٠، کاتێک کە پرسیار کرا لە بارەی پێنج هەزار ملیۆن دۆلارەکەی شیرینی گرێبەستەکانی نەوتەوە، وترا لە وەزارەتی داراییەو وەزیری داراییش بێئاگایی خۆی لەو پارە زۆرە دەربڕی.

دەبێت هۆکەی چی بێت، هەر بەرپرسەو لە ئاوازێک دەخوێنێت؟ تۆ بڵێی، بەڕاست، ئەوانیش هەر نەزانن داهاتی نەوت لە کوێیە؟

ئەگەر داهاتی نەوت لای وەزارەتی دارایی بێت، ئەوا دەبێت لە پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٠دا هەبێت کە نییە، ئەی کەواتە لە کوێیە، کوێی بۆ بگەڕێین؟

ئەگەر ئەم ماستە مویەکی تێدا نییەو عەرەب وتەنی- ئەم مەسەلەیە ئینئەیەکی تێدا نییە، کە تیایەتی، بۆچی دەیشارنەوە؟ ئەم پاس پاسێنە بۆ خاتری چی؟

بەرپرسانی حکومەت... ئەوە بۆچی کە ژوورێکی سێ بەچوار دروستدەکەنو جاری واش هەیە بۆ خۆتانی دروستدەکەن هەموو دونیای لێ تێدەگەیەنن، بەڵام خەڵکی کوردستان لەو داهاتە زۆرو زەوەندە ئاگادارناکەنەوە کە موڵکی خۆیانە؟

جگە لەو نەوتەی کە لە کێڵگەکانەوە دەبرێت بۆ ئەو سێ پاڵاوگەیە کە پێشتر باسیان لێوەکرا، نەوت دەبرێت بۆ چەند پاڵاوگەیەکی تریش، کە وەک لە وەڵامێکی وەزیری سامانە سروشتییەکاندا هاتووە بۆ ئەندامێکی پەرلەمان، زیاتر لە (٨٠)پاڵاوگەی (ناشەرعیی) هەن کە نەوت دەپاڵێون، کە خودی ئەم قسەیەش جێگەی سەرنجە، چونکە ئەگەر ناشەرعین، بۆچی بە بەرچاوی حکومەتەوە بازرگانی بە گرنگترین سامانی ئەم وڵاتەوە دەکەن کە نەوتە؟

عەبدوڵڵای مەلا نوری، دەپرسێت «ئایا حکومەت رێگە دەدات سەرتاشخانەیەک بەبێ مۆڵەت بکرێتەوە، وا رێگە دەدات ئەو پاڵاوگانە بێمۆڵەت کار بکەن؟»

پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئەو پاڵاوگانە، نەوتی خاویان لە کێوە بۆ دەچێت؟ بۆ کێی دەپاڵێون؟ ئەی داهاتی ئەو ملیۆنان لیترە نەوتە پاڵێوراوە سەری خۆیان بۆ کوێ هەڵگرتووە؟ یان ئەوانیش بەدەردی پێنج هەزار ملیۆن دۆلارەکەی شیرینیی گرێبەستەکانی نەوت بێجێگەو بێهەواڵن؟

وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەم پاڵاوگانە بە ناشەرعیی لەقەڵەم دەدات، بەڵام ئەو بەڵگەیەی لەبەردەستی ئێمەدایە، شتێکی تر دەڵێت...

**بەڵگەکە دەڵێت،** بەپێی مەرجەکانی زیادکردنی ئاشکرا، ئەو بەڵێندەرانەی کە تەندەری گواستنەوەی نەوتیان بۆ دەردەچێت، دەبێت رۆژانە هەشت هەزارو (٥٠٠)تەن نەوتی خاو باربکەن بۆ ئەو پاڵاوگانە، باشە ئەگەر پاڵاوگەکان ناشەرعین، بۆچی مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ناشەرعییو نایاساییو یاساغدا دەکەن..؟

لەلایەکی ترەوە، بەپێی پرۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی عێراق، لە هەر شوێنو پارێزگایەکدا ئەگەر نەوت پاڵێورا، یان دەرهێنرا، ئەوا بۆ هەر یەک بەرمیلی دەرهێنراو، یان پاڵێوراو، یەک دۆلار بۆ خەڵکی ناوچەکە خەرجبکرێت، کەواتە بۆ نموونە، تەنیا لە پاڵاوگەی بازیان، دەبێت رۆژانە بیست هەزار دۆلار بۆ خەڵکی سلێمانی خەرجبکرێت، کە لە مانگێکدا دەکاتە (٦٠٠)هەزار دۆلارو لە ساڵێکیشدا حەوت ملیۆنو (٢٠٠)هەزار دۆلار دەکات، خۆ ئەگەر پاڵاوگەکانی هەولێرو دهۆکیش ئەوەندەیان پاڵاوتبێت، ئەوا لەساڵێکدا دەکاتە (٢١) ملیۆنو (٦٠٠)هەزار دۆلار، ئەی پارەی ئەوە کوا، ئەویش هەر دیارنەما... ئەگەر دیارە، بۆ هاوڵاتییانی خەرجدەکەن؟

هەر تانکەرێک لەوانەی کە نەوت دەبەنە دەرەوە، بیستو هەشت تەن نەوتی رەش باردەکەن، تەنی بە (٣٨٥)دۆلار دەفرۆشرێت، بەوپێیەش نرخی ئەو نەوتەی کە لە یەک تەنکەردایە، دەهەزارو (٧٨٠)دۆلارە، ئەگەر رۆژانە لە یەک کێڵگەوە، (٣٨٠)تانکەر نەوت رۆشتبێت، ئەوا بە هەرسێ کێڵگەکەوە، رۆژانە (١١٤٠)نەوتی رەش دەڕوات کە بەهاکەی (١٢)ملیۆنو (٢٨٩)هەزارو (٢٠٠) دۆلارە، بەوپێیەش لە مانگێکدا دەتوانین بە نزیککراوەیی بیخەملێنین بە (٣٦٨)ملیۆنو (٦٧٦)هەزار دۆلارو لە ساڵێکدا دەکاتە (٤) ملیارو (٤٢٤)ملیۆنو (١١٢)هەزار دۆلار، ئەویش ئەگەر نەوتەکە رەش بێت، خۆ ئەگەر رەشیش نەبێت، ئەوا پێویست بە ژمێریارێکی کارامە دەکات کە بۆمان بژمێرێت.

**ئێنجا با بزانین، ئەو نەوتە لە چی پێکهاتووە کە دەنێردرێتە دەرەوە؟**

بە رای هەندێک لە ئەندازیارانی نەوت، بەشێک لەو نەوتەی دەنێردرێتە دەرەوە (نافتا)یە کە چڕییەکەی کەمەو روونەو بەنزینو رۆنی ئۆتومبێلی لێدەردەهێنرێتو ناکرێت بنێردرێتە دەرەوە، چونکە لەناوخۆدا خەڵک زۆر پێویستی پێیەتی. ئێستا، عێراق ساڵانە بڕی سێ هەزار ملیۆن دۆلار دەدات بە کڕینی سوتەمەنی بۆ ناوخۆ کە بەشێک لە پارەی هەرێمیشی تێدایە، کەچی ئێمە سووتەمەنی دەنێرینە دەرەوە.

ئەگەر دەشلێین، ئەو نەوتەی دەڕوات رەشەو بەڵگەشتان رەشی رەنگەکەیەتی، ئەوا دەتوانرێت بوترێت بە رەنگ نییە، بەڵکو بە پێکهاتەیە، واتە مەرج نییە ئەگەر رەشیکردەوە ئەوە نەوتی رەش بێت، بە کوردییەکەی ئەوەی ریشی سوور بوو، هەمزە ئاغا نییە.

**با ئەم قسەیە روون بکەینەوە...**

نەوتی کێڵگەی تاوگی لە زاخۆ کە نەوتەکەی دێتە دەرەوە وەک ئەو نەوتە رەشەیە کە دەنێردرێتە دەرەوە بۆ ئێران، لەبەر ئەوەی کاتێک کە لە زەوی دێتە دەرەوە، جۆرێکی قورسەو پێیدەوترێت، نەوتی ئیسفەڵتی. (ئای پی ئا)یش کە یەکەی پێوانەی قورسیی نەوتە، بۆیە دەبینین ئەو نەوتەی کە لە رێگەی تانکەرەوە دەنێردرێتە دەرەوە (ئای پی ئای)ەکەی بیستو پێنجەو لە نەوتی خاوی هەندێک لە کێڵگەکانی تر باشترە.

هەر بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بە رەنگ نییە، بەڵکو بە پێکهاتەیە، ئەوەیە کە پاڵاوگە ناشەرعییەکان وەک وەزیری سامانە سروشتییەکان ناوی ناون، ئەوەندە پێشکەوتوو نین کە کاتێک نەوت دەپاڵێون، بتوانن هەموو پێکهاتەکانی لێک جیابکەنەوە، بەڵکو وەک هەندێک لەو خاوەن پاڵاوگانە دەڵێن، ئێمە تەنیا قوڵپێکی پێدەدەینو تەواو، بۆیە دەوترێت ئەوە نەوتی رەش نییە، بەڵکو رەشکراوە، یان رەشێنراوە.

ئیسماعیل گەلاڵەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باس لەوەدەکات کە ئەو پلەگەرمییەی کە لەپاڵاوگە بچووکو ناشەرعییەکاندا نەوتی پێ دەپاڵێون، پلەیەکی پێویست نییەو لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت پێکهاتەکانی نەوت لێک جیابکاتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستمان کەوتون، نەوت لە کێڵگەی تەقتەقەوە بە بۆری دەگوازرێتەوە بۆ نزیک گوندی داربەڕووی سەر بە قەزای کۆیەو لەوێش هەشت شەمعەی گەورە دانراوە تا نەوتەکە بکەنە تانکەرەکانەوە.

بەیانیان لە (٧:٣٠)خولەکەوە تا (١٢)ی نیوەڕۆو پاش نیوەڕوانیش لە کاتژمێر یەکەوە دەست بەکار دەکەنەوە تا کاتژمێر (٦:٣٠)ی خولەکی ئێوارەو کاتژمێر یەکی نیوەشەویش تا کاتژمێر (٦:٣٠)خولەکی بەیانی لە کاردا دەبن، بەو شێوەیەش هەر تانکەرێک لە ماوەی (٢٥) خولەکدا پڕ دەکرێتو لە رۆژێکدا زیاتر لە (٣٥٠)تانکەر نەوت لەو کێڵگەیەوە رەوانە دەکرێت.

**بەڵگەنامەکان خۆیان دەدوێن...**

نووسراوی ژمارە (٧٥١١)ی وەزارەتی دارایی کە لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٣دا دەرچووەو ئیمزای بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی لەسەرە، تیایدا ئاماژە بە نووسراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکات کە ژمارە(٤٦٨٨)ەو لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١٥دا ئاڕاستەیان کراوە، باس لەوە دەکات کە کۆمپانیای عێراق ئۆیڵ بۆ خزمەتگوزاریی نەوتی گرێبەستی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکەیانو فەرامۆشکراون لە باجی گومرگ بۆ ناردنەدەرەوەی نەوتی رەش.

لەلایەکی ترەوە، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رێگاوبانو ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی پارێزگای سلێمانی سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی هەرێمی کوردستان، بە نووسراوی ژمارە (١٤٣٢)ی رۆژی ٢٠١٠/٢/٢٥ کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرێتیی چاککردنی ئامێرەکانی کردووە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوا لە بەڕێوەبەرێتیی چاککردنەوەی ئامێرەکانی سلێمانی دەکات کە هاوکاری هەردوو کۆمپانیای کۆرمۆرو قەیوان بکەنو لەکاتی بردنەدەرەوەی نەوتدا بارەکانیان لە مەڵبەندی کێشکردندا نەکێشرێن.

چونکە ئەو دوو کۆمپانیایە بەڵێنیانداوە کە بارەکانیان یاسایی بێتو ئاشکراشی دەکات، ئەوان لەکاتی بردنی باردا، پسوڵەی کێشانی تەرازووی خۆیان پێیە، بۆیە پێویست ناکات لە مەڵبەندەکانی کێشدا بکێشرێن.

دواتر هەر ئەو بەڕێوەبەرێتییە، بە نووسراوی ژمارە (٤٥٠٥)ی رۆژی ٢٠١٠/٧/٨کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرێتیی چاککردنی ئامێرەکانی کردووەو داوایکردووە، کە ئاگاداری شۆفێرانی تانکەری سووتەمەنی بکەن کە دەبێت بارە زیادەکەیان لە پێنج تەن زیاتر نەبێت لەو بارەی کە بۆیان دیاریکراوە.

ئێستا پرسیارێکی زۆر سادە بکەنو بپرسن، ئەم هەموو کارئاسانییەی حکومەت بۆ ئەو کۆمپانیایانە، لە پای چی؟ بۆ ئەوان وڵاتەکەمان دەوڵەمەند دەکەن بە کەرەستەو ئامێرەکانی بواری ژێرخانی ئابووری، یان بەبەهاترین سامان دەبەنە دەرەوە کە نەوتە؟

با وا دابنێین ئەو تانکەرانەی کە شەوو رۆژیان بۆ نییەو دەڕۆنە ئێرانەوە.. ئەوە نە نەوتیان تێدایە، نە موشتەقاتی نەوتیان تیایەو نە نەوتی رەشیشیان تیایە، بەڵکو ئەوان ئاویان تێدایە، ئیتر خۆ لەم وڵاتەدا لە ئاو هەرزانتر نییە، ئێوە لەسایەی کەمیی ئاوەوە دەزانن کە یەک تانکەر ئاو کە کەمجار (١٧)بەرمیلی تێدایە بە (٢٠)هەزار دینارە، ئەم تانکەرانەش (٢٢٦)بەرمیل دەگرن، کەواتە هەر تانکەرێک لەو تانکەرە ئاوانە بایی (٢٦٥)هەزار دینارە، واتە ئەگەر ئەو کێڵگانەش کێڵگەی نەوت نەبنو کێڵگەی ئاو بن، ئەوا هەر کێڵگەیەک کە رۆژانە (٣٨٠) تانکەر ئاو دەگوازێتەوە، بایی (١٠٠)ملیۆنو (٧٠٠)هەزار دینارە، تانکەرەکان لەهەر سێ کێڵگەکەوە رۆژانە بایی (٣٠٢)ملیۆنو (١٠٠) هەزار دینار ئاو دەگوازنەوە، ئەگەر ئەو پارەیە بە بڕی (١١٨)هەزارو (٥٠٠)دینار بشکێنینەوە بۆ دۆلار، ئەوا رۆژانە بایی (٢) ملیۆنو (٥٤٩)هەزار دۆلار ئاو دەفرۆشرێت، واتە لە مانگێکدا بایی (٧٦)ملیۆنو (٤٨١) هەزار دۆلار ئاو فرۆشراوە، ئەگەر ماوەی سێ ساڵیش ئەم ئاوە فرۆشرابێت، ئەوا بایی (٢٢٩)ملیۆنو (٤٤٣)هەزار دۆلار حکومەتی هەرێم ئاوی فرۆشتوە بە ئێران... ئێ خۆ دەبێت بزانین چی لێهات؟!

جگە لەداهاتی ئەو ملیۆنان لیترە سووتەمەنییەی کە ساڵانێک لە شیواشۆکەوە دەردەهێنرا، بە شیرینیی گرێبەستەکانی نەوتو داهاتی ئەو نەوتە رەشەی کە لە پشت خەڵکی کوردستانەوە دەڕواتە دەرەوە، زیاترە (١٥)هەزار ملیۆن دۆلار کە حەوت ئەوەندەی بودجەی وڵاتێکی وەک ئەرمینیایە کە سێ ملیۆن کەس دانیشتووانەکەیەتی، نزیکەی سێ ئەوەندەی بودجەی وڵاتێکی وەک ئوردونە کە شەش ملیۆن کەسی تێدا نیشتەجێیە، دوو ئەوەندەو نیوی بودجەی وڵاتێکی وەک پۆلیڤیایە کە هەشت ملیۆن کەسی تێدا دەژی.

ئێستا لە کوردستاندا ئەمارەتێکی نەوت هەیە کە تیایدا چەندین میرنشینی تێدایە، کە هەریەکەو لە دۆڵێکو لە ئاوازێک دەخوێنێت.

هەرێمی کوردستان، خاوەنی یەک لەسەر سێی نەوتی عێراقە، واتە خاوەنی (٤٠) هەزار ملیۆن بەرمیلی یەدەگی نەوتی خاوە، ئەوەش بارودۆخی دانیشتووانەکەیەتی کە رۆژانە زانیارییان لە بارەوە دەزانین، ئەوەی کە رۆژانەش دەیبینین، ئەو هەموو تانکەرەیە کە زانیمان لە کوێوە هاتوون، بۆ کوێ دەچن، بە کێ دەفرۆشرێن، بە چەند دەفرۆشرێن، بەڵام ئەفسوس ئێستاشو ئەوساش، نەمانزانی کە داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت؟

> **با وا دابنێین ئەو تانکەرانەی دەڕۆنە ئێرانەوە، نەوتیان تێدانییە، بەڵکو ئاویان تێدایە، بەو پێیەش لە مانگێکدا بە بەهای (٧٦)ملیۆنو (٤٨١)هەزار دۆلار ئاو فرۆشراوە، ئێ خۆ دەبێت بزانین چی لێهات؟!**

د.بورهان یاسین: سالأنێکە خۆم بە یەکێک لە دەنگە گۆڕانخوازەکان دەزانم 8

# داهاتێکی ونبوو

## باس لە وردەکارییەکانی پرۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان دەکات

**ساڵی ١٩٢٥، ساڵی دەستپێکردنی پیشەسازیی نەوتە لە عێراقدا، کاتێک کە بۆ یەکەمجار، نەوت لە کێڵگەی باباگورگور دەرهێنرا، ساڵی ١٩٧٢ کەرتی نەوت خۆماڵیکراو لە دەستی کۆمپانیا بیانییەکان دەرهێنراو لەو مێژووە بەدواوە نەوت بووە یەکێک لە پێکهاتە گرنگەکان لە عێراقدا، بەجۆرێک کە بەهاو نرخەکەی لەدیدی دەسەڵاتدارانەوە لەو هاوڵاتییانە زۆرتر بوو کە لەو وڵاتەدا بوون، هەربۆیە هاوڵاتییانی عێراق، هاوشانی ئەو نەوتە بەدرێژایی چەندین دەیەی رابردوو، کرانە سووتەمەنیی خواستو ویستە سیاسیی‌و سەربازییەکان.**

راپۆرتی: محەممەد شێخ فاتح

رۆژی ٢٠١٠/٧/٩هەواڵێک بڵاودەبێتەوە، زۆربەی ناوەندەکانی راگەیاندن بە خۆیەوە سەرقاڵدەکات، ژمارەیەک لە میدیا عەرەبی‌و جیهانییە گەورەکانیش، رووماڵی ئەو هەواڵە دەکەن.

هەواڵەکە لە رۆژنامەیەکی ئەمریکییەوە بڵاوبووەتەوەو باس لەوە دەکاتە کە رۆژانە سەدان تانکەرنەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بە وڵاتی ئێران دەفرۆشرێن. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکی راپۆرتەکە باسکردن بوو لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە هەندێک لە وڵاتە زلهێزەکانو لە ریزی پێشەوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خستوویانەتە سەر ئێران، بەڵام هەواڵەکە بۆ خەڵکی کوردستان پڕکاریگەر بوو.

**رۆژی ٢٠١٠/٧/١٤**، واتە دوای تێپەڕبوونی تەنیا پێنج رۆژ، مەسعود بارزانی ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا، داوا دەکات کە نابێت بەهیچ شێوەیەک، پاشماوەی بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت بە نایاسایی لە هەرێمی کوردستانەوە دەربچن‌و دەبێت بە توندترین شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا بکرێت.

**رۆژی ٢٠١٠/٧/١٩**، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بە سێ نووسراوی جیاواز، بڕیاریدا کە ناردنە دەرەوەی نەوت رێکبخرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەندین رۆژ، هێشتا نــاردنــەدەرەوەی نەوت بەردەوامە، ئەمەش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت کە ئیرادەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بەو شێوەیە لەسەرووی ئیرادەی حکومەتەوەیەو ئەوانەی کار لە بواری نەوتدا دەکەن لە دەرەوەی سنووری بازنەی دەسەڵاتەکانی حکومەتدان.

عەلی دەبــاغ، وتـەبـێـژی حکومەتی عـێـراق، سوپاسی کەناڵی ئەلعەرەبیە دەکــات کە لە رێـگـەی بـڵاوکـردنـەوەی وێنە ڤیدیۆییەکانیانەوە، ئەوانیان لە بردنەدەرەوەی نەوت ئاگادار کردووەتەوە.

شەهرستانیش داوا دەکات، بەرپرسانی کورد بانگهێشتی بەغدا بکرێن بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە.

لـە وەڵامــی لـێـدوانـەکـانـی حسێن شەهرستانی، وەزیـری نەوتی عێراقدا، روونکردنەوەیەک لە کەناڵە رەسمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بەناوی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەو روونکردنەوەیە نە لە میدیای یەکێتیی نیشتیمانی‌و نە لە سایتی فەرمیی حکومەتی هەرێمدا بڵاونەکرایەوە.

باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان کەمتر لەسەد مەتر دوورە لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، وەزارەتی نــەوت‌و سامانە سروشتییەکان لەناو ئەم باڵەخانەیەدایە، ئەندامانی پەرلەمان چەندینجار پرسیاریان هەبووە لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوت لە رێگەی تانکەرەوە، بەڵام ئەو نزیکییە جیۆگرافییە نەیتوانی شەفاعەت بکات بۆ ئــەوەی هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکان زانیارییان لەو بارەوە دەستبکەوێت‌و هاوڵاتییانی کوردستانی لێ ئاگاداربکەنەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە بارەگای رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، زیاتر لە (٩) هەزارو (٦٥٠)کیلۆمەتر دوورە لەئەنجومەنی وەزیــرانــی هــەرێـمـی کـوردسـتــانــەوە، راپۆرتەکەی ئەم رۆژنامەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی دروستکرد کە هیچی کەمتر نەبوو لە گەورەیی قەبارەی ناردنەدەرەوەی ئەو نەوتەی کە رۆژانە دەڕواتە دەرەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە چەندینجار پرسیار دەکرێت، کە ئەو تانکەرانەی دەڕۆنەدەرەوە، چییان تێدایە؟ لە کوێوە هاتون؟ بۆ کوێ دەچن؟ بە چەند دەفرۆشرێن؟ کێ بەکێی دەفرۆشێت؟ داهاتەکەیان بۆ کوێ دەچێت؟ کەس وەڵامی ئەو پرسیارانە ناداتەوە، بەڵام رۆژنامەیەک لەوپەڕی دونیاوە تەنیا یەک جار هاتە قسە، ئەو هەرایەی نایەوە کە نایەوە.

عـەبـدوڵـلأی مـەلا نــوری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، رای وایە کە ئەو بە گەورەزانینەی دەرەوەو پشتگوێخستنی هاوڵاتییان لە ناوخۆدا، بەشێکە لە پێکهاتەی سیاسەتی حکومەتی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هاوڵاتییانی خۆیدا.

> **لە حیساباتی کۆتایی پڕۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩دا هاتووە، کە حکومەتی هەرێم لە ماوەی یەک ساڵدا بە بڕی شەش هەزارو ٤٠٠دۆلار نەوتی خاوی فرۆشتووە**

سەمەرەکە لەوەدایە کە ئەو راپۆرتە، ئەگەرچی هیچ زانیارییەکی نهێنیی تێدا نەبوو، بەڵام بەجۆرێک دەنگیدایەوە، کە هاوشێوەی چەند هەواڵێکی تری گرنگ بوو لە کوردستاندا، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەو نەوتەی ماوەی چەند ساڵە دەڕواتە دەرەوە، دەیانجار لە ناوەندەکانی راگەیاندن‌و لەلایەن پەرلەمانتارانیشەوە حکومەتی لێ ئاگادارکراوەتەوەو پرسیار لە بارەیەوە کراوە.

ئێستا هەرێمی کوردستان، خاوەنی یاسایەکی تایبەتە بەناوی یاسای نەوت‌و گاز کە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧وە لە کابینەی حکومەتیشدا، وەزارەتێک هەیە بەناوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

ئــەو یـاسـایــە کــە لــە پــەرلــەمـانـی کوردستانەوە پەسەندکراوە، بە یاسا خۆڵ لەسەر نیشتووەکە ناسراوە، چونکە تا ئێستا حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆیان بە گوێرەی ئەو یاسایە هەڵناسوڕێن کە خۆیان بۆ خۆیانیان داتاشیوە.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەو رۆژەی کە نەوتی کوردستان بە دەستی کورد خۆی، دەڕواتە دەرەوە.

### یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٩

ئەو رۆژەیـە کە حکومەتی هەرێم بۆ یەکەمجار، بوو بەخاوەنی یەکەم قوفڵی نەوت‌و بە دەستێکی کوردی و بۆ یەکەمجار نەوت بۆ بازارەکانی جیهان نێردرا، خێرا بەرپرسانی باڵا کەوتنە ریزکردنی دەیان مژدەی خۆش بۆ گەلی کوردستان.

هەرسێ کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرژی تورکی‌و ئەداکس پەترۆلیۆمی کەنەدی‌و دی ئێن ئۆی نەرویژی، لە ماوەی هەشت ساڵی رابردوودا، سەرگەرمی پرۆسەی پشکنین‌و دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت بوون، دواتر راگەیەنرا کە لە داهاتوودا حکومەتی هەرێم دەتوانێت رۆژانە سەد هەزار بەرمیل نەوت بنێرێتە دەرەوە.

ئێستا (٤٠)کۆمپانیا لە (١٧)وڵاتــەوە هاتوونەتە کوردستان‌و لە بواری نەوتدا کار دەکەن، بەڵام ئەم جۆرە قسەو باسانە بەلای خەڵکی کوردستانەوە هیچ جێگەی بایەخ نەبوون.

لەو رۆژەدا، ئاهەنگ تەنیا لەو هۆڵەدا گێردرا کە بەرپرسانی تێدا کۆبووبوونەوە، هاوڵاتییان خۆیان نەکرد بە خاوەنی، بەلای خەڵکەوە زۆر جێگای بایەخ نەبوو، چونکە هەر زوو دەیانزانی کە ناردنەدەرەوەی نەوت تەنیا بۆ چەند کەس‌و لایەنێکەو هیچ لە ژیانی ئەوان ناگۆڕێت، راپرسییەکی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکانیش، ئاماژە بـەوە دەکـات کە زیاتر لە (٢٣٪)ی خەڵک پێیانوایە، داهاتی نەوت دەچێتە گیرفانی بەرپرسە باڵاکانی هەرێم‌و زیاتر لە (٦١٪)یش دەڵێن، دەچێتە بودجەی یەکێتی‌و پارتییەوە.

سەرباری ئەوەی لەسەرەتاداو دوای پیشاندانی ئــەو رەشبینییەی خەڵک، بـەرپـرسـان بێئومێدیی خەڵکیان بە قاوەگرتنەوە لە قەڵەم دەدا، بەڵام زۆری نەبرد بێئومێدییەکەی خەڵک وەک خۆی هاتەدی، ئەویش کاتێک پێنج هەزار ملیۆن دۆلاری شیرینی گرێبەستەکانی نەوت چووە قورگی شێرەوە.

د. ئاشتی هەورامی لەبەردەم ئەندامانی پەرلەماندا رایگەیاند، کە بەهۆی ئەو گرێبەستە نەوتییانەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا کــراون «پێنج ملیار دۆلار هاتووەتە کوردستان‌و دێتە کوردستان»، بەڵام تا ئێستاش کەس نازانێت ئەو پێنج هەزار ملیۆن دۆلارە چییان لێهاتووە؟

بەپێی یاساو لەسەر کاغەز، نەوت موڵکی خەڵکی کوردستانە، بەڵام کە پرسیار دەکرێت گرێبەستەکان چۆن کراون‌و نەوت بە کێ دەفرۆشرێت‌و داهاتەکەی بۆ کوێ دەڕوات، ئیتر بە قودرەتی قادر مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەیەکی ئەمنی قەومی‌و نابێت باسبکرێت تا دوژمنانی کورد لێی ئاگادار نەبن.

لە ژێر زەویی هەرێمی کوردستاندا، زیـاتـر لـە (٤٠)هـــەزار ملیۆن بەرمیل یەدەگی نەوتی خـاو هەیە، بارودۆخی خەڵکەکەشی بـەو جۆرەیە کە رۆژانـە خۆمان دەیبینین‌و ژمـارەی هەژارەکان بـەردەوام لە زیادبووندان‌و تا ئێستاش قەیرانی سووتەمەنی، یەکێکە لە قەیرانە سەرەکییەکان‌و بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمیش رایدەگەیەنن کە سیاسەتی نەوتیی لە کوردستاندا سیاسەتێکی ژیرانەیە.

دیـار نەمانی نـەوت‌و داهاتی نەوتی کوردستان، بەردەوامەو رۆژانـە سەدان تانکەر نـەوت لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەڕۆنـە دەرەوە، نەوتەکە موڵکی خەڵکی کوردستانە، بـەڵام هیچ زانیارییەکیان لە بارەیەوە نییە، ئەمە ئەو مەتەڵەیە کە زۆرێک لە خەڵکی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە!

پرسیارێک کە بــەردەوام دووبــارە دەبێتەوە، ئەو تانکەرانەی رۆژانە دەڕۆنە دەرەوە، هی کێن؟ چییان تێدایە؟ لە کوێوە هاتون؟ بۆ کوێ دەچـن؟ کێ پارەکەیان وەردەگـرێـت؟ کێ قازانجیان لێدەکات؟ داهاتەکەیان چی لێدێت‌و بۆ کوێ دەچێت؟.. دەمانەوێت وردە وردە وەڵامی پرسیارەکان بدەینەوە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستانەوە نەوت لە سێ کێڵگەوە دەردەهێنرێت، ئەوانیش (زاخۆ، کۆرمۆر، تەقتەق)، نەوتی ئەم کێڵگانە دەبرێن بۆ پاڵاوگەکانی خەبات لە هەولێر کە کۆمپانیای کار خاوەنداریێتی دەکات، لەگەڵ پاڵاوگەی بازیان لە سلێمانی کە کۆمپانیای نۆکان خاوەنداریێتی دەکات، لەگەڵ پاڵاوگەیەک لە زاخۆ.

ئەم پاڵاوگانە دوای ئــەوەی ملیۆنان دۆلاریان تێدا خەرجکراو لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە (٧٠٪)یــان تــەواو کرا، دواتر دران بەو کۆمپانیایانە، ئیتر نازانرێت بۆچی پـاڵاوگـەیـەک حکومەتی عێراق دروستیدەکات‌و لەولاوە دەدرێت بەچەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمان کــەوتــوون، دوای ئــەوەی نەوتەکە لە کێڵگەکانەوە دەبرێن بۆ ئەو پاڵاوگانە، بەرمیلی بە (١٧)دۆلار دەپاڵێورێت، یەک تەن نەوتی نافتا کە دەکاتە (١٤٠٠)لیتر، بە (٦٨٠)دۆلار دەفرۆشرێت، کە (٤٨٪)ی بۆ کۆمپانیاکانەو ئەویتریشی بۆ پاڵاوگەکانە. پاڵاوگەی بازیان، ئێستا دوو هێڵی ئیش دەکـات‌و رۆژانـە توانای پاڵاوتنی بیست هەزار بەرمیلی هەیە.

دوای ئــەوەی نەوتەکە دەپاڵێورێت، کۆمپانیاکانی قەیوان، عێراق ئۆیل، بیلال میللەت، سەگرمەو چەند کۆمپانیایەکی تر، لە رێگەی دەروازە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران، باشماخ، پەروێزخانەوەو بە هۆی تانکەرەوە رەوانەی بەندەرەکانی بوشەهر، بەندەر ئیمام، بەندەر عەباس دەکرێن‌و هەر تانکەرێک لە نەوتی رەش کە (٢٢٦)بەرمیلی تێدایە تەنی بە (٣٨٠)دۆلار دەفرۆشرێت، ژمارەی تانکەرەکانیش رۆژانە زیاترە لە (٣٨٠)تانکەر بۆ هەر پاڵاوگەیەک، واتە رۆژانــە نزیکەی (١١٤٠)تـانـکـەر نەوت رەوانەی ئێران دەکرێت.

شـۆفـێـری تانکەرەکانیش دەڵـێـن، ئەگەر تانکەرەکە هی خۆمان بێت، ئەوا بۆ گواستنەوەی هەر تەنێک لە نەوت، بری هەشتا دۆلار وەردەگــرن‌و ئەگەر تانکەرەکەش هی خۆیان نەبێت، ئەوا لە بەرامبەر گواستنەوەی یەک تانکەر نەوتدا، تەنیا بری (٥٠٠)دۆلار وەردەگرن.

د. ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان رایدەگەیەنێت، ئەو نەوتەی دەڕواتــە دەرەوە، نەوتی رەشەو تەحەدا دەکات کە نەوتی خاو چووبێتە دەرەوە.

بـەڵام وێنە ڤیدیۆییەکان‌و بەڵگەکان وا نیشاندەدەن کە جگە لەنەوتی رەش، پێکهاتەکانی تریش دەچێتە دەرەوە.

بەڵام با وا دابنێین کە ئەو تانکەرانەی نەوتی سپی، یان هەر جۆرە پێکهاتەیەکی تریان تیا بینراوە جگە لە نەوتی رەش، ئەوە بە رێکەوت کەوتوونەتە ناو ئاپۆڕای تانکەرەکانی نەوتەوە، ئەگینا ئەوانیتر هەموویان نەوتی رەشن.

بۆ زانیاریتان، مەبەست لە نەوتی رەش، پاشماوەی نەوتە، واتە دوای ئەوەی نەوتە خاوەکە لە ژێر زەویدا دەردەهێنرێت‌و لە پاڵاوگەدا دەپاڵێورێت بە نزین‌و نەوتی سپی‌و گازوایل‌و پێکهاتە نەوتییەکانی تری لێ جیا دەکرێتەوە، ئــەوەی دەمێنێتەوە پێیدەوترێت، نەوتی رەش.

بۆ ئەوەی یەک بەرمیل نەوتی رەشمان دەستبکەوێت، دەبێت چوار بەرمیل نەوتی خاو دەربهێنین، واتە دوای دەستکەوتنی هەموو تانکەرێک لە نەوتی رەش، دەبێت سێ تا چوار تانکەر نەوتی سپی‌و بەنزین‌و گازوایل هەبێت، ئەگەر لە رۆژێکدا هەزار تانکەر نەوتی رەش بڕواتە دەرەوە، ئەی سێ یان چوار هەزار تانکەرەکەی تر چی لێهات‌و داهاتەکەیان بۆ کوێ چوو؟

د. ئاشتی هـەورامـی لە لێدوانێکیدا رایدەگەیەنێت کە گازوایل بۆ ویستگەکانی کارەبا دەنێرین‌و بە خۆڕاییش دەیاندەینێ، لە بودجەی ساڵی ٢٠١٠یشدا وەزارەتـی کارەبا بری زیاتر لە یەک تریلیۆن دینار، واتە هەزار ملیار دیناری تەرخانکردووە بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ ویستگەکانی کارەبا، باشە ئەگەر بە خۆڕایی دەیاندەنێ، ئەی ئەو پارەیە کوا؟

وەزیری سامانە سروشتییەکان تەحەدا دەکات کە ئەگەر سەلمێنرا حکومەتی هەرێم بەشێوەی قاچاخ نەوت رەوانــەی ئێران دەکات، ئەوا دەست لەکاردەکێشێتەوە.

بەڵام لە حیساباتی کۆتایی پڕۆژەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩دا کە ئیمزای هەریەک لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیری دارایی‌و سەرۆکی پەرلەمانی لەسەرە، لە بەشێکدا بە ناوی داهاتی ناردنی نەوتی خاو، نووسراوە کە بایی حەوت ملیۆن‌و (٥٧٦)هەزار دینار نەوتی خاو فرۆشراوە، ئەی ئەگەر نەوتی خاو ناچێتە دەرەوە، ئەم داهاتە لە کوێوە هات؟ ئەی بۆ ئەوەندە کەمتان نووسیوە؟ مەنتیقی تیایە کە حکومەتێک لە ساڵێکدا بایی شەش هەزارو (٤٠٠)دۆلار واتــە بە بـڕی (٦٤)وەرەقــە نەوتی خاوی فرۆشتبێت؟ لە کوێدا جێی ئەم قسەیە دەبێتەوە کە حکومەتێکی زل‌و زەلام، لەماوەی (١٢)مانگی رەبەقدا، بە قەد مووچەی تەنیا یەک مانگی یەک ئەندام پەرلەمان نەوتی فرۆشتبێت؟ ئاخر خۆ ئەو هاوڵاتییانەی لەسەر شەقامو بە دەبە سووتەمەنی دەفرۆشن لە مانگێکدا لەو برە زیاتر دەفرۆشن کە حکومەت دەڵێت لە ساڵێکدا فرۆشتوومە.

د. ئاشتی هەورامی، دەڵێت، حیسابێکی



فۆتۆ: خالید مەحمود

## نابێت بەغداو هەرێم چارەسەری بەسەردا فەرز بکەن»

# بەرپرسی لقی کەرکوکی عێراقییە: کەرکوک بەرمیلە باروت نییە



مازن عەبدولجەبار و ئەیاد عەلاوی

سازدانی: کارزان عومەر

بەرپرسی نووسینگەی لیستی عێراقییە لە کەرکوک پێیوایە: ئەگەر ئەوان حکومەت پێکبهێنن، کێشەی کەرکوک بەئاسانی چارەسەر دەکەن، ئاماژە بەوەشدەکات: بـەرەی تورکمانیی سوودیان لە لیستی عێراقییە بینیوە لە کـەرکـوک، نـەک بە پێچەوانەوە.

مـازن عەبدولجەبار ئەبوگیلەل، لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەدا دەڵێت: «هیچ لایەنێک ناتوانێت چارەسەر بەسەر کەرکوکدا بسەپێنێت، کە حکومەتی ناوەندیی بێت یان هەرێم»و کێشەکەش بەرمیلە باروووت‌و بۆمبی تەوقیتکراو نییە وەک هەندێک ئاژەی بۆ دەکەن.

بەدەستهێنانی نیوەی کورسییەکانی شاری کەرکوک‌و ڕێژەیەکی بەرچاو لە ناوچە کێشەدارەکان لەنێوان هەرێم‌و بەغدادا وایکردووە بە دیدێکی جیاوازەوە سەیری لیستی عێراقییە بکرێت، بەتایبەت لە کەرکوکدا، بەوپێیەی ئەو لیستە بە پاڵپشتی سوننەو تورکمانەکان بەشداریی لە هەڵبژاردندا کردووە بەتایبەت لە ناوچە دابڕاوەکان.

لـەوبـارەیـەوە مـازن عەبدولجەبار ئەبوگیلەل، بەرپرسی نووسینگەی عێراقییە لە پارێزگای کەرکوک، پێیوایە: ئەنجامەکانی لیستی عێراقییە لە کەرکوک‌و دیالەو نەینەوا جۆرێک لە هاوسەنگی دروستکردووە، کە لە بەرژەوەندیی هەر پرۆسەیەکی سیاسیدایەو ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەهۆی ئـەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو عێراقییە مێژووییەو سەرکەوتنی لیستی عێراقییە لەو پارێزگایانە سەرەتایەک دەبێت بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان لەو ناوچانەو تایبەت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەستنەوەی هۆکاری سەرکەوتنی لیستی عێراقییە لە کەرکوک بە بەشداریکردنی بەرەی تورکمانی لەو لیستەدا ڕاست نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە بەرەی تورکمانی سوودمەند بـووە لە بەشداریکردنی لە لیستی عێراقییەو بووەتە هۆی سەرکەوتنی ئەو لیستەو سێ کورسییان بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنەکانی ڕابـردوودا بەتەنیا بەشداریکردووەو یەک کورسی بەدەستهێناوە.

ماوەیەکە باس لە گرێی کەرکوک‌و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەکرێت وەک هەنگاوی سەرەتایی کورد بۆ پشتیگریکردنی هەر لیستێک کە حکومەت پێکدەهێنێت تا بنوانێت پشگیریی لێبکات.

بەرپرسی نووسینگەی لیستی عێراقییە لە کەرکوک ئاماژە بەوە دەکات: کێشەی کەرکوک بە شێوازێکی دەستوورییانە چارەسەردەکرێت بەمەرجێک حکومەتیک دروستبێت کە جێگای متمانەی لایەنی کوردی بێت، وتیشی: «کێشەی کەرکوک کێشەیەک نییە کە جێگای چارەسەر نەبێت‌و بۆمبێکی تەوقیتکراو و بەرمیلی باروت نییە، وەک چۆن هەندێک کەسی توندڕەو ئاماژەی پێدەدەن».

مـــازن عـەبـدولـجـەبـار ئەبوگیلەل ئاشکرایکرد: ئەگەر لیستی عێراقییە دەسەڵات بگرێتەدەست‌و پشکی سەرەکی هەبێت لە حکومەتی داهاتوودا، بە وتەی ناوبراو ئەوکاتە کێشەی کەرکوک بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت».

ئـەگـەری موساوەمەکردن لەسەر مادەی (١٤٠)و کەرکوک لەلایەن لیستی عێراقییەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت، نارەزایی تورکمانەکانی لێکەوتووەتەوە هەتا ئاستی پاشەکشێپێکردن لەو لیستە، بەڵام مازن عەبدولجەبار ئەبو گیلەل ئەوەی ڕەتکردووەتەوە کە بـەرەی تورکمانیی هەڕەشەی کشانەوەیان کردبێت‌و بە وتەی ناوبراو بەهێزیی بـەرەی تورکمانی لە مانەوەیانە لەناو لیستی عێراقییەدا، وتیشی: «بەتەنیا بـەرەی تورکمانییە هۆشداریی لە بەکارهێنانی پرسی کەرکوک داوە لە دانوستانەکان‌و ئەو هۆشدارییەشی ئاراستەی سەرجەم لیستەکانیان کردووە، نەک بەتەنیا لیستی عێراقییە».

ئەبو گیلەل ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هیچ لایەنێک ناتوانێت چارەسەرێک بسەپێنێت بەسەر کەرکوکدا، کە حکومەتی ناوەندیی بێت یان هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەبێت پێکهاتەکانی ئەو شارە بگەنە ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا.

ئەمە لەکاتێکدایە کە تەوژمێکی نارەزایی بەربڵاو لەلایەن عەرەب‌و تورکمانەکانی کـەرکـوک سەریهەڵداوە سـەبـارەت بە قۆناغی سەرەتایی سەرژمێریی کەرکوک، بەڵام بەرپرسی نووسینگەی عێراقییە لە پارێزگای کەرکوک ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە لیستەکەیان ئەنجامدانی سەرژمێریی لە کـەرکـوک ڕەتبکاتەوەو وتـی: «ئەو هەواڵانەی کە باس لەوە دەکەن دوورن لە ڕاستییەوە، تەنیا هەندێک لایەن لە کەرکوک ئەو سەرژمێرییە ڕەتدەکەنەوە، بەهۆی ئەوەی ترسی ئەوەیان لا دروستبووە کە ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییە بۆ مەبەستی چارەسەرێکی سیاسیی بەکاربهێنرێت، یان بکرێتە بنەمایەک بۆ ڕاپرسییەکان لە داهاتوودا، بۆیە دەبێت دڵنیابکرێنەوە».

تەمومژی چارەنووسی حکومەتی داهاتووی عێراق لەنێوان عێراقییەو دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی‌و هەندێکجاریش کـوردا پرسیار سەبارەت بە ئەگەری ئۆپۆزسیۆنبوونی هێناوەتەوە ئاراوەو بە پێشبینی ئەبو گیلەلیش ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتی یاسا یان ئیئتیلافی نیشتمانیی لە حکومەتی داهاتوودا ببن بە ئۆپۆزسیۆن‌و کوردو عێراقییە بەشداریی لە حکومەتی داهاتوودا بکەن‌و هیچ کامێکیان نابن بە ئۆپۆزسیۆن».

## ناوچە کوردنشینەکانی موسڵ بوونەتە قوربانیی ململانێکانیان

# حەدباو برایەتی درێژە بە بێدەنگیی دەدەن

ڕاپۆرتی: ئارام محەممەد

ڕێکنەکەوتنی لیستەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقی، گفتوگۆکانی نێوان لیستی برایەتی‌و حەدبای پەکخستووەو ناوچە کوردنشینەکانی موسڵیش دەڵێن: «بووینەتە قوربانیی ململانێ سیاسییەکان».

ئەندامێکی لیستی برایەتی نەینەوا ئاماژە بـەوەدەدات: گفتوگۆو نزیکبوونەوەکانی نێوان لیستی حەدباو برایەتی بەتەواویی ڕاوەستاوە، بابەتی پێشمەرگەو پۆستەکانیش یەکلایی نـەبـووەتـەوە. لەبەرامبەردا پارێزگاری موسڵ دەڵێت: «ڕێکەوتن لەگەڵ لیستی برایەتی کۆتایی پێهاتووە، ماوەتەوە سەر جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوەیەی کە بۆ کارەکان دیاریکراوە».

قاسم ساڵح، ئەندامی لیستی برایەتی نـەیـنـەوا، بـۆ ڕۆژنـامـە وتــی: «شتێکی تازە لەنێوان ئێمەو لیستی حەدبا نییەو دوا کـۆبـوونـەوەمـان بە ئامادەبوونی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، لەوکاتەوە هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکە نەبووەو بارودۆخەکە وەستاوە تا پێکهێنانی حکومەت، لە دوا کۆبوونەوەشدا لێکنزیکبوونەوە هەبوو، بەڵام بابەتی پێشمەرگەو پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن بە چارەسەرنەکراویی مایەوە».

بەڵام ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری موسڵ، بە سایتی دەنگەکانی عێراقی ڕاگەیاندووە: ڕێکەوتن تـەواوبـووە لەنێوان هـەردوو لیستەکەداو تەنیا ماوەتەوە سەر پێکهێنانی حکومەت‌و لەوبارەیەوە دەڵێت: «ڕێکەوتنی نێوان حەدباو برایەتی کۆتاییهاتووە، ئەو چوارچێوەیە دانراوە کە دەکرێت لەسەری ڕێکبکەوین».

سەبارەت بە کێشەی مانەوەی پێشمەرگە، نوجێفی دەڵـێـت: «پێویستە لە شوێنی پێشمەرگە خەڵکی شارەکە دابمەزرێن لە پۆلیس‌و سوپا بۆ پاراستنی ناوچەکانیان».

لەگەڵ ئەوەی ساڵو نیوێک تێپەڕیوە بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، بەڵام تائێستاش کورد هـیـچ بـەشـداریـیـەکـی سیاسیی‌و ئیداریی نییە لە بەڕێوەبردنی پارێزگای موسڵ‌و لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنەکەوە لیستی برایەتی نەینەوا بایکۆتی ئیدارەو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵی کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی خۆی لە (٣) قەزاو (١١) ناحیە هەیە بەهیچ جۆرێک پابەندی ڕێنمایی‌و کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ نەبوون، بەو هۆیەشەوە هاوڵاتییان نیگەرانن کە ناوچەکانیان دابڕاوە لە خزمەتگوزارییەکان.

سامی عەلی، هاوڵاتییەکی تەمەن (٥٧) ساڵی دانیشتووی قـەزای تلکێفی سەر بە پارێزگای موسڵە، باس لەوەدەکات: بارودۆخی خزمەتگوزاریی لەناوچەکەیان وەستاوە، «پاش ئەوەی هەڵبژاردن کراوە، ئێمە لە خزمەتگوزارییەکان دابڕاوین‌و لەو کاتەوە هیچ شتێکی ئەوتۆمان بۆ نەکراوە، هەر چاوەڕێین کە لیستی حەدباو برایەتی بگەنە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی چیتر بارودۆخی شارەکە بەرەو وێرانبوون نەڕوات».

بــەڵام قــاســم ســاڵــح ســەبـارەت بە دابـڕانـی ناوچە کوردییەکان لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەڵێت: «لیستی حەدبا نەک خزمەتگوزاریی پێشکەشی ناوچەکانی ئێمە نەکردووە، بەڵکو پێشکەشی سەنتەری موسڵیشی نەکردووەو بارودۆخی ئەمنیی موسڵ لەبار نییەو بارودۆخی خزمەتگوزاریی ڕاوەستاوە، پێویستبوو بارودۆخەکە زوو چارەسەر بکرایە، نەک بەمجۆرە درێژەی بکێشایە، ئێستا بارودۆخەکە وایلێهاتووە دەبێت چاوەڕێی پێکهێنانی حکومەت بین».

کێشەکانی لیستی برایەتی نەینەوای زۆرینە کورد لەگەڵ لیستی حەدبا بە سەرۆکایەتی ئەسیل نـوجـێـفـی بــرای ئـوسـامـە نـوجـێـفـی یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی لیستی عێراقییەی ئـەیـاد عــەلاوی، لــەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە سەرەتای ساڵی ڕابـردووەوە دروستبووە، سەرەڕای ئەوەی دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عـێـراق‌و بـردنـەوەی لیستی عێراقییە، نەرمی‌و لێکنزیکبوونەوە لەنێوان هــەردوولادا ڕوویـدا، تائێستا کێشەکان بە چـارەسـەرنـەکـراویـی مـاونـەتـەوەو بە ڕای چاودێرانیش لە ئەگەری بەشدارینەکردن یان پەراوێزخستنی لیستی عێراقییە لە پێکهێنانی حـکـومـەتـی نـوێـدا، ئـەگـەری دووبـارە ئاڵۆزبوونەوەی کـێـشـەکـان دەکرێتەوە.



بەغدا کەناڵە کوردییەکەی ناکاتەوە 10

## د.بورهان یاسین:

# ساڵانێکە خۆم بە یەکێک لە دەنگە گۆڕانخوازەکان دەزانم



سازدانی ڕۆژنامە

بەشی یەکەم

**د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسییو کەسایەتییەکی دیاری بزاڤی نەتەوەیی کوردە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا (ڕۆژنامە) لەسەر کۆمەڵێک باسو خواسی سیاسیی دواندوویەتی.**

**ڕۆژنامە: سەرەتا، با لەو پرسیارەوە دەستپێبکەین ئێوە وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆچی پشتیوانیی بزووتنەوەی گۆڕانتان کرد؟**

*لە ڕاستیدا، ساڵانێکی زۆرە یەکێکم لەو کەسانەی کە لە لایەکەوە سڵم نەکردووەتەوە لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی کوردیو لە لایەکی دیکەشەوە لە بڵاوکردنەوەو پێشکەشکردنی کۆمەڵێک هەڵسەنگاندنو بیروبۆچوونو پرۆژە، بە ئومێدی ئەوەی دواجار خزمەت بە ڕەوتی گۆڕانکاریی لە کوردستان بکەن، بۆ نموونە لە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو بابەتدا هەر لە سەرەتای ساڵانی (١٩٩٠)کان لە ئاوڕدانەوەیەکی ڕخنەگرانە بۆ سەر بزاڤی سیاسیی لە کوردستانو لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی کۆتایی (١٩٨٠)کانو سەرەتای (١٩٩٠)کانو دانی هەندێک تەسەور ڕوو بە داهاتوو، کۆمەڵێک ڕەخنەو بۆچوونی جدیم پیادەکردووە، کە دەخزێنە خزمەت پرۆسەی گۆڕینو نوێبوونەوەو تەندروستبوونی بزاڤی کوردایەتی، بۆ نموونە باسم لە گرنگی بە دامەزراوەکردنی بزاڤی سیاسیی کوردستانو نوێبوونەوە لەو بزاڤەدا لە لایەنی ئایدیۆلۆژییو ڕێکخراوەییو سیاسییەوەو ئامرازی خەباتو...هتد کردووە.

لەم پێشەکییەم بۆ وەڵامی پرسیارەکەت، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ساڵانێکە خۆم بە یەکێک لە دەنگە گۆڕانخوازەکان دەزانمو هەر لەم سۆنگەیەشەوە بە سروشتیم زانیوە کە تا ئەو جێگەیەی دەکرێت پشتگیریی لە بزاڤی گۆڕان بکەم، بۆ ئەوەشی ئەو ڕەهەندەی گۆڕان ببێت بە ڕاستیو بە پانتایی تەواوی کوردستانی مەزندا بڵاوبێتەوە، گرنگە سەرانی گۆڕان هەڵسەنگاندنێکی جدیی بۆ ئەم مەسەلەیە بکەنو لەو ڕۆشناییەشەوە گوتارێک بخەملێنن کە ئەو ڕەنگدانەوەیەی تیادا بەدیبکرێتو بەهەمانشێوە کوردستانییانی پارچەکانی دیکە بەو گرنگییەوە لە بزاڤی گۆڕان بڕواننو لێی نزیکببنەوە.

بۆ نموونە، مەسەلەیەک کە گۆڕان وروژاندوویەتیو بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان گرنگە، کلاسیکیبوونی بەشی هەرە زۆری حیزبە کوردستانییەکانە، کە زیاتر هەڵگری کلتووری سیاسیی بەلشەفیزمنو بە کۆمەڵێک کێشەی ئایدیۆلۆژیو سیاسییو ڕێکخستنیەوە دەناڵێنن، زۆر بە کورتی ئەوڕۆ کلتوورێکی سیاسیی لە کوردستانی مەزن باڵادەستە، کە هی بە کەمزانینی خەباتی ئەوی پێویست بدەن بۆ ئەم مەبەستە، ناکرێت مرۆڤیش لە هەنگاوێکی عەمەلیدا، نەک هەر بە نووسینو قسەو باس، ئەوە دەرنەخات کە نەک هەر دڵخۆشە بەو پێشووەچوونە، بەڵکو ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە عەمەلییەی کە دەکەوێتە سەرشانی، جا با ئەو ئەرکە لە ئەنجامدانیدا ختورەتی قوربانیدانی گەورەش لەخۆ بگرێت، جگە لەوەش ئەو پرسیارەی ئێوە مانایەکی تر یان پرسیارێکی تر لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێت، ئەویش ئەوەیە چۆن دەکرێت بورهان یاسین باوەڕی نەبووبێت بە دەوڵەتی عێراق وە تائێستاش باس لە باشووری کوردستان (نەک کوردستانی عێراق) بکاتو بە ئاشکرا لە بزاڤی ریفراندۆمدا داوای سەربەخۆیی باشووری کوردستانی کردبێت، خۆی بەربژێربکات لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، لەم سۆنگەی پرسیارەیشەوە دیسان خۆ بەربژێرکردن بڕیارێکی ئاسان نەبوو، جگە


لە لایەکی دیکەوە هەروەک لە بابەتێکمدا کە بەر لە نزیکەی ساڵێک بڵاوبووەتەوە، باسم کردووە، دەرکەوتنی بزاڤی گۆڕان لە باشووری کوردستان ئەرزهەژێکی سیاسیی بوو، ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو، بە ڕادەیەکی گرنگ کە دەکرێت بڵێین، مێژووی هاوچەرخی باشووری کوردستان دەکاتە دووبەشەوە: بەر لە دەرکەوتنی گۆڕانو دوای دەرکەوتنی گۆڕان، هەر لەبەرئەوەش بۆ خۆم سروشتیتر ئەوەبوو کە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤم هەبێت لەو ڕووداوە مێژووییەدا تا بێهەڵوێست بم، یان خراپتر لەوە هەڵوێستی نێگەتیڤم بەرامبەری هەبێت.

هەڵبەتە لە هەڵوێستی خۆمدا تائێستا زۆر تەحەفوزم لە چەند لایەنی ئەو بزاڤە لە ڕووی ئایدیۆلۆژیو سیاسییو ڕۆڵی ئەو پێکهاتەیەی کە بە کۆڵەکەو بڕبڕەی پشتی ئەو بزاڤە دەژمێردرێت، هەبووە.

لە دیدێکی کوردستانییەوە باوەڕم وایە کە بزاڤی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، بە مانایەکی ترئەوکوردایەتییەلەڕووی فیکرییەوە کۆن بووە کە بۆ زەمەنێکی زۆر پێشترو هەلومەرجە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو زەمەنە لە قاڵب دراوە، لەم سۆنگەیەوە ئەگەر گۆڕان بە ئاشکرا خۆی بکات بە ئامرازو پلاتفۆڕمی نوێبوونەوەی کوردایەتی، ئەوا سەرکەوتنی ئەو بزاڤە لەو ئەرکەدا ئاسۆیەکو دەروازەیەک دەکاتەوە بۆ ئەوەی گۆڕینو نوێبوونەوە لە بزاڤی کوردایەتیی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بکرێت.

لە ڕاستیدا زۆرێک لەو بابەتانەی کە بزاڤی گۆڕان باسی لێوەکردوون، بە هەمان ڕادە بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش گرنگن، ئەو بابەتانەی کە لە کۆیاندا دەکرێت ناویانبنێین نوێبوونەوەی‌کوردایەتی،بۆنموونەگۆڕانکاریی لە ماهییەتی حیزبو حیزبایەتی، گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆژیو سیاسیی، بە مەدەنیکردنی خەباتی کوردایەتی، بە دامەزراوەییکردنی بزاڤی‌کوردایەتی،سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی، بەرجەستەکردنی کلتوورێکی سیاسیی بیناکراو لەسەر بەها دیموکراسییەکانو مەفهوومە هەرە مۆدێرنەکەی کوردستانیبوون (هاوڵاتیبوون) و زۆر بابەتی دیکەش.

هەر لەو بۆچوونەوە، ئەگەرچی لە گوتاری سیاسیی سەرانی گۆڕان خۆیاندا، ئەم ڕەهەندە (واتە ڕەهەندی گۆڕان لە سۆنگەی کوردستانی مەزنەوە) بە تەواوەتی غایبە، من وەکو کوردستانییەک، گرنگی بزاڤی گۆڕان لەو ڕەهەندە کوردستانییەوە بە مێژوویی دەزانم.



دیکەیە، خۆنواندن لە ڕێگەی ئینکارکردنی بوونو خەباتی ئەوی دیکەو زۆر کێشەی جدیی تر، کە دەکرێت لە کلتوورێکی سیاسیدا کۆیبکەیتەوە کە تیایدا دوو پرەنسیپی هەرە گرنگی کوردستانیبوونو دیموکراسیبوونی ڕاستەقینە زۆر لاوازن.

لێرەدا گرنگە ئەوەش بڵێین، کە لە گوتاری کوردستانیکردنی مەسەلەی گۆڕنکاریی لە ئاستی کوردستانی مەزندا پێویست ناکات بزاڤی گۆڕان خۆی بکات بە برا گەورەو هەڵەی کلتووری‌براگەورەیی‌سیاسیی‌دووبارەکاتەوە، بەڵکو ئەوە بەسە لە کاتو بابەتی پێویستدا قسەو باسەکانی ئەو بزاڤە مەدا هەرە فراوانە کوردستانییەکەش وەرگرن.

**ڕۆژنامە: تۆ لە هەڵبژاردنی (٧)ی ئازاری ڕابردوو کاندیدی ئەو بزووتنەوەیە بوویتە بۆچی ئەو بڕیارەت دا؟**

* لە ڕاستیدا بڕیارێکی ئاسان نەبوو، تا ڕادەیەکی زۆر بەشێک لەوەی پێشتر وترا یاریدەدەرە لە ڕوونکردنەوەی بڕیارەکەم.

بەکورتی، بزاڤێک کە دروشمی ئۆپۆزسیۆنبوونی ڕاستەقینەی هەڵگرتووەو ئەندامانو لایەنگرانی ئامادەن قوربانیی

لە قسەکانی پێشترم، لە وەڵامی ئەم بەشەی پرسیاریشدا دەتوانم بڵێم:

١. ساڵانێکی زۆرە بە نووسینو کۆڕو سیمینارو چالاکییە مەدەنییەکانو زۆر شێوەی خەباتی تر لە دەرەوەی وڵات، وەک کەسێکی بێلایەن خۆم لە بزاڤی کوردایەتیدا خەریک کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیە بوومەتەوە وەک ئەوەی کە من لە کوردستاندا حزووری عەمەلیم نییە، ئەگەر چی هەر بەپێی ئەو لۆژیکە دەسەڵاتێکی کوردیش حوکمڕانیی وڵات دەکات! لە وەڵامو چارەسەرکردنی ئەم پرسو موفارەقەیەدا دەڵێم: ئەوەم ڕەفزکردووەتەوە کە لە سێبەری دەسەڵاتێکی تا سەر ئێسقان گەندەڵ بژیم، دەسەڵاتێک کە بەشێک لە سیاسییەکانی بەر لە نیوەڕۆ لە پۆستە سیاسییو ئیدارییە ڕەسمییەکاندا دەبینرێن، بەڵام دوای نیوەڕۆ خەریکی قاچاخچێتیکردنن بە کاڵایەکی نەتەوەیی ستراتیژی وەک نەوت، لە لایەکی دیکەوە خۆ بەربژێرکردنم مانای چوون بوو بۆ کوردستان لەژێر سێبەری بزاڤێکدا کە شەڕێکی مەدەنیانەی ڕاگەیاندووە بەرامبەر ئەو گەندەڵییە، هەروەها ئەو هەنگاوەم وەک پشتگیریی بوو لەو ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان کە لە چوارچێوەی بزاڤی گۆڕانەوە خەباتێکی هێژا دژ بەو گەندەڵییە دەکەن.

٢. هەرگیز ڕازی نەبوومو نیم بەو دەستوورەی عێراق کە هەیە، باوەڕیشم وا بووەو ئێستاش باوەڕم وایە، کە چۆن عەرەبی سوننە کاتی خۆی لە ڕێگای بەشداریی حیزبی ئیسلامییەوە (کە کەمێک بوون لە کەمایەتی سوننەی عەرەب) لە پرۆسەی سیاسییو هەڵبژاردنەکانی عێراق لە (٢٠٠٥) کۆمەڵێک مەرجی فەرزکرد، یەکێک لەوانە مادەی (١٤٢)، بزاڤی گۆڕان دەیتوانیو ئێستاش دەرفەتی هەیە کە داوای بەسەرخستنی سەقفی دەستووریی بکات لەو جێگایانەی باس لە مافی کوردو مەسەلە پەیوەندیدارەکان دەکرێت، بە بەهانەی ئەوەی کە گۆڕان وەک بزاڤو وەک لیست لەژێر ئەم دەستوورە مۆری نەکردووە، هەر بەم لۆژیکەش یەکێک لە خاڵەکانی پرۆگرامی تایبەتی خۆم لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، مافی ریفراندۆم بوو بۆ خەڵکی کوردستانو خاڵێکی تریش گەڕانەوە بوو بۆ ئیرادەی ئەو خەڵکە لە حاڵەتی هەر بەرەوڕووبوونەوەیەکو قەیرانێکی سیاسیی لەگەڵ بەغدا.

٣. زۆربوونی ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی عێراقو ئێستاش زۆرن، کە لە دەرەوەی دەستوورو هەموو ئەو شتانەی ڕێکەوتنی سیاسیی لەسەر کراوە، باوەڕیان بە ئەجێندای تەواو جوداو «نەنووسراو» هەیەو زۆرن ئەوانەی کە بیر لە جۆرێک لە شیعیستان دەکەنەوەو زۆرن ئەوانەی کە دەخوازن لە ڕۆشنایی فیکرێکی عروبییەوە هەرچی ئاساری فیدراڵیو دابەشکردنی دەسەڵاتو پێزانین بە مافە نەتەوەییەکانی کورد (بە تایبەتی مادەی ١٤٠) بسڕنەوە، زۆریشن ئەوانەی تەنانەت بە ڕوحێکی کودەتایی لە چوارچێوەی پەرلەمانی عێراقدا بە ئەجێندا شاردراوەکانیانەوە سیاسەت دەکەن، ئەم توخمانە هەموویان بۆ سیاسەتکردن چوونەتە پەرلەمانی عێراقەوە، نەک بە زەرورەت بۆ چەسپاندنی عێراقێکی «دیموکراتو فیدراڵ».

بە کورتی، من دەمخواست وەک کوردستانییەکی واقیعبین، بە هەموو توانایەکەم لە پێگەیەکی سیاسیی زۆر پێشەوە خەبات بۆ ئەو شتانە بکەم کە باوەڕم پێیانە، هەر لێرەشەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەسانەی خۆیان بە کوردستانیی دەزانن چەکی واقیعیبوون لە دەست ئۆتۆنۆمیخوازەکان دەربهێنن، تۆ دەکرێت کوردستانیی بیتو واقیعبینیش بیت، بە مانایەکی دیکە، کاتی ئەوە هاتووە کوردستانییان پیشانی بدەن کە ئەوان کۆمەڵێک خەڵکی ئایدیالیست نین کە تەنیا هەندێک خەونی خۆش دەبینن‌و ئارەزووە سیاسییەکانیان لە هەندێک شیعری جواندا دەردەبڕن، بەڵکو ئەوان خەڵکانێکن کە لە مەرجە سەختەکانی سیاسەتو سیاسەتکردن دەگەن، هەر لەو سۆنگەیەشەوە دەستەوئەژنۆ بەدیار هەندێک دروشمەوە دانانیشن، بەڵکو دەتوانن لە چوارچێوەی هەوڵو مەرجە دژوارەکانی سیاسەتدا، سیاسەت بکەن!.

> "چۆن بوو د.بورهان یاسین باوەڕی بە دەوڵەتی عێراق نەبوو، بە ئاشکرا لە بزووتنەوەی ریفراندۆمدا داوای سەربەخۆیی باشووری کوردستانی دەکرد، بەڵام خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق هەڵبژارد؟"

**ڕۆژنامە: بۆچی کە خۆتو لیستەکەت لە دهۆک دەنگی پێویستتان نەهێنا ڕاستەوخۆ گەڕایتەوە ئەوروپا، ئایا ئەمە نیشانەی بێئومێدبوونت بوو لە دەرنەچوونی خۆتو لیستەکەت لەو پارێزگایەو سەختیی بەردەوامبوونی ڕەوتی گۆڕینو گۆڕانخوازیی لە ناوچەی بادینان؟**

* لە ڕاستیدا گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا بەهۆی بێئومێدیی نەبوو، خۆبەربژێرکردنم بەشێکو مەقتەعێک بوو لە نەفەسێکی درێژ لە خەباتی کوردایەتیمداو هەر بەوپێیەش مەسەلەی هەڵبژاردن هەروەک ئەزموونە سیاسییەکانی دیکەم بە پارچەیەکی دانەبڕاو لەو خەباتە دەژمێرم، جگە لەمەش مامەڵەی من لەگەڵ مەسەلەی گۆڕان لە کوردستان لە نەفەسێکی درێژەوە بووە، لەو باوەڕەشدام کە بەگشتیی یەکێک لە کێشەکانی سیاسەتکردن نەفەسکورتییە.

هەروەها گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا یەکسەر نەبوو، بەڵکو بەمەبەستی ئەنجامدانی بەدواداچوونێک دەربارەی بزاڤی گۆڕان لە دەڤەرا بەهدینا لە ڕۆشنایی هەڵبژاردنەکان، چەند هەفتەیەک مامەوەو بە یارمەتیو بەشداریی ستافەکانی گۆڕان لەو ناوچەیە بەدواداچوونەکەم ئەنجامداو دواجار گەڕانەوەم بۆ ئەوروپا شتێکی سروشتی بوو:

١. من نەهاتبوومە کوردستان بۆ مانەوە، ئەگەر لە هەڵبژاردن دەرنەچووم، بە مانایەکی تر هاتنەوەم بۆ کوردستان تەنیا لە چوارچێوەی بەرنامەی خۆپاڵاوتنم بوو لە هەڵبژاردنەکاندا، تائێستا جێگەو ڕێگەی ژیانم لە ئەوروپایە.

٢. هەرچەندە بۆ مەبەستی بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا ئیجازەی شەش مانگم لە کارەکەم وەرگرتبوو، بەڵام بەشێوەی چاوەڕوانکراو لە کارەکەمەوە هەندێک ئەرکم پێ دەسپێردرا کە دەبێت بۆ ئەنجامدانی لە کۆتایی مانگی (ئایار)و سەرەتای مانگی (حوزەیران) لەسەر کار بوومایە.

٣. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی بێئومێدبوون، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو ئەنجامەی گۆڕان لە دەڤەری بادینان بەدەستیهێنا سەرکەوتنێکی گەورە بوو، هەرچەندە بەداخەوە سەرکردەکانی گۆڕان ئەو پێزانینەیان نەبووە، بەتایبەتی لەو ڕاگەیاندنەی کە لە ڕێگەی KNN ەوە درا بە بۆنەی کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنەکان هیچ ئاماژەیەکی تایبەتیو شایستەی تێدا نەبوو دەربارەی ئەو سەرکەوتنەی بادینان.

> "گۆڕان لە دەڤەری بادینان سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، بەڵام بە داخەوە سەرکردەکانی گۆڕان ئەو پێزانینەیان نەبووە"

### ئەمریکا، پرۆژەیەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەخاتەڕوو

# هیچ لیستێک وەڵامی داواکارییەکانی کوردی نەداوەتەوە

هەستیار قادر

**تا ئێستا هیچکام لەو لیستانەی پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەیە، «بەرەسمیی» وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان نەداوەتەوەو هاوکات، حکومەتی ئەمریکاش، پرۆژەیەک بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پێشکەش دەکات.**



### کورد وەڵامی نەدراوەتەوە

لەپاش ئەوەی هەفتەی رابـردوو، شـانـدی دانـوسـتـکـاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، لیستێکی (١٩)خاڵییان لە دواکاریی پێشکەش بە هەریەک لە نوری مالیکیو ئەیاد عەلاویو عادل عەبدلومەهدیو ئیبراهیم جەعفەری کرد، وەک پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆک وەزیران، تا ئێستا هیچ لیستێک بەرەسمیی وەڵامی ئەو داواکارییانەی نـەداوەتـەوەو لـەوبـارەیـەوە، خالید شوانی، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هیچکام لەو لیستانەی داواکارییەکانمان داونەتێ، بەرەسمیی وەڵامیان نەداوینەتەوە، بـەڵام سـەرگـەرمـی گفتوگۆکردنی خاڵەکانی ئەو داواکارییانەن».

هاوکات، محەمەد حەکیمی ئەندامی هەمان شاند، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە کە سەرجەم پاڵیوراوەکان، نەرمییان بەرامبەر بەو داواکارییانەی پیشانداوە، بـەڵام مـەرج نییە هەموویان لەسەر هەموو داواکارییەکانی کورد رێکبکەون، وتیشی: «لیستی دەوڵـەتـی یاسا لە لیستەکانی تر تۆکمەو یەکدەنگترەو کاتێکیش مالیکی نەرمیی پیشانداوە بۆ ئەو داواکارییانەی کورد، گوزارشت لە لیستەکەشی دەکات، بەڵام مەرج نییە عادل عەبدولمەهدیو ئەیاد عەلاوی بەو شێوەیە بن، بەوپێیەی گوزارشت لە رای لیستەکانیان ناکەنو پێکهاتەی لیستەکانیان جیاوازن».

### داواکـاریـیـەکـانـی کـوردو دانوستاندن

لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو ئەو لیستەی داواکارییەکانی کورد کە (١٩)خاڵی لەخۆگرتووەو بە وەرەقەی دانوستاندن ناوی دەبرا، رانەگەیەنرێت، بەڵام لە زیاتر لە سەرچاوەیەکەوە، راگەیەنرا کە بەشێک لە خاڵەکانی پەیوەندیی راستەخۆیان بە کوردەوە هەیە، لەوانە: هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) لە ماوەی (٢)سـاڵـدا، چەکدارو پارەدارکردنی هێزی پێشمەرگەو پاڵپشتیکردنی پاڵێوراوی کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، بوونی نوێنەری دادپەروەرانەی کـوردی لە ئەنجومەنی وەزیـرانو وەزارەتـــە سـیـادیـیـەکـانو دەستە سەربەخۆکانو سەرجەم دامودەزگا حکومییەکانو لایەنی کوردیش، مافی پێبدرێت کە رای لەسەر پاڵێوراوی ئـەو پۆستە سیادییانە هەبێت کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیەو قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی ئەنفالو هەڵەبجەو پێدانی پۆستی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران بە کوردو حکومەتی عێراقیش حسابی هـەڵـوەشـاوەی بۆ دەکـرێـت، ئەگەر لایەنی کوردی بەهۆی پێشێلکردنێکی دەستوورییەوە لێی بکشێتەوە.

خالید شـوانـی، ئاشکرای کـرد: «بـەشـێـک لـەو داواکـاریـیـانـە کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، هێڵی سوورن، بەڵام هەندێک لە خاڵەکانی تـری کە پەیوەندییان بە شێوازی حکومەتی عێراقییەوە هەیە، دەبێت لەگەڵ لایەنەکانی تردا بگەینە تەوافوق لەسەری».

### پرۆژەکەی ئەمریکا

هاتنی جێفری فیلتمان، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق، دەنگۆی هێنانی پرۆژەی نوێی حکومەتی واشنتۆنی لێکەوتەوە، بەتایبەت کە چەند مانگێک لەمەوبەر ناوبراو، پرۆژەیەکی وڵاتەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەت هێنایە عێراق کە باسی لە دەستاودەستکردنی پۆستی سـەرۆک وەزیـران دەکـرد لە ماوەی چوار ساڵدا، لە نێوان مالیکیو عەلاویدا، یان پێدانی پۆستی سەرۆک کۆمار بە مالیکیو سەرۆک وەزیرانیش بە عەلاوی، بەڵام هەردوو پێشنیازەکە شکستیان هێنا، ئەمجارەش فیلتمان پـرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵاتی لە نێوان عەلاویو مالیکدا هێناوە لەچوار چـێـوەی دامـەزرانـدنـی ئەنجومەنی هەمئاهەنگی بۆ سیاسەتی نیشتمانیی ستراتیژیی، کە ئەو ئەنجومەنە بەرپرس دەبێت لە پێداچوونەوەو هەمئاهەنگیو ئامۆژگارییو پێشنیاز سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆییو دەرەکـیو سەربازیی حکومەتی عێراقییەوە، بە مەرجێک وا شرۆڤە نەکرێت کە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیــران، یــان ســەرۆک کـۆمـارو سەرۆکی پەرلەمانەو ئەم ئەنجومەنەش جـێـگـەی ئـەنـجـومـەنـی سیاسیی ئاسایشی نیشتمانی بگرێتەوەو لە دەسەڵاتیشیدایە پێداچوونەوە بە بودجەی کڕینی بەرگریی سەرەکیو پرسی بەندکراوەکانو چەند پرسێکی تردا بکات.

بەپێی ئەو پـرۆژەیـەی ئەمریکا، ئەندامانی ئەنجومەنی هەمئاهەنگی بۆ سیاسەتی نیشتمانیی ستراتیژیی، لـە سکرتێری گشتیی کـاروبـاری ئاسایشی نیشتمانیی، وەک سەرۆکو سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیـران، وەک سەرۆکی بەشدارو سەرۆکی پەرلەمانی عێراقو سەرۆکی هەرێمی کـوردسـتـانو وەزیــری بەرگرییو سەرۆکی ئەنجومەنی دادگای باڵاش ئەندام دەبن تیایدا.

لـەوبـارەیـەوە، محەمەد حەکیم، ئەندامی شاندی دانوستکاری کورد لە بەغدا، روونیکردەوە: لە میانەی کۆبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ مالیکی، پێی راگەیاندوون، کە ئەمریکا پرۆژەیەکی لەو جۆرەی هەیە، وتیشی: «ئێمەش وەک ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، داواکارییەکی لەو جۆرەمان هەبووە کە لەگەڵ پرۆژەکەی ئەمریکا یەک دەگرێتەوە».

### کاتی بەردەم مالیکی، کۆتایی هات

# «شیعەکان پاڵێوراوەکانیان دەگۆڕن»

کارزان عومەر

**ئەو دەرفەتە کۆتایی هات کە ئیئتیلافی نیشتمانیی خستبوویە بەردەم دەوڵەتی یاسا بۆ گۆڕینی مالیکی وەک پاڵێوراوی سەرۆک وەزیرانو هاوکات، لیستی عێراقییەش چاوەڕوانی دەرەنجامی ئەو رێککەوتنەیە تا لەگەڵ ئیئتیلافدا هاوپەیمانیی ببەستێت.**

پاش ئەوەی دوو هەفتە لەمەوبەر، لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی بڕیاریدا کـە دانوستاندنەکانی لـەگـەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا رابگرێت تا ئەو کاتەی نـوری مالیکی وەک تاکە پاڵێوراویان دەگۆڕن بە پاڵێوراوێکی تر، ئەو وادەیە کۆتایی هاتووەو هاوکات، رۆژنامەی عالەمی عێراقی لە ژمـارەی دوێنێدا، بڵاویکردووەتەوە کە لە پاش سووربوونی مالیکی لە خۆپاڵاوتنەوەی بۆ پۆستی ســەرۆک وەزیــران، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی پێشنیازێکی نوێی کـردووە کە بەپێی ئەو پێشنیازە، مالیکی واز لەخۆپاڵاوتنی بهێنێتو لەبەرامبەریشدا، ئەنجومەنی بـاڵا، عـادل عەبدولمەهدی وەک پاڵێوراوی خۆی بۆ ئەو پۆستە دەکشێنێتەوەو هەردوولا پاڵێوراوی نوێی یەکلاییکەرەوەی خۆیان پێشکەش دەکەن، بەڵام لیستی دەوڵەتی یاسا، بوونی ئەو کاتە دیاریکراوە بۆ لادانـی مالیکی لە پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بە رای سەرجەم ئیئتیلافی نیشتمانیی نازانێت.

لـەوبـارەیـەوە، عـەلـی ئەدیبی سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاساو کەسی دووەمی حیزبی دەعوە، ئەوەی رەتکردەوە کە ئیئتیلافی نیشتمانیی، مۆڵەتی کاتیی دابێت بە لیستەکەی بۆ وازهێنان لە پاڵێوراوەکەیانو تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئـەو شتە، تەنیا بۆچوونی سەرکردەیەکی ئیئتیلافی نیشتمانیی بوو، نەک هەڵوێستی فەرمیی ئەو لیستە».

سەرەڕای کۆتاییهاتنی ئەو وادەیەی کە ئەنجومەنی باڵا بۆ مالیکی دانـاوە، ئیئتیلافی نیشتمانیی لە چاوەڕوانـی وەڵامێکی رەسمیدایە.

عەزیز کازم عەلوانی، پەرلەمانتاری لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی سـەر بە ئەنجومەنی باڵا، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هێشتا بەشێکن لە هاوپەیمانیی نیشتمانییو چاوەڕوانی کاندیدکردنی کەسێکی دیکەن بۆ پۆستی سـەرۆک وەزیـرانـی عێراق جگە لە نوری مالیکی، بەوپێیەی بە وتەی ناوبراو، سەرجەم پێکهاتەکانی لیستەکەیان مالیکی وەک پاڵێوراو رەتدەکەنەوە.

عەزیر کـازم عـەلـوان، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر لیستەکەیان گەیشتنە باوەڕێک کە ناگەنە رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی یاسادا، ئەوا پەنا دەبەن بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردو عێراقییە».

رێکنەکەوتنی دوو لیستە شیعەکەش، دەرگا لەبەردەم لیستی عێراقییەدا دەکاتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتو سەبارەت بەو ئەگەرەش، محەمەد عەلاوی، سەرکردەی لیستی عێراقییە ئاماژەی بـەوەدا، کە لیستەکەیان نزیکترە لـە ئیئتیلافی نیشتمانیی وەک لە دەوڵـەتـی یاساو ئەگەری هاوپەیمانێتیی عێراقییە لەگەڵ دەوڵەتی یاسا زۆر کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتمانییو بە رۆژنامەی راگەیاند: «دانوستاندنەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی یاسا، بەرەو شکستخواردنو رێگایەکی داخــراو دەڕۆن، بەهۆی سووربوونیان لەسەر کاندیدکردنی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران».

بەڵام، عەلی ئەدیب، رەشبینە لەوەی کە عێراقییەو ئیئتیلافی نیشتمانیی بگەنە رێککەوتنو هاوپەیمانێتیو وتی: «ئەگەری هاوپەیمانێتی لەنێوان لیستی ئیئتیلافی نیشتمانییو عێراقییەدا دوورە، بەهۆی ئەوەی خاڵی هاوبەش نییە لەنێوانیاندا».




ناسک قادر: نوێبوونی ئۆپۆزسیۆنو (بێئەزموونیی)، پاساو نین بۆ کەموکووڕییەکانی 12

## «متمانەیان بە سیاسییەکان نەماوە»

# مەرجەعە شیعەکانی عێراق رۆڵیان ون دەبێت

راپۆرتی: کارزان عومەر


محەمەد یەعقوبی


عەلی سیستانی


محەمەد تەقی مودەریسی


کازم حائیری

**سەرەڕای بوونی چەند مەرجەعێکی شیعەکان لە عێراقو وڵاتانی دەوروبەر، کاریگەریی ئەو مەرجەعیەتانە لەسەر لایەنە سیاسییەکان کەمبووەتەوە، بەتایبەت قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت، ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئۆباما داوای لە عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکان کردووە، کە رۆڵی خۆی بگێڕێت لە پێکهێنانی ئەو حکومەتەدا.**

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا حکومەتی نوێی عێراق پێکنەهاتووەو بەشێک لە گرێکانی ئەم کێشەیە لەنێوان لایەنە شیعەکاندایە، ئەمە سەرەڕای بوونی مەرجەعیەتەکان کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە رۆڵیان هەبووە لە چەند پرسێکی سیاسییدا، بەڵام سەرجەم ئاماژەکان بۆ ئەوەن کە لە ئێستادا مەرجەعیەتەکان لانی کەم بەشێوەیەکی ئاشکرا خۆیان بەدوور دەگرن لە سیاسەتو هەندێکیش پێیانوایە: دەستێوەردانیان لە کێشەی پێکنەهێنانی حکومەتی نوێدا پەیوەندیی بە هەستکردن بە نەمانی کاریگەرییانەوە هەیە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە رۆژنامەی (فۆرن بولسی) ئەمریکی لەسەرەتای ئەم مانگەدا نامەیەکی نهێنیی باراک ئۆبامای، سەرۆکی وڵاتەکەی بۆ عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق، بڵاوکردەوە، کە تیایدا داوای لێدەکات گوشار لەسەر لایەنە شیعەکان بەکاربهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق.

هاوکات لێکۆڵەرێکی ئیسلامی سیاسیش پێیوایە: سیاسییەکانی عێراق مەرجەعیەتەکانیان بێ ئومێد کردووە.

د.سەلام سمێسم، لێکۆڵەر لە کاروباری ئیسلامی سیاسیی تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «مەرجەعیەتەکان دووبارە رۆڵیان لە بارودۆخی سیاسیدا گەڵاڵە دەکەنەوە، چونکە سیاسەتمەدارەکان بەهۆی گەندەڵییو خراپیی شێوازی بەڕێوەبردنی وڵاتەوە مەرجعیەتەکانیان بێ ئومێد کردووە، بۆیە خۆیان لە پرۆسەی سیاسیی دوورخستووەتەوە»و ئاماژەی بەوەشدا، کە مەرجعیەتەکان رۆڵێکی کاریگەرو بەهێزیان لەسەر کۆمەڵگە هەیە، کە ترسناکەو سیاسەتمەداران لە رابردوودا تەنیا ئەو کاریگەرییانەیان بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە سیاسییەکان، بۆیە لە ئێستادا مەرجعیەت لە پێکهێنانی حکومەتدا رۆڵ نابینو چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە باشترین پاڵێوراو ببێتە سەرۆک وەزیران».

هاوکات هێشتا بەشێک لە شیعەکان متمانەیان بە رۆڵی مەرجەعیەتو مانەوەی کاریگەرییەکانی ماوەو لەوبارەیەشەوە جەلالەدین سەغیر، سەرکردەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی ئەوەی رەتکردەوە کە مەرجعیەت رۆڵی کەمبووەتەوە لە عێراقو بە رۆژنامەی راگەیاند: «مەرجعیەت دەستێوەردان ئەنجام نادات لە وردەکاریی پرۆسەی سیاسییو حاڵەتی ئاسایی، چونکە پێیوایە: کە ئەمە ئەرکی سیاسەتمەدارەکانەو ئەرکی سەرەکیی ئەوان کاروباری ئاینییە، نەک سیاسییو تەنیا لەکاتێکدا کە مەترسی هەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی، ئەوا دەستێوەردان ئەنجامدەدات».

هەندێکی تریش ئاماژە بە دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆ دەکەنەوە لەلایەن مەرجەعیەتەکانەوە، عەبدولهادی حەسانی، پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا پێیوایە: رۆڵی مەرجەعیەت وەکو خۆی ماوەو زۆر جار هەیە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی پرۆسە سیاسیی دەکەن.

بۆ رۆژنامە وتی: «مەرج نییە ئاراستەکردنو دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیدا لە لایەن مەرجعیەتەوە لەڕێگەی فەتواو بەیاننامە بێت، بەڵکو رێگەی تریش هەیە وەکو ئاماژە، یان ئامۆژگاریی».

شیعە مەزهەبەکان لە جیهاندا دەیان مەرجەعیەتیان هەیەو زۆربەیان لە ئێرانو عێراقدانو چەند مەرجعیەتێکی بەهێزیان هەیە لە عێراقدا، لەوانە: عەلی سیستانیو ئیسحاق فەیازو محەمەد یەعقوبیو محەمەد تەقی مودەڕسیو کازم حائریو بەشیر نەجەفیو محەمەد سەعید حەکیمو عەلائەدین غورەفی، کە هەندێکیان لە نەجەفو کەربەلا دەژینو هەندێکی تریان لە ئێران ژیان بەسەر دەبەن، زۆربەی حیزبە شیعەکانیش لە عێراقدا مەرجەعیەتی تایبەتی خۆیان هەیەو پشتی پێدەبەستن، بەڵام سەلام سمێسم، پێیوایە: مەرج نییە سەرجەم حیزبە شیعەکانی مەرجعییەتێکیان هەبێت، دەڵێت: «حیزبی دەعوە ئەگەر بۆچوونە سیاسییەکان دژی بۆچوونە ئایینییەکانی بێت، ئەوا پشت بە بۆچوونە سیاسییەکانی دەبەستێتو لایەنی دینی پشتگوێ دەخەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی پشت دەبەستن بە بۆچوونەکان محەمەد حەسەن فەزڵوڵڵا، کە پێش چەند مانگێک لەمەوبەر لە لوبنان کۆچی دوایی کردو لە بەرامبەردا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی کە لەسەر بنەمای شوێنکەوتنی سیستانی دروستبووەو بۆچوونەکانی مەرجعیەتی سیستانی بنەمایەکی سەرەکیی بووە بۆ سەرجەم بڕیارو هەڵوێستەکانیان، بۆیە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراویان نییەو ئەوان شوێنکەوتووی هێڵی تەقلیدین، کە مەرجعیەتی سیستانییە».

لەپاڵ ئەم دوو هێزە گەورەیەی شیعەکاندا حیزبی فەزیلەو سەدر هەردووکیان شوێنکەوتووی مەرجعیەتی محەمەد سادق سەدر بوونو پاش کوژرانی باوکی موقتەدا، هەردووکیان دابەشبوون، حیزبی فەزیلە بوو بە شوێنکەوتووی شێخ محەمەد یەعقوبی، کە یەکێک بووە لە دیارترین هاوڕێکانی محەمەد سادق سەدرو لە بەرامبەردا رەوتی سەدر پشت دەبەستێت بە بۆچوونێک، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات (موقتەدا)ی کوڕی محەمەد سادق سەدر، میراتگری باوکیەتی ئەم بۆچوونەش زۆر بەربڵاوترە.

ئەو لێکۆڵەرەی ئیسلامی سیاسیی ئاماژە بەوەشدەکات: کە لەڕووی کاریگەرییەوە لەسەر ئاستی جیهان سیستانی لایەنگری زۆرترەو نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن لایەنگیری هەیە لەناوەوەو دەرەوەی عێراقو لە بەرمبەردا لایەنگرانی مەرجەعیەتی محەمەد سادق سەدر، لە عێراقدا زۆرترن، بەڵام تەنیا لەناو عێراقدا بەشێوەیەکی گشتیی کەسانی هەژارو کەمدەرامەت شوێنکەوتووی مەرجعیەتی سەدرنو لە بەرامبەردا دەوڵەمەندو رۆشنبیرو ئوروستۆکراتییە شیعەکانی لە عێراق شوێنکەوتووی سیستانین، وتیشی: «بۆچوونەکانی سیستانی دەربارەی ویلایەتی فەقیە، واتە بەشداریکردن لە کاروباری سیاسەتدا زۆر جیاوازە لە بۆچوونەکانی خامنەئی لە ئێران، بۆیە خۆی دوور دەخاتەوە لە پرسە سیاسییەکانیو تەنیا خۆی تایبەت دەکات بەپرسە ئایینییەکان».

## بودجەکەی لە بەغدا وەردەگیرێت

# بەغدا کەناڵە کوردییەکەی ناکاتەوە

ئاوارە حەمید
کۆسار جەلال

**کەناڵی کوردی عێراقییە، کە ماوەی ساڵێکە داخراوە، بودجەی دامەزراوەکەی لە بەغدا وەردەگیرێتو بەڕێوەبەری هەرێمی کوردستانی کەناڵەکەش داوادەکات بەڕێوەبەرە عەرەبەکەی بگۆڕدرێت.**

لەپاش ئەوەی حکومەتی عێراقی تۆڕی راگەیاندنی عێراقیی دامەزراند، کە چەند کەناڵێکی راگەیاندنی لەخۆگرتبوو، لەوانە: کەناڵی عێراقییە ئەتیافی یەک کە پەخشی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی تورکی سریانی ئینگلیزی، هەروەها کەناڵی عێراقییە ئەتیاف دوو، کە تاکە کەناڵی حکومەتی ناوەند بوو کە پەخشی بە زمانی کوردی دەکرد لە (٢٠٠٩)وە پەخشەکەی وەستاوە.

هاوکات بەڕێوەبەری هەرێمی کوردستانی کەناڵەکە ئاماژە بەوەدەکات، کە بە «بیانووی نەبوونی بودجە کەناڵەکەیان داخستووە، بەڵام لە ئێستادا (٧) ملیار دینار وەردەگیرێت، بەپێویستیشی دەزانێت بەڕێوەبەری کەناڵەکە بگۆڕدرێت کە عەرەبەو کوردێک لە شوێنی دابنرێت».

ئیڤان ناسر حەسەن، بەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان تۆڕی راگەیاندنی عێراقی بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٨) پرۆگرامەکانی ئەو کەناڵە کەمکرانەوەو لە مانگی کانوونی دووەمی (٢٠٠٩)دا بە فەرمانی ئیداریی ئەم کەناڵە داخرا، لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، زۆر هەوڵمانداوەو گفتوگۆمان لەگەڵ نووسینگەی بەغدادا کردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەم کەناڵە کوردییە، بەڵام بێ سوود بووەو لە بەغدا بیانوو دەدۆزنەوە گوایە پارە نییە، بەڵام ئێمە گومانمان نییە لەوەی کە ئەو پارەیە هەیە، چونکە مانگانە تۆڕی راگەیاندنی عێراق زیاتر لە (حەوت) ملیار دینار وەردەگرێت».




ئیڤان، ئاماژەی بەوەشدا: بەنیازن دوای رێکخستنی حکومەتی نوێی عێراق باس لە کردنەوەی ئەم کەناڵەش بکەنو ئەگەر رەفزیان کردەوە، ناچار دەبن مەسەلەکە بەرز بکەینەوە بۆ سەرۆک کۆمار، یان بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتیشی: «هۆی داخستنی ئەو کەناڵە ئەوەیە، کە گوایە بێ هێزە. کەناڵێکی کوردی، ئیدارەو بەڕێوەبەرەکەی عەرەبەو وشەیەکی کوردی نازانێتو لە بەغدایە ئاساییە ئەگەر بێهێزیش بێت».

ئیڤان ناسر حەسەن، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: کە بەنیازن ئەو کەناڵە بە ستراتیژییەتی نوێوە دابمەزرێنینەوەو یەکەم مەرجیشیان کوردبوونی بەڕێوەبەرەکەیەتی، هەروەها ئیدارەکەشی لە هەرێمی کوردستان بێت، وتیشی: «ئەو مەسەلەیە هۆکاری سیاسیی لە پشتەوە نییەو داخستنی ئەو کەناڵە کوردییە بۆ کەمکردنەوەی بوونی کوردە لە تۆڕی راگەیاندنی عێراق».

جگە لەو کەناڵە تۆڕی راگەیاندنی عێراقی، رۆژنامەیەکیشی هەیە بەناوی عێراقی نوێ، کە ئەویش لە ئێستادا بەهەمان بیانووی نەبوونی پارە داخراوە.

خنەکان لە کوێوە ئاراستە دەکران؟ کێ دەسپێشخەربووە لە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆندا، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان (لە ٢٠٠٩/٧/٢٥)وە لەماوەی ساڵێکدا چی کردووە؟، سەڵاتەوە هەمیشە وا باسی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت، کە دان بە هیچی خێردا نانێن؟ تاچەند دەسەڵات لە قەبارەی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنی کەمکردووەتەوە؟ ئایا دەبێت ئۆپۆزسیۆن

ئامادەکردنی دۆسیە: هیوا جەمال

# ـــــاو نین بۆ کەموکوڕییەکانی



سیاسییانەدا، پشتیوانیی خەڵک لە پرۆژەی بەدیلو دروستکردنی ڕای گشتیی تاکە زامنی گۆڕینی ڕەوتی سیاسەتە.

**ڕۆژنامە: بەڵام هەموو شتێک لە هەنگاوی یەکەمەوە دەستپێدەکات..**

* ئۆپۆزسیۆن، لەدوای (١٨) ساڵ لە حکومکردنی کورد بۆ خۆی دروستبووە، ئەم ئۆپۆزسیۆنە ئەگەر قودرەتی پرسیارخستنە سەر دەسەڵاتو شکڵدانەوەیەکی نوێی نەبوو بە کۆمەڵگەی کوردیی، دەیتوانی چەند ساڵێکی تریش کار بکات بۆئەوی سیستماتیکییانەترو بە دامەزراوەیی تر لە دایک ببێت.

خەڵکانێک لە ناوەوەو لەدەرەوە ئومێدیان بەکوردبوونیانەوە ژیانەوەی بە خۆوە بینی، هەماهەنگییەک دەبینرا لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

٢- گەڕانەوەی مرۆڤەکان بۆ سیاسەتکردن، لەکاتێکدا بێباکی بەرامبەر سیاسەت، باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەدا، گۆڕان هۆکارێک بوو بۆ گەڕاندنەوەی نەفەسی تاکی کورد بۆ بەشداریی ڕاستگۆیانەو ئازادانە لە سیاسەت.

٣-گۆڕان، ئومێدی لەدایکبوونی بزووتنەوەیەکی (ملکەچنەکردنی بوارەکانی دیکەی فەرامۆشکردووە، بە تایبەت فەزای گشتیو هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕای گشتیی لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان، بەهۆی باڵکێشانی حیزب بەسەر سەرجەم دەسەڵاتەکانداو لەوانەش پەرلەمان، کێشەکە لەوەدایە کە ئەوان بەهەمان میکانیزمی حیزبە دەسەڵاتدارەکان «هاونیشتمانی»یانیان بەکارهێناوەو وەک ئامرازێک بۆ هێنانی دەنگو گرتنەدەستی دەسەڵات، نەک وەک مەرجەع، نەک وەک هاوپشکێکو هاوپشتێک بۆ کۆبوونەوە لە چواردەوری کۆمەڵێک بەها، کە چاکەی گشتیی لەسەنتەریاندا بێت. خاڵێکی دیکە بریتییە لە کارنەکردنی بە بەرنامەو سیستماتیکییانە بۆ بەسەرکردنەوەی گشت کایە پەیوەندیدارەکان بە ژیانی خەڵکو ئایندەی هەرێمەوە.

**ڕۆژنامە: گۆڕان، وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، دەبێت کار لەسەر چی بکات، ئەگەر بیەوێت پارادایمی سیاسەتکردن بگۆڕێت؟**

* من دەیکەم بە دوو ئاستەوە، یەکەم: لەسەر ئاستی عێراقو دەرەوە، دووەم: لە سەر ئاستی هەرێم.

ئاستی یەکەم: قسەی زۆر هەڵدەگرێت، من شەخسی خۆم، پرسیارێکی ڕەخنەئامێزم هەیە، کە تێناگەم بۆچی گۆڕان چووە بۆ بەغدا، لەکاتێکدا ئەو پێگە جەماوەرییەکەی لە کوردستانە، لە کاتێکدا ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئێمە کێشەی دانپێدانانمان هەیە وەک نەتەوەیەک کە مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت لەلایەن «ئەوانی دیکەوە»! لە کاتێکدا ئێمە ئەمرۆ لە بەغدا وەک کەمایەتی مامەڵە دەکرێین، نەک وەک هاوکارو هاوبەش لە پرۆسەی سیاسیدا. من بە مەبەست نامەوێت لێرەدا لەسەر ئەم ئاستە پێشنیاز بکەم، چونکە نەک گۆڕان، بەڵکو پێناچێت سەرجەم هێزە کوردییەکان پلانێکی ڕۆشنیان هەبێت بۆ پێگەی کورد لە عێراقدا، بەرئەنجامەکە بریتییە لە چاوەڕوانکردنی ڕووداوەکانو هێزەکانی دیکە ئاراستەی سیاسەتکردن لە عێراقدا دیاری بکەن، ئەوسا کورد وەک هێزێکی دۆڕاو، یان پاسیڤ لەگەڵ تەوژمەکەدا بڕوات. لە سەر ئاستی دەرەوە، گۆڕان تائێستا کاری سیستماتیکییانەی نەکردووە بۆ پرسیارخستنە سەر مامەڵەو وێناکردنی «ئەوانی دیکە» بۆ ئێمە، یان مامەڵەی دوێنێی دەسەڵاتەکانی ئێمە لەگەڵ «ئەوانی دیکە»و کردنی سیاسەت بە ئامرازێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی «ئەوانی دیکە».

> گۆڕان هۆکارێک بوو بۆ گەڕاندنەوەی نەفەسی تاکی کورد بۆ بەشداریی ڕاستگۆیانەو ئازادانە لە سیاسەت

> ناکرێت لایەنگیریی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵاتێکی شکستخواردوو، هێزی ئۆپۆزسیۆن بکاتە ئیجابی، یان بە پێچەوانەوە

**ڕۆژنامە: پێشتر باسی خاڵێکی ئیجابی بزووتنەوەی گۆڕانت وەک ئۆپۆزسیۆن کرد، دەکرێت خاڵە ئیجابیو سلبییەکانی ئەو بزووتنەوەیە بڵێیت؟**

* سێ خاڵم بە لاوە گرنگە کە خاڵە ئیجابییەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕانن:

١- گۆڕانی ئاراستەی قەیرانی شوناسی تاکی کوردی بوو، بەجۆرێک کە مەدەنییانە)ی لەخۆدا هەڵگرتبوو! کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ڕێگای ئاشتییانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناعەدالەتیو نایەکسانیو شێوازێکی دیاریکراو لە حوکمڕانییەتی.

بەنیسبەت خاڵە سلبییەکانەوە، لە ڕاستیدا بابەت زۆرە، بەڵام لە گرنگترینیان کە لەم دۆسیەیەی تۆشدا باسی لێکراوە کە گۆڕان تا ئێستا تەنیا لە پەرلەماندا بووەو

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم:

١. کارکردنی چالاکانە بۆ دەرکردنی دەستووری هەرێمو یاسا پەیوەندیدارەکان بە پارتی سیاسییو هەڵبژاردنو ئۆپۆزسیۆن. ئەم هەنگاوە پەیوەندیی نێوان هێزە کوردستانییەکان لە شەفەوی بوونو پەیوەندیی برادەرانە ڕزگار دەکات.

٢. بەدامەزراوەییکردنی شێوازی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی، دامەزراوە بەو مانایەی کە خاوەنی بونیادو میکانیزمی خۆی بێت بۆ خۆڕێکخستن کە لە ڕێگەی ئەو بونیادو میکانیزمانەوە تاکەکانی نێو دامەزراوەیەک ڕێنمایی دەکرێن لەپێناو ئامانجی هاوبەشو دیاریکراودا.

٣. دیاریکردنی ئەو دونیابینییەی گۆڕان کە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەوە چالاکیی سیاسی دەکات، تا ئێستا ڕۆشن نییە کە ئایا گۆڕان پەیڕەو لە دونیابینییەکی دیاریکراو دەکاتو کاردەکات بۆ هێنانەکایەی مۆدێلێکی نوێ لە سیاسەتکردن، کە کۆمەڵێک بەهای ئاکاریو هەنگاوی پراکتیکی «خۆماڵی» بۆ شێوازی حوکمڕانێتی خۆ لە هەناودا هەڵگرتووە، یان دووبارە هێزێکی پۆپۆلیستییەو لەسەر خوتوکەدانی سۆزی جەماوەرەوە بەرنامەڕێژیی دەکات؟ لێرەدا تەڵەزگەیەک هەیە، ئایا هێزێک هەوڵبدات لەسەرەتادا دەسەڵات بگرێتەدەست، پاشان دونیابینییەکانی بخاتەڕوو، یان کار لەسەر دونیابینیو پلانی کارو میکانیزمی جێبەجێکردنەکانی بخاتە پێشەنگی ئەرکەکانی بەر لەگرتنەدەستی دەسەڵات، هەریەک لەم دوو ڕێگایە، خاڵی ئیجابیو سلبییان هەیە. ماهیەتی هێزی سیاسی لەو شوێنەدا دەردەکەوێت کە ئارگومێنتی تەواوی پێبێتو پلانی هەبێت، کاتێک بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەم ڕێگایانە دەدات، بەجۆرێک کە توانای بە کەناڵدابردنی بەهاکانی هەبێت بە ئاراستەی گەیشتن بەئامانج.

٤. جەختکردنەوە لەسەر بە دۆکیومێنتکردنی دونیابینیی چالاکییە سیاسییەکانو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانو دروستکردنی فەزایەکی ئازاد بۆ زانیاریدان لەسەر ڕێکخراوەییبوونی. لە بیرمان بێت کە دیموکراسییەتو شەفافییەت دوو دیوی یەک دراون.

٥. ڕاوێژ بەخەڵکانی پسپۆڕ بۆ بەرنامەڕێژیو ڕێکخستنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەپەیڕەو لە سیاسەتی (ناپارێزانی) کە «سەر بە ئەو بوون» پێشمەرجی نەبێت بۆ بەشداری هاونیشتمانییان لە پرۆسەی سیاسەتکردندا، لەم ڕێگەیەوە گۆڕان بەشێوەیەکی شەرعی دەتوانێت بنکەی جەماوەریی فراوانتر بکات.

٦. پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان سیاسەتو ئەخلاق، ئەخلاق بەمانا ئەرستۆییەکەی، واتە پەیڕەوکردن لە فەزیلەت، فەزیلەتەکانی لەجۆری حسی عەدالەت، ڕاستگۆیەتی، هەستکردن بەلێپرسراوێتی، هاونیشتمانێتیو وەفادارێتی..هتد. ئیدی نابێت گەیشتن بە دەسەڵات، ئامانج بێتو هەموو وەسیلەیەکی شیاوو نەشیاو بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

٧. گرنگیدان بە پاراستنی ئاسایشی ناو کوردستانو ڕێگە خۆشنەکردن بۆ بەکارهێنانی بزووتنەوەکە لە بێبەهاکردنی دەستکەوتەکانو ناشرینکردنی ئەو سیمبولانەی هێزەکانی دیکە بانگەشەی بەرزنرخاندنی بۆ دەکەن. ئەم کەڵکەڵەیە پەرچەکردار دروستدەکاتو دوور نییە لە قۆناغێکدا بەرئەنجامی نەخوازراوی لێبکەوێتەوە.

٨-جیاوازیکردن لەنێوان سیاسەتی تەوافوقی (خۆگونجاندن) بەو شێوەیەی کورد لەگەڵ عەرەبی عێراقدا کردوویەتی کە پێکهاتە سەرەکییەکەی بریتییە لە سازش (واتە لەدەستدانی کارەکتەری خۆ لەپێناو وەرگرتنی پۆستو بەرژەوەندیی کورتمەوداو سادە)و سیاسەتی پشتبەستوو بە (ڕەزامەندیی گشتیی) کە هێزەکان بەر بنەمای بەهەندوەرگرتنی یەکترو لە پرۆسەی بڕیارداندا هاوکاری یەکترن بۆ گەیشتن بە بەرئەنجامی خوازراو لەپێناو چاکەی گشتیدا، ئەگەر کورد لە ناوخۆدا بە لۆژیکی زۆرینەو کەمینە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکات، دەبێت قبوڵی ئەوەش بکات لە سەر ئاستی عێراق، بە هەمان لۆژیک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

٩- ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامیدا، بە هۆی وجودی بزووتنەوەکانی ئیسلامیی سیاسیو دونیابینیی ئەوان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، ناکرێت هێزێکی سیاسیی لەدایک ببێت کە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات بداتو شەرعییەت وەربگرێت، ئەگەر دونیابینییەکی ڕۆشنی بۆ پەیوەندیی نێوان دینو دەوڵەت نەبێت، کۆڵەکەیەکی سەرەکی دیموکراسییەت، بریتییە لەئازادیی تاک، ئەمڕۆ هێندەی ئیسلامیی سیاسیی کار لەسەر کوشتنی ئەم ئازادییە دەکات، بەرگریی لە مافی مومارەسەی ئاینی ناکات. سەپاندنی شێوازێک لەژیان بەسەر هەمووواندا، هەوڵی بە هاوشێوەکردنی هەمووانەو لەم ڕووەوە، گۆڕان دونیابینییەکی ڕۆشنی نییەو بگرە مامەڵەیەکی دووفاقەیی لەگەڵ ئەم بابەتە هەستیارەدا کردووە.

**ناسک قادر**
**لە ساڵی(١٩٧٠) لە سلێمانی لەدایکبووە**
**ماستەری لە «سۆسۆلۆژیا» لە زانکۆی کارڵتۆن لە کەنەدا هێناوە**
**پسپۆڕی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە لە فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی**

**بەپێی پێناسەکان، ئۆپۆزسیۆنی تەندروست لە سیستمێکی دیموکراتی تەندروستدا سەرهەڵدەدات، بۆیە دەکرێت بپرسین، ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردیی هەیە؟ پێش ئۆپۆزسیۆن ڕە ئینجازەکانی چین؟، حکومەتی سێبەر لەکوێی ئۆپۆزسیۆندایە، ئایا ئۆپۆزسیۆن تەنیا موزایەدەی سیاسیی و ڕاگەیاندنی کردووە یان ئەرکەکانی لە پەرلەمان بەجێهێناوە، بۆ لەلایەن دە چاوەڕێی فەرمووی دەسەڵات بکات؟... ئەمانەو چەندین پرسیاری تر کە جێگەی مشتومڕی خەڵکە لەم تەوەرەدا شرۆڤە دەکرێن.**

# ناسک قادر: نوێبوونی ئۆپۆزسیۆنو (بێئەزموونیی)، پاســـ

**بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لە پێشەکی ئەم دۆسییەیەدا لەسەرەتاوە دامنابوو، بەم دیدارە کۆتایی دێت، بەڵام ئەمە کۆتایی قسەکردن نییە لەبارەی ئۆپۆزسیۆنبوونو کاری ئۆپۆزسیۆنیی لە کوردستاندا، هەم چەمکەکەو هەم کاری ئۆپۆزسیۆن خۆی شیکردنەوەی زیاتر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەگەر لە ڕۆژنامەیەکی لەم شێوەیەدا کە هەفتانەیە، لە (٨)زنجیرە زیاتر قسەمان لەبارەوە بکردایە، ئەوا خوێنەر نەیدەتوانی بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی گشت بەشەکانی، بۆیە دەکرێت لەداهاتوودا لە گۆشەکانی تری ئەم چەمکە وردبینەوەو کاروبارەکانی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان هەڵبسەنگێنین. لێرەشەوە سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە کاتی خۆیان بۆ ئەم دۆسیەیەی من تەرخانکرد، چ ئەوانەی دیداریان لەگەڵدا کراوەو بڵاوبووتەوە، چ ئەوانەی دیداریان لەگەڵدا کراوەو تەنها وەک باگراوندو زانیاریی بەکارهاتوونو هەموو دیدارەکە بڵاونەبووەتەوە.**

## بەشی کۆتایی

**ناسک قادر، بڕوای وایە کە تا ئێستا ئۆپۆزسیۆن، ئەوەندەی کاری لەسەر ئەوەی کە هەیە (what is) کردووە، کاری لەسەر ئەوە نەکردووە کە دەبـێتو دەکرێت هەبێت (what ought to)، لەم چاوپێکەوتنەدا ناسک قادر کە ماستەری لە «سۆسۆلۆژیا»دا هەیە، بۆچوونەکانی خۆی زیاتر لەبارەی گۆڕان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن دەخاتەڕوو، هەندێک ڕەخنە لە کارەکانیان دەگرێتو لەوبڕوایەشدایە کە نوێبوونی ئۆپۆزسیۆنو (بێئەزموونیی)، پاساو نین بۆ کەموکووڕییەکانی.**

**ڕۆژنامە: ئۆپۆزسیۆن چییە، چۆن لە ئۆپۆزسیۆن دەڕوانیت؟**

* ئۆپۆزسیۆن، ئەو هێزە سیاسییەیە کە چاودێریی چالاکیی دەسەڵات دەکاتو پرسیار دەخاتە سەر کەموکورتییەکانی، هـێـزێـکـە سـیـاسـەتـەکـانـی حکومەت بەگیروگرفت دەکات، ڕەخنەیان لێدەگرێتو لەبەرامبەردا پێشنیازی پێیە بە ئامانجی دانی بەدیلو بۆ ئەوەی ئەم کارەش بکات، پێویستی بەپلان هەیە، دەبێت لەپلاندا سەرجەم ئەم پرسیارانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت: دەبێت کـێ ئەو کارە بکات، دەبێت چی بکرێت، لەکوێوە بەرەو کوێ، چۆن دەکـرێـت، لەکوێ دەکـرێـت، بۆ دەبێت بکرێت.

**ڕۆژنامە: مەبەستت لە کێ، چییە؟**

* مەبەستمان لەو هێزو خەڵکانەیە کە دەبێت بەو کارە هەستن، ئەمەش زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی لەوانەیە مەهامێک بە خەڵکێک بسپێریت کە توانای کردنی ئەو کارەیان نەبێت، دەکرێت بپرسرێت، ئەو پێودانگە چییە کە ئەو کەسەت بۆ دیاریکردووە، بە تایبەت لە کوردستاندا، پرسیاری کێ لە کوێداو بۆ لەوێدا کەسێک دانراوە، پرسیارێکی فەرامۆشکراوە.

هەروەها ئەو پرۆسەیە لەکوێ دەکرێت، بۆنموونە: ئەمڕۆ بزووتنەوەی گۆڕان (وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن)، زۆرێـک هەست دەکەن ئەوەندەی لە سلێمانیدا کاری کردووە، هێندە لەسەر ئاستی کوردستان کـاری نـەکـردووە، تەفسیری چییە بۆ ئەمە؟ خاڵێکی تر، بۆ دەبێت ئەمە بکرێت، گرنگی ئەم پرۆژەیە لە کوێدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ماهیەتی بزووتنەوەکە دیاریدەکەن.

**ڕۆژنامە: پرسیارخستنە سەر هەموو چالاکییەکی؟**

* نەخێر، چاودێریکردنی هەموو چالاکییەکانیو پرسیارخستنە سەر ئەو چالاکییانەی کە هەست دەکرێت، گرفتئامێزن.

**ڕۆژنامە: لێرەوە، دەکرێت بپرسین کـە ئایا گـۆڕان توانیویەتی وەک ئۆپۆزسیۆنێک مامەڵە بکات؟**

* ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەیری بکەین، دەتوانین بڵێین، گۆڕان ئەگەر چی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی لەلایەن جەماوەرەوە ئامێزی بۆکرایەوەو قبوڵ کرا، بەڵام ئەو کاری سیستماتیکییانەی نـەکـردووە بۆ دانـــەوەی ئـەو متمانەیە بە خەڵکو دروستکردنی ڕای گشتیی بۆ مەسەلە چارەنووسسازەکان، واتە تائێستا گـۆڕان، نەیتوانیوە ڕای گشتیی دروستبکات.

**ڕۆژنامە: بۆچی نەیتوانیوە؟**

* لەبەرئەوەی کاری سیستماتیکییانەی نەکردووە، واتا پلانی نەبووە بەوشێوەیەی کە ئاماژەمان پێدا، کێشەکە لەوەدایە کە گـۆڕان، ئەوەندەی کاری لەسەر ئەوەی کە هەیە (what is) کردووە، کاری لەسـەر ئەوە نەکردووە کە دەبـێتو دەکرێت هەبێت (what ought to).

تۆ دیموکراسییەتت هەیە کە کۆمەڵێک پێکهاتەی هەیە، بزووتنەوەی گـۆڕان نەهاتووە سیستماتیکییانەو گشتگیرانە خوێندنەوە بۆ دەسەڵاتی کوردی بکات لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێودانگانەی کە هەن، بەڵکو هاتووە ئەوەی کە هەیە قبوڵی کردووەو هەندێک کاری پچڕپچڕو نا سیستماتیکیو بێبەرنامەی لەسەر ئەوەوە کردووە، خەڵک لە بزووتنەوەیەک کۆنابێتەوە، نە پارەی هەبێت، نە ئایدیاو بەرنامە.

**ڕۆژنـــامـــە: کـــەواتـــە نەیتوانیوە خولقێنەر بێت؟**

* بەدڵنیاییەوە، دەتوانیت بڵێیت نەیتوانیوە خولقێنەر بێت، نەشیتوانیوە لەبەر ڕۆشنایی کۆمەڵێک ئایدیاڵەوە سیاسەتکردن لە کوردستاندا بخوێنێتەوە، بۆیە دەبێت جارێکی تر گۆڕان ئەم دوو ئاستە جیا بکاتەوە، ئـەوەی کە هەیە بیخوێنێتەوە، لەگەڵ ئـەوەی کە دەبێت هەبێت (ئـەوەی لە بەرنامەو کـاری خۆیدایە)و وەک هێزێکی فشار کار بۆ چەسپاندنیان بکات.

**ڕۆژنامە: بەڵام سەرۆکی بزووتنەوەی گـۆڕان، باس لە ئینجازێک دەکـاتو دەڵێت، «ئێمە شێوازی ململانێمان لە چەکدارییەوە گـۆڕی بۆ سیاسیی بێتوندوتیژیی»،ئەمە بەجۆرێک لە خولقاندن وەسـف دەکـات، ئایا بەو شێوەیەیە؟**

* خولقاندن لە سیاسەتدا پرۆسەیەو هێشتا کاتی ئەو حوکمدانە نەهاتووە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە باسی خاڵێکی ئیجابی گۆڕان بکەین کە خەڵک ئومێدی پێی بوو، بەسەر ڕێگاخستنی بزووتنەوەی «ملکەچنەکردنی مەدەنییانە» بوو، کە بڵێت ئێمە بە ڕێگەی ئاشتییانە شتگەلێک قبوڵ ناکەین کە پێچەوانەی یاساو چاکەی جڤات بنو خۆشمان نایانکەین. ئومێدەکە ئەوەبوو کە فەزایەک دروستبێت تیایدا ململانێکان لە فۆرمێکی یەکڕەنگبوونو بارگاوی بە توندوتیژیی بگوێزێتەوە بۆ فۆرمیکی هەمەڕەنگبوونو ئاشتیخوازانە. ئـەم کـەڵـکـەڵـە ئـاشـتـیـخـوازانـەیـە، لە سەروبەندی هەڵبژاردنو دوای دەرچوونی بەرئەنجامەکان لە لایەن بزووتنەوەکەوە، شوێنی دەستخۆشییە، بەڵام لە ماوەی ئەم یەکساڵەی چالاکیی بزووتنەوەکەدا، هێندەی دوای ڕووداوەکان کەوتووە، هێندە ڕووداو خولقێنەر نەبووە.

"

## تائێستا گۆڕان، نەیتوانیوە ڕای گشتیی دروستبکات

"

**ڕۆژنامە: کەواتە ژینگەی کوردستان، شیاوە بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن؟**

* لـە دیـدی مـنـەوە، شوێنێک پێی بوترێت کۆمەڵگەو پێکهاتەکانی خاوەن کـــۆژانو ئامانجی هـاوبـەش بـن، لە پرۆسەی دەستگەیشتنیان بەو ئامانجانە (کە دەکرێت گرنگترینیان چاکەی گشتیی بێت) سیاسەت دەکـەن، هـەوڵـدەدەن، کێشمەکێش دەکەنو بگرە کە پێویستی کـرد شەڕیش دەکـەن، کـەواتـە، بەڵـێ، هەرێمی کوردستان وەک سەرزەمینی پێکەوەژیانی بەشێک لەنەتەوەی کورد کە خاوەنی ئەو خەسڵەتانەی سەرەوەیە، تـوانـای بەرهەمهێنانو گەشەپێدانی میکانیزمی جـۆراوجـۆری هـەیـە بۆ گەیشتن بە ئامانجەباڵاکان، لە نێویشیاندا ئۆپۆزسیۆنبوون.

**ڕۆژنامە: ئەی سەبارەت بە یەکتری قبوڵکردن، ئێستا لە کوردستاندا کەشی یەکترقبوڵکردن هەیە؟**

* سەرەکیترین پرسیار کە لە خۆمانی بکەین، ئەوەیە کە بۆ هێزە سیاسییە کوردییەکان هێندەی لەگەڵ دەرەوەو نەیارانی نەتەوەی کورد نەرمونیانن، چەند بەرامبەر لەگەڵ یەکتردا توندن، بۆ هێندە بەئاسانی (ئەوانی دیکە) قبوڵ دەکەنو بگرە لە تـــاوانو کەموکووڕییەکانیان دەبورن، بەڵام لەگەڵ خۆدا هەمیشە لەسەر ئاگرین؟ ئەم کلتووری قبووڵنەکردنی یەکترە، پێویستە بچێتە قۆناغێکی نوێوە، کورد لە ئێستادا کەمالیاتی ڕەتکردنەوەی یەکتری نییە بە جۆرێک کە هاوکێشەی پەیوەندییەکان لەنێوان براوەو دۆڕاودا بێت، پێویستمان بە سیاسەتی (ڕەزامەندیی گشتیی) هەیە لەنێو پێکهاتە خـاوەن دونیابینییە جیاوازەکان بۆ دروستکردنی (ڕای گشتیی)، ئەگەرنا، بە زەبرترین هەرەس (نەکسە) چاوەڕێمان دەکات.

**ڕۆژنامە: تا چەند ئەم کلتورە، گرژیی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن دروست دەکات؟**

* دەوترێت (گرژیی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، بنەمایە، نەک پەیوەندییە دۆسـتـانـەکـەی)!! گرنگە بپرسین، کام گرژییو کام پەیوەندیی دۆستانە؟ ئەم خاڵە پەیوەندیی بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە هەیە کە گرتنەدەستی دەسەڵات، ئامانجە، یان ئامراز.

ئەگەر گرتنەدەستی دەسەڵات ئامراز بێت بۆ تەحقیقکردنی چاکەی گشتیی، جیاوازە لەوەی گرتنەدەستی دەسەڵات خۆی ئامانج بێت، ئایا گرژییەکە گرژیی دونیابینیو ئارگومێنتی عەقڵییە لەسەر پـرۆژەکـان، یـان بەتەنیا گرژییەکە کە ترسی کەڵکەڵەی یەکتر لەناوبردنی لەخۆدا هەڵگرتووە؟، کەواتە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لابێت، تا وەڵام بدەینەوە؟ مـەرج نییە کـە پەیوەندیی دۆستانە، بریتی بێت لە بەیەکڕەنگکردنی هەموان، بەڵکو نزیککردنەوەی دونیابینییەکانە لەپێناو چاکەی ئەو خەڵکانەی ئەم هێزانە نوێنەرایەتییان دەکەن.

ئەگەر گەیشتن بە دەسـەڵات ئامانج بێت، هەمیشە ئەگەری هاوکێشەی (Zero sum game) لەکایەدایە، واتە زائید یەک بۆ دەسەڵاتدارو ناقس یەک بۆ ئۆپۆزسیۆن، پرۆسەکە دەکاتە سفر. کەواتە، دەبێت بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەل ئەم چەمکانەدا بکەین.

**ڕۆژنامە: ئەمە، ئەمانباتە سەر ئەو پرسیارەی کە دەوترێت، ئۆپۆزسیۆن هەمیشە دانی خێر بەدەسەڵاتدا نانێت، دەکرێت ئۆپۆزسیۆن وابێت؟**

* ئەمە پرسیارێکی نالۆژیکییە، ئەرکی ئۆپۆزسیۆن دەستخۆشی نییە لە دەسەڵات، بەڵکو لەلایەکەوە چاودێری دەسەڵاتەو لەلایەکی دیکەوە پێشنیازی پـرۆژەو بەرنامەیە. گرنگە ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بدەینو دەسەڵاتی کوردی پێویستە لای ڕۆشن بێت، کە ئەرکی دەسەڵاتە بەباشترین شێوە حوکمڕانێتی بکات، باش حوکمکردن هەم ئەرکەو هەم فەزیلەت، بەڵام هەرگیز (فـەزل) نییە کە بە خەڵکی بفرۆشێت. لەبەرئەوە، ئەوە کاری ئۆپۆزسیۆن نییە کە بەشانو باڵی دەسەڵاتدا هەڵبدات، ڕاستە لەوخاڵانەی کە پەیوەندیی بە چاکەی گشتییەوە هەیە، دەکرێت لەگەڵ دەسەڵات ڕیکبکەوێت، بەڵام ئەوە کاری ئەو نییە کە بەبێ سیاق قسە لەسەر خاڵە ئیجابییەکانی بکات.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئەوەی دەوترێت، ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابی، بەتایبەت کە ڕێکەوتنی ستراتیژی یەکێتیو پارتی تێدا باسکراوە، ئایا ئۆپۆزسیۆن ئەو دوو بەشەی هەیە؟**

* پرسیاری بوونی ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابی، پرسیارێکی هەڵەیە، چونکە یەکەم، پێودانگی هەڵسەنگاندن دیـار نییە تا لەبەر ڕۆشناییانەوە ئەم دابەشکارییە بکرێتو دووەم، ئەو کەسەی ئەم دابەشکارییەی کردووە شیاو نییە بۆ دەرکردنی حوکمی لەم جـۆرە، ناکرێت لایەنگیریی ئۆپۆزسیۆن بۆ دەسەڵاتێکی شکستخواردوو، هێزی ئۆپۆزسیۆن بکاتە ئیجابی، یان بە پێچەوانەوە، بێدەنگیی هێزی بە ناو ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر سیاسەتە ناتەندروستەکاندا، بیکاتە ئۆپۆزسیۆنی ئیجابی.

لە پرۆسەی حوکمکردندا، کۆمەڵێک ئایدیال هەن کە هێزی حوکمڕان پێویستە هەنگاویان بۆ بنێت، لەو ئایدیالانە، بۆنمونە: عەدالەتی کۆمەڵایەتیی، یەکسانیی، ئاشتیو ئازادیی، چاک ژیانی ئابووریی، ژینگەی پاکژو...هتد.

هەر کاتێک هێزی حوکمڕان بەرەو ئەو ئایدیالانە هەنگاوی نە نا، ئەرکی ئۆپۆزسیۆنە بیری دەسەڵاتی بهێنێتەوە کە ئاڕاستەی کاری پێچەوانەی چاکەی گشتییەو پاشان یارمەتیدانییەتی لە نیشاندانی میکانیزمی شیاو (وەک ئەوەی دەتوانرێت لە پەرلەماندا بکرێت)، ئەگەر دەسـەڵات وەڵامگۆ نەبوو، ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت میکانیزمی شیاو بگرێتەبەر بۆ دروستکردنی فشار تا دەسـەڵات ناچار بکات ئاڕاستەی کارکردنی بگۆڕێت.

**ڕۆژنـــامـــە: بۆیە زۆرجـــار باسی ئۆپۆزسیۆنی سلبیو ئیجابی دەکرێت، چونکە بۆچوون وایە کە ئۆپۆزسیۆن لە قۆناغی سـەرەتـادایـە، دەکرێت لەسەرەتاوە دەستپێبکەین؟**

* نـوێـبـوونـی ئـۆپـۆزسـیـۆنو (بـێـئـەزمـوونـیـی)، پـاسـاو نـیـن بۆ کەموکووڕییەکانی، بەتایبەت ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ بانگەشەی هێزە سیاسییە کوردییەکان بۆ ماوەی نزیکەی دوو دەیە بە (ساوایەتی حکومەت) کە بۆ خەڵک کـرابـووە ئەمری واقیع، دەبوایە هەموو شتێکیان قبوڵ بکردایە، ئۆپۆزسیۆن پێویستە بە پرۆژەی کامڵەوە لەدایک ببێت، بەتایبەت لە دیموکراسییەتە نـوێـیـەکـانـدا، هـەمـیـشـە ئـەگـەری بەهێزتربوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەسەڵاتەکانی تر ئەگەرێکی بەهێزە. لەم جۆرە «دیموکراسییەتەدا»، بۆ نموونە، لە کوردستان دەسەڵاتەکان بە جۆرێک تێکەڵ بەیەک کراونو هەموویان بە حیزب کە دروستکردنی ڕەقیب کارێکی ڕێگاپێدراو نییە، لـەم حاڵەتەدا لەپاڵ بەشداریی

# پێنجوێن، سەیرانگایەکی بێ خزمەتگوزاریی

راپۆرتی: خالید مەحمود

«هەرشوێنێکی پێنجوێن بڕۆیت سەیرانگایە، بەڵام بەداخەوە هیچ خزمەتێک بەسەیرانگاکان نەکراوە، ڕێگەوبانەکان خراپن‌و هیچ هێمایەکی هاتوچۆ دانەنراوە، سەیرانگاکان پاک ڕاناگیرێن لەلایەن سەیرانکەران‌و حکومەتیشەوە». ئەمە وتەی دابان غەریب-ی تەمەن (٢٣) ساڵە.

دابان، باسی لەوەکرد: کە ئەگەرچی سەیران بۆ ئەوەیە کە شوێن گۆرکێ بکەیت لەوەی کە لەئیش‌و کارو سەرقاڵیی دووربکەویتەوەو ئارامیی بدەیتە جەستەو دەروون، بەپێچەوانەوە «کاتێک دێینەوە لە سەیران بە نائارامیی‌و بێزارییەوە دەگەڕێینەوە هەر لەو تەپوتۆزەی کە بەسەرتدا دەچێت، تا بینینی دیمەنی خۆڵ‌و خاشاک‌و قوتوو شووشەی خواردنەوە کهولییەکان».

لە پێنجوێندا سەیرانگای زۆرو دڵرفێن هەن، لەوانەش: (بلکیان، نۆبوک، سێکوان، سێچاکان، شێخەڵوان، سوراو، چوارباخ، گۆلێ، پـارەزان)، سـەرەڕای بوونی ئەم سەیرانگایانە سەیرانکەران نیگەرانن لە خراپیی ڕێگەو نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست لە ناوچەکەدا.

ڕەزا محەمەد قایمقامی پێنجوێن بە (ڕۆژنامە)ی ڕاگەیاند: «ناوچەی گەشتیاریمان زۆرە، بەڵام بەڕەسمیی (بلکیان)مان هەیە لەپێنجوێن کە کەسێک سەرپەرشتی دەکـات، ئاگاداریشمان کـردووەتـەوە، کە پاکڕاگرتنی لەئەستۆی ئەودایە، چونکە بۆهەرشوێنێکی حەوانەوە (کەپر) پارەوەر دەگرێت لەسەیرانکەران‌و دانانی حاویەو سەبەتەش بۆ سەرجەم سەیرانگاکان تایبەتە بە گەشتوگوزار کە پێی هەستن».

حەمیدە محەمەد، تەمەن (٣٣) ساڵ باسی لە خراپیی ڕێگەی سەیرانگاکان کردو وتی: «ڕێگەکانی زۆر وێرانن‌و ئۆتۆمبێل تێکوپێک دەشکێت‌و بەهۆی نەبوونی هێماو ئەوانەی بە سەرخۆشیی دەگەڕێنەوە لە سەیران، کارەساتی ناخۆش ڕوودەدات».

حەمیدە، پرسی، ئەوان کە شوێنەکەی خۆیان بەپیسی بەجێدەهێڵن ئەگەر بڕۆن بۆ سەیران حەزدەکەن لە شوێنی وادانیشن، کە پیس بێت؟ یان ماڵی خۆیان وا خزمەت دەکەن؟

ئەو هاوڵاتییە پێشنیازی ئەوەی کرد، کە ئامێری یاریکردن هەبێت بۆ منداڵان‌و وتی: «ئەگەر یاریی منداڵان هەبێت، ئەوا دایک‌و باوک ترسی نییە لە منداڵەکەی کە ون ببێت، یان بخنکێت لە ئاودا، یان ترسیان هەبێت».

هیوا ئەحمەد، تەمەن (٢٦)ساڵ، کە دوکانی (فۆتۆ)ی هەیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، ئەگەر حکومەت سەبەتەی خۆڵ‌و حاویە دانەنێت، ئەوا بێسوودە کۆکردنەوەی خاشاک لەناو نایلۆن‌و عەلاگەدا».

هیوا، پێیوابوو: گەرچی خەڵکێک هەن لە ئاستی بەرپرسیارێتیدانین، بەڵام بە وتەی ئەو: «کەمتەرخەمیی لایەنی بەرپرسیشە، کە کار بۆ پاکڕاگرتنی سەیرانگاکان ناکەن، زۆربـەی خەڵک حەزناکەن شتومەک‌و پاشەڕۆی خۆراکیان فڕێ بدەن، بەڵام گەر شوێنی خۆڵ‌و خاشاک ڕشتن نەبێت، خەڵکی چی بکات؟».

سەرەڕای پاکڕانەگرتنی سەیرانگاکان‌و بوونی خـۆڵ‌و خاشاکێکی زۆر، خراپیی ڕێگەوبان‌و نەبوونی هێماکانی هاتوچۆو کارئاسانی نەکردن بۆ شۆفێرەکان، گرفتێکی تری سەیرانگاکانی سنووری پێنجوێنە.

ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە ئازاد عەبدوڵڵا، سەرۆکی شارەوانیی پێنجوێن، بەڵام ناوبراو ئامادە نەبوو لەوبارەیەوە لێدوان بدات، دواتر ڕۆژنامە سەبارەت بە کەموکوڕیی سەیرانگاکانی سـنووری پێنجوێن پەیوەندیی کرد بە مەهاباد شێخ لەتیف حەفید، بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی‌و دوای پشتڕاستکردنەوەی وتەی هاوڵاتییان سەبارەت سەیرانگاکان، وتی: «پێنجوێن سەیرانگای زۆرو دڵگیری هەیە، بەڵام وێڕای خراپیی ڕێگەوبانەکان، هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدانییە، کە بۆ سەیرانکەران شیاوبێت، هەر لە نەبوونی مەرجی تەندروستی‌و حاویەو سەبەتە تا دەگاتە شوێنی یاریی بۆ منداڵ‌و سەرجەم کەموکورتییەکانمان دەستنیشان کردووە، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجەوە ناتوانین لەئێستادا هیچ دەستکاریی بکەین».



یەکێک لە سەیرانگاکان لە پێنجوێن

فۆتۆ: خالید

سەبارەت بە خراپیی ڕێگەوبانەکان‌و نەبوونی هێماکانی هاتوچۆ لە سنوورەکەدا، مـولازم ئـیدریس عـوسـمـان سـەلام، لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی پێنجوێن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «نەبوونی هێمای هاتوچۆ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شەقامی قیرتاوکراو، هەرکات شەقامەکان قیرکران، ئەوکات داواکـاریـی بەرزدەکەینەوە بۆ ئەندازەی هاتوچۆ تا ئەوانیش هێما دابنێن، بەڵام لە شەقامی خۆڵ هێما دانانرێت».

لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی پێنجوێن، سـەبـارەت بـەوکـەسـانـەی بە مەستیی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن، وتی: «بەپێی یاساو ڕێنمایی هاتوچۆ ئەو کەسانەی کە مەست بن‌و لەکاتی توشبوونیان بەکارەسات، یاخود لەکاتی دەستگیرکردنیان لەلایەن مەفرەزەی هاتوچۆوە، دڵنیابن لەسەر مەستییان دوای ناردنیان بۆ لیژنەی پزیشکی لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەپێی یاسا لێپیچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت».

سـەبـارەت بـەچـاکـکـردنـی ڕێـگـای سەیرانگاکان قایمقامی پێنجوێن، ئەوەی خستەڕوو کە «تەنیا دەرخستەمان کردووە بۆ ڕێگەی (بلکیان) لە بەڕێوەبەرێتی گـەشـتـوگـوزاری سلێمانییە بەهیواین لـە بـودجـەی (٢٠١١) بیخەینە بـواری جێبەجێکردنەوە کە ٢ کیلۆمەترە تا قیری بکەین یان چیمەنتۆ تا دەگاتە سەرچاوەی ئاوی بلکیان ئەگەرکراش بە پرۆژە ئەوا یاریی منداڵی تێدا دادەنرێت.

عەبدوڵڵا حەسەن، تەمەن (٣٥)سـاڵ وەک شۆفیرێک وتـی: «ڕێگەکان زۆر خراپن‌و هێمای هاتوچۆ هەر بەدیناکرێت، دوو ڕۆژ لەمەوبەر چووینە سەیرانگای (گۆلێ) لەبەرئەوەی شوێنی پاکمان نەبینی لێی دانیشین، کە بەپیسی جێیان هێشتبوو چوار جێگەمان گوێزایەوە، ئینجا شوێنی پاکمان بەدیکرد، هەروەک پێشنیازیشی کرد: «لە سەیرانگاکان خواردنەوە کهولییەکان نەخورێتەوەو ڕێگە نەدرێت شۆفێرەکان بە مەستیی شۆفێریی بکەن».

# لە ڕێگەی دادگای کارگێڕییەوە، کار بۆ کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان دەکرێت

راپۆرتی: سیروان عەول
ئاوارە حەمید

زیاتر لە (٤٠)ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، لە ڕێگەی دادگای کارگێڕییەوە، هەوڵی کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان دەدەن کە وەزارەتـی تەندروستی بە بڕیارێک نرخەکەی زیادکردوون.

د.گـۆران عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی کەمپەینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی، بـە ڕۆژنـامـەی ڕاگـەیـانـد: «پێشتر لیژنەیەکمان پێکهێنابوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی وەزیری تـەنـدروسـتـی، بـۆ زیـادکـردنـی نرخی عیادەکان‌و یاداشتێکیشمان دایە وەزارەتی تەندروستی، بەڵام وەزارەت وەک پێویست نەهات بەدەم داواکارییەکەمانەوە، بۆیە بڕیارماندا کەمپەینەکە فـراوان بکەین، بـۆئـەوەی بتوانین زیاتر داکۆکیی لە کەموکورتییەکانی ناو عەیادەکان بکەین‌و شێوەیەکی یاساییانە بگرینەبەر».

بـڕیـارە لـەم هـەفـتـەیـەدا، لیژنەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و فیدراسیۆنی ڕێـکـخـراوەکـان‌و تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتان، کۆببنەوەو ناوێک بۆ کەمپەینە نوێکە دابنێن‌و یاداشتێکی یاسایی‌و لە ڕێگای پارێزەرێکەوە بنووسن‌و تەنیا باس لە گرانبوونی نرخی عیادەکان نەکەن، بەڵکو هەموو ئەو کەموکورتییانە بخنە بەردەمی حکومەت کە لەناو عیادەکاندا هەن، وەکو قەرەباڵغی، وەکو پێویست بەدەمەوەنەهاتنی نەخۆش لەلایەن دکتۆرەکان‌و چەندین کەموکووڕیی دیکە.

د.گـۆران عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی کەمپەینی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مـەدەنـی، وتیشی: «پێشتر (٣٠-٤٠) ڕێکخراو بەشدارییان کـردووەو ئێستا ڕێـژەکـە بـەرزبـووەتـەوە بۆ (٤٠-٥٠) ڕێکخراو، فراوانبوونەکەش بۆ ئەوەیە کاروچالاکییەکانمان لەسەرجەم شارەکانی کوردستاندا بڵاوبێتەوەو هەوڵدەدەین لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، ڕای هاوڵاتییان سەبارەت بەنرخی عیادەو کەموکورتییەکان بخرێتەڕوو، لەپاشان هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوە لەسەرجەم شارەکان دەستپێبکەین».

وەزارەتـــی تەندروستیش، ئـەوە دەخاتەڕوو کە بڕیارەکەیان بەهاوکاری سەندیکای پزیشکان دەرکردووەو ڕێنمایی نوێشیان بۆ ڕێکخستنی کـاری عیادە ئەهلییەکان دەرکردووە.

د.خاڵس قادر، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم، بە ڕۆژنـامـەی ڕاگەیاند: «بەهاوبەشی سەندیکای پزیشکان‌و وەزارەت، بڕیاری ڕێکخستنی نرخی عیادەکان دراوەو بەردەوامیش دەبین لەسەرکارکردن بەو بڕیارە، لەگەڵئەوەشدا ڕێنمایی دیکە دانراون وەک بوونی مەرجی پێویست‌و مافدان بە نەخۆش‌و ڕێگەگرتن لەبردنەژوورەوەی زیاتر لە یـەک نەخۆش لە یەککاتداو کاتی پێویست بە نەخۆش بدرێت‌و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵێک ڕەفتار کە پێشتر هەبوو لە لای بەشێک لە دکتۆرەکان، وەک هاوبەشیکردنی دەرمانخانەکان‌و تاقیگەکان».



تا عیادەکان زۆربن نرخ زیاد دەکات

لەبەرامبەردا، کەمپەینی کەمکردنەوەی نرخی عیادەکان، بڕیاریداوە کە دادگای کارگێڕیی لە بڕیاری زیادکردنی نرخی عیادەکان ئاگادار بکەنەوە، بەوپێیەی وەزارەتی تەندروستیی بڕیاری لە شتێک داوە کە لە پسپۆڕیی ئەودا نییە.

د.گۆران عەبدوڵڵا، وتیشی: «هەوڵدەدەین کە دادگای کارگێڕیی ئاگاداربکەینەوە کە وەزارەتی تەندروستی بە (عدم تخصصی) ئەم بڕیارەی داوە، چونکە بەپێ بڕیاری ژمـــارە(١٥)ی سـاڵـی(٢٠٠٧)و یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی(٢٠٠٠)ی پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بۆی نییە کە دەستکاریی ئەو نرخانە بکات‌و ئـەوانـە ئـەرک‌و مافەکانی سەندیکای پزیشکانن».

# دووساڵە بودجە بۆ گەنجینەی دانەوێڵە خەرجکراوەو تائێستا دروستنەکراوە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

تائێستا ئەو گەنجینانە دروستنەکراون، کە لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە بودجە بۆ بنیادنانیان تەرخانکراوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەت بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە چەند گەنجینەیەکی بە کرێ گرتووەو بۆ هەریەکێکیان مانگانە (٦) هەزار دۆلار دەدات.

نەسرین جەمال، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئـاودێـریـی لە پەرلەمانی کـوردسـتـان، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئـەوەی خستەڕوو: لەساڵی (٢٠٠٨)ەوە بودجە بۆ دروستکردنی گەنجینە بۆ هەڵگرتن‌و پاراستنی برنج‌و دانەوێڵە تەرخانکراوە، بەڵام تائێستا دروستنەکراوەو «ئێستاش حکومەت چەند گەنجینەیەکی بۆ ئەو مەبەستە بە کرێ گرتووە، کە مانگانە (٦) هەزار دۆلار بۆ بەکرێگرتنی هەردانەیەکیان دەدات»، ئەو ڕەخنەی لەوە گرت، کە تائێستا هیچ کەس‌و لایەنێک بەدواداچوونی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردووەو نازانرێت بۆکوێ ڕۆیشتووە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە ئەوان بەدواداچوونی بۆ دەکەن‌و وردەکارییەکانیان ڕادەگەیەنن.

سەرباری ئەو گەنجینانە، حکومەتی هەرێم (١٠) ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی سایلۆکانی سلێمانی تەرخانکرد، بـەڵام لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە سایلۆکە نۆژەن ناکرێتەوەو حکومەت دەیەوێت لـەدەرەوەی سلێمانی سایلۆ دروستبکات‌و ئەو پارەیەش لە دروستکردنی ئەوانەدا خەرجبکرێت.

لـەوبـارەیـەشـەوە نەسرین جەمال ئەو زانیارییانەی دووپاتکردەوەو وتی: «ئێستا حکومەت بڕیاری ئـەوەی دەرکـــردووە ئەو سایلۆیانە نۆژەننەکرێنەوە، بەڵکو لەدەرەوەی سلێمانی سایلۆی دیکە بە پلێت دروستبکرێت‌و ئەو (١٠) ملیۆن دۆلارەش بخرێتە سەر بودجەی ئەوان».

نەسرین ڕەخنەی لەو بڕیارەی حکومەت گرت، بەوپێیەی وەک ئەو دەڵێت: «ئەو بڕیارە لەکاتێکدایە کە سایلۆ کۆنەکە لەسەردەمی حکومەتی پێشـوودا دروسـتـکـراوەو (٨٠٪)ی تەواوبووەو ڕێژەیەکی کەمی ماوە، دوو کۆمپانیاش سەردانی بەڕێوەبەرێتی‌و لایەنی بەرپرسی کردووە، یەکێکیان وتوویەتی بە (٥) ملیۆن دۆلار تەواوی دەکەم‌و لەوەڵامی ئەوەی حکومەت وتوویەتی ڕەنگە نۆژەنکردنەوەش سەرکەوتوو نەبێت، بەوپێیەی بەپێی ستاندارد نەکراوە، کۆمپانیایەکی ڕووسـی وتوویەتی من گرەنتی (١٢٠) ساڵی دیکە دەدەم، کە ئەم سایلۆیانە هیچی لێنایەت، لەبەرئەوە ئێمە پێشنیازەکەمان ئەوەبووە بۆ حکومەت کە بەو پارەیەی تەرخانکراوە سایلۆکە نۆژەن بکاتەوە».

پەرلەمانتارەکەی کوردستان ئەوەشی نەشاردەوە، کە لە ئێستادا دەنگۆی ئەوە هەیە سایلۆکەی سلێمانی تەخت بکرێت‌و لاببرێت، لەکاتێکدا (٨٠٪)ی تەواوبووەو تائێستا سوودی لێدەبینرێت‌و ڕوودانی شتێکی لەوشێوەیەشی بە «کارەسات» ناوبردو پێیوایە: ناکرێت لە هەردوو شاری دهۆک‌و هەولێردا سایلۆ هەبێت، بەڵام شارێکی وەک سلێمانی کە سنوورێکی بەرفراوانی پڕ کشتوکاڵی هەیە، سایلۆ نەبێت.

نەبوونی سایلۆو گەنجینەی پێویستیی تایبەت بە حکومەت وایکردووە بەشێکی زۆری بەرهەمی جوتیاران‌و ئەو دانەوێڵەیەی حکومەت وەریگرتووە لەبەردەم هەڕەشەی خراپبوون‌و لەناوچووندا بن لەکاتی ڕوودانی هەر حاڵەتێکی نائاساییدا، سەرباری ئەوەی ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ بەکرێگرتنی گەنجینە خەرجدەکرێت.


لای خۆشیەوە نەسرین جەمال، دووپاتی کردەوە بەهۆی کەموکووڕیی سایلۆکەو نەبوونی گەنجینەوە ئەو گەنمە جوانەی هەیە لەبەر خۆرو ڕەشەبا دانراوەو ئەگەری پیسبوونی هەیە، جگە لەوەی لە هەر حاڵەتێکی ناسروشتیدا ئەگەری لەناوچوون‌و خراپبوونی لێدەکرێت‌و ئەوەشی بە کەمتەرخەمیی زانـی، وتیشی: «نەبوونی مەخزەن‌و سایلۆ زۆرترین زیانی دەبێت بۆ ئەو گەنم‌و برنج‌و دانەوێڵانە، جگە لەوەی پارەیەکی زۆر مانگانە دەدرێتە کرێی گەنجینە، بۆیە ئەگەر گەنجینەکان بەو پارەیەی بۆی تەرخانکراوە دروستبکرایە، تائێستا سوودێکی زۆری دەبوو».

بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت، یەکەمی زانکۆکان نیگەران دەکات 16


# راپرسییەک: رۆشنبیری کورد، ناچالاکو بێهەڵوێستە

## «رۆشنبیران، لەبەردەم شەپۆلێکی بەرفراوانی هێرش‌و پەلاماردان»


دلێر عەبدولخالق



"سەردار عەزیز: ئەرکی رۆشنبیری راستەقینە ئەوەیە کە کۆمەڵگا هەڵوەشێنێت، کۆمەڵگای کوردی کانگای هەموو دزێوییەکانە، دەسەڵاتی کوردی بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەم دەسەڵاتەیە."



"فەرهاد پیربال: ئەگەر سەدەی نۆزدەی کوردەواریی، کۆمەڵگایەکی عەشیرەتگەرایی بووبێت، ئێستا عەشیرەتێکی حیزبییە."



"رێبوار سیوەیلی: نەمبینیوە لە توێژینەوەی زانستی‌و ئەکادیمیکدا، بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی رۆشنبیران، میتۆدی راپرسیی بەکارهێنرابێت"



"مەریوان وریا قانع: ئەم نوخبە باڵادەستەی هەرێم، ئامادە نییە گوێ لە رۆشنبیران بگرێت، بەڕادەیەک لە دونیا بێئاگایە کە ئینسانی وایان تێدایە، لە کوردستان نەبێت لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە هیچ کارێکی دەست ناکەوێت"

رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگای کوردییدا، دوایین راپرسی رێکخراوی پۆینتە کە راپرسییەکە بەچەند ئەنجامێکی کوشندە بەرامبەر رۆڵـی رۆشنبیران تـەواو بووە، لەبەرامبەر ئـەو پرسەشدا، ژمارەیەک رۆشنبیری جدیی بۆچوونی خۆیان لەمەڕ راپرسییەکەو جێکەوتە زانستییەکانی دەخەنەڕوو.

رێـکـخـراوی پۆینت بـۆ راپـرسـی‌و لێکۆڵینەوەی ستراتیژییەکان، لەمانگی حوزەیرانی (٢٠١٠)دا راپرسییەکیان لەسەر رۆڵی رۆشنبیر لەکۆمەڵگای کوردییدا، لەژێر ناوی (رۆشنبیری کورد لەنێوان هەڵوێست‌و پاشکۆیەتیدا) ئەنجامداوە.

وەک خۆیان دەڵێن: «لەم راپرسییەدا، هەوڵمانداوە بە بێلایەنی‌و بە شێوەیەکی زانستی ئەنجامی بدەین کە (١٠٠٠)هـەزار کەس لە هەموو تەمەنێک‌و چین‌و ئایین‌و مەزهەب‌و نەتەوەیەک لە (کورد، تورکمان، کلدۆئاشووری، عـەرەب، ئەوانی دیکە) لە هـەردوو رەگەز لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، کـەرکـوک، دهـۆک، موسڵ) بەشدارییان تێیدا کردووە، ویستوومانە رای شەقامی کوردستانی لەمەڕ رۆڵی رۆشنبیری کورد بخوێنینەوە».

بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە بێت، رۆشنبیری کورد لە پانتاییەکی زۆر بچووکدا دەژی‌و کاریگەریی‌و رۆڵیشی هەر لەو پانتاییەدا خولدەخوات، بەڵام وەک بەشێک لە رۆشنبیران ئاماژەی پێدەکەن، خودی راپرسییەکەش خاڵی نییە لە چەند کەلێنێکی زانستی، بەتایبەت ئەوەی هیچ پۆلێنبەندییەک بۆ جۆرەکانی رۆشنبیر نەکراوەو کۆمەڵگای راپرسییەکە نازانێت، ئەم راپرسییە باسی چ جۆرە رۆشنبیرێک دەکات!

ئەنجامی راپرسییەکە کە بەتایبەت بۆ (رۆژنامە) نێردراوە، بەچەند ئەنجامێکی کوشندە بەرامبەر رۆڵی رۆشنبیران کۆتایی پێدێت، بەتایبەت ئەوەی (٦٣٪)ی بەشداربوون پێیانوایە، رۆشنبیری کـورد، ناچالاکەو (٦٦٪) بڕوایانوایە، رۆشنبیری کـورد بە ئەرکە رۆشنبیرییەکەی خۆی هەڵنەستاوە، لەبەرامبەر بوونی هەڵوێستیش، (٥٩,٩٪)ی بەشداربووان دەڵێن: «رۆشنبیری کورد، خاوەن هەڵوێست نییە».

لەبارەی کاریگەریی رۆشنبیران بەسەر پانتاییەکانی کۆمەڵگادا، (٥١٪)ی بەشداربووانی راپرسییەکە پێیانوایە، کاریگەرییان نییە، بە ریـژەی (٥١٪ و ٥٣٪)ش کۆمەڵگای راپرسییەکە، ئاماژە بەوەدەکەن، رۆشنبیری کورد، خاوەن هزرێکی پێشکەوتووی نوێ‌و کەسایەتیی تایبەت بەخۆی نییە. لەبارەی ئەو پرسیارەی، ئاخۆ رۆشنبیر، پاشکۆی پارتە سیاسییەکان نییە، (٥٢٪)ی پێیانوایە، پاشکۆی پارتە سیاسییەکانن‌و (٣١٪) رۆشنبیران بەپاشکۆی پارتە سیاسییەکانیان نازانن، هــەروەک (٦٤٪)ی بەشداربووان دەڵێن: «رۆشنبیری کورد، نەیتوانیوە گوشار بخاتە سەر سیاسەتمەداران».

لەم راپۆرتە رۆژنامەوانییەدا، چەند نووسەرو رۆشنبیرێک گفتوگۆو جەدەلێک لەسەر دەرئەنجام‌و پرسەکە بەگشتیی دەکەن.

رێبوار سیوەیلی، نووسەر، ئاماژە بەچەند کێشەیەکی ئەکادیمی راپرسییەکە دەکات‌و پێیوایە: بەشێوەیەکی زانستییانەو بێلایەنانە ئەنجام نەدراوە. ئەو دەڵێت: «کوردییەکەی زۆر خراپەو بە هەڵە حاڵیبوون لەنێوان پرسیارکەرو پرسیارلێکراودا دروستدەکات».

سەبارەت بە کۆمەڵگای راپرسییەکەش، رێبوار سیوەیلی بـڕوای وایـە، کۆمەڵگای راپرسییەکی تایبەتە بە رۆشنبیران، ناکرێت عامەی خەڵک بێت. هــەروەک ناکرێت کۆمەڵگای هەڕەمەکی (عینە عشوائیە)ش بێت، چونکە ئەوانەی پێویستە لەو بارەیەوە راپرسییان لەگەڵ بکرێت، بریتی بن لەو خوێنەرو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ ئەو گرووپەی رۆشنبیران‌و بەرهەم‌و کاریاندا هەیە.

لــەوبــارەیــەوە، وتــی: «لـەشـێـوازی ئەنجامدانی‌و ریـــژەی بـەشـداربـووان، گومانم هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەوانەی لە راپرسییەکەدا بە (رۆشنبیران) ناوبراون، نازانین مەبەست کـێ‌و کـام خەڵکانەن؟ ئەمەش بۆ هاوڵاتییانی عەینەی راپرسییەکە روون نەکراوەتەوە، بۆیە ئەوان وەڵامەکانیان لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی گشتگیرو نادەستنیشانکراوی مانای چەمکی رۆشنبیر بووە. ئایا ئەوەی راپرسییەکە بە (رۆشنبیر) ناویان دەبات، رۆشنبیرو رۆژنامەنووسی ناو دەزگا حیزبییەکانیش دەگرێتەوە؟ یان تەنیا ئەو رۆشنبیرانەی لەپاڵ وەزیفە کارگێڕییەکەیاندا ئەرکی رۆشنبیرانەی خۆشیان ئەنجام دەدەن، وەک هەندێک مامۆستای زانکۆو هەندێک لە نووسەران، یان هەموو ئەوانەی دەنووسن‌و بڵاودەکەنەوە و قسان دەکەن؟».

رێبوار سیوەیلی، کاتی ئامادەکردنی راپرسییەکە دەبەستێتەوە بەو چرکەساتانەی ئەم دواییەوە کە رۆشنبیران لە بەرامبەر شەپۆلێکی بەفراوانی هێرش‌و پەلاماردانی حیزبیی‌و ئاینیدان، جگە لە ناکۆکییەکانی ناوخۆشیان.

سیوەیلی بۆ رۆژنـامـە، وتیشی: «بۆ تێگەیشتن لە ئەرکو دەوری رۆشنبیران، پێویستمان بە خوێندنەوەی رەخنەگرانەو میتۆدی‌و شیکارییانەی جدیی هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم توێژە گرنگەی کۆمەڵگا تێبگەین، کە بە وتەی سارتەر: خۆی لە هەموو ئەو شتانە هەڵدەقورتێنێت کە پەیوەندیشیان بە خۆیەوە نییە». من بۆخۆم نەمبینیوە لە توێژینەوەی زانستی‌و ئەکادیمیکدا، بۆ شرۆڤەکردنی بارودۆخی رۆشنبیران، میتۆدی راپرسیی بەکارهێنرابێت.

لەبەرامبەر تۆمەتبارکردنی رۆشنبیران بە ناکارایی‌و رۆڵنەگێڕانی رۆشنبیرانەی خۆیان، سەردار عەزیز، نووسەرو رووناکبیر، بەمشێوەیە دەدوێـت: «ئاکتیڤبوون، وەک رۆشنبیر جـودایـە لە ئاکتیڤبوون وەک چالاکەوانی سیاسیی، ئەرکی رۆشنبیر نییە وەک چالاکەوانی سیاسیی مامەڵە بکات. ئەم دیدە، رۆشنبیربوونی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر زۆر تەسککردووەتەوە. لە دونیای ئێمەدا رۆشنبیران دەبێت بە زمانێکی سادەی تا ئاستێکی جنێوئامێز دەربارەی رووداوەکان بدوێن. لێرەدا ئێمە هونەرو شیعرو شانۆو رۆمان بە بێبایەخ سەیر دەکەین. دەکرێت رۆشنبیر بە چەندین شێواز لە چەندین ئاستی جـودادا چالاک بێت، گەورەترین چالاکیی رۆشنبیر ئەوەیە کە بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت، بیرکردنەوە بەرهەم نایەت بە ئاستی پێویست، چونکە توانای بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا لاوازە. لە راستیدا کۆمەڵگای کوردی دژ بە عەقڵە، دژ بە رەخنەیە، دژ بە جوانییە، دژ بە داهێنانی راستەقینەیە. ئەو تەنیا بە دوو شت دێتە وەڵام، ترس لە لایەن مەلاکانەوە، یان بەرژەوەندیی لە لایەن حیزبەکانەوە،هەندێکجاریش ئاهەنگسازییەکی سادە (عەزیز وەیسی)».

بە بڕوای فەرهاد پیربال، ئەو ئەنجامانەی لە راپرسییەکە کەوتوونەتەوە سەبارەت بە رۆڵی رۆشنبیران، هیچ جێی شۆک نییەو حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە ژمارەی رۆشنبیری ئازادئەندێش دەگمەنە.

پیربالی نووسەر، دەڵێت: «لە کۆمەڵگایەکی حیزبـەگـەرایـیـدا کـە بـەشـە زۆرەکـەی رۆشنبیرەکان، راستەوخۆ دابەشبوونە سەر ئەوحیزبانەی‌لەدەسەڵاتن‌وبەشەکەی‌دیکەش لەناو حیزبەکانی تردا داوای دەسەڵات دەکەن، بۆیە ئەگەر سـەدەی نـۆزدە کوردەواریی کۆمەڵگایەکی عەشیرەتگەرایی بووبێت، ئێستا عەشیرەتێکی حیزبییە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە هەر رۆشنبیرمان نەبێت، بەڵکو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا (٥-٦) رۆشنبیری سەربەخۆو جەسورو فیکرئازاد هەن».

لـەگـۆشـەی ئـەو بـۆچـوونـە دیـارەی شەقامی کـوردی کـە بەشێکی زۆری رۆشـنـبـیـران بـەگـرێـدراوی حـیـزب‌و پارتەکانەوە دەبەستنەوەو لە رێژەیەکی دیاری راپرسییەکەی رێکخراوی پۆینتیش رەنـگـیـداوەتـەوە، سـەردار عـەزیـز ئەم وەڵامەی پێ سەیر نییە، چونکە وەک خۆی دەڵێت: «شێوازی ئەنجامدانی راپرسییەکە، بەرپرسی یەکەمە لە بەرامبەر ئەم وەڵامەدا، چونکە راپرسییەکە جـیـاوازی ناکات لە نێوان رۆشنبیرانی حیزب‌و رۆشنبیرانی سەربەخۆدا».

لەسەر ئەو پرسەش بەشێوەیەکی گشتیی، ئاماژە بەوە دەکات، ئاشکرایە بەهۆی ئەو بـارودۆخـەی کە بەرهەمهاتووە لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، زۆرێـک لە خەڵک ناچاردەکرێن بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی رۆژانەیان، بچنە پاڵ حیزب. دوو حیزب خۆی بوونەوەرێک بەرهەمدەهێنێت کە پێی دەڵێن، رۆشنبیر، وەک پێداویستییەک، بۆ شێواندنی رای گشتیی‌و بێبەهاکردنی دەنگی راستەقینە.

ســەردار عــەزیــز، لــەســەر فشاری رۆشنبیران هەڵوەستەدەکات‌و دەیەوێت سنوورێک بکێشێت لەنێوان رۆشنبیرو چالاکەوانی سیاسیداو لەو رووەوە دەڵێت: «ئەرکی رۆشنبیر نییە فشار بخاتە سەر دەسەڵات، لێرەدا تێکەڵییەک هەیە لە نێوان رۆشنبیرو چالاکەوانی سیاسیدا، ئەرکی رۆشنبیر جودایە لە چالاکەوانی سیاسیی، ئەگەر خەڵکی دەخوازن رۆشنبیران فشاریان هەبێت، ئەوا دەبێت هاوکاریان بن، خوێنەریان بن، بیروراکانیان بکەنە هێز، لە هەڵبژاردنەکاندا راوێژیان پێبکەن، بەڵام جارێکی تر دەیڵێمەوە، ئەرکی رۆشنبیری راستەقینە ئـەوە نییە کە نوێنەرایەتی خەڵکی بکات. ئەو، ئەرکی بیرکردنەوەیە».

پرسی رۆڵ‌و کاریگەریی رۆشنبیران بەسەر کۆمەڵگاوە، بۆچوونی جیاواز لەناو رۆشنبیرانی ناو ئەم راپۆرتە رۆژنامەوانییەدا دروسـتـدەکـات، ئـەوەتـا مەریوانی وریا قانع، بڕوای وایە، ئەم دەسەڵاتەی ئێستا لەکوردستان هەیە، ئامادەیە گـوێ بۆ رۆژنامەنووسی بیانی بگرێت، بەڵام ئامادە نییە گوێ لە هیچ رۆشنبیرێکی کورد بگرێت.

مەریوان، وتی: «هەموو خوێندەوارانی کورد قسە بکەن، وەک ئەوە وایە وشەیەکیان نەبیستبێت، بەکورتی، ئێمە دەسەڵاتێکی نەخوێندەوارمان هەیە، تەنیا لەدەنگی دەرەکی دەترسێت‌و گوێ لە کەس ناگرێت لەناوەوە قسەبکات».

لەبارەی ئەو دەنگانەی ئاماژە بە ناکارایی رۆڵی رۆشنبیرانی کورد دەکەن، مەریوان وریا قانع، جگەلەوەی بەرگریی لە رۆشنبیرە راستەقینەکان دەکـات‌و پێشیوایە، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە نەخوێندەوارەی هەرێم هیچ ناکرێت.

لەو بارەیەوە دەڵێت: «پێموانییە رۆشنبیران موقەسیر بن، ئەوەی پێیان کرابێت کردوویانە، لـێـرەدا مەبەستم رۆشنبیرە راستەقینە رەخنەگرەکانە، نەک ئەوانەی فەرمانبەرن لای حیزب، ئەم نوخبە باڵادەستەی هەرێم، بەرادەیەک لەدونیا بێئاگایە، ئینسانی وایان تێدایە، لەکوردستان نەبێت، لەهیچ شوێنێکی ئەم دونیایە، هیچ کارێکی دەست ناکەوێت، کەچی لەکوردستان سەرکردەیە، لەگەڵ ئەم نوخبە نەخوێندەوارو خێڵەکییە نا بەرپرسیاردا، هیچ ناکرێت».

لەبەرامبەردا، فەرهاد پیربالی نووسەر، پێیوایە: کاتێک رۆشنبیریی دەبێتە کەسابەت‌و پارەپەیداکردن، بێگومان کاریگەرییەکەشی بەرە بەرە تەواو دەبێت. بۆچوونەکانی پیربال زیاتر قەسەکردنە لەسەر ئەو رۆشنبیرانەی لەناو حیزبەکاندا سەرگەرمی راپەڕاندنی رۆڵی رۆشنبیرانەی خۆیانن.

پیربال، دەڵێت: «ئەو جۆرە رۆشنبیرانە خاوەنهەڵوێست نین‌و کاریگەریشیان بەسەر کۆمەڵگاوە نییە، چونکە خەریکی پارە پەیداکردن‌و ژیانی خۆیانن، تەنانەت ئەو رۆشنبیرانە هەڵگرە لەو حیزبەوە بۆ حیزبێکی تر، شتێک پارەی زیاتریان بدەیتێ حیزبەکەی خۆیان جێدەهێڵن‌و دەبنە حیزبیی حیزبێکی تـر، ئەمانە ناتوانن فشاریش دروستبکەن، چونکە دەبنە ئەڵقەلەگوێ‌و پاشکۆی ئـەوان، سەرکردایەتی چی وت، ناتوانن بەرهەڵستکاری بکەن، واتە ئەوان ناچنە ناو پرۆسەی رەخنەگرتنەوەو ئازادیی بیرکردنەوەیان لێ زەوت دەکرێت».

لەبارەی هەبوونی هەڵوێستی رۆشنبیران، سەردار عەزیز دەیەوێت بزانێت کە بوونی هەڵوێست یانی چی، روونتر ئاماژە بەوە دەکـات: ئەگەر بیرورات لەگەڵ کەسێکدا بگونجێت، ئەوا لە دیدی ئەو کەسەوە تۆ خاوەن هەڵوێستێت، لە کاتێکدا زۆرینەی خەڵک دەنگ دەدەن بە یەکێتی‌و پارتی، ئەوا بەم پێیە نەبوونی هەڵوێست یانی ئەندام نەبوون لای یەکێتی‌و پارتی، بەڵام لە کاتێکدا خەڵک خۆیان بە زۆرینە دەنگ دەدەن بەو دوو حیزبە، لە هەمانکاتدا دەیانەوێت رۆشنبیران دژیان بوەستنەوە، ئەمە بێهەڵوێستییە.

«کـاتـێـک خـەڵـک خـۆیـان بـە زۆرینە بێهەڵوێستن، ئەوا مافی ئەوە لە دەست دەدەن کە ببنە دادوەر بەرامبەر هەڵوێستی ئەوانی ترو برێکی زۆر لەوانەی کە بە زۆر خراونەتە خانەی رۆشنبیرانەوە، بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بەرامبەر بە دروستکەرەکەیان کە حیزبە، بۆیە بێهەڵوێست نین‌و بێڕێزییە بەرامبەر بە هـەوڵ‌و کۆششی سەختی رۆشنبیری راستەقینە، کاتێک بە یەکچاوو لەگەڵ هەموو بۆینباخ لە ملە قژ رۆناوییەکانی ناو تەلەفزیۆنەکاندا سەیر دەکرێت».

ریپۆرتەری ئەم راپۆرتە، بۆ داخستنی دواپـەرەگـرافی راپـۆرتـەکـەی، دەیەوێت بزانێت کە ئەرکی رۆشنبیری جدیی بەرامبەر کۆمەڵگا چییە، سەردار عەزیز لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا، دەڵێت: «ئەرکی رۆشنبیری راستەقینە، ئەوەیە کە کۆمەڵگا هەڵوەشێنێت، کۆمەڵگای کوردی کانگای هەموو دزێوییەکانە، دەسەڵاتی کوردی بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەم دەسەڵاتەیە، فاشیزمیکی راستەقینە لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە کە دەبێت بێبەزەییانە رووبەڕووی ببینەوە، سەرباری ئەمە، چینێکی لاو لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە کە خواستی ئەوەیە بیگۆڕێت، بە هیوابووین گـۆڕان بوارێکیان بۆ برەخسێنێت، بەڵام لەوەناچێت وەهابێت، عەقڵی پیر لەوێش باڵادەستەو هێشتا سەردەمی حاموڕابییە».

### بەهۆی خراپیی خزمەتگوزارییەکانەوە،

# تەنیا لە هەفتەیەکدا (٥) خۆپیشاندانی لەناکاو ئەنجامدراون

**خراپیی و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بەجێنەهێنانی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن، لەماوەی هەفتەی رابردوودا بووە هۆی ئەوەی خەڵکی چەند ناوچەیەکی هەرێم بێنە سەرجادەو خۆپیشاندانی نارەزایی لەناکاو دژ بە حکومەت ئەنجامبدەن و داوای خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوو کارەباو دامەزراندنی دەرچووان لە حکومەت بکەن، چالاکوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیش پێیوایە: ئەوە مافێکی سەرەتایی خەڵکە بۆ داواکردنی مافەکانیان و فشارخستنەسەر دەسەڵات، نابێت هێزەکانی ئاسایش ئەو خۆپیشاندانە لەناکاوانە بەرەو توندوتیژیی ببەن».**

**بەرهەم خالید**

هەفتەی رابـــردوو هاوڵاتییانی ژمارەیەک شارو شارۆچکەی کوردستان وەک نـارەزایـی دەربـڕیـن بەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەباو خراپیی ڕێگاوبانەکان و هەروەها دانەمەزراندنی دەرچـووانـی زانکۆو پەیمانگاکان، رژانە سەر شەقامەکان و چەند ڕێگەیەکی سەرەکییان بۆ چەند کاتژمێرێک داخست، خۆپیشاندانەکانیش لە هەریەکە لە هەڵەبجە، شـۆڕش، چەمچەماڵ، سەر ڕێگای سۆران-رانیە، پردێ و کەرکوک ئەنجامدران.

ئـارام جەمال، چالاکوانی بـواری کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەوجۆرە خۆپیشاندانانە کتوپڕن و دوای ئەوەی شتەکان راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر هاوڵاتییان دەبێت، وەک کەمیی خزمەتگوزاریی و برسێتی و گەرما، ئەوا خەڵکی کاردانەوەی دەبێت.

سەرەتای ئەو زنجیرە خۆپیشاندانە لە شـاری هەڵەبجەوە بـوو، کاتێک نزیکەی (٢٥) دەرچووی پەیمانگاو زانکۆ سەردانی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد بەمەبەستی دامەزراندنیان و وەک خۆیان باسیانکرد: بیرخستنەوەی سەرۆکی پەرلەمان لەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا پێیاندابوون بۆ دامەزراندنیان و دوای ئەو هەوڵەشیان سـەرۆکی پەرلەمان پەیوەندیی بە وەزیری پەروەردەوە کردووەو ئەویش پێیوتووە، کە هەتا (٩/١) دامەزراندن نییە، نوێنەری شاندەکەی گەنجانی هەڵەبجەش وتی: «ئەگەر لەو بەروارەدا دانەمەزرێین، ئەوا هەڵوێستی دیکەمان دەبێت».

رۆژی چوارشەممەی رابـردووش هـاوڵاتـیـیـانـی نـاحـیـەی شـۆڕش و پیریادییەکان لە خۆپیشاندانێکدا ڕێگەی نێوان کەرکوک-سلێمانییان بۆ ماوەی چەند سەعاتێک داخست، ئەوەش وەک نارەزایی دەربڕین دژ بە نەبوونی ئاوی خواردنەوە بۆ ماوەی (١٨) رۆژ، بەڵام لەکاتی رووماڵی ئەو خۆپیشاندانەدا هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بە تەقە ڕێگرییان لـە کـەنـاڵـەکـانـی KNN و سپێدەو رۆژنـامـەی هـاوڵاتـی کرد، هەروەک رۆژی پێشتریش هێرشیان کردە سـەر تیمێکی کەناڵی KNN، کە رووماڵی کێشەو داواکاریی کاسبکارانی بازاڕی سەوزەو میوەفرۆشانی شاری چەمچەماڵ بوون.

لە خۆپیشاندانێکی هاوشێوەشدا خەڵکی ناحیەی پردێ دژی نەبوونی ئاوو کارەبا بۆ ماوەیەک ڕێگەی سەرەکی کـەرکـوک_ هـەولـێـریـان داخـسـت و هەروەها لە شاری کەرکوکیش دژ بە نەبوونی کارەبا دانیشتووانی چەند گەڕەکێکی ئەو شـارە خۆپیشاندانی نارەزاییان دژی دەسەڵات ڕێکخست.

ئەنجامدانی ئەو خۆپیشاندانانە لە کاتێکدایە، کە سەرەڕای بەرزبوونەوەی بەرچاوی پلەکانی گەرماو هاتنی مانگی رەمـەزان، لە ماوەی رابـردوودا بڕی ئاوو کارەبای هاوڵاتییان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە.

ئارام جەمال لەوبارەیەوە دەڵێت: ئەوان لە یاسای ڕێکخراوەکاندا ئەو جۆرە خۆپیشاندانانەیان بە خۆپیشاندانی لەناکاو ناساندووە، کە لە ئەنجامی کردەیەکی نائاساییدا دروستدەبێت و ئەوەشی بە مافی رەوای خەڵک زانی و هیواشی خواست ئەو چالاکییانە بەو شێوازە مەدەنییەو وەک شێوازێک لە بەشداریی سیاسیی هاوڵاتییان درێژەی هەبێت، «هەتا هاوڵاتییان بتوانن لە ڕێگەی ئەو فشارانەوە داواکارییەکانیان بگەیەنن بە دەسەڵات».


ئەو چالاکوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی وتیشی: «ئەمجۆرە خۆپیشاندانانە مۆڵەتی بۆ وەرنـاگـیـرێـت، ئـەوەش جـیـاوازیـی ئـێـمـەو دەسـەڵاتـە کە دەڵێن دەبێت هەموو خۆپیشاندانێک مۆڵەتی هەبێت، هەروەها پێویستیشە لەسەر هێزی چالاکییە مەدەنییەکان خۆپیشاندانەکە بـەرەو توندوتیژیی نەبەن و هاوڵاتییان بپارێزن».



دیمەنێک بە خۆپیشاندانی هەفتەی رابردوو

---

# قایمقام و شارەوانی هەولێر، خۆیان ناکەن بە خاوەنی پاکردنەوەی شار



**راپۆرتی: ئاوارە حەمید**
**کۆسار جەلال**

کەڵەکەبوونی پاشماوەی مـاڵان لـە گـەڕەکـەکـانـی شـاری هـەولـێـر، مەترسیی بـڵاوبـوونـەوەی چـەنـدین نەخۆشیی لێدەکرێت، سەرەڕای پیسبوونی ژینگەو ناشرینکردنی دیمەنی شارەکە.

ئامانج محەمەد، دانیشتووی گەڕەکی هەڤاڵان باسی لەو زبڵ و خاشاک و پاشماوەیەی ماڵان کرد لە گەڕەکەکەیان و وتی: «هەفتانە تەنیا یەک جار ئۆتۆمبێلی شـارەوانـی دێتە گەڕەکەکەمان و بەوهۆیەشەوە پـاشـمـاوەیـەکـی زۆر لـەو گەڕەکەدا کۆبووەتەوەو بووەتە جێگەی نیگەرانیی هاوڵاتییان».

لەناو شـاری هەولێر ئەو پـارچـە زەویـیـانـەی لـەنـاو ماڵاندان و نەکراون بە خانوو، بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی پـاشـمـاوەی مـاڵان، بەمەش بۆنێکی زۆری لەناو گەڕەکەکانی شار دروستکردووە.

ئەو هاوڵاتییە باسی لەوە کـرد، لە گەڕەکەکەیان چەند پارچە زەویەک هەیە نەکراون بەخانوو، بەهۆی کەمیی هاتنی ئۆتۆمبێلی شارەوانی هاوڵاتییان ناچاربوون کە پاشماوەکەیان لەو شوێنانە فڕێبدەن، ئەمەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی بـۆن و هاوڵاتییانی نیگەران کردووە.

د.یـاسـیـن رەسـول، دانـیـشـتـووی گـەڕەکی (٩٤)ی شاری هەولێر، نیگەران بوو لەوەی گەڕەکەکانی شار بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی پاشماوەی ماڵان و شارەوانی کەمتەرخەمە لە پاکردنەوەی شار، هەروەها هۆشداریشی دا لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

رۆژنامە هەوڵیدا لێدوان لە لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت، لەم نێوەندەشدا پەیوەندیکرد بە سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، بەڵام ئامادە نەبوو لێدوان بدات، بە بیانووی ئەوەی پەیوەندیی بە ئەوانەوە نییەو راشیگەیاند: قایمقامیەت سەرپەرشتی دەکات، جێگری قایمقامیەتی ناوەندی هەولێریش رایدەگەیەنێت: پـاکـردنـەوەی شـارەوانـی پەیوەندیی بە شارەوانییەوە هەیە، نەک قایمقامیەت.

---

### بینای بەرپرسەکانیش دەگرێتەوە

# هەر بینایەک مەرجەکانی سەلامەتیی تێدا نەبێت، دادەخرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

ئەمڕۆ دوارۆژی جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەلامەتیی تـەلارو کۆشک و شوێنە گشتییەکانەو لیژنەی تایبەتمەند هەموو ئەو شوێنانە دادەخـات کە ڕێنماییە تایبەتەکانی سەلامەتییان جێبەجێنەکردبێت.

لـیـژنـەی سـەردانـی تـەلارو کۆشکەکان بـۆ دڵـنـیـابـوون لە مەرجەکانی سەلامەتیی لە رۆژی (٧/١٧)ەوە دەستبەرکاربووەو ماوەی مانگێکی داوەتـە تـەلارو کۆشک و شوێنە گشتیی و گەشتیارییەکان کە تێیدا ئەو ڕێنماییانە جێبەجێبکەن کە لیژنەکە بۆی دیاریکردوون.

سـدیـق مـوشـیـر، ئـەنـدامـی لیژنەی ناوبراو، بۆ رۆژنامە وتی: «لیژنەکەمان دابەشکراوە بەسەر (٦) لیژنەی بچووکتردا، کە رۆژانە سەردانی تەلارو شوێنە گشتییەکان دەکـەن و تائێستا (١٠٦٠) بینایان بـەسـەرکـردووەتـەوە تەنیا لەناو سلێمانیدا، ئەمانە جگە لەو تەلارو کۆشکانەی دەرەوەی سلێمانی کە سەردان کراون».

ڕێنماییەکانی لیژنەکە بریتین لە (بوونی زەنگی ئاگادارکردنەوە، گڵۆپەکانی ڕێنیشاندەری فریاگوزاریی چوونەژورەوەو دەربازبوونی کۆ، دانانی ئامێری ئاگاداری پێشوەخت کە هەستیارە بەرامبەر بە دووکەڵ، بوونی دەروازەی دەربازبوونی کتوپڕ، بوونی پەیژەی رزگاربوون لە دەرەوەی بیناکە، بوونی ناوچەی کـراوە بۆ دەرچـوونـی دووکـەڵ، ژمارە (١١٥) بەشێوەیەکی فراوان لەشوێنێکی بەرچاودا لە ژووری هۆتێلەکاندا، بـوونـی ئامێری ئاگرکوژێنەوە لەژێر چاودێریی بەرگریی شارستانی، ئەو شوێنە گشتیانەی کە تەنیا یەک دەروازەی هەیە، رووبەری گونجاوی بۆ دانانی پەیژەی رزگاربوون بۆ سەربان بۆ دیاریبکرێت).

سـەبـارەت بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی لیژنەکەش ئەو ئـەنـدازیـارە ئـامـاژەی بـەوەکـرد: زۆربـەی ئـەو شـوێـنـانـەی کە سەردان کراون خۆیان ژمارەیەک لە مەرجەکانیان تـێـدابـووە یان جێبەجێیان کردووە، «بەڵام زۆربەیان گرفتی بوونی پەیژەی رزگارکردنیان هەیە، پێویستە لە دەرەوەی بیناکە کە باشتر وایە لەپشتەوە بێت، دابنرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی بیناکان پشتیان چۆڵ نییە یان هەڵکەوتەی بیناکە بەشێوەیەکە کە بە ئاسانی ناتوانرێت ئەو پەیژەیەی بۆ دابنرێت، هەربۆیە ئێستا سەرقاڵی چارەسـەرکـردنـی کێشەی ئەو بینایانەین».

بەپێی بڕیاری لیژنەی سەردانی تـەلارو کۆشکەکان بۆ دڵنیابوون لـە مەرجەکانی سـەلامـەتـی، لە سبەی (٨/١٨)ەوە هەر بینایەک یان شوێنێکی گشتیی ئەو ڕێنماییانەی جێبەجێنەکردبێت، ئەوا دادەخرێت، ئەندامەکەی لیژنەکەش وتی: «ئەو بڕیارە بەبێ ئیستیسنا بۆ سەرجەم بیناکانە، بە بینای حکومیی و ئەهلیی و بەرپرس و لایەنەکانیشەوە».

---

# سلێمانی: لە ماوەی (٧) مانگی رابردوودا (١٥٩٤٠٠) دۆنم سووتاوە

**رۆژنامە**

لـە مـاوەی (حـەوت) مانگی سـەرەتـای ئەمساڵدا (١٥٩,٤٠٠) دۆنم پـووش و پـەڵاش و لەوەڕگەو دارسـتـان و دانەوێڵە لە هەرێمی کوردستان سووتاون.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی دارستانی سلێمانی لە مـاوەی(٧) مانگی رابـردوودا (١٦٣) کـەس بـەهـۆی کـاری سـەرپێچی جـۆراوجـۆر دەسـتـگـیـرکـراون و هەروەها (١٥٩٤٠٠) دۆنم زەوی لە پووش و پاوان و دارستانی سروشتی و دەستکردو دانەوێڵەی جوتیاران سووتاون.

هـەر لـە ئـامـارەکـەدا باس لەوەشکراوە، کە (٥٧) باڵندەی کێویی جـۆراوجـۆر دەستیان بـەسـەردا گیراوەو دواتر ئازادکراون، هەروەها ژمارەیەک چەکی راوکردن و چەند ئامێرێکی دیـکـەی قـەدەغـەکـراو دەستیان بەسەردا گیراوە.

ئامارەکەی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی دارستانی سلێمانی، ئاماژەی بەوە کردووە: کە لەماوەی رابردوودا زیاتر لە (١١٥) رووداوی ئاگرکەوتنەوەی رووبـەر فـراوان روویـانـداوە، کە کۆنترۆڵکردنیان زۆر زەحمەت بووەو هـەر بـەو هۆیەشەوە (١٥٩٤٠٠) دۆنم زەوی لە پـووش و پـاوەن و لەوەڕگاو دانەوێڵەی جوتیاران و دارستانی سروشتی و دەستکرد سووتاون و زیاتر لە (٧٠٠٠) نەمام و درەختی بەردارو رەزو باخی میوەی هاوڵاتییان زیانیان پێگەیشتووە.

---

# پرۆژەی دووسایدی نێوان چوارقوڕنەو حاجیاوا دەوەستێت

**ئامانج ئیسماعیل/ حاجیاوا**

دروسـتـکـردنـی دووسـایـدی نێوان چوارقوڕنەو حاجیاوا زیاتر لە مانگێکە کـاری تێداناکرێت و هاوڵاتییان و شۆفێران داوادەکەن کە پرۆژەکە جێبەجێبکرێت و نەبنە قوربانیی ئەو ڕێگایە.

حسێن عومەر، شوفێرێکی تەمەن (٣٢) ساڵەو پاسی نەفەرهەڵگری پێیە، هۆکاری وەستانی پرۆژەکەی گـەڕانـدەوە بـۆ کەمتەرخەمیی حـکـومـەت و بـۆ رۆژنـامـە وتـی: «مـاوەیـەکـی زۆرە ئـەم ڕێگایە هەڵکەندراوەو بە تەوانەکراوی بەجێهێڵراوە».

رەمک رەمـەزان، بەڕێوەبەری ناحیەی حاجیاوا، ئەوەی رەتکردەوە کارکردن لە پرۆژەکە وەستابێت و بۆ رۆژنامە وتی: «مـەرج نییە لە حاجیاوا ئیشی لێنەکرێت، بەڵکو لە شوێنەکانی دیکە ئیشی لێدەکرێت و بەڵگەش بۆ ئـەوە ئەندازیارانی پـرۆژەکـە هـاتـن شوێنەکەیان دیاریکردو موناقەشەمان کرد لەسەر ئـەوە، لە (٦/٢٠)ەوە کار لە پرۆژەکە دەکرێت و ماوەکەی (٥) مانگە قۆناغی کارکردن بەپێی تەندەرە، یەکەمجار ئەو شوێنانە دەستنیشان بکەین کە کەموکوڕیی تێدایە، ئەگەر لەو ماوەیە تەواونەبوو غەرامە دەچێتە سەر کۆمپانیاکە».

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، (٤) جێگری هەیە 18

### یەکێتیو پارتی، کۆنگرەی مامۆستایانیش کۆنترۆڵ دەکەن

# ململانێی نێوان لیستەکانی مامۆستایان توندتر دەبێت

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**چەند ڕێکخراوێکی مامۆستایان، داوای گۆڕینی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی یەکێتییەکەیان دەکەنو هاوکات، هەرەشەی بایکۆتکردنی پرۆسەکە دەکەنو پێیانوایە، یەکێتیو پارتی، فێڵ لە لایەنەکانی تر دەکەنو یەکێتیی مامۆستایانیش، داواکاریی ئەو ڕێکخراوانە ڕەتدەکاتەوە**

ڕێکخراوی مامۆستایانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، پارێزگاران، سەردەم، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، دەستەی داکۆکیکردن لە مامۆستایان، مامۆستایانی پیشەیی کوردستان) نارەزایەتی خۆیان لە میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان پیشانداوەو یاداشتێکی (١٠)خاڵییان پێشکەش بە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتییەکە کردووەو مەرجی بەشداریکردنیان بەستووەتەوە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیانەوە کە سەرەکیترینیان، بریتییە لەوەی کە ئەندامی لقەکان بە هەڵبژاردن بکرێنە ئەندامی کۆنگرەو هەروەها پرۆسەی هەڵبژاردن بە یەک بازنە بەڕێوەبچێت.

مامۆستا عەتا جاف، ئەندامی لقی سلێمانی ڕێکخراوی مامۆستایانی یەکگرتوو، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: یەکێتیو پارتی، لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتوونو کردوویانن بە یاسای هەڵبژاردن، کۆمەڵێک بنەماو میکانیزمیان داناوە کە پێچەوانەی پەیڕەوو پرۆگرامی یەکێتیی مامۆستایانەو لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی حیزبیی میکانیزمەکانیان داناوە، کە ئەوەش شەرعییەتی هەڵبژاردنو کۆنگرە ناهێڵێت، بۆ نموونە، ئەندامی لقەکان بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە، بەوپێیە نزیکەی (١٥٠)ئەندامی لق دەبنە ئەندامی کۆنگرە، جگە لەوە بەنیازن (٥٠) مامۆستای تر بە ناوی پسپۆڕو شارەزاو مامۆستای شۆڕشەوە بهێننە کۆنگرەوە، ئەوان بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە لەکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو لادا، لەسەر ئەوە ڕێکەوتوون کە ئەندامی لقەکان بەبێ هەڵبژاردن دەبەنە کۆنگرەوە، ئاماژەی بەوەشکرد: یەکێتیو پارتی، بەو هەنگاوە، دەیانەوێت لە ئێستاوە زۆرینەی دەنگەکانی کۆنگرە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، پێدەچێت هەموو هەڵوێستێک، بۆ نموونە (پەنابردنە بەر دادگاو پەرلەمانو بایکۆتکردنی کۆنگرە) بگرینەبەر.

بەپێی میکانیزمەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەی (١٢) یەکێتیی مامۆستایان، (١٤٧)کەس لە ئەندامانی لقەکان، بەبێ هەڵبژاردن دەبنە ئەندامی کۆنگرە کە بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەو لەو ژمارەیە نزیکەی (١٣٠) کەسیان یەکێتیو پارتین، ئەوەش نارەزاییەکی توندی ڕێکخراوەکانی مامۆستایانی لێکەوتووەتەوە.

هەروەک، نەوشیروان حەمەغەریب، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن لە دەستەی داکۆکیکردن لە مامۆستایان، ئەوەی خستەڕوو: یەکێتیو پارتی فێڵ لە لایەنەکانی تر دەکەن، بۆئەوەی کۆنترۆڵی کۆنگرە بکەنو وتی: «لەو یاداشتەدا ئەوەمان خستووەتەڕوو، ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن، پێدەچێت بەشداریی پرۆسەکە نەکەین».

دوای (١٨)ساڵ لە نەبەستنی کۆنگرەی گشتیی یەکێتیی مامۆستایان، بڕیارە ڕۆژی (٩/٣٠) دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە بکرێتو دواتریش کۆنگرەکە ببەسترێتو بە وتەی بەرپرسانی یەکێتیی مامۆستایانیش، ڕێکخراوەکە (١١٤)هەزار ئەندامی هەیە.

لیستی (سەردەم) کە یەکێکە لە لیستە بەشداربووەکان، داوادەکات، هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی شەفافو دوور لە تەزویرات بەڕێوەبچێت.

خالید حەمەئەمین، هەڵسوڕاوی مامۆستایانی سەردەم، ئاماژە بەوە دەکات: بەپێی ئەو میکانیزمانەی دایانناوەو بەشێوەیەکی نایاسایی لە (٤٠٠)ئەندامی کۆنگرە، (١٤٧)ئەندامی کۆنگرەیان داناوە کە زۆربەیان یەکێتیو پارتین، کە ئەوەش هاوسەنگی پرۆسەکە دەگۆڕێتو جێی قبوڵکردن نییە، وتیشی: «یەکێتیو پارتی، دەیانەوێت لە ئێستاوە سەرکەوتنو بردنەوەی خۆیان مسۆگەربکەن، ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن، پێدەچێت بایکۆتی هەڵبژاردن بکەینو نەچینە ناو پرۆسەیەکەوە کە فێڵی تێدابکرێت».

لە ئێستادا، ململانێی نێوان یەکێتیی مامۆستایانو ڕێکخراوەکانی مامۆستایانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی، قووڵتربووەتەوەو پێدەچێت تەنیا یەکێتیو پارتی بەشداریی کۆنگرەکە بکەن.

سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەیەکەوە وەڵامی یاداشتەکەی ڕێکخراوەکانی مامۆستایان دەداتەوەو تۆمەت دەداتە پاڵ ئەو ڕێکخراوانە، ڕوونکردنەوەکە کە وێنەیەکی بە دەست ڕۆژنامە گەیشتووە، تێیدا هاتووە: «جێگەی نیگەرانییە کە ناوەڕۆکی یاداشتەکە، ڕەنگدانەوەی دیالۆگو کاری ڕێکخراوەییو سەردەمییانەی تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو زیاتر بەلای هەڕەشەو مەیدان خواستندا دەشکێتەوە».

هەروەک لە ڕوونکردنەوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو: «ئەو بڕگەو بابەتانەی لە یاداشتەکەدا هاتوون، پێشتر لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی تەنفیزی گفتوگۆیان لەسەرکراوەو بە دەنگیش یەکلاییکراونەتەوە».

هاوکات، عەتا جاف، ئەوەی ئاشکراکرد: ئێمە لەو حەوت ڕێکخراوە، داوای دانیشتنمان لەگەڵ سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان کردووە بۆ زیاتر لێکتێگەیشتن، بەڵام سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان بەبێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ ئەو ڕێکخراوانە دابنێت، داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە.

سەبارەت بە ڕوونکردنەوەکەی یەکێتیی مامۆستایانیش، ناوبراو وتی: «ئێمە وتوومانەو دەمانەوێت، هەڵبژاردن بە شێوەیەکی یاساییو شەفافانە بەڕێوەبچێتو یەکێتیی مامۆستایان لەژێر باڵی حیزبدا دەربهێنینو ببێتە ڕێکخراوێکی پیشەیی، داواکارییەکانی ئێمە لای ئەوان قورسەو ترسی دۆڕاندنیان هەیە».

هاوکات ڕۆژی (٨/١٤) لیستەکانی مامۆستایانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی لە کۆبوونەوەیەکیاندا سووربوونی خۆیان لەسەر داواکارییەکانیان ڕاگەیاندو بڕیاریاندا «کۆبوونەوەیەک لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەتو تەنفیزیدا ئەنجامبدەنو دواتر یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانو لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن».



کۆبوونەوەی ٨ لیستی مامۆستایان

# بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت، یەکەمی زانکۆکان نیگەران دەکات

ئا: لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن

**بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، یەکەمەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی زانکۆکان ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، ئەوە لە کاتێکدایە تا ئێستا یەکەمەکانی (٢٠٠٧) نەنێردراونەتە دەرەوەو ئەوەش نیگەرانیکردوون.**

بەپێی بەرنامەی تواناسازیی کە حکومەتی هەرێم لەمساڵەوە کاری پێدەکات، ساڵانە (١٠٠)ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم تەرخاندەکرێت بۆ پەرەپێدانی تواناسازیی مرۆیی لە بواری خوێندنی باڵاداو بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی هەرێم سەبارەت بە بەرنامەی تواناسازیی «خولی یەکەمی بەرنامەی تواناسازیی، تایبەتە بە یەکەمی سەر ئاستی بەشەکانو سێ یەکەمی سەر ئاستی ئەو کۆلێژو دەستە تەکنیکییانەی کە بەشیان نییە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٠٩–٢٠١٠)و خولی دووەمی بەرنامەی تواناسازیی، بەم زووانە ڕادەگەیەنرێت، دەرچووانی ئەمساڵو ساڵانی پێشوو دەتوانن بەپێی مەرجو ڕێنماییەکان داواکاریی پێشکەش بکەن».

لە کۆبوونەوەی(٢٠١٠/٨/٢)ئەنجومەنی وەزیراندا، بڕیادرا (٤٥٠)دەرچووی زانکۆکان، لە چوارچێوەی بەرنامەی تواناسازیی کوردستان بە گوێرەی ڕێنماییو پێوەری بڕیارلێدراو بنێردرێنە دەرەوە، کە (٢٠٠)کەسیان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەرو (٢٥٠)کەسیشیان بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا، بڕیارەکەش تەنیا یەکەمەکان دەگرێتەوە.

لە یاداشتێکیاندا کە ئاڕاستەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمو وەزیری خوێندنی باڵا کراوە، سەرجەم یەکەمەکانی سەرئاستی بەشەکانی دەرچووی ساڵی (٢٠٠٧–٢٠٠٨)ی زانکۆی سلێمانی کە ئێستا «موعید»ن، نیگەرانی خۆیان دەردەبڕنو دەڵێن: «لەبەرئەوەی بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەبێت ساڵێکی تەواو خزمەت بکەینو لەو ماوەیەدا بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەر بەدەستبهێنین، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە ئێمە خزمەتدەکەینو توانیومانە هەردوو بڕوانامەکەی توانستی بەدەستبهێنینو چەندان توێژینەوەو پەرتوکی زانستیمان بە چاپگەیاندووەو زۆربەشمان نمرەکانمان لە نمرەی خوێندکارە یەکەمەکانی ساڵی(٢٠٠٩–٢٠١٠) زیاترە، داوادەکەین لە بەڕێزتان، هەروەک چۆن بە بڕیارو بە گرەنتی یەکەمەکانی ساڵی(٢٠٠٩–٢٠١٠) دەنێردرێنە دەرەوە، بەهەمانشێوەش بڕیارێکی یاسایی تایبەتمان بۆ دەربچێت، چونکە چ بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەت، چ بەپێی بڕوانامەی زانستی زمانی ئینگلیزیو کۆمپیوتەرو بەپێی نمرەی بەرزو دوو ساڵی خزمەت، مافێکی یاسایی تەواوەتی خۆمانە کە لەپێشەوەی ریزبەندیی یەکەمی ئەو خوێندکارانەدا بین کە دەنێردرێنە دەرەوە بۆ خوێندن».

شەریف عەلی، نوێنەری خوێندکارە یەکەمەکانی ساڵی (٢٠٠٧–٢٠٠٨) زانکۆی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نایاساییە، چونکە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمو عێراق «پێویستە یەکەمی کۆلێژەکان یەک ساڵ خزمەتی هەبێتو دووەمو سێیەم، دوو ساڵ خزمەتیان هەبێت، ئێمە کەفائەی ماستەرمان هەیەو نمرەکانمان لە یەکەمەکانی پارو ئەمساڵ زیاترە، چ ویژدانێک ئەوە قبووڵ دەکات، ئەوانەی خوێندکاری ئێمەبوونو نمرەیان لە ئێمە نزمترە، بچنە دەرەوە، بەڵام ئێمە بێبەش ببین لەو مافەی خۆمان، بۆ بڕیاری سەرۆکی حکومەت لەسەرووی هەموو یاساکانەوە بێتو زوڵم لە کۆمەڵێک خاوەن ماف بکات».

ئەوەشی خستەڕوو دوای بڕیارەکە، سەردانی پارێزگاری سلێمانیو بەرپرسی نووسینگەی سەرۆکی حکومەتیان لە سلێمانی کردو هەفتەی ڕابردووش چوونەتە وەزارەتی خوێندنی باڵا.

هاوکات، سەرچاوەیەک لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە ئاشکراکرد: بەو بودجەیەی کە تەرخانکراوە، یەکەمەکانی ئەمساڵ دەنێردرێنە دەرەوەو جگە لەوە (٢٥٠)زەمالەی ماستەرو دکتۆرا دەمێنێتەوە، یەکەمەکانی پێرار دەتوانن پێشبڕکێ بکەن بۆ وەرگرتنیانو دەتوانن فۆڕم پڕبکەنەوە، بەوپێیەی کە زۆربەی مەرجەکانیان تێدایە، ئەوان ئەولەویەتیان هەیەو بەوپێیەش (٩٠٪)یان وەردەگیرێن، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێک نەدراوە بۆ ناردنەدەرەوەیان.

جگە لە بڕیاری ناردنەدەرەوەی یەکەمەکانی ئەمساڵ، هەفتەی ڕابردوو وەزیری خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستیی هەرێمو بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیی عێراق، کۆبوونەوەو بڕیارياندا، یەکەمەکانی زانکۆو دەستەکانی خوێندنی تەکنیکی ساڵی (٢٠٠٨ –٢٠٠٩) بنێردرێنە دەرەوە.

سەرچاوەکە، وتیشی: «لە حکومەتی عێراقدا، کۆمەڵێک زەمالەی ساڵانی ڕابردووی هەرێم ماوەو یەکەمەکانی ساڵی ڕابردووش لەو ڕێژەیەی کە بۆ هەرێم دیاریکراوە، دەنێردرێنە دەرەوە».



# چیرۆکی پەیداکردنی نانی قاچاخ

## هەرێمی کوردستان مەشروب بۆ ئێران دابیندەکات



قاچاخچێتیکردن بە سووتەمەنیەوە لە یەکێک لە مەرزەکان

فۆتۆ: خالید

راپۆرتی: خالید مەحمود

**هەموو چرکەیەک دڵیان لەناو مشتیاندایە، چونکە ئەوان قاچاخچین‌و کۆڵ‌و بارەکانیان رێپێنەدراوەو بەنهێنیی سنوورەکانی عێراق‌و ئێران دەکەن‌و مەشروب‌و جوانکاریی ئافرەتان‌و زۆر کەلوپەلی تر دەگەیەننە ئێران کە لەو وڵاتەدا ئەم کەلوپەلانە رێپێنەدراون‌و قاچاخن.**

کەریم شەریف، مێردمنداڵێکی تەمەن شانزە ساڵەو دانیشتووی گوندی (پیرسەفا)ی قەزای مەریوانی ئێرانەو پاش گەیشتنی بۆ خاکی عێراق، پاڵیدا بە دیواری بارخانەیەکەوەو دەستیکرد بە داگرتنی دەبە گازەکانی کۆڵی، بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتی سووتانی دەموچاوی‌و پشتییەوە دەستیکرد بە کردنەوەی قۆپچەی کراسەکەی‌و سووتاویی پشتی‌و سکی پیشانی رۆژنامەنووسەکەی (رۆژنامە) دا.

یەکێک لەو رۆژانەی کەریم کاری قاچاخچێتی تێداکردووە، بە چوار دەبە بەنزینەوە کەوتووەتە ناو بۆسەی پاسداری ئێرانییەوە، لەکاتێکدا بەرەو خاکی کوردستانی عێراق کەوتبووەڕێ.

کەریم وتی: «پاسدارەکان هاتنەڕێم‌و هاواریان کرد مەڕۆ، کاتێک وەستام سەرگەورەکەیان (سەرگروبان) چەقۆیەکی دەرهێناو جنێوو قسەی ناشیرینی پێوتم‌و زۆرترسام وامزانی دەمکوژێت، بە چەقۆکەی دەستی پەتەکەی قرتاندو دەبەکان بەشانمداکەوتنە خوارەوەو دەستبەجێ دەبەیەک بەنزینی کرد بەسەرمداو دەبەکانی تریشی لەت لەت کردو بەتوڕەییەوە وتی بگەڕێرەوە باوک سەگ.

ئەم مێردمنداڵە بە گریانەوە لەدەستی پاسدارەکان رادەکات، بەڵام وەک خۆی دەڵێت زۆر ترساوە لەوەی لەدواوە فیشەکێکی پێوەبنێن، لەکاتێکدا کە هەموو گیانی بەنزین بووە.

قاچاخچێتی لەسەر سنوورەکانی عێراق-ئێران بەچەند شێوەیەک ئەنجامدەدرێت، کە بریتین لە کۆڵکێشی‌و بە ئەسپ‌و هێسترو هەندێک کاتیش بە سەیارە، لەم رێگایانەشەوە سووتەمەنیی‌و مەشروبات‌و سپلێت‌و جگەرەو بۆن‌و جوانکاریی ئافرەتان‌و قوماش‌و کەلوپەلی کارەبایی بەقاچاخ ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

سەبارەت بە قاچاخچێتیکردن، عەمید ئەحمەد غەریب، لێپرسراوی پاسەوانی سنوور لە سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بردنە دەرەوەی ئاژەڵ، کەلوپەلی ئۆتۆمبێل، ئەلەمنیۆم (ئەگەر قاڵب نەبێت)، چەک و مادە هۆشبەرەکان، قاچاخن.

ئەو مەرزانەی لە سنووری قەزای پێنجوێن قاچاخچێتیان تێدا دەکرێت بریتین لە: مەرزی نەوتەکە: نزیکەی ١٠کم لە باشماخ دوورەو قاچاخچێتی سووتەمەنی تێدا دەکرێت، مەرزی بناوەسوتە: نزیکەی ٢کم لە باشماخ دوورەو سوتەمەنی تێدا دێتە هەرێمی کوردستان، مەرزی مەشروبەکە: نزیکەی ٢کم لە پێش باشماخەوەیەو تەنها قاچاخچێتی مەشروبی تێدا دەکرێت، مەرزی گۆخڵان: نزیکەی ٣٥ کم لە ناحیەی گەرمک دوورەو قاچاخچێتی سووتەمەنی تێدا دەکرێت، مەرزی بادەڵان: نزیکەی ٥٠ کم لە ناحیەی گەرمک دوورە جگە لە سووتەمەنی کەلوپەلی تێدا دەبرێتە دەرەوە.

سۆران عەلی، تەمەن (٣١) ساڵ کوردێکی دیکەی ئێرانەو چەند ساڵێک لەمەوبەر کەوتووەتە ناو بۆسەی مەفرەزەیەکی پاسداری ئێرانییەوەو تەقەی لێکراوەو فیشەکێک بەر پشتی کەوتووە.

سۆران دەڵێت: دوو فیشەکیان پێوەنام‌و یەکیان بەر پشم کەوت، منیش توند خۆم بەسەر ئەسپەکەمەوە گرت‌و گەڕامەوە ماڵەوە، پاشان بردمیان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام نەموێرا بڵێم بە فیشەکی پاسدار برینداربووم، چونکە ئەگەر بیانزانیایە بارە مەشرووبم پێبووە، حاڵم خراپ دەبوو.

بەدرێژایی سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە هەزاران هاوڵاتی هەردوولا کاری قاچاخچێتی دەکەن، بەڵام گوزەرانی ژیانی خێزانی هەموو ئەو هاوڵاتییانەش لە ئاستێکی خراپدان، بۆیە وەک خۆیان دەڵێن: ناچارن ئەم کارە مەترسیدارە بکەن.

حامید ئەحمەد، کە هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو بەرەو مەرزی بناوەسووتە کەوتبووەڕێ، کە ٢کم لە مەرزی باشماخەوە دوورەو نەوتی پێبوو، وتی: «لە گوندی (بایەوە)ی ئێرانەوە هاتووم زیاتر لە سەعاتێکە بەڕێوەم ئەزیەتمان دەکەن‌و بە کوتەک لێمان دەدەن، جاریش هەیە کۆڵەکانمان دەسووتێنن‌و بە بەتاڵیی دەمانگەڕێننەوە بۆ ماڵەوە.

مام حامید، باسی لەوەکرد: ئەم رێگەیە وەک مێروولە خەڵک هاتوچۆی پیادەکات‌و ترسی ئەڵغامی هەیە، بەتایبەت کە زۆرجار لەبەر پووش‌و پەڵاش نابینرێت‌و دیار نییە.

قاچاخچییەک لەو سنوورانە رۆژانە کرێی ئەو بارەی کە دەیگوازێتەوە لەنێوان (١٥بۆ ٣٠) هەزار تمەندایە، ئەگەر زۆر خۆشی ماندوو بکات‌و تەنیا دەتوانێت دوو کاروان بکات، کە بۆ هەر کاروانێکیش (٢) هەزار تمەن دەدات بە کرێی سەیارە.

وەک زۆرێک لە قاچاخچییەکانی دیکەی سەر سنوور، مام حامیدیش رۆژێک کەوتووەتە بۆسەی پاسدارانی ئێرانییەوەو خۆی دەیگێڕێتەوە: پاسدارێک بە پۆستاڵێکی رەق تێیهەڵدام‌و دوایی وەک گاڵتەپێکردن وتی دەزانی لە تۆم دا ریشیشت سپی بوو، منیش وتم جا تۆ شەرم لە خوا ناکەیت، نەک لە ریشی سپی من.

مام حامید دەڵێت: چەند خەفەت بەو لێدانە دەخۆم، لەوەش زیاتر خەفەت بەوە دەخۆم کە پاسدارێکی کورد شەقی تێهەڵدام کە هاوزمانمە، ئەگەر فارس‌و تورکێک بوایە ئەوەندە ئەسەف نەبوو.

قاچاخچێتی ئەگەرچی کارێکی نایاساییە، بەڵام بۆ ئەو قاچاخچییانە سەرچاوەی سەرەکیی نان پەیداکردنە، بۆیە زۆربەیان تەمەنیان لەم کارەدا بەڕێکردووەو قوربانییەکی زۆریشیانداوە.

خالید عەبدول، (٢٥) ساڵ، لە تەمەنی (١٣) ساڵییەوە خەریکی قاچاخچێتییەو وەک خۆی دەڵێت لەبەر هەژاریی وازی لە خوێندن هێناوە، ئەم گەنجە دەڵێت: هەموو رۆژێکمان هەر ناخۆشیی‌و مردنە بەتایبەت لە زستاندا، تائێستا دوو هێسترم کوژراوە بەدەستی پاسدار، کە بایی زیاتر لە (٣) ملیۆن تمەن بوون‌و زیندانیشیین کردم‌و قەرزارباریان کردم، لەبەرئەوە دەسەڵاتم نییە ئەسپ‌و هێستر بکڕم، ناچار هەر بەکۆڵ کاردەکەم.

خالید، وتیشی: «ئەگەر ئەم قاچاخچێتییە نەمێنێت، مەگەر سواڵ بکەین».

هەر کۆڵبەرێک چیرۆکێکی ناخۆشی لێدان‌و ئەشکەنجەی بەسەردا هاتووە، کە ئاسەوارەکەی تا مردنی بەسەریدا کاریگەریی دەبێت، بەڵام بۆ ئەوان دەستبەرداربوون لەم کارە، ماناکەی مردنە.

جەمال ئەحمەد، (٣٨) ساڵ، هەرگیز ئەو رۆژەی بیرناچێتەوە کوڕەکەی کە ناوی محەمەد بووە، بە بەرچاوی خۆیەوە پاسدار کوشتوویەتی. لەکاتێکدا ئەم بەرەو کوردستانی عێراق باری دەهێنا.

ئەم رووداوە لەکاتێکدا بووە کە پاسدارەکان دەبە نەوتەکەی محەمەد جەمال دەڕژن‌و محەمەدیش وەک باوکی باسی دەکات بە پاسدارەکان دەڵێت: «خۆ ئێمەش ئینسانین بۆ وامان لێدەکەن»، پاسدارەکانیش دوای ئەوەی قسەی ناشیرینی پێدەڵێن، دەبێتە شەڕیان‌و لە ئەنجامدا پاسدارەکان دوو فیشەک دەنێن بەپشتییەوە، بەم هۆیەشەوە محەمەد گیان لەدەستدەدات.

جەمال باس لەوەشدەکات: کاری تر شک نابەن، تەنانەت کرێکاریش دەستناکەوێت، تا واز لە قاچاخچێتی بهێنن.

بەشێک لەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن خوێندەوارن‌و بڕوانامەیان هەیە، بەڵام بەهۆی دانەمەزراندن‌و خراپیی ژیانیانەوە، روودەکەنە قاچاخچێتی.

حەمدی وەیسی، (٢٥) ساڵ، گەنجێکی ئێرانییەو بڕوانامەی دیبلۆمی هەیە لە زانستی مرۆیی، بەڵام لەبەرئەوەی کە نەبێتە سەرباز، ئێستا کاری کۆڵبەریی دەکات‌و دانەمەزراوە.

حەمدی، جەختی لەوەکردەوە، کە ئەگەر دابمەزرایە ئەم کارەی نەدەکرد، وتی: «یەکەم دامەزراندن لانیکەم (٥٠٠) هەزار تمەن مووچەکەیەتی، ئیتر بۆچی رامدەکرد بۆ ناو ئەم شاخ‌و دۆڵانە بە کۆڵ‌و باری قورسەوە».

حەمدی بە نیگەرانییەوە، وتی: «نازانم بۆ لە هەموو جێگەیەک کورد هەردەبێت بەشمەینەت بێت، لەجیاتی دامەزراندن لە فەرمانگە، دەبێت لەناو ئەم هەڵەت‌و رێگە قاچاخانە دەوام بکەین».

بەپێی ئامارە نارەسمییەکان، لە مەرزی بادەڵان کە (١١) کیلۆمەتر لە ناحیەی گەرمک‌و نزیکەی (٦٠) کیلۆمەتر لە قەزای پێنجوێنەوە دوورە، (١٨٠٠) کۆڵبەرو زیاتر لە (٣٠٠) ولاغدار کاردەکەن.

ئەم قاچاخچییانەی سەر سنوور بە کرێ کاردەکەن‌و ئەو بارەی هەیانە هی خەڵکەو لە شارەکانی عێراقەوە دێت‌و کۆڵبەرەکان دەیگوزانەوە بۆ ئێران، یان بەپێچەوانەشەوە.

رەفیق عێراقی، یەکێکە لە خاوەن بارەکان‌و باسی پەیوەندیی خۆیان‌و لایەنی ئێرانی دەکات‌و وتی: ئەم شتانەی کە لە سلێمانی‌و هەولێرو شارەکانی دیکەوە دێت، دێتە بارخانەکانی ئێمەو حەماڵ دایدەگرێت‌و لێرەشەوە بە نووسراوێک دەینێرین چەندەو کرێکەی چەندە دەیدەینە دەست ئەو کەسەی کەلوپەلەکە دەبات‌و ناوی ئەو کەسەی لەسەرە کە بۆی دەنێرین، لەگەڵ گەیشتنی بۆ بازاڕەکانی سەر سنوور لە گوندی (دەرەوەران)ی ئێران کرێکەی وەردەگرێت.

# ئازادیی رۆژنامەگەریی

**لە چەند هەفتەی رابردوودا میدیای کوردی‌و دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەندین بابەت‌و زانیاریی تووشی بەریەککەوتن بوون، چاودێرانیش پێیانوایە: ئەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر ئازادیی رۆژنامەگەریی، هاوکات هەندێک لایەن بڕوایان وایە کە ژمارەیەک لە میدیاکانی کوردستان پێشێلی سەروەریی‌و یاساشکێنییان کردووە.**

**دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێک لە رۆژنامەی رۆژنامە لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم، پارتی دیموکراتی کوردستان داوایەکی یاسایی لەسەر ئەو رۆژنامەیە تۆمارکردووەو داوای یەک ملیار دۆلار قەرەبوو هەروەها داخستنی رۆژنامە دەکات.**

**لەلایەکی دیکەوە دوای بڵاوکردنەوەی دیمانەیەک لەگەڵ (عیرفان قانعی فەرد) لە گۆڤاری لڤین، وا هەستدەکرێت رەوشی ئازادیی رۆژنامەگەریی پێیدەنابێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چونکە لەباتی گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی، تائێستا چەندین بەیاننامە بەناوی گروپی نەناسراوەوە بڵاوکراوەتەوەو هەڕەشەی مەترسیدار لە رۆژنامەنووسانی ئەو گۆڤارە دەکات، هاوکات لە ژمارەیەک لە مزگەوتەکانی هەولێرو دهۆکەوە هێرش کرایە سەر گۆڤاری لڤین.**

**گۆڤاری لڤین لە بەیاننامەیەکدا لایەنە نێودەوڵەتی‌و حکومییەکان ئاگادار دەکاتەوە، کە ژیانی رۆژنامەنووسەکانیان لە مەترسیدایەو هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە.**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە بەیاننامەیەکدا ژمارەیەک گۆڤارو رۆژنامە بەوە تۆمەتبار دەکات، کە سنووری ئازادییەکانی تاک‌و کۆمەڵگە پێشێلدەکەن.**

**بە رای تۆ:**

**١- رەوشی میدیای کوردی لە ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**٢- ئایا کارەکانی میدیای ئەهلیی‌و سەربەخۆ نابەرپرسانەیەو زیان بە ئەزموونی هەرێم دەگەیەنێت؟**

**٣- پێتوایە مامەڵەی دەسەڵات‌و کاردانەوەکانی بەرامبەر میدیاکان تەندروستە؟**

**٤- رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان لەم نێوەندەدا چییە؟**

**٥- کێ یاسای رۆژنامەگەریی پێشێلدەکات، میدیای ئەهلیی‌و سەربەخۆ، یان دەسەڵات؟**

### کامەران کاکەیی

لە هۆڵەندا نووسەرێک کتێبێکی نووسی لەسەر هەڵەکانی حکومەتی هۆڵەندی لە شەڕی ئەفغانستاندا، یەکەم کەس کە ئەو پەرتوکەی وەرگرت، سەرۆک وەزیرانی وڵات بوو، دوایی بوو بەهۆی رووخاندنی حکومەتەکەی، ئەم وڵاتانە هەتا گەیشتوونەتە ئەم دۆخە کاری زۆریان بۆ کردووە، رۆژنامەنووس دەبێت بوێر بێت‌و قەت لەو باوەڕەدا مەبە کە دەسەڵات بێت بڵێت بنووسە لەسەر بارودۆخی ناهەمواریی وڵاتەکە.

### تۆفان کاوانی / سوید

پێموانییە مامەڵەی دەسەڵات لەگەڵ میدیای ئەهلیی تەندورست بێت، من پێموایە دەسەڵات بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لاوازکردن‌و لەناوبردنی هەموو دەنگێکی دەرەوەی دەسەڵات دەدات‌و هیچ کات دەسەڵات دەنگی دەرەوەی خۆی بە هەق وەرنەگرتووە.

### ئاری / نەرویج

بەڕێزان، جیاوازی‌و رای جیاواز لە دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە هەیە، من سەیرم لە هەندێک کەس دێت کە دەڵێت نابێت بە نێگەتیڤی باسی سەرکردەکان بکرێن.

### داستان عوسمان

سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەو بەیاننامەیەی دەریانکرد بۆ تۆمەتبارکردنی گوڤاری لڤین بە ئاشکرا لایەنگری دەسەڵاتی کرد، دەتوانین بڵێین بەیاننامەی ئابڕوچوونە، چونکە مەبەستیان بوو پشتی هاوپیشەکانی خۆیان بشکێنن.

### ئالان گەرمیانی

لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا، کە سەروەت‌و سامانی وڵات دەدزرێت‌و کەس نازانێت بۆ گیرفانی کێ دەڕوات، ئەمە پرسیاری خەڵکەو وەڵامی دەوێت حەتمەن دەسەڵات‌و رۆژنامەکانی دەسەڵات ئەم راستییە ناخەنەڕوو، بۆیە دەبێت رۆژنامەنووسانی دەرەوەی دەسەڵات بیخەنەڕوو.

### عەبدوڵلاسیمەنی

بە بڕوای من، بیانووی ملیارێک دۆلار قەرەبوو لە «رۆژنامە» تەنیا دەسکردی خەیاڵی ....... نییە، هەر ژمارەکە خۆی لە خۆیدا بە رێکەوت قووت نەبووەتەوە، دەزانم، گەڕی ملیارێک سەفاهەتەو لە هیچ کلۆجێکی ئەم دنیا پان‌و بەرینەدا نە وێنەی هەیەو نە هاوتای هەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی ملیارێک، ئەمە دەبێت ئاوڕێک لە دوێنێ بدەینەوە.

### ئومێد عیسا

هێزی وزەی دیموکراتی، ئازادیی بیروڕا دەربڕینە، ساختەی هەڵبژاردن بەلاوە بنێین، پارتی بە پیژەی دیموکراتی دەسەڵاتی بەدەست گرتیە، ئەو دیموکراتیەو ئازادییەی بۆ خۆی بە رەوای دەبینی دەبی بۆ حیزب‌و رێکخراوو گروپ‌و کەسایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عیراق سەبی بە رەوای ببینی.

سکاڵا لەسەر دەزگای ئاسایشی سلێمانیو دژەتیرۆر تۆمار دەکرێت 20

## د.ڕێکەوت: عیماد ئەحمەد بۆیە ئۆتۆمبێلێکی وەک خەڵات دا بە دکتۆرێک چونکە چالاک بوو

# بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی (٤) جێگری هەیە





سازدانی: سیروان عەول

**بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە ئاسایی دەزانێت (٤) جێگری هەبێتو دەرکردنی فەرمانیش بە تەلەفۆن بە هۆکارێک بۆ خێرا راییکردنی کارەکانی بەڕێوەبەرێتییەکەی دەگێڕێتەوە لەم دیدارەی رۆژنامەدا د.ڕێکەوت حەمە رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە تایبەتن بە هەندێک حاڵەتی جیاکاریی لەنێوان کارمەندانو پزیشکانی بەشێک لە نەخۆشخانەکاندا، لە رووی ئیمتیازاتەوە**

**رۆژنامە: بەڕێوەبەرێتیی گشتیی دارایی بە فەرمانی ژمارە (٥٥٣) کە لە ٢٠٠٧/١/٢٤دا دەرچووە، داوادەکات بۆ کاری قەستەرە (١٠٠) دۆلارو بۆ باڵۆن (٢٥٠) دۆلارو بۆ ئیجهادو ئیکۆ (٣٠٠) دۆلار وەربگیرێت، بەڵام ئێستا ئێوە کار بە فەرمانێکی تەلەفۆنی جێگری سەرۆکی حکومەت دەکەن، کە لە ٢٠٠٦/١٠/١٧دا پێیوتوون بری (٧٠٠) دۆلار بۆ دانانی شەبەکەو باڵۆنو (٣٠٠) دۆلار بۆ قەستەرە لە نەخۆش وەربگیرێت؟**

* ئەو فەرمانانە لەسەردەمی دەسەڵاتی مندا نەبووە، چەندین کاری دیکەش کراوە بە تەلەفۆن تا فەرمانەکەمان بەڕەسمیی پێگەیشتووە، ئەوەش بۆ زووتر راپەڕاندنی کارەکانمانە، بەڵام وەزارەتی دارایی لە وەڵامی نووسراوێکی وەزارەتی تەندروستیدا بە ژمارە (٤٣١٣) لە ٢٠١٠/٤/٢٦دا پێیانراگەیاندووین، کە بڕی (٧٠٠) دۆلار بۆ کاری قەستەرەو باڵۆن وەربگیرێت، ئەو بڕەش بەمشێوەیە دابەشبکرێت: (١٠٠) دۆلاری بۆ پزیشکەکانی ئەو بەشەو (١٠٠) دۆلاریش بۆ سەرجەم کارمەندانی بەشەکەو (٥٠٠) دۆلارەکەی تر بکرێت بە بارمتە بۆ کڕینی پێداویستی باڵۆنو کەلوپەلەکانی.

هەروەها بڕی (٣٠٠) دۆلار وەربگیرێت بۆ قەستەرە، بەمشێوەیە: (٥٠) دۆلار بۆ پزیشکەکانی ئەو بەشەو (٥٠) دۆلار بۆ کارمەندانی تەندروستیو کارگێڕییو خزمەتگوزاریی بەشەکە، (٢٠٠) دۆلار وەک بارمتە بۆ کڕینی دەرمانو پێداویستییەکانی، نرخی ئایکۆو ئیجهاد بکرێت بە (١٠٠٠٠) دینار بۆ هەر یەکەیان.

خاڵێکی دیکەی فەرمانەکە بەمشێوەیە، ئاماژە بە بەردەوامبوون لەسەر داهاتی کۆئەندامی هەرسو جگەر دەدات لە سلێمانی لە (٣٠٪) داهاتی کۆتاییو (٣٥٪) بۆ پزیشکەکانو لە (٢٥٪) بۆ کارمەندانی تەندروستیو (١٠٪) بۆ تێکڕای فەرمانبەرانی کارگێڕیی دەبێت، چونکە ئەم بەشە ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر دکتۆرو کارمەندەکانی نەخۆشخانەکە.

**رۆژنامە: بۆچی بەڕێزتان (٤) جێگرتان هەیەو باس لەوەش دەکرێت هێندەی بەڕێوەبەری گشتیی دەسەڵاتیان هەیە؟**

* ئێمە (٤) جێگرمان هەیە، بەپێی فەرمانێکی رەسمیی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٤٥١٥) کە لە ٢٠٠٩/٥/١١دا دەرچووە، ئەو جێگرانە رێپێدراونو نووسراوەکە نێردراوە بۆ هەموو فەرمانگەو بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەت، لە خاڵی دووەمی فەرمانەکەدا هاتووە: «یاریدەدەری گشتیی بەڕێوەبەر دەرچووی زانکۆ بێتو (١٧) ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت»، بۆیە ئێمە لێرەدا بەهۆی بەرفراوانی فەرمانگەکانی تەندروستی سلێمانییەوە داوامان کردووە کە چەند جێگرێک بۆ کارئاسانیی کارەکانمانو راپەڕاندنی کارەکانمان دابنرێتو جێگرێکمان بۆ (کارگێڕییو دارایـیو دەرمـانو بەشی هونەریی) داناوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی چەند جێگرمان هەیە، چەند بەڕێوەبەرێکیشمان بۆ هەریەک لە بەشەکانی (کردە پزیشکییەکان، پلاندانان، ئەندازە، هۆشیارکردنەوەی تەندروستی) داناوە، کە ئەمانە لە سنووری دەسەڵاتی ئێمەدان.

هەرچەند باس لەوەدەکەن کە ئەو جێگرانە هێندەی ئێمە زیاتر سەلاحیاتیان هەیە، بەڵام بە هاتنم بۆ فەرمانگەی تەندروستیو گرتنەدەستی بەڕێوەبەرێتی، سەڵاحیاتم بۆ خوار خۆم دابەزاند، بۆ ئەوەی زیاتر روونتربێت هەریەک لەو جێگرانە بەپێی کاری خۆیان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کارەکانیان هەیە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانیش سەڵاحیاتی تەواوم داونەتێ.

**رۆژنامە: زۆریی دەرماڵەی پزیشکی دادوەریی کە لە (٢٠٠٪) وایکردووە زۆربەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانو کارمەندەکان دەیانەوێت لە پزیشکی دادوەریی دەوام بکەن، بۆ نموونە بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی منداڵبوون مووچەکەی لەسەر پزیشکی دادوەرییەو دوو کارمەندی تۆش کە یاسایان تەواوکردووە لە پزیشکی دادوەریی بلیت دەبڕن، ئەمە بۆچی؟**

* ئەو بەڕێوەبەرەمان لابردووەو گەڕاندوومانەتەوە سەر میلاکی نەخۆشخانەی منداڵان، ئێمە تائێستا میلاکێکی موسەدەقی پزیشکی دادوەریمان نییە، ئێستا لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی ملاکێکی دیاریکراوی بۆ دابنێنو ئاگاداری پزیشکی دادوەریمان کردووەتەوە ئەو فەرمانبەرانەی کە پێویستیان نییە لایان دەبەین.

**رۆژنامە: کاتێک عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆکی حکومەت بوو، لەساڵی (٢٠٠٩) لەسەر داوای ئێوە سەردانی نەخۆشخانەکانی کرد، لەو سەردانەدا لەناو ئەو هەموو کارمەندو پزیشکەی لە نەخۆشخانەکان خزمەت دەکەن، بۆچی تەنیا یەک پزیشک سوودمەند بوو، ئۆتۆمبێلێکی وەک خەڵات وەرگرت؟**

* بانگهێشتی جێگری سەرۆک لەسەر داوای خۆمان بووەو لە نزیکەوە لە کێشەکانی نەخۆشخانەکانی کۆڵێییەوەو ئەو دکتۆرەش کە لەراستیدا یەکێک بوو لەو دکتۆرانەی کە دەتوانم بڵێم بەردی بناغەی سەنتەری جیهازی عەزمی لە سلێمانی دانـاوە، کە ئەمەش یەکێکە لە سەنتەرە باشەکانی هەموو عێراق، چونکە لەو سەنتەرەدا ئاسانکارییەکی تەواو بۆ ئەو نەخۆشانەی کە بەردی زراویان هەیە، لە ئێستادا دەتوانن لە رێگەی نازۆرێکەوە نەشتەگەرییەکەیان بۆ ئەنجامبدرێت، ئەو سەنتەرە توانیویەتی هەموو نەخۆشەکانی عێراق لەخۆبگرێت، بۆیە خەڵاتی ئەو دکتۆرەی کرد، چونکە لەوکاتەدا جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی ئەو سەنتەرەی کردو ئیشی ئەو سەنتەرەی پێباش بوو، چونکە یەکێک بوو لە سەنتەرە گەورەکانی عێراق.

**رۆژنامە: بەشی قەستەرەی نەخۆشخانەی بووژاندنەوەی دڵ مانگانە دکتۆرەکانیان لە (٢٠٠٠–٤٠٠٠) دۆلار حەوافز وەردەگرنو کارمەندەکانیان (٢٠٠–٣٠٠) دۆلار وەردەگرن، بەڵام نەخۆشخانەکانی دیکە، کە هەمان کارو هەمان دەوام دەکەن ناگەنە ئەو بڕە پارەیەو بە (٤) مانگ ئەگەر (٣٠٠) هـەزار دینار وەربگرن؟**

* دکتۆرو کارمەندانی ئەو نەخۆشخانانە رووبەڕووی نەخۆشیی ترسناک دەبنەوە، بەهۆی ئەوەی ئەو کارمەندانە یان دکتۆرانە شوعاعیان بەردەکەوێت، ئەوەشی بە نموونە هێنایەوەو وتـی: دکتۆری قەستەرەمان هەیە تووشی سەرەتانی پەنکریاس بووە، بۆیە ئەوەندە ترسناکیمان بۆ ئەو دکتۆرو کارمەندانە داناوە.

## ئەندامێکی سەندیکای شوێنەوارناسان:

# ئەو کەسانەی قەڵایان نۆژەندەکردەوە، خەڵکی پسپۆڕ نەبوون

هەولێر: ئارام محەمەد، هێمن محەمەد

**پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر لە سەرەتای کارەکانیدایەو کۆمپانیایەکی تورکی بە سەرپەرشتی رێکخراوی یونسکۆ جێبەجێی دەکات، ئەندامێکی سەندیکای شوێنەوارناسانیش نارازییە لە بەڕێوەچوونی پڕۆژەکە.**

تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی قەڵات بۆ رۆژنامە وتی: «دوای ئەوەی پڕۆژەکە لەو کۆمسیۆنە وەرگیرایەوە کە بڕیاربوو قەڵات نۆژەن بکاتەوە، ئێستا ئەندازیارێکی دیکە بە هەماهەنگی پارێزگای هەولێرو لـەژێر چاودێریی یونسکۆ، گرێبەستەکە کـراوەو لەسەر بودجەی پارێزگا قۆناغ بە قۆناغ پارەکەی دەنێردرێت بۆ یونسکۆ، ئەوان خۆیان سەرپەرشتی کارەکە دەکەن، هەر ئەوانیش رایدەگەیەنن کە کۆمپانیا پسپۆڕەکان بەشداریی بکەن لە نۆژەنکردنەوەکەدا».

قەڵای هەولێر یەکێکە لە قەڵا کۆنو مێژووییەکانی جیهان، ئەم قەڵایە دەکەوێتە سەنتەری شاری هەولێرەوەو لە (٦٠٣) خانوو و (٣) گەڕەک پێکهاتووە، کە بریتین لە گەڕەکەکانی تۆپخانە، سەراو، تەکیە.

دوای ئەوەی مەترسیی رووخانی قەڵا بە ئاشکرا هەستی پێکرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ساڵێکە نۆژەنکردنەوەی قەڵاتی خستە بەرنامەی کـارەوەو تا دواجار دووساڵ لەمەوبەر خەڵکی قەڵات گواسترایەوە بۆ ناوچەیەکی تازە بەناوی قەڵاتی نوێ، دواتریش قەربووکرانەوە بە بڕێک پارەو (٢٥٠) مەتر زەوی.

ئەحمەد محەمەد، یەکێکە لەو هاوڵاتییانەی کە پێشتر ماڵی لەناو قەڵا بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە قەڵا نۆژەندەکرێتەوە، قەرەبوو کراوەتەوە لە قەڵاتی نوێ، کە ناوچەیەکە لەنزیک بنەسڵاوە زەوی پێدراوە.

ئەحمەد دەڵێت: «بەپەلە ئێمەیان لە قەڵا دەرکـرد، بـەڵام ئـەوە نزیکەی (٣) ساڵە شتێکی ئەوتۆ لە قەڵا نەکراوە، من هیچم نەبینیوە، هەر دەڵێن نۆژەندەکرێتەو کەچی هیچ دیار نییە، بەڕاستی خەڵک کە قەڵای چۆڵکرد وایدەزانی راستەوخۆ دەست بە نوێکردنەوەکە دەکرێت».

بەڵام پارێزگای هەولێر نۆژەنکردنەوەی قەڵای دابەشکردووە بەسەر (٣) قۆناغدا، کە پێکهاتوون لە نۆژەنکردنەوەی نزیکەی (١٠) خانوو، کە ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایەو نـزیـکـەی (١٣) مـلـیـۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو بە (٣) ساڵ تەواودەبێت، لە قۆناغی دووەمیشدا ژێرخانی بنەڕەتی قەڵاو خزمەتگوزارییەکانی دیکە تەواودەکرێتو لە قۆناغی سێیەمیشدا شەقامو بەشەکان نۆژەندەکرێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت قەڵای هەولێر لەدوای نۆژەنکردنەوەی ببێتە یەکێک لە شوێنەوارە جیهانییەکان، بەڵام لەسەرەتادا کارەکانی لەلایەن کۆمسیۆنی بـاڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵا بە خاویی دەڕۆیشت، بۆیە ئەو کۆمسیۆنە گۆڕدرا بۆ کۆمسیۆنی باڵای بووژاندنەوەی قەڵاو هەموو کارەکانیش چووە ژێر چاودێریی وردی رێکخراوی یونسکۆوە.

ئـاراس نیڤولی، ئەندامی سەندیکای شـوێـنـەوارنـاسـان، سـەبـارەت بە بووژاندنەوەی قەڵای هەولێر بۆ رۆژنامە وتی: «هیچ کاریکی ئەوتۆ نەکراوەو ئەو ستافەی ئەرکی نۆژەنکردنەوەیان گرتووەتەدەست، کەسی کارامە نینو هەر ساڵێک ستافێکی جیاواز دەهێنن، ئەمەش زوڵمە لەو پارەیەی کە بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵا ئامادەکراوە».

ئەو شوێنەوارناسە ئاماژە بەوەدەکات: گەورەترین کێشە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە، ئەو کەسەی کارەکە رادەپەڕێنێت کەسی پسپۆڕ نییەو دەڵێت: «من سەردانی قـەڵام کـردووەو توێژینەوەم هەبوو لەسەر وێرانبوونی قەڵاو کاریگەرییە ناوەکییو دەرەکییەکانی، بۆم دەرکەوت کە ئۆفیسەکانی فەرمانبەرانی قەڵا تەنیا یەک پسپۆڕی شوێنەواری لێبووە، ئەوانی دیکە ئەندازیار بوون».

ئاراس نیڤولی لە سەردانیدا بۆ لای ستافی نۆژەنکردنەوەی قەڵا، پێی راگەیاندوون: «ئەو داتایەی ئێوە بەکاریدەهێنن بە کەڵکی بووژاندنەوە نایەتو کار بۆ پووچاندنەوە دەکات، نەک بووژاندنەوە».

هەروەها پێشنیازیشی پێشکەشی ستافی نۆژەنکردنەوەی قەڵا کردووە پرسیار لە شوینەوارناسان بکەنو بە هاوکاریی لەگەڵ تیمەکانی شوێنەواری لە پارێزگاکانی سلێمانی هەولێرو دهۆک کاربکەن، بەڵام وەک خۆی دەڵێت: ئەو ستافە لە قسەکانی نیگەران بوون.

بـەڵام تاهیر عـەبـدوڵـڵا سـەبـارەت بە پڕۆژەکە جەختیکردەوە، کە ئێستا پارێزگاری هەولێر سەرپەرشتی پڕۆژەکە دەکاتو بەهەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای شـوێـنـەوارنـاسـانو بـەڕێـوەبـەرێـتـی شوێنەواری هەولێر ئەو کارە دەکرێت، رێکخراوی یونسکۆش خۆی پڕۆژەکەی راگەیاندووەو داویەتی بە کۆمپانیایەکی تورکی.

بە تەواوبوونی پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قـەڵای هەولێر، پێدەچێت رێکخراوی یونسکۆ ئەم قەڵا مێژووییە وەک یەکێک لە شوێنەوارە مێژووییەکانی جیهان قبووڵ بکات، ئەمەش دەبێتە شوێنێکی گەشتیاریی جیهانیو سەرچاوەیەکی دارایی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئیسماعیل مەجید، شـارەزا لە بواری ئابووریی، لەبارەی ئایندەی قەڵاوە ئاماژە بەوە دەکات: گەشتوگوزارو شوێنەوار لە زۆرینەی وڵاتـان سەرچاوەی سەرەکی داهـاتو ژێرخانی ئابوورییە، بـەڵام لە کوردستان وەک پێویست گرنگی نادرێت بە شوێنە گەشتوگوزارییەکان.

نـاوبـراو وتیشی: «قـەڵای هەولێر شوێنەوارێکی گرنگو سەرنجراکێشە، دەکـرێـت بـەشـێـوەیـەکـی رێکوپێک سەرپەرشتی بکرێتو ببێتە سەرچاوەیەکی داهاتی باش بۆ گەشتیاران لە سەرتاسەری جیهان».



# حەیفێک بۆ پەرلەمان



مەهدی ئەبوبەکر

کێ لە پەرلەمانی کوردستان رازییە با دەستی بڵند بکات؟ ئەم پرسیارە بۆ پەرلەمانتارەکانەو تەنیا وەڵام لەوان وەردەگیرێت.

لە پەناو پەسێوەکاندا، لە چێشتخانەو سەر مێزە خۆشەکاندا، لای رۆژنامەنووسەکانیش بەو مەرجەی بڵاوی نەکەنەوە، پەرلەمانتارەکان وەڵامەکەیان ئەوەیە؛ نەخێر، رازی نیین‌و پەرلەمان بێدەسەڵاتە.

بەداخەوە پەرلەمانتارێک نەبوو دەستی بڵند بکات.

باشە بۆ؟

پەرلەمانتارەکان دەڵێن: ئەوەی حیزب ئەرێی بۆ نەکات، ناتوانین باسی بکەین، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتێکی فرەی هەیەو ئەندام پەرلەمان وەکو فەرمانبەر سەیر دەکات.

ئەوە رەخنەی بەردەوامی پەرلەمانتارانە، لەو دامەزراوەیەی کە خۆیان دەوامی تێدا دەکەن.

ئەم پرسیارەیان گشتییە؛ ئایا پەرلەمان وەکو دامـــەزراوە بێدەسەڵاتە، یـان خودی پەرلەمانتاران؟

بە گـوێـرەی یاسا پەرلەمان یەکێکە لە دامـەزراوە سەرەکییەکانی سیستمی سیاسیی کوردستان، دەسەڵاتەکەی ئەگەر لە دەسەڵاتی راپەڕاندن‌و قەزائی زیاتر نەبێت کەمتر نییە، ئەم دامەزراوەیە وەکو دەسەڵاتی یەکەم، یاسا بۆ دوو دەسەڵاتەی تر دەردەکات، واتە پەرلەمان ئەسڵ‌و ئەوان دووکەوتەن.

کەواتە؛ بەگوێرەی یاسا پەرلەمان وەکو دامەزراوە بێدەسەڵات نییە!

ئەی کێ بەرپرسە بەرامبەر ئەو بێدەسەڵاتییە؟ تۆ بڵێی پاسەوانی بەردەرگای پەرلەمان بەرپرس بێت؟

نەخێر، بەدڵنیاییەوە، پەرلەمانتاران بەرپرسن.

گەلۆ؛ تەماشاکەن لەو کاتەی کە بەندە ئەم وتارەی تێدا دەنووسم، بە حیساب‌و بە کیتاب، ساڵێک‌و (٢٠) رۆژ بەسەر تەمەنی ئەم پەرلەمانەدا تێپەڕیووە، بەڵام بۆ خواو بۆ ویژدانی خۆتان تەماشاکەن چەند یاسا دەرچووە:

١- یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای دەستەی گشتیی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.

٢- یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان- عێراق بۆ ساڵی (٢٠١٠).

٣- یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای دەستەی پاراستن‌و چاکردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٤- یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٥- یاسای ژمـارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارەتـی دارایی‌و ئابووری هەرێمی کوردستان- عێراق.

٦- یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارەتـی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٧- یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژوورە بازرگانی‌و پیشەسازییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩٣).

٨- یاسای ژمـارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

٩- یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵیی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٠) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

١٠- یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارەتـی بازرگانی‌و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان- عێراق.

تکایە رەخنەم لێمەگرن، چونکە ئەو (١٠) یاسایەی لەسەرەوە ریزم کردوون، لە سایتی رەسمیی پەرلەمان وەرمـگـرتـوون، ئەگەر زیاتر دەرچـووە، ئـەوا خۆتان بەرپرسن لە بڵاونەکردنەوەی!!

دەستیان خۆش، بەس نییە ئەوەندەشیان بۆ دەرکراوە.

وەرن با بەخێرایی سەیرێکی ئەو (١٠) یاسایە بکەین؛ (٧) لەو یاسایانە، بۆ رێکخستنی وەزارەت‌و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، دەرچوون.

ئەی سیانەکەی دی؟

یاسایەکیان یاسای بودجەیە، دووانەکەی دیـش یەکێکیان درێـژکـردنــەوەی مـاوەی کارپێکردنی یاسای دژە تیرۆرو ئەوی تریش جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەری فیدراڵییە، کە لە بەغدا دەرچووەو پەرلەمان تەنیا ئۆکەی کردووە.

پرسیارێکی تر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان؛ باشە کاتێک وا لەدەرەوە رەخنە دەگرن، ئەدی بۆچی لەناو پەرلەماندا ئاقڵ‌و بێدەنگ دادەنیشن‌و ناپرسن لەماوەی ئەمساڵ‌و چەند رۆژەدا چیمان کردووە؟

قەیناکە وەک خۆتان دەڵێن: حیزب شتتان بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵام دڵنیام بایی ئەوە ئازادیتان دەداتێ تا ئەو پرسیارەی سەرەوە لەیەکتری بکەن.

ئەگەر یەکێکی نەشارەزا سەیری ئەو یاسایانە بکات، کە لەم خولەدا لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرتانکردووە، دەزانن چی دەڵێت‌و عەقڵی بۆچی دەچێت؟

وادەزانێت کوردستان یاساڕێژ بووە، بوارێک نەماوەتەوە، پەرلەمان پەی پێنەباتو یاسایەکی بۆ دەرنەکات، چونکە یاسایەک لەناو ئەو (١٠) یاسایەدا نییە، کە بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئابوورییەکان، رۆشنبیرییەکان‌و خوانەخواستە سیاسییەکان دەرچووبێت.

دڵنیام، ئەگەر پەرلەمانتار قسەی هەبێت، کەس ناتوانێت رێگەی لێبگرێت.

بە عەقڵی کەسیشدا ناچێت، حیزب بتوانێت سەرجەم پەرلەمانتارانی خۆی بکوژێت لەسەر ئەوەی بەقسەی نەکەن، یان داوا بکەن چاودێریی کارەکانی حکومەت بکەن.

خۆشتان باش دەزانـن، پەرلەمانتار تەنیا خواو یاسا، دەتوانن لێی بپرسنەوە.

بۆیە دڵنیاتان دەکەم پەرلەمان وەک دامەزراوە بە دەسەڵاتە، بەڵام کورد وتەنی: ئەسپ بە سوارچاک دەگۆڕێت، ئەگەر یەکێک سوارچاک نەبوو، رەخشەکەی رۆستەمی زاڵیشی بدەیتە دەست دەیکاتە ئەسپە دارینە.

# تاقیکردنەوەیەک بۆ موعارەزەو میدیای ئەهلیی



هێمن لهۆنی

کەس گومانی نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ کەموکوڕیی نییە، چونکە لەسەر سیستمێکی تەندروست بنیات نەنراوە. حکومەت، رۆڵەی دڵسۆزی حیزبە، ئەم رستەیە لە زیهنی هەموو تاکێکی بەشمەینەت‌و تەنانەت خێرنەدیوی ئەم هەرێمەدا هەیە، بەڵام گومانیش نییە کە هەوڵێک هەیە بۆ ئاڕاستەکردنی حکومەت بۆ رێڕەوێکی دروســت‌و تەندروست، پێدەچێت بۆ ئەم رستەیە، زۆرێک باوەڕیان پێی نەبێت.

بێویژدانییە، بە حکومەتی هەرێم بڵێیت، حکومەتێکی تەواو شەفافی دیموکراتی، لەهەمانکاتیشدا بێویژدانییە، کۆمەڵێک کاری کابینەی شەش بەهەند وەرنەگیرێت‌و رەش‌و سپی لێکجیانەکرێتەوە.

ریفۆرمی پـەروەردەیـی لە زانکۆو پەیمانگاکان‌و هێنانی بودجەو ئاشکراکردنی (بە کەموکورتییەکانییەوە)، بڕینی پارەی کۆمەڵەو میدیای سەر بە حیزبەکان‌و گێڕانەوەی پارەی نەوت‌و هەنگاونان بۆ بەیاساییکردنی بودجەی حیزبەکان، کاری باشن‌و ئومێدبەخشن.

ئـەمـانـە کـاری سـەرەتـایـی هەموو حکومەتێکن کە ئیدیعای دیموکراتیبوون دەکات، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان کە هەژدە ساڵە سامانەکەی لە قورگی کۆمەڵێک سیاسیی بازرگاندایە، کارێکی ئاسان نییە.

ئەم هەنگاوانەی کابینەی شەش، لەگەڵ بوونی هەموو کەموکورتییەکان، پێویستی بە هاندان‌و پشتگیریی هەیە، چونکە ئێستا هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆ بەرگرتن لەو کارانە لەلایەن مشەخۆرەکانی حیزبەکانی دەسەڵاتەوە.

کوردستان، زۆری ماوە بگاتە ئەوەی کە حیزب‌و موعارەزە بکەونە کێبڕکێیەکی سیاسیی تەندروستەوە، بۆیە ئەرکی هەم موعارەزەیەو هەم سیاسییە تەکنۆکراتە خەمخۆرەکانی دەسەڵاتە کە پێکەوە لە دژی مشەخۆرە گەندەڵەکان، لەهەندێک مەسەلەی چارەنووسسازدا بچنە بەرەیەک.

منیش وەک هەموو کـەس، چەندین تێبینی‌و رەخنەم لە حکومەتی هەرێم هەیە، بەڵام خۆشحاڵم لە کابینەی شەش کە هەندێک کەسی تەکنۆکرات دەبینم، لەوانەش (وەزیری خوێندنی باڵا) کە کاری جدیی دەکـات. ئەم وەزیـرە کاردەکات، بەڵام پێویستی بە میدیاو موعارەزەیە کە پشتگیریی بکەن، لەهەموو ساتێکدا ئەم پیاوە موعەرەزە بۆ دەستلەکارکێشانەوە لە پۆستەکەی، چونکە بەپێی زانیارییەکان، لەژێر فشارێکی زۆری مشەخۆرەکاندایەو جێگەی خۆیەتی بپرسین لە موعارەزەو میدیای ئەهلیی، ئایا ئێوە هـاوار ناکەن بۆ ریـفـۆرم‌و گـۆڕان، ئـەوە ریفۆرمی پـەروەردەیـی دەسـتـی پـێـکـردووە، بۆ پشتگیریی ناکەن؟ ناکرێت لەبەر خاتری دەنگێک، هەمیشە دژی هەنگاوەکان بیت.

مـوعـارەزە، هیچ بیانوویەکی نییە بـۆئـەوەی پشتگیریی لـەم هەنگاوانەی کابینەی شەش نەکات، ئەگەر موعارەزەی راستەقینەیەو بە رق‌و کینەی حیزبایەتی کارناکات.

میدیای ئەهلییش، ئەگەر خاوەنی پەیام‌و بەرنامەیە، ئـەوا دەبێت ببێتە دوانگەی پشتگیریکردن لە کارە ریفۆرمییەکانی حکومەت. پێدەچێت بۆ هەندێک ئەم قسەیە سەیر بێت، بەڵام من دەیڵێمەوە کە کێشەی میدیای ئەهلیی لەم وڵاتەی ئێمەدا، ئەوەیە کە بەرنامەیەکی روونی نییەو کەس نازانێت داوای چی دەکات، ئەگەر نا بۆ پشتگیریی لەم هەنگاوانە ناکات؟

کابینەی شـەش، هێشتا پڕکێشەیەو لە نەخۆشیی دوو ئیدارەیی رزگـاری نـەبـووە، بـەڵام سـەرەڕای هـەمـوو بەربەست‌و کەموکووڕییەکان، بە هەوڵی هەندێک لە تەکنۆکراتە سیاسییەکانی ناو ئەم کابینەیە، هەنگاوی باش نراون‌و ئـەم هەنگاوانە تاقیکردنەوەیەکن بۆ موعارەزە، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت، تا چەند بزووتنەوەیەکی موعارەزەی تەندروستن‌و خاوەنی بەرگی رق‌وکینەی حیزبی نین‌و تاقیکردنەوەیەکیشە بۆ میدیای ئەهلیی کە تاچەند پێمان دەڵێن، پەیامدارن‌و ئامانجیان پشتگیریی ریفۆرمکردنە، بـۆئـەوەی کەشێک بخولقێنرێت کە چیتر نەکوژرێن‌و هەڕەشەیان لێ نەکرێت.

# تارماییەکی رەش، بەڕێوەیە



نەبەز گۆران

ئەگەر ئازادیی مەترسی لەسەر نەبێت، قسەی لەبارەوە ناکەین، لەوشوێنەی زۆرترین قسە لەسەر ئازادیی کرا، لەو شوێنەدا ستەمێک سەری هەڵداوەو کاڵبوونەوەی رەنگی ئازادیی دەستیپێکردووە. قورسە باوەڕ بەوە بهێنین کە ئازادیی لەم وڵاتەدا بوونی هەیە، ئەوانەی قسەدەکەن، وەک جەنگاوەرێک قسەدەکەن‌و وەک جەنگاوەرێک لە شەڕدان، بەردەوام مەترسیی لەسەر ژیانیانە، نەک وەک کەسێکی ئازاد قسە بکەن‌و بەرامبەرەکەیان کە دەسەڵاتە بەسادەیی لێیان وەربگرێت. کاتێک لەمەملەکەتێکدا، کۆمەڵێک نووسەر، یان رۆژنامەنووس بوونە پاڵەوان، ئەوە لەو شوێنە ئازادیی نییە، بۆیە پاڵەوان دروست دەبێت، ئەگەر ئازادییەکان بوونیان هەبێت‌و هەرکەسەو لەشوێنی خۆیەوە دەنگ بەرزبکاتەوەو ماف‌و ئەرکەکان دیاری کران، پاڵەوان بوونی نامێنێت، پاڵەوان لەکاتی جەنگەکاندا دروست دەبێت، هەر ئەمەشە وادەکات لەئێمە کە بڵێین، ئەو نووسەرو رۆژنامەنووسانەی کە قسەدەکەن‌و دەبنە پاڵەوان، لە بێ ئازادیدا ئەم شوناسەیان پێدەدرێت. سەیرکەن، بزانن کە ئێمە جەنگاوەرین، یان نا؟ ئەوەی ئێمە دەیکەن، جەنگێک نییە بۆ وەرگرتنی ئازادیی بۆ هەمووان؟، ئەگەر ئازادیی هەیە، ئەم هەموو ستەمە چیدەکات لەناو ژیانی ئەم مەملەکەتەدا؟ کەس هەیە بتوانێت بڵێت، دەسەڵات مەیلی ئازادیی هەیە؟ ئەگەر مەیلی ئازادیی، بوونی هەبێت، بۆچی قسەکردن‌و نووسین بووەتە جەسارەت؟

هەموومان دەست لەم مەترسییە دەدەین کە لەبەردەمماندایە، درک دەکەین بەوەی لەسەردەمێکدا دەژین، ئەگەر جەنگاوەرانە هەوڵ نەدەین، جارێکی دی ئەم مەملەکەتە دەکەوێتەوە ناوچاڵێکی تاریکەوەو ئەوانەی دەیشیخەنە ناوچاڵەکەوە، بێگانەکان نین، کەسانێکن لەناوماندان، کەسانێکن لەگەڵماندا دەژین‌و بەکوردیش قسەدەکەن، جیاوازیی نێوان ئێمەو ئەوان یەک شتی گرنگە، ئەویش بیرکردنەوەیە لە ئازادیی‌و ستەم. ئەوان، هەڵگری ماهیەتی ستەمێکن‌و دەشیانەوێت ژیان بەرەو ئەو مۆدێلە ببەن کە مانا بۆ شتەکانی دی ناهێڵێتەوە، بەرگرییەکەی ئەوان، بەرگرییەکە لە بنەڕەتەوە خزاوەتە ناو خەیاڵدانیان، هەر پاشەکشەیەکی ئێمە لەو رۆحی ئازادییەی هەڵمانگرتووە، تارماییەکی رەش ئەدا بەسەر هەموو ئەو رەنگانەدا کە لەخەیاڵدانی ئێمەدا بەدی هاتوون.

هێشتا دەسەڵاتی چوارەم دروست نەبووە، بۆیە حیزب دەستەکانی بەهێزن، هێشتا رەنگەکان دروست نەبوون، بۆیە تاقە دوو رەنگ حوکمڕانن، هێشتا بتەکان نەشکاون، بۆیە سوژدەکان زۆرینەن، تاکو دەرگاکان بەتەواوەتی نەکرێنەوە، رووناکییەک نایەتە ناوماڵەکان، ئیشی ئێمە هەر ئەوە نییە کە جەنگاوەرانە هەڵسینەسەرپێ، ئیشی ئێمە ئەوەیە کە هەموو رەنگەکان بخەینە ناو ژیانەوە، ئەوهەنگاوانەی ئێستا دەهاوێن، هەنگاوی سەرەتایین، هێشتا لەسەرەتاداین، هێشتا زووە، ئیمانهێنان بەوەی کە ئازادیی دەستیپێکردووە، خەونێکی کاڵە، لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی کە ئازادیی کاتێک دەستپێدەکات کە دەسەڵات بتوانێت وەریبگرێت‌و لەبەرگریکردندا نەبێت بۆ کوشتنی، تەماشاکردنێکی ئەم ماوەکەمەی ژیانی سیاسیی‌و رۆژنامەوانیی ئەم هەرێمە، بەسە بۆئەوەی پێمان بڵێت کە مەترسیترین چرکەسات بۆ سەر ئازادیی لە ئێستاوە دەستپێدەکات، چونکە لەزەمەنەکانی رابردوودا ئازادیی بەسترابوو بەچەند خاڵێکی بچووکەوە کە لە خەیاڵی دەسەڵاتدارانەوە دابەشدەکران بەسەر خەڵکدا، کاتێک ئەم بازنەیە چووە دەرەوەی دەسەڵات‌و لە شوێنەکانی دیەوە کاری لەسەرکرا، دەسـەڵات‌و حیزب کەوتنە خۆو مەترسیی ئەم کرانەوەیە خستینیەوە ناو دۆخەکەی جاران. ئازادی ئەوە نییە کە دەسەڵات دەیدات، ئازادی ئەوەیە کە دەسەڵات دیاریی دەکات.

دوور نییە، لەم نزیکانەدا یاسای کاری رۆژنامەنووسیی دەستکاریی بکرێت‌و پانتایی ئازادیی رۆژنامەنووسی تەسک بکرێتەوە، دووریش نییە کە ئەو هەنگاوەی حیزب‌و دەسەڵاتەکەی بەنیازن بیهاون، نەبێتە هۆی کوشتنی هەموو خەونەکان، دڵنیابن کە هەنگاوێکی گەورە لەئارادایە بۆ تەسککردنەوەی ئازادیی‌و ژیان، ئەوان لەهەوڵی ئەوەدان سنوورەکان زۆربکەن‌و بازنەکان تەسک بکەنەوە، کێ بەرگەی ئەو ستەمە دەگرێت؟ ئایا کوشتنی دەسەڵاتی چـوارەم، کوشتنی هەموو پنتەکانی ژیان نییە؟ ئەوەی ئازادیی بەخراپ بەکارهێنا، ئێمە بووین، یان ئەوان؟ کێیە رێگەکانی ئازادیی کورت دەکاتەوە؟ کێن ئەوانەی هەڵە دەکەن‌و هەڕەشەن بۆسەر ژیان؟

ئەوەی ستەمکار بێت، هەمیشە هەڵە دەکات، ئەوەی خەونی بچووکی هەبێت بۆ ژیانی ئەوانی دی، زوو کاڵدەبێتەوە، فەزای ژیانی ئێمە لەناو غوبارێکدایەو بەرەو خنکان دەچێت، ئەگەر هەموومان دەست نەگرین‌و هەوڵی ئیفلیجکردنی ئەو هەنگاوانە نەدەین کە دژی ئازادیی هەمووان دەنرێن، دەبێت چاوەڕێی زەمەنێکی دی بین، کەس هەیە تەحەمولی چاوەڕوانی بکات تا تروسکاییەکی دی دێتە دەرەوە؟ بۆچی بەرلەوەی رووبدات‌و هەنگاوەکانیان سەربگرن، ئێمە کارێک نەکەین؟ ئەمە تەنها ئەرکی نوخبەیەکە ئەم کارەبکات، یان ئەرکی هەموومانە؟ ئەوەی جەنگاوەرەکانی ناو رۆژنامە ئازادەکان‌و ئۆپۆزسیۆن کاری لەسەردەکەن، تەنها بۆخۆیانە، یان بۆ ئێوەشە؟ لەخۆتان بپرسن، ئەگەر ئازادیی ئێمە تەسک کرایەوە، چ ژیانێک چاوەڕێی ئێوە دەکات؟ بۆ بەبێدەنگی لەماڵەکانتاندا دانیشتوون؟ حیکمەتی بێدەنگیی ئێوە، دەمانباتەوە بۆ سەرەتایەکی لێڵ، ئێوە پێتان خۆشە منداڵەکانتان سەربەرزانەو ئازادانە بژین، یان پێتان خۆشە قایل بن بەوەی دێتە رێگەتان؟ نابینن کە رۆژانە هەڕەشە لە وشەو لە مافەکانی ئێوەدەکرێت؟ ئەی مرۆڤ چ شەهامەتێکی تێدایە، ئەگەر ژیان بە سەرکزیی ببەیتە سەر؟ پرسیاری من بۆ هەمووتانە، بۆ چاکەکانتان‌و خراپەکانتان، ئەوەی ئێمە دەیبینین، ئێوەش دەیبینن، بەڵام ئێوە بێدەنگن‌و ئێمە نا، ئەگەر هەرهەمووتان لەشوێنی خۆتانەوە دەنگ بەرزبکەنەوە، ئەوانیش ناتوانن بەخۆیان‌و بتەکانیانەوە، ببنە هەڕەشە بۆسەر ژیانتان، ئەگەر ئازادیشتان ناوێت، موبارەکتان بێت ستەمی حیزب، بەڵام دەزانم کە لەناوەوە دەکوڵێن‌و لەدەرەوە بێدەنگن، بەرلەوەی تارماییەکە دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێت، باشترە هەست بەو مەترسییە بکەن‌و هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن لەسەر ژیانی ئازاد. با سەردەمی جەنگاوەر کۆتایی بێت، با چیتر نەهێڵین مافمان بخورێت، نەهێڵین وڵاتەکەمان تاڵانبکرێت‌و سامانەکەی بچێتە گیرفانی پیاوانی خراپەوە، ئەگەر ئێوە لەگەڵیان نەبن، هەمووشت هی ئێوەیە، ئەگەر ئێوە قبووڵیان نەکەن، ناتوانن دەستکاریی ژیانتان بکەن بەو مۆدێلەی کە خۆیان پێیان خۆشە، دڵنیابن کە لەم نزیکانەدا تارماییەکی رەش دژی ئازادیی دەستپێدەکات، ئەگەر قبوولی بکەن، خۆتان ئازارەکەی دەچێژن.

## چارەنووسی دەستگیرکراوە ئیسلامییەکان، نادیارن


# سکاڵا لەسەر دەزگای ئاسایشی سلێمانیو دژەتیرۆر تۆمار دەکرێت

**هەنگاو هاشم - هەولێر**

هەردوو ئاسایشی پارتیو یەکێتی بە بێسەروشوێنکردنی چەندین کەس تۆمەتبار دەکرێن، هاوکات کەسوکاری ئەوکەسانەی دەستگیرکراون، ئاماژە بەوەدەکەن؛ تاوەکو ئێستا بەندکراوەکانیان بێ سەروشوێنن.

شێخ کەمال نوری، بەرپرسی دەزگای مافی مرۆڤی بزووتنەوەی ئیسلامیی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە ساڵی (٢٠٠١) ەوە تاوەکو ساڵی (٢٠١٠) زیاتر لە (٥٠٠) ئەندامی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی یەکێتیو پارتیو دژەتیرۆرەوە دەستگیرکراونو دواتر بەربوون، گیراوەکانیش لە یەک رۆژەوە تێیدایە تاوەکو شەش ساڵ زیاتر، ئەندامان هەبووە نزیکەی شەش ساڵ گیراوەو دوایی پێیان وتووین داوای لێبووردن دەکەینو ئەندامێکیشمان بەناوی ئیسماعیل ئەحمەد، لەژێر ئەشکەنجەی ئاسایشی سلێمانی گیانی لەدەستدا، داوای حەقی ئەم ئەندامەمان دەکەین».

بەرپرسی دەزگای مافی مرۆڤی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئاماژە بەوەشدەکات؛ ئەندامێکیان لەلایەن دەزگای دژەتیرۆر، دووکەسی تریشیان لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە گیراون، لە ساڵی (٢٠٠١) ئەندامێکی تریان بەناوی عبدولجەبار قادر حەسەن، ساڵی (٢٠٠٢) زمناکۆ عومەر فەرەج بابە شێخی، ئەندامی بزووتنەوە لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە گیراون، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٣) ئەندامێکی تریان بەناوی عابید حەسەن، لەلایەن دەزگای دژەتیرۆرەوە گیراوە، وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی چەندین جار لەگەڵ دەزگای دژەتیرۆرو لایەنە پەیوەندیدارەکانو سەرۆکی حکومەت دانیشتووین، بەڵام هیچ وەڵامێکمان نەبووە، تائێستا هیچ سۆراغێکیان نییە».



پرشنگ حەمەد ئەمین، خێزانی هیدایەت ئەحمەد عەزیزی، ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامییە، باسی ئەوە دەکات کە هیدایەتی هاوسەری لە (٢٠٠٧/٢/١٠) دەستگیرکراوە لە چەمچەماڵەوە بۆ سلێمانی براوە، تاوەکو ئێستا نازانرێت لەکوێیە، وتیشی: «چەندین جار هەوڵمان داوە سەرو سۆراغیمان دەست بکەوێت، بەڵام هیچ لایەنێک وەڵاممان ناداتەوە، هەروەها داواکاریمان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانیش کردووە، بەڵام ئەنجاممان بەدەست نەگەیشتووە».

نەعمان سەلام ئەحمەدیش، کە براکەی لە ناوەراستی ساڵی (٢٠٠٤)ەوە دەستگیرکراوە، دەڵێت: «سۆرانی برام لە ٢٠٠٤/٦/٨ەوە لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە بەهۆی پەیوەندیکردن بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە گیراوە، تاوەکو ئێستا ناتوانین سەردانی بکەینو سۆراغی نییە».

هاوکات خاتو خەدیجە، هاوسەری عومەر حەسەن عوسمانی، ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامیی، باس لەوە دەکات، لە ٢٠٠٧/٥/٢٦ەوە عومەری هاوسەری گیراوەو بەپێی زانیارییەکانیشیان لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە گیراو، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ سۆراغێکی نازانینو وتیشی: «هەندێک پێمان دەڵێن لە ئاسایشی هەولێر گیراوە، هەندێکیش دەڵێن لە دهۆک، تاوەکو ئێستا نازانین چی لێهاتووەو چەندین جار سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێممان کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە».

لەلایەن خۆشیەوە وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیی ئاماژە بەوە دەکات؛ کە کەیسی دیارنەمانی ئەو ئەندامانەیان لەگەڵ مەکتەب سیاسیی یەکێتیو پارتیو دەزگا پەیوەندیدارەکاندا باسکردووە.

عەبدولستار مەجید، وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیی بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە ئەو کەسانەی لێیان گیراوە تائێستا شوێنیان دیارنییەو لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزبو دامودەزگاکانی حکومەت قسەیان کردووە، پێیانڕاگەیاندوون، پێویستە لانی کەم شوێنی ئەو کەسانە دیاربێتو بزانین لەسەرچی گیراون، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی روونو ئاشکرایان نەداونەتەوەو وتیشی: «ستەمێکی گەورەی دەزانین کە کەسێک دیار نەمێنێت بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر، نەزانین جێگەی کوێیەو لەسەرچیش گیراوە، تائێستاش لە هەوڵی سۆراغی کەسەکانماندایین، لە پاشان قسەی خۆمان دەکەین».

هاوکات شێخ کەمال نوری، بەرپرسی دەزگای مافی مرۆڤی بزووتنەوەی ئیسلامیش ئاماژەی بەوەش دا؛ کە وەکو بزووتنەوەی ئیسلامیی هەنگاویان ناوە بۆ ئەوەی کە سکاڵا تۆمار بکەن لەسەر دەزگای ئاسایشو دژەتیرۆر، داوای قەرەبووش لە هەردوو ئاسایشی هەولێرو سلێمانی دەکەن، ئەمە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە بڕیای لەسەر دراوە، ماوە جێبەجێی بکەن، دەشڵێت: ئێمە هەموو بەڵگەیەکمان هەیە کە ئەندامەکەنمان لەلایەن ئەم دەزگایانەوە دەستگیرکراونو ئەو کەسانەی ئەندامەکانی ئێمەیان دەستگیرکردووە کێ بوون، هەروەها چەندین کەسیش ئازاد کراون ئەندامەکانی ئێمەیان بینیوە، بەڵام نامەیەکی ئاسایشی گشتیمان لەلایە دەڵێت: ئەوکەسانە لای ئێمە دەستگیر نەکراون».

بەرپرسی دەزگای مافی مرۆڤی بزووتنەوەی ئاشکرایکرد، کە سکاڵایان داوە بە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێرو کونسڵەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو وەزارەتی مافی مرۆڤی هەرێمو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی عێراق، زیاتر لە ساڵێکیشە نووسراویان داوە بە پەرلەمانی کوردستان.

لە بەرامبەردا سالار مەحمود، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە سکاڵای کەسوکاری ونبووەکانیان پێگەیشتووە، لە خولی پێشووشدا چەندین سکاڵا هەبووە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرۆکایەتی پەرلەمانو کۆمەڵێک لایەنی ترمان لێ ئاگادار کردووەتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بەو دۆخە ناهەموارەوە هەیە کە بەسەر هەرێمدا هاتووە.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان وتیشی: ئێستا سەرقاڵی کۆکردنەوەی مەلەفێکی هەمەلایەنین، لەو سکاڵایانەی هاتووەتە لامانو لە سندووقی خولی پێشوو لیژنەی مافی مرۆڤیش ماوەتەوە، وەڵامێک بۆ کەسوکاریان وەرنەگیراوەتەوە، ئەم بابەتەش گرنگو هەستیارە کە لایەنێکی پەیوەندیی بە ململانێیە سیاسییەکانەوە هەیە لەڕابردوو، هەندێک خەڵکیش ونن نازاندرێت بۆچی ونن»و ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد؛ کە دەزگاکانی ئاسایشو دژەتیرۆرو پاراستن لەم رووەوە تۆمەتبار دەکرێن، ئەمەش پێویستی بە یەکلاییکردنەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش بەداواداچوونی بۆ دەکەنو سەرۆکایەتی پەرلەمانی لێ ئاگادار دەکەنەوە».

---

# «(٢٥) ساڵی دیکەش ناتوانرێت هەرێم لە مین پاکبکرێتەوە»

**راپۆرتی: چاوان عەلی**
**ژمناکۆ ئیسماعیل**

لە ئێستادا (٧٨٨)کم دووجا لە خاکی هەرێم بە مین پیسبووەو وتەبێژی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کاروباری مینیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەگەر کارەکان بەمشێوەیە بڕوات بە (٢٥) ساڵی دیکەش ناتوانین رووبەری هەرێم لە مین پاکبکرێتەوە.

لە هەولێرو سلێمانی بەڕێوەبەرێتییەکو دەزگایەک بە جیا کار بۆ پاکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە مین دەکەن، لە هەولێر بەناوی دەزگای گشتیی کاروباری مین کە سەربەخۆنو دەسەڵاتی وەزارەتیان هەیە، لە سلێمانیش بەناوی بەڕێوەبەرێتیی کاروباری مین کە سەر بە وەزارەتی پەیوەندییو هاوکاریی بوونو ئێستا سەر بە وەزارەتی داراییـن.

حاجی مەسیفی بەڕێوەبەری کاروباری مین لە پارێزگای سلێمانی دەڵێت «ئەو بودجەیەی دەدرێت بە بەڕێوەبەرێتییەکەمان بۆ پاککردنەوەی مینو تەقەمنییەکان جێگەی تموحی ئێمە نییەو کارەکەمان باش راناپەڕێنێت».

ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە تێکرای تێچونی بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ پاککردنەوەی بڕی یەک مەتر دوجا، لەساڵی ٢٠٠٥وە تاوەکو ٢٠١٠/٨/١٥ بریتیە لە ٤٧٤٨ دیناری عێراقی، کۆی پارەی سەرفکراو لە٢٠٠٥وە تاوەکو ئێستا بۆ پاککردنەوەی ڕووبەری ١٢,٤٣٣,٤٢٠ مەتر دوجا، بریتییە لـە٥٩,٠٢٧,٧٢٣,٩٥٣ دیناری عێراقی، واتە بۆ پاککردنەوەی ئەو ڕووبەرەی کەماوە ٢١٦,١٧٢,٢٨٠ مەتر دوجایە، بۆ ئەوەش پێویستمان بەبڕی ١,٠٢٦,٢٧٩,٣٣٣,٧٢١ دیناری عێراقییە، کەدەکاتە ٨٦٩,٧٢٨,٢٤٩ دۆلاری ئەمەریکی.

بەپێی ئامارێکی رەسمیش سەبارەت بە داتای قەبارەی کێشەی مین لە هەرێمی کوردستان، (٧٧٦)کم دووجا بە مین پیسبووە لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، (١٢)کم دووجاش لە کەرکوک، بەمەش کۆی رووبەری پیسبووی هەرێم بە مین (٧٨٨)کم دووجایە، ئەمە جگە لەوەی (٣١٤٥) ناوچەی پیسبوو بە مین دەسنیشانکراون، کە (٢٧٨٩) ناوچەی پیسبوویان لە سنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیانەو (١١٢٦) گوندو شوێنیش لەژێر کاریگەریی میندان، هەر بەپێی ئەو ئامارە (٧٤٨٦٥١) کەسیش لە ژێرکاریگەریی میندان.

مەسیفی ئەوەشی خستەڕوو کە لەساڵی ١٩٩١ەوە ڕێژەی ١٨٪ی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پاککراوەتەوەو لە٨٢٪ی ڕووبەری ناوچەکانی مین ڕێژکراو بەپاک نەکراوەیی ماوەتەوە» ناوبراو وتیشی «ئەوەش هۆکاری خۆی زۆرە، لەهۆکارە هەرە گرنگەکانی ئەوەیە کەئێمە درەنگ بەم کارە گەیشتین، لەهەمانکاتدا نەبونی بودجەی پێویست وایکردووە هەندێ جار سستی بەکارەکانمانەوە بنوێنێت».

لەگەڵ ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر چەندین ڕێکخراوی ئەمریکیو ئەوروپی لەبواری مین هەڵگرتنەوە لە کوردستان وەک (NPA, MAG) کاریان کردووەو لە (٢٠٠٥)یشەوە ئەم دەزگاو بەڕێوەبەرێتییە کاردەکەن، بەڵام بە وتەی میروان ئەحمەد، وتەبێژی رەسمیی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری مین بە (٢٥) ساڵی دیکەش ناتوانرێت هەرێم لە مین پاکبکرێتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە، کە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە ڕێکەوتننامەی ئۆکتاوای کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی بەکارنەهێنانو نەچاندنو نەگواستنەوەو عەمبارنەکردنو لەناوبردنی مین ئیمزاکردووە، کە لە مانگی شوباتی (٢٠٠٨)ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیە، هەرکەس پابەندی خۆی بەو ڕێکەوتننامەیەوە دەربڕیو ئیمزای کرد دەبێت گشت بەندەکانی جێبەجێ بکات، کە یەکێک لە گرنگترین بڕگەکانی لە ماوەی (١٠) ساڵدا مینە چێنراوەکانو لە ماوەی (٤) ساڵدا مینە عەمبارکراوەکانت لەناوبەریت، بەم پێیە بێت عێراق لە (٢٠١٨) دەبێت لە مین پاکرابێتەوە، کە وەک بەرپرسانی کاروباری مین ئاماژەی پێدەکەن ئەوە کارێکی ئاستەمە.

لەلایەکی دیکەوە، رەنگە رەخنەی ئەوە لەم دەزگاو بەڕێوەبەرێتییانەی کاروباری مین بگیرێت، کە شوێنە مینڕێژکراوەکان، نازانرێت لەسەرچ بنەمایەک پاکدەکرێنەوە، وتەبێژەکەی بەڕێوەبەرێتی کاروباری مین لەمبارەیەوە روونی کردەوە، کە بەپێی ئەولەویەتو پێویستی دانیشتووانو ئەو ناوچانەی نزیکە لە شوێنی ئاوەدانی خەڵکو ڕێگەی ئاوو ئەو ناوچانەی حکومەت پڕۆژەیان تێدا ئەنجامدەدات.

هاوکات، بەرپرسانی کاروباری مینیش رەخنەیان لە حکومەت هەیە، وەک میروان دەڵێت: «زۆرکات حکومەت پڕۆژەیەی بەپەلەمان بۆ رەوانە دەکات، ئەمە هەندێک جار کارەکانمان لێ تێک دەدات، هەربۆیە داوامان لە حکومەت کردووە کاتێک لە پلانەکانیاندا لایەنی تایبەت بە پاکردنەوەی مینیان دەبێت پێشوەخت ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە ئێمە پلانی خۆمان هەیەو ئەو بودجەیەی هەشمانە بەشی کارەکانی خۆمان دەکات کە پلانمان بۆ داناوەو تەحەمولی کاری دیکە ناکات».

ئەو رووبەرانەی خەملێنراون کە ناوچەی مینڕێژکراون لە هەرێم، بە وتەی بەرپرسانی کاروباری مین لە کوردستان، خەمڵاندنێکی دەقاو دەق راست نییە، میروان ئەحمەدیش، ئەو زانیارییەی پشتڕاستکردەوەو وتی: ئەو خەمڵاندنەی ڕێکخراوە بیانییەکان کردوویانە پێشتر، زیادەڕەویی تێدایە، چونکە ئەگەر زانیبێتیان مینێک هەیە ناوچەیەکی زۆریان پێوە بە مەترسیدار تۆمارکردووە، بەڵام ئێمە بۆ پاکردنەوەی ئەو ناوچانە کار بۆ سەرلەنوێ دەستنیشانکردنەوەیان دەکەین.

لەدوای یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمو زۆربەی وەزارەتەکان، تائێستا دەزگاو بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری مین لە هەولێرو سلێمانی بە یەکنەگرتوویی ماونەتەوە، وتەبێژی رەسمیی بەڕێوەبەرێتی گشتیی کاروباری مینیش جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هیچ هۆکارێک نییە، نە لەلایەن ئێمە، نە لەلایەن دەزگاوەو نە حکومەتو نە وەزارەتی دارایی، بەڕاستی ئێمەش دەپرسین کێشەکە چییەو هۆکاری یەکنەگرتنەوەکە چییە؟!

General Directorate of Mine Action
GDMA
Technical Activites
Information Dept .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین-سلێمانی
چالاکیە تەکنیکیەکان
هۆبەی زانیاری
ت:07701568512

لە ساڵی 1993 تابە رواری 15/08/2010

| قەزا | ژ.ناوچەی پیسبوو MA | روبەری خەملێنراو M² | روبەری پاکراوە M² | ژ.ناوچەی پیسبووی پاکراوە MA | روبەری ماوە M² | ژ.ناوچەی پیسبوو ماوە MA |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پشدەر | 238 | 21,435,992 | 628,244 | 14 | 20,807,748 | 224 |
| پینجوێن | 409 | 58,409,128 | 4,683,032 | 77 | 53,726,096 | 332 |
| دەربەندیخان | 136 | 10,945,201 | 2,359,961 | 39 | 8,585,240 | 97 |
| دوکان | 133 | 14,921,497 | 2,830,708 | 55 | 12,090,789 | 78 |
| رانیە | 36 | 3,659,356 | 377,213 | 11 | 3,282,143 | 25 |
| سەید سادق | 61 | 3,832,299 | 958,966 | 32 | 2,873,333 | 29 |
| سلیمانی | 78 | 6,999,737 | 653,721 | 19 | 6,346,016 | 59 |
| شارباژێر | 632 | 51,304,100 | 6,863,452 | 171 | 44,440,648 | 461 |
| شارەزور | 29 | 754,052 | 612,256 | 25 | 141,796 | 4 |
| قەرەداغ | 32 | 2,079,871 | 1,246,762 | 22 | 833,109 | 10 |
| هەلەبجە | 283 | 27,484,258 | 5,606,522 | 80 | 21,877,736 | 203 |
| پارێزگای سلیمانی 11 قەزا ئەگرێتە خۆی | 2067 | 201,825,491 | 26,820,837 | 545 | 175,004,654 | 1,522 |
| ڕێژەی روبەری پاکراوە 13 % | | | ڕێژەی روبەری ماوە | | 87 % | |
| خانقین | 139 | 24,508,088 | 4,653,203 | 49 | 19,854,885 | 90 |
| داقوق | 44 | 2,831,155 | 1,563,581 | 16 | 1,267,574 | 28 |
| دبس | 16 | 498,702 | 283,388 | 11 | 215,314 | 5 |
| چەم چەماڵ | 164 | 9,247,936 | 6,216,804 | 115 | 3,031,132 | 49 |
| کەلار | 43 | 2,041,064 | 1,410,729 | 31 | 630,335 | 12 |
| کرکوک | 119 | 13,207,403 | 4,662,355 | 43 | 8,545,048 | 76 |
| کفری | 44 | 3,678,432 | 1,503,550 | 28 | 2,174,882 | 16 |
| پارێزگای گەرمیان 7 قەزا ئەگرێتە خۆی | 569 | 56,012,780 | 20,293,610 | 293 | 35,719,170 | 276 |
| ڕێژەی روبەری پاکراوە 36 % | | | ڕێژەی روبەری ماوە | | 64 % | |
| شەقلاوە | 15 | 655,004 | 0 | #Error | 655,004 | #Error |
| کۆیە | 68 | 5,938,878 | 1,145,426 | 33 | 4,793,452 | 35 |
| پارێزگای هەولێر 2 قەزا ئەگرێتە خۆی | 83 | 6,593,882 | 1,145,426 | 33 | 5,448,456 | 50 |
| ڕێژەی روبەری پاکراوە 17 % | | | ڕێژەی روبەری ماوە | | 83 % | |

**کۆی گشتی**

| ژ. ناوچەی پیسبوو MA | روبەری خەملێنراو M² | روبەری پاکراوە M² | ژ.ناوچەی پیسبووی پاکراوە | روبەری ماوە M² | ژ.ناوچەی پیسبوو ماوە MA |
|---|---|---|---|---|---|
| 2,719 | 264,432,153 | 48,259,873 | MA 871 | 216,172,280 | 1,848 |

ڕێژەی گشتی روبەری پاکراوە 18 %

ژ.کێلگە مینی پاکراوەMF: MF 1,416

ڕێژەی گشتی روبەری ماوە 82 %

تێبینی: هەموو ناوچە پیسبویەک(MA) دەبێت بەچەند کێلگە مینێک(MF) یان زیاتر بە پێی پرۆسەی تەکنیکەڵ سیرڤەی TS



# ملیاره دۆلارەکە

**عەبدوڵڵا ئەحمەد**

یەکێک لە عاجبایەتی‌و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم سەردەمی عەولەمەیەی کە ئەمڕۆ هەموومانی سەرقاڵکردووە، داواکردنی ملیارێک دۆلارە لە رۆژنامەی رۆژنامە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. هەمووومان دەزانیـن کە ئەوشتە سەرسوڕهێنەرو سەیروسەمەرانەی کە لە سایەی ئەم دووحیزبەدا کورد بە دەستی هێناون، زۆرن‌و بۆ بیرخستنەوە پێویستە ئاماژە بەچەند نەوعێکیان بکەین، بۆئەوەی خەڵک سەری نەسوڕمێ لەو ملیار دۆلارەی داواکـراوە لە رۆژنامەی رۆژنامە، ئەوەڵەن: لەوپەڕی دنیاوە، نیویۆرک تایمز دەنووسێت: نەوتی هەرێم بەقاچاخ دەفرۆشرێت بە ئێران، کەچی برادەرانی نەوتفرۆش، وادەزانن کە نیویۆرک تایمز رۆژنامەو گوڤارەکانی خۆیانەو دەڵێن، نەوتی خاوی هەرێم هەناردە ناکەین‌و ئەو زانیارییانە هەڵەن‌و دەبێت داوای لێبوردنمان لێبکەن. سانییەن: وەزیری دارایی حکومەتەکەمان، دەڵێت: ئاگامان لەو داهاتەی نەوت نییەو نایەتە ناو خەزێنەی دەوڵەتەوە، لەوبەریشەوە وەزیری سامانە سروشتییەکان پێمان دەڵێت: ئەم نەوتە بەپێی یاساو لەچوارچێوەی دەستوورو حکومەتدا رێکخراوەو هەناردەی دەکەیـن، لەم بەینەشدا ئەوەی دەیانەوێت بیشارنەوەو کوردوتەنی: دیزە بەدەرخۆنەی بکەن، پارەی نەوتەکەیە لە خەڵکی کوردستان. شتە سەرسوڕهێنەرو عاجبایەتییەکانی ئەم دووحیزبە هێندە زۆرن، باوەڕناکەم لە فەرهەنگی هیچ حیزبێکی غەربی‌و شەرقیدا وجودیان هەبێت، بابێینەوە سەر ملیارە دۆلارەکە، گریمان ئەوە ملیارێک دۆلار نییە کە برادەرانی پارتی داوای دەکەن لە رۆژنامەی رۆژنامە، ئەوە ملیارێک سەرە سۆدەیە، ملیارێک دەبەی بەتاڵی ئاوە، ملیارێک قوتوی بیبسی بەتاڵ‌و فڕێدراوە، وا دامانناً کە لەجیاتی ئەو ملیارە دۆلارە، داوای قەرەبووی ملیارێک لەوشتانە دەکەن کە باسمکردن، بزانن بەکێ پەیدا دەبێت، من دڵنیام، نەک ملیارێک لەو کەرەستە فڕێدراوانەی کە باسمکردن، کە بەهیچ کەسێک پەیدا نابێت، بەڵام پێدەچێت پارتی لەمێژەوە سەوداو مامەڵەی لەگەڵ ملیارە دۆلاردا هەبووبێت، بۆیە بەم شێوەیەو بەم ئاسانییە داوای ملیارێک دۆلار دەکات. خۆ ملیارێک دۆلار بدرێت بە خەڵکی هەژارو بەشمەینەت، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ هەژاریی لەم وڵاتەدا بنبڕدەکرێت، ئەگەر ملیارێک دۆلار بۆ کاروانی ئاوەدانی وەک خۆیان باسی دەکەن، سەرفبکرێت، ئەوا قیتارەکەی سلێمانی دەگات‌و دەتوانین بە قیتار لە باشماخەوە بچین بۆ ئیبراهیم خەلیل. خۆ ئەگەر ملیارێک دۆلار لە کەرتی تەندروستی‌و پەروەردەو فێرکردندا سەرفبکرێت، ئەوا هەموو کوڵانێکی ئەم کوردستانە بنکەیەکی تەندروستی‌و قوتابخانەیەکی نموونەیی تێدا دروستدەکرا، ئەگەر ملیارێک دۆلار لە ناوچەجێناکوکەکان‌و مادەی (١٤٠)دا سەرفبکرایە، ئەوە نەک کەرکوک‌و خانەقین، ئەوا بەشێک لە دەشتی عوزێم هاتبووە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام دیارە برادەرانی نەوتفرۆش، ملیاری کەڵەکەبوویان زۆرەو بۆیە بەم شێوەیەو بەم سادەو ساکارییە داوای ملیارێک دۆلار دەکەن‌و ملیار ئەوەندە خۆشە لەسەر زمانیان. لە کۆتاییدا دەمەوێت بەوانە بڵێم کە داوای ملیارێک دۆلار دەکەن لە رۆژنامەی رۆژنامە، ئەوە شتێکی سەیروسەمەرەیەو نەمبیستووە، رەنگە چەوەندەرێک لەکۆنکریتێکی رەق بێتەدەرێ، بەڵام ملیارێک دۆلار لەخەویشدا بیبینی موعجیزەیە، بۆیە لەم مانگی رەمەزانە پیرۆزەدا، باشترین شت بەلای منەوە، ملیارێک سەڵاواتە لە دیداری پاکی پێغەمبەر، دروودی خوای لەسەربێت.

# ئێوه راست دەکەن، یان تانکەرەکان



**هێمن مامەند**

ئەوەی جەوهەری وتارەکەمە، مەسەلەی رۆیشتنە دەرەوەی نەوتی هەرێمە بەقاچاخ، دوای ئەوەی چەندجارێک میدیاکانی ئەو وڵاتە باسی رۆیشتن‌و ناردنەدەرەوەی نەوتیان کرد بەقاچاخ‌و کەس گوێی پێنەدان، بەڵام رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی کە رۆژنامەیەکەو لەو سەری دونیاوە، راپۆرتێکی لەسەر ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بەقاچاخ بڵاوکردەوە، هەمووانی هێنایە گۆ، بەڵام چ گۆیەک، سێ بەرپرس، سێ لێدوانی جیاوازیان دا. دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەستبەجێ کۆبوونەوەیەکی سازکردو داوای راگرتن‌و ناردنەدەرەوەی نەوتی کرد بەشێوەیەکی قاچاخ‌و دوای ئەویش، دکتۆر بەرهەم ساڵح، لەدیمانەیەکی رۆژنامەی هاوڵاتیدا، دانی نا بەوەدا کە نەوتی هەرێم بەشێوەی قاچاخ چووەتەدەرەوەو چەندین بیری نەوتی نایاسایی هەن لەکوردستان، بەڵام رۆژی دوای ئەو، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە نەوتی هەرێم بەقاچاخ چووبێتە دەرەوە. من دەپرسم، ئەرێ کامتان راست دەکەن، ئێوە، یان تەنکەرو شوفێرەکانی رێگای مەرزی باشماخ‌و پەروێزخان. بێگومان، ئەو تانکەرانەی کە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ریزیان گرتبوو، راست دەکەن، ئەو شوفێرانە راست دەکەن کە لەترسی ئەوەی نەبادا نانبڕاویان بکەن، بەومەرجە قسەیان دەکرد بۆ کەی ئێن ئێن کە وێنەکانیان نیشان نەدرێت.

تۆزێک ویژدانتان هەبێت‌و بیرێک لە نەوەی داهاتوو بکەنەوە، چونکە لەسایەی غەدرو نادادپەروەرییەکانی ئێوەدایە، خودا رقی لەو وڵاتە هەڵگرتووەو وا خەریکە دەیکات بەبیابان‌و کشتوکاڵ لەناودەچێت‌و پاش چەند ساڵێکی تریش، بیرەنەوتەکان وشک دەبن، ئەی ئەوکاتە کە ئێوە لەژیاندا نەماون‌و کەوتوونەتە بەر نەفرەتی گەل‌و مێژوو، نەوەکانتان لەسەرچی بژین؟

گریمان ئێوە فریشتەن‌و راست دەکەن‌و نەوت بەقاچاخ نانێرنە دەرەوەی وڵات، باشە ئەی کوا داهاتی ئەو نەوتەی کە بەڕەسمیی دەینێرنە دەرەوە؟ ئاشتی هەورامی، دوای تەواوبوونی کابینەی پێنجەم، لە پەرلەمانی کوردستان، وتی «لەکابینەی رابردوودا، (٥)ملیار دۆلار قازانجمان کردووە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان‌و بۆ ئەومەبەستەش، بڕی (١)ملیاردۆلارمان لەکابینەی پێنجەم خەرج کردووەو بۆ کابینەی شەشەمیش بڕی (٤)ملیار دۆلار ماوەو دەتوانین سوودی لێ ببینین، ئەی باشە کوا ئەو (٤)ملیار دۆلارە؟

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە فراکسیۆنە ئۆپۆزسیۆنەکانی پەرلەمان، لەسەر مەسەلەی ناردنەدەرەوەی نەوتی هەرێم بەشێوەی قاچاخ، داوای ئەوە دەکەن کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێک سازبکات، من نازانم ئێوە بۆچی قسەی خۆتان بەخەسار دەدەن، ئاخر پەرلەمانێک لەماوەی یاسایی‌و ئاسایی خۆیدا لێپێچینەوە نەکات، چۆن لەو پشووە خۆشەو لەوخەوە خۆشەی بەر سپلێتدا دێت‌و دانیشتن سازدەکات لەسەر پرسی ناردنەدەرەوەی نەوت بەقاچاخ، چۆن دڵیان دێت، مەکتەبی سیاسی‌و حیزبەکەیان لەخۆ بتۆرێنن‌و لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرەکەیان بکەن‌و داوای روونکردنەوەی لێبکەن؟!



# بزووتنەوەی گۆڕان، لەنێوان دەسەڵاتو خەڵکدا

**سیروان ژاژڵەیی**

(٢٠٠٩/٧/٢٥)قۆناغێکی مێژوویی نوێ بوو لە ژیانی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی هەرێمی کوردستانداو ئەو چرکەساتە بوو کە گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان تێدا لەدایک بوو و ئۆپۆزسیۆنی گەیاندە ئاستێکی باڵاو کاریگەر، بەجۆرێک کە هیوای زۆری بەخشییەوە بە ناخ‌و دڵی شکاوی خەڵکی کوردستان. دەتوانین بڵێین، گۆڕان چ لە پەرلەمان‌و چ لەسەر ئاستی جەماوەریدا، بووەتە کارەکتەرێکی گرنگ لە بیناکردنەوەی ئیرادە بۆ ئینسانی کوردو تارادەیەکیش سنووری مەودای پاوانخوازی دوو هێزەکەی کوردستانی بەرتەسککردووەتەوەو چیدی ئەو دوو هێزە ناتوانن یەکلایەنە بڕیار لەسەر ماف‌و خواستە گشتییەکانی خەڵک بدەن.

ئەگەر ئەو دوو هێزە بیانەوێت وەک ساڵانی رابردوو، پرس‌و بابەتە تایبەتییەکانی ژیانی خەڵکی بە قازانجی تەسکی خۆیان بشکێننەوە، بێگومان ئیدی وا بەسانایی بۆیان ناچێتەسەرو شتە شاراوەکان بەنهێنی لەنێوانیاندا دیزەبەدەرخۆنە ناکرێن، بەڵام چۆن فراکسیۆنی گۆڕان لەماوەی یەک ساڵی تەمەنیدا، توانیی بوێرانە بەشێکی بابەت‌و گفتوگۆکان کە لای ئەو دوو هێزە بەنهێنی مابوونەوە بۆ شەقام‌و میدیاکان روون‌و ئاشکرا بکات، وەک شەفافبوونی بودجە، بەهەدەردانی داهاتی گشتیی‌و کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ پەرلەمانتاران بەشێوەیەکی ناشەرعیی، کەشفکردنی ئاودیوکردنی نەوت‌و گرێبەستە نایاساییەکان کە ئەمانە لە بنەڕەتدا لەبەرژەوەندیی گشتیی خەڵکدان.

بۆیە، دەتوانین بڵێین، خەڵکی باشتر هەست دەکەن کە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، جیاواز لە خولەی یەکەم‌و دووەم، هەرێمی کوردستان پەرلەمانێکی زیندووی کارای هەیەو دەشزانن کارایی‌و زیندوویی دەگەڕێتەوە بە بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ئازای بێشەرمی بەچاوەڕوو.

پەرلەمانی کوردستان، لە وەرزی یەکەم‌و دووەمی دانیشتنەکانیدا، چەندین بابەتی گرنگی هەمەجۆری تایبەت بە باشکردنی سیستەمی سیاسیی‌و ژیانی خەڵک‌و گۆڕینی بەشێک لە یاساکانی حکومەت‌و چەندین بابەتی تر خستەڕوو.

یەکێک لە بابەتە گرنگو هەستیارانەی کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی تاک بەتاکی ئێمەوە هەیە، بودجەی هەرێمی کوردستانە.

یەکێتی‌و پارتی، بەردەوام ئەو دوو هێزەبوون کە بەرژەوەندیی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندیی گشتییەوە سەیرکردووەو ئەوان، تەنیا پێگەو مانەوەیان لەدەسەڵات بەلاوە گرنگتربووە تا ماف‌و خۆشگوزەرانیی گەل. پارتی‌و یەکێتی، چۆن لە ساڵانی رابردوودا لە هەوڵی ئەوەدابوون کە کۆی جومگەو کایەکانی حکومڕانی بۆ خۆیان قۆرغ بکەن، ئا بەوجۆرە، ویستیان لەدوای(٧/٢٥)ەوە بە هەمان لۆژیک‌و عەقڵییەتەوە مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەیەکی جەماوەریی وەک گۆڕاندا بکەن.

ئەو گفتوگۆیانەی سەبارەت بە کێشەو بابەتەکانی خەڵکی لە پەرلەماندا دەکرێن، رۆڵی فراکسیۆنی گۆڕان‌و تارادەیەکیش یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی، وەک بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن زۆر پۆزەتیڤانەیەو داکۆکیکاربوون لەسەر خواستە گشتییەکانی میللەت، بەڵام لایەنی دەسەڵات تا ئەم کاتە نەیتوانیوە لەسۆنگەی دنیابینی سیاسیی عەقڵانییەوە بڕوانێتە بزووتنەوەی گۆڕان‌و بەردەوام لەپەرلەماندا بە بەرنامە کۆسپ‌و تەگەرەیان خستووەتە بەردەم ئەجێنداو پڕۆژەگەڵالەکراوەکانی.

یەکێک لەو بابەتانە، بودجەی گشتیی‌و ئاودیوکردنی نەوتە بە شێوەیەکی نایاسایی، کە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا لە هەوڵی ئەوەدابوون بۆ قازانجی گشتیی زۆر بەڕاشکاوانەو شەفافانە گفتوگۆی لەسەر بکات‌و کۆی وردەکارییەکانی بۆ خەڵک‌و رای گشتیی روون بکرێتەوە.

گۆڕان، بەپاڵپشتی هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتووو کۆمەڵ، توانیی چەندان کەموکورتی لە بودجەو کارەکانی حکومەت دەربخات.

فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، پێداگریی زۆریان کرد کە بودجە بۆ جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ حکومەت بۆ چاککردنی کەموکورتییەکان، بەڵام فراکسیۆنی دەسەڵات هەوڵەکەی ئۆپۆزسیۆنی لەباربرد.

دوای نەگەڕانەوەی بودجە بۆ حکومەت، ئۆپۆزسیۆن توانییان چەندین ملیۆن دۆلار کەشف بکەن‌و بخرێتەوە سەر بودجەی گشتیی، هەرچەندە بودجەیان بە کەموکورتییەکی زۆرەوە هێشتەوە، بەڵام فراکسیۆنی دەسەڵات بە هەر شێوەیەک بێت، دەیانەویست بۆ بەرژەوەندیی یەکێتی‌و پارتی بودجەکە پەسەند بکەن‌و دواجار ئۆپۆزسیۆن لەهەڵوێستکی خۆیدا، بەئاشکرا دەنگی بە بودجەکە نەدا.

دوای گفتوگۆکردنی رێکخستنی بوجەی حیزب‌و رێکخراوەکانیش، دیسانەوە فراکسیۆنی دەسەڵات لە روانگەی قازانجی دووحیزبەکەوە، ئەم بابەتەشیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان تێپەڕاند.

دوای ئەوەی بودجەی حیزبەکانی لەسەر بنەمای رێژەی کورسی دیاریکراو پەرلەمان بەزۆرینە دەنگیان لەسەر دا، بەڵام فراکسیۆنی دەسەڵات جارێکی دی بودجەی سەرجەم کادیرانی حیزب‌و کۆی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی‌و پارتی‌و کادیرو کارمەندەکانیان بە دەر لە پێدانی بودجەی حیزبەکانیان لەبوجەی گشتیی حکومەت، پەسەندکردو ئەمەش بەتاڵانبردنی ئاشکرای پارەی میللەتە بۆ حیزب.

لەدەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان‌و بە بڕیاری سەرۆک‌و مەکتەب سیاسییەکانی یەکێتی‌و پارتی، چەندین ملیار دۆلاری دیکەی خەڵکی کوردستانیان لەتاریکیدا هشتووەتەوە، پارەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، داهاتی مینحەی نەوتی هەرێم، گومرگو باج‌و رسومات‌و پارەی ئەو نەوتە بەقاچخبراوەی هەرێم کە کەس نازانێت پارەکەی چی لێدێت‌و بۆ کوێ دەچێت؟

بەپێی راپۆرتی دیوانی چاودێریی بەغداش، تا ساڵی(٢٠٠٩) ئەو پارەیە تەسویە نەکراوە لەلایەن هەرێمەوە، ئەمە جگە لەو (٥)ملیار دۆلارەی کە حکومەت لەداهاتی گرێبەستە نەوتییەکان دەستی کەوتووە کە تا ئێستا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان روونی نەکردووتەوە، چۆن‌و لەچیدا خەرجکراوەو خەرجدەکرێت. خەڵکینە، ئەمەیە ماهیەت‌و جەوهەری حکومەتی هەرێم.

ئەرکێکی دیکەی چ فراکسیۆنی گۆڕان‌و چ ئۆپۆزسیۆن بەگشتیی‌و چ میدیای ئازادو رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، ئەوەیە لە رێگەی میدیاو ناوەندە مەدەنی‌و شێوازە جیاجیاکانەوە، باشتر شەقام‌و رای گشتی لێ هۆشیاربکەنەوەو راستییەکانیان بۆ ئاشکراتر بکەن‌و هانبدرێن بەشێوازێکی مەدەنییانە دەرفەت بە دەسەڵات نەدەن، بودجەو سامانی نیشتمانی بۆ بەرژەوەندیی چەند گرووپێک بەکاربهێنێت‌و لەشەوەزەنگی تاریکیدا بهێڵێتەوە.

فراکسیۆنی گۆڕان، پێینایە ساڵی دووەمـی تەمەنییەوە، دەکرێت بە بەرنامەیەکی فراوانترو جدیتر نەخشەی کاری خۆی دیاریی بکات‌و شەقام‌و رای گشتیی بکاتەوە خاڵی بەهێزی کاراکردنی پەرلەمان‌و ئۆپۆزسیۆن، هەروەها ئەرکێکی دیکەی سەرەکی، چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی‌و دامەزراندنەوەی سیستمی دادوەریی کۆمەڵایەتی‌و مسۆگەرکردنی مافی هاوڵاتیبوون‌و یاساسالاریی بێت، گوشارە سیاسیی‌و مەدەنییەکانی خۆی بەرفراواتر بکات‌و ببێتە چاودێرێکی بوێرو کراوە لەسەر دەسەڵات‌و دەسەڵاتداران‌و هەتا بەسەر ئەدای خودی خۆیەوە، تا کۆتایی بە سیاسەتی قۆرخکاریی‌و گەندەڵکاریی‌و ناعەدالەتی بێت‌و لە جێی ئەودا سیستم‌و جۆرێک لە حکومڕانی بێتە کایەوە کە شاپستە بێت بە ئینسانی ئەم سەردەمەو خەڵکی کوردستان.

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
ئازاد چالاک

بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

لێپرسراوی بەشی هونەری
شـاخـەوان ئەنوەر
٠٧٥٠١٢٤٩٤٩٤
shakhawan.shdn@gmail.com

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# مافی تورکمان‌و مادەی(١٤٠)و دەستووری عێراق




**نازم سائیغ**

پاش‌ئەوەی پارت‌و لایەنە تورکمانییەکانی شـاری هـەولـێـر، دانیان نا بـەوەی کە تورکمانەکانی شاری هەولێر، تەواوی مافی خۆیان وەرگرتووەو بەهەمان شێوەش سیاسەتمەدارانی کـوردیـش، ئـەمـە دووپـات دەکەنەوە کـە تورکمانەکان مافی تەواوی خۆیان وەرگرتووەو هیچ کێشەو کەموکوڕییان نییە، بە پێچەوانەی ئەم هەموو لێدوانانەوە لە ناکاو کۆمەڵێک داواکاری سەریانهەڵدا، هەر هەمووشیان مافی ڕەوان بۆ تورکمان کە لەلایەن ئەندامە تورکمانەکانی پەرلەمانەوە داواکرابوو، بەڵام بەشێوەیەکی زەق‌و ڕەق، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم داواکارییانەی بەجێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) دەستووری عێراقی مەحکوم کـرد، جا لـێـرەدا ئەم مـەحـکـومـکـردنـە، واتـە بەستنەوەی جێبەجێکردنی داواکارییەکان بە مادەی ناوبراوەوە، بووە جێگای نیگەرانیی چەند ئەندامێکی تورکمانی لە پەرلەمان‌و چەند لایەن‌و پارتێکی تورکمانیی‌و گفتیان داوە لە میانەی لێدوانیان کە ئەگەر داواکارییەکانیان بە جێبەجێکردنی ئەو مـادەیـەوە بەند بێت، یاخود ئـەم کـارە بـەم قوناغەدا بڕوات، ئەوا هەڵوێست وەردەگرن. هەر چەندە چاوەڕوانی بەیاننامەیەکی فەرمی هاوبەشیان لێ دەکـرا، بـەڵام وا دیارە حیسابی بودجەکەیان کردووە، نەبادا ببڕێت، بەهەرحاڵ، پاش لێدوانەکانیان چاوەڕوانی، یـان جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەکرێت، یاخود وەرگرتنی ئەم هەڵوێستەی کە وا خۆیان بۆ ئامادە کردووە. لێدوانەکەی سەرۆکی پەرلەمان، مامۆستا کەمال کەرکوکی، دەربـارەی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکانی تورکمان، تا جێبەجێکردنی مـادە(١٤٠) دەسـتـووری عـێـراق، چەند خوێندنەوەیەکی لێدەکەوێتەوە، لەوانە:

دان پێدانانێکی فەرمییە کـە وا تورکمانەکان هێشتا مافێکی زۆریان ماوە کە پێیان بدرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە گوایە تورکمانەکان تەواوی مافی خۆیان وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە بەستنەوەی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی تورکمان بە جێبەجێکردنی مادەکەوە، واتە هەولێریش دەخاتە نێو ناوچە کێشەلەسەرەکان‌و لە هەمانکاتیشدا، ئەو تورکمانانەی لەژێر کۆنترۆڵی پارتیدان، هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ تورکمانەکانی تری عێراق، بەپێچەوانەی لێدوانەکەی مامۆستا، عارف تەیفورەوە کە تورکمانەکانی ژێر کۆنترۆڵی خویانی، بە تورکمانی نیشتمانپەروەر ناو نابوو، هەروا ئەم خوێندنەوەیەشی لێدەکەوێتەوە کە مـادەی(١٤٠) ئەوەندە ڕەزیل بووەو هیچ روحێکی لەبەر نەماوەو ناچار پەرلەمانی هەولێر دەیەوێت بەهەر جۆرێک بێت، دوا جورعە بۆ جەستەی مردووی مادەکە ئامادە بکات‌و بیخاتەوە کار، ئە گینا داواکاری تورکمانی هەولێر، چ پەیوەندییەکی بە مادە(١٤٠)ی دەستووری عێراقەوە هەیە؟

ئـەوەی کە مـاوە بیڵێین، لێدوانی ئـایـدن ئـەرسـەلانـە کـە دەڵـێـت، نابێت داواکاریی تورکمانەکانی شاری هەولێر، بـە جێبەجێکردنی مـــادەی(١٤٠)ەوە ببەسترێتەوە، چونکە تورکمانەکانی شاری هەولێر ڕێگر نین لە جێبەجێکردنی ئەم مادەیە. من نازانم کە کاک ئایدن چۆن ماف بەخۆی دەدات بەناوی تورکمانی شاری هەولێرەوە قسە بکات‌و لە چ مەوقیعێکدایە؟ کاک ئایدن، تۆ تەنها بۆت هەیە بەناوی خۆتەوە قسە بکەیت وەکو تورکمانێک، یاخود ئەگەر ڕێپێدراوبیت لە ئۆجاغی برایەتیی تورکمان، دەتوانیت بڵێیت، وەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرێتیی ئۆجاغی تورکمان لقی هەولێر، لێدوانەکەی خۆت بدەی، نەوەک بە ناوی هەموو تورکمانەکانی شاری هەولێرەوە.

# مادەی (١٤٠)و چارەنووسی کەرکوک



**پشتیوان ئەحمەد**
**ئەندامی پێشووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق**

مادەی (١٤٠) چوارچێوەی ئەو ئەرکانەیە کە لە مادەی (٥٨)ی یاسای قۆناغی گواستنەوەی دەوڵەتی عێراق هاتووەو وەکو مادەیەک لەنێو دەستووری هەمیشەیی عێراق دانراوە.

مـادەی (١٤٠) دەبـێـت بـە (٣) قۆناغ جێبەجێبکرێت، ئاساییکردنەوە- ئامار- ریفراندۆم لەکەرکوک‌و ئەو ناوچانەی دیکە کە جێی ناکۆکین. بەمەبەستی دیاریکردنی خواستی خەڵکەکەی، بەمەرجێک لە (٢٠٠٧/١٢/٣١) تێنەپەڕێت (١).

**ئاساییکردنەوە لە دوو ئەرک پێکدێت:**

**ئەرکی یەکەم:**

گەڕاندنەوەی هاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان‌و هێنانەوەی ئەوانەی دەرکراون‌و ئاوارەکراون بۆ سەر زێدی خۆیان.

لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە ڕووبەڕووی چەندین کۆسپ‌و کەند دەبێتەوە، لەوانە: ئەو عەرەبانەی کە دەبێت بگەڕێنەوە کامانەن؟، دیارە لە ناواختی مادەی (٥٨) یاسای ئیدارەی دەوڵـەت زیاتر ئـامـاژە بە ساڵی (١٩٦٨) دەکرێت، پتر پاش گەڕانەوەی بەعس بۆ سەر دەسەڵات بۆ جاری دووەم. لەکاتێکدا تەعریب لە سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لەساڵی (١٩٢١) دەستپێدەکات، بۆ نموونە ڕێژەی کورد لە خانەقین ساڵی (١٩٤٧) (٪٨٠,٥) بووە، بەڵام لە ئاماری (١٩٥٧) دابەزیوەو بووە بە (٪٥٨,٤)، ئەمەش بەڵگەیەکی سەلمێنراوە کە تەعریب دەیان ساڵ پێش (١٩٦٨) لە کەرکوک‌و خانەقین دەستپێکردووە(٢).

دیـارە عەرەبەکان کە هێنراون یاخود هاتوون، جێنشین بوون لە شوێنە تازەکانیان‌و کارو کاسبییان دەستەبەرکردووەو بوونەتە بەشێک لە بونیادی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی ناوچە تازەکەو شوێنە کۆنەکانیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی ڕابردوویان کارێکی مەحاڵە (٣).

لە ڕووی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤیشەوە ناکرێت عەرەبێک لە حەفتاکانی سـەدەی ڕابردووەوە بۆ کەرکوک‌و جەلەولا هێنراون‌و نیشتەجێ بوون، خێزانیان لە زێدی تازەیان دروستکردووە، منداڵەکانیان خەڵکی هەواری تـازەن، بـەزۆر دەربکرێن، ئایا ئەنجامدانی کارێکی ئاوەها نابێتە هۆی ناڕازیبوونی عەرەبی عێراق‌و وڵاتانی عەرەبی؟، ئایا ئەمریکاو وڵاتە ئەوروپییەکان ئیستیعابی کارێکی ئاوەها دەکەن، لەکاتێکدا خۆیان هەر ئینسانێک روویان تێبکات پاش چەند ساڵێک ڕەگەزنامەی وڵاتی تازەی پێدەدەن‌و هەموو مافێکی دابیندەکەن، لەبەر ئەم هۆیانەش بۆ حکومەتی عێراق لە سەروبەندی جێبەجێکردنی مـادەی (١٤٠) بڕیاریدا، کە نابێت عەرەبە هـاوردەکـان بۆ کەرکوک‌و شوێنەکانی دیکە بەزۆر بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنی دێرینی خۆیان، کاتێک گەڕاندنەوەشیان بە ئارەزوومەندانە کرا، بەشێکی زۆر کەم لەو عەرەبانە بۆ شوێنی کۆنی خۆیان گەڕانەوە، ئەوانە زیاتر ئەو کەسانە بـوون کە پیاوی دەزگـا قەمعییەکانی سـەدام بـوون‌و چەندین تاوانیان دەرهەق بە خەڵکی کوردی ئەو شارانە ئەنجامدابوو، سەبارەت بە گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکان بۆ شارو چارۆچکەکانی خۆیان، ئەمەش لە ڕووی عەمەلییەوە چارەسەرنەکراوە، ئێستا بەشێکی زۆر لە کوردە کەرکوکییەکان، ئـەوانـەی ئـاوارەی هـەولـێـرو سلێمانین، نەگەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک، ئەوان لەم دووشارە پێداویستییە ژیانییەکانیان بۆیان فەراهەم کراوە، ئاسان نییە بگەڕێنەوە بۆ کەرکوک‌و ناشکرێت ناچار بکرێن، هەمان حاڵەت کوردە ئاوارەکانی خانەقین‌و مەندەلیش دەگرێتەوە، ئەو کوردە خانەقینیانەی ئـاوارەی کەلارو دەربەندیخان کراون، بارودۆخی ئێستایان لە ئاوارەیی زۆر باشترە لـەوەی بگەڕێنەوە بۆ خانەقین، کە کەمترین خزمەتگوزاریی تیایدا شکنابرێت.

**ئەرکی دووەم:**

گەڕاندنەوەی سنووری ئیدارییەکانە بۆ بارودۆخی کارگێڕیی پێش (١٩٦٨/٧/١٧) لە کەرکوک‌و ئەو ناوچانەی دیکە کە جێی ناکۆکین. ئەم بەشەش ڕووبـەڕووی چەندین کۆسپ‌و تەگەرە دەبێتەوە، لەوانە:

عەرەبی شیعە دەڵێن: (ئەو ناوچانەی دیکە، کە جێی ناکۆکین) موشەریع لەم دارشتنەدا مەبەستی هەموو عێراقە، بۆیە ئەوان داوای ئەو پارچە زەوییانە دەکەن، کە ڕژێمی پێشوو بەمەبەستی تایفیی لە کـەربـەلاو نەجەف بڕیونی‌و خستوونیەتە سەر پارێزگای ئەنباری زۆرینە سوننە، ئەمەش یەکێک لەو هۆیانە بـوو، کە نەیهێشت تاریق هاشمی، جێگری سەرۆک کۆمار، ڕازی بێت ئیمزا لەسەر بڕیاری گەڕاندنەوەی سنووری ئیدارییەکان بۆ شوێنی کۆنی خۆیان بکات، دیارە ئەم ئەرکە بەپێی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت خراوەتە ئەستۆی سەرۆکایەتی کۆمار.

ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەو نیمچە بڕگە تەماوییە لەلایەن نوێنەرانی عەرەبی شیعەوە، بوو بەهۆی ڕوودانـی کێشەو گرژییەک لەنێوان هەردوو پارێزگای کەربەلاو ڕەمادیەو لە ئاخرین چرکەدا کۆنترۆڵ کرا.

دیـــارە پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی کوردستانیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- خولی یەکەم، ڕۆڵێکی گەورەیان لە گشتاندنی مـادەی (١٤٠) بەسەر هەموو عێراقدا بینی، مەبەستیشیان کێشکردنی عەرەبی شیعە بوو بەرەو لای خۆیان، بەڵام ئامانجی ئەم سیاسەتە بە خـراپ بەسەر چارەنووسی کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکەی جێی ناکۆکی شکایەوە، هەر ئەمەش وایکردووە یەکێکی وەکو د.فوئاد مەعسوم داوای گۆڕینی شێوازی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بکات (٤)، لەکاتێکدا ئەم گۆڕینەش کارێکی ئاسان نییەو زۆر زەحمەتە ئەگەر بەپێی مادەی (١٤٢) بێت، یاخود مادەی (١٢٦)، یەکەمیان لەبەرئەوەی عەرەبی سوننە دەیانەوێت بەهۆی مادەی (١٤٢)ەوە، مادەی (١٤٠) هەڵوەشێننەوە، ئیدی چۆن ڕازی دەبن گەشەی پێبدرێت؟ ئەگەر پەناش ببرێتە بەر مادەی (١٢٦)یش، دیسان ئەرکەکە سەنگینتر دەبێت، چونکە پێویستی بە ڕەزامەندیی دوولەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، کە ئەمەش کارێکی زۆر گرانە، ئەگەر تەماشای ناوچەی خانەقین‌و مەندەلی بکەین، کۆسپێکی دیکە دێتە بەردەممان، ئەویش ئەوەیە جاران بەلەدروز ناحیەیەک بووە سەر بە قەزای مەندەلی، پاش (١٩٦٨) هێدی هێدی مەندەلی بچووککراوەتەوەو بەلەدروز گەورە کراوەتەوە، ئێستا کە مەندەلی ناحیەیەکە سەر بە قەزای بەلەدروز، پرسیار... ئایا دەکرێت ئێستا بەلەدروز دووبارە بکرێتەوە بە ناحیەو مەندەلیش بە قەزا؟

ڕژێـمـی پێشوو بە وردیـی دەستکاری سنووری ئیدارییەکانی کردووە، لەوانە قرتاندنی دهۆک لە پارێزگای موسڵ‌و لکاندنی بە هەرێمی کوردستان‌و کردنی بە پارێزگای سێیەم، شانبەشانی هـەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی، هەندێک لە عەرەبەکان دەڵێن، ئەگەر ئـێـوەی کـورد دژی دەستکاریی سنووری ئیدارییەکانن، کە ڕژێمی پێشوو کردوویەتی، دەبێت لەهەمان پێودانگەوە دهۆک بکرێتەوە بە قەزاو بخرێتەوە سەر پارێزگای موسڵ، ئایا سەرکردایەتی کورد بەمە ڕازی دەبن؟

دیسان ئاماژە بەو نیمچە بڕگە تەمومژاوییە بکەینەوە (ئـەو ناوچانەی دیکە، کە جێی ناکۆکین) هەیە لە عەرەبەکان دەڵێن: کێ دەڵێت سنجارو خانەقین جێی ناکۆکین، ئەگەر وایە بۆ دەستوور وەکو کەرکوک ناوی نەهێناون؟ لایەنە ناکۆکەکان، کاملاو کاملایە؟ جاران ئەو ناکۆکیانە لەنێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوو، ئەو حکومەتانەش لەلایەن عەرەبی سوننەوە بەڕێوەدەبران‌و ئەو عەرەبانەش کە لە کەرکوک‌و ئەو ناوچانە هەن زۆرینەیان عەرەبی سوننەن، ئێستا نوێنەرایەتی کورد دەبێت لەگەڵ دوو لایەن دانوستاندن بکەن، لەگەڵ دەسەڵاتی شیعە لە بەغداو لەگەڵ نوێنەرانی عەرەبی سوننەش لە کەرکوک‌و ئەو ناوچانە، ئەمەش ئەرکەکە گرانترو ئاڵۆزتر دەکات.

**ئامار...**

پـاش تـەواوکـردنـی ئاساییکردنەوەو ڕەزامەندیی هەموولایەک، ئامار دەستپێدەکات.

ریفراندۆم...

قۆناغی سێیەمە لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠).

کورد لە عێراق کەمینەیە، ڕاستە یەکێک لە دوو نەتەوە سەرەکییەکەیە، بەڵام ڕێژەی لە (٪٢٠) تێناپەڕێت، کورد بەم ڕێـژە کەمە ناتوانێت لە عێراقێکی دیموکراتی هەڵبکات، ئەگەر سیستمەکەی بەپێی پرەنسیپی زۆرینەو کەمینە بەڕێوەبچێت، بۆیە دەبینین نوێنەرانی کورد هەمیشە باسی دیموکراتی تەوافوقی دەکەن، چونکە بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە، دیموکراتییەت لە عێراق بەپێی سەرەتاکانی سازان بێت، بەڵام قۆناغی سێیەمی مادەی (١٤٠) ریفراندۆمە، کە پەنابردنەبەر چارەسەرکردنی کێشەی کـەرکـوک بـە زۆریـنـەو کەمینە دەگەیەنێت، ئەمەش لەگەڵ سەرەتاکانی سازان (مبدأ التوافق) نایەتەوە، ناشکرێت کورد یاخود سیاسەتمەدارانی کورد سیاسەتی (بانێکەو دوو هەوا)یان بە عەرەبییەکەی (الکیل بمکیالین) بەکاربهێنێت، لە کاملا پرەنسیپی زۆرینەو کەمینە لە قازانجی بوو وەکو ریفراندۆم لە کەرکوک داوای پەیڕەوکردنی بکات‌و لە کاملاش لە قازانجیان نەبوو، پەنابەرنەبەر پرەنسیپی سازان.

عـەرەب‌و تورکمان لە عێراق بەگشتیی‌و لە پارێزگای کەرکوک بەتایبەتی، لەپشت ئەوانیشەوە تورکیاو وڵاتە عەرەبییەکان ناهێڵن ریفراندۆم لە کەرکوک ئەنجامبدرێت، گریمان بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان ریفراندۆم لە کەرکوک ئەنجامدراو عەرەب‌و تورکمان بایکۆتیان کرد، چارەنووسی ئەو ریفراندۆمە چی دەبێت؟ بێگومان لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامەکەی ناسەلمێندرێت‌و بارودۆخەکەش ئاڵۆزتر دەبێت.

کەرکوک، پارێزگایەکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو جیاوازە لە هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

ڕاستە کـورد لەپێش تـورک‌و عـەرەب لە ویلایەتی کەرکوک بوونی هـەبـووە، بەڵام تورکمانیش لە سەردەمی سەلجوقییەکانەوە بوونیان لەو وڵایەتە هەبووەو دواییش لە سەردەمی خەلافەی عوسمانییەوە زیاتر بوون‌و پێکهاتەی سەرەکیی ناو شاری کەرکوکن (٥)، ئەوان پێش کورد لەناو شاری کەرکوک بوون‌و کورد زیاتر لە لادێکانی چوارچێوەی شاری کەرکوک حزوریان هەبووە، دوایی هێدی هێدی لە چوارچێوەی دیاردەی ئاسایی ڕەوکردنی خەڵکی لادێ بۆ نێو شار، کوردی کەرکوکیش ڕووەو شاری کەرکوک بوون‌و بوونەتە بەشێکی کاریگەر لە تەونی کۆمەڵایەتی، ئابووریی، کلتووریی شاری کەرکوک.

لە سەرەتادا تورک زۆرتربووە لە کورد لەناو شار، لیژنەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی (کۆمەڵەی گەلان) لە ڕاپۆرتە مێژووییەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئەگەر تورک بەشی سەرەکی شـاری کەرکوک بـن، ئـەوا کورد زۆرینەی ویلایەتەکەن(٦)، عەرەبیش دووسەد ساڵە لەو ویلایەتە هەن‌و ژیاون شانبەشانی کوردو تورک(٧).

کێشەی کەرکوک دەبێت بەپێی پرەنسیپی سازان چارەسەر بکرێت. مام جەلال، سەرۆک کۆماری عێراق، بڕوای بەوە هەیە کە دەبێت مادەی (١٤٠) بە تەوافوق جێبەجێبکرێت، چونکە تەنیا پەیوەندیی بە کەرکوکەوە نییە، بەڵکو چەندین ناوچەی دیکە لە عێراق دەگرێتەوە.

دەبێت چارەسەرێک بدۆزرێتەوە کۆدەنگیی لەسەر بێت، (جامع) بێت، کوردی کەرکوک‌و کوردستان ڕازی بکات، تورکمانی کەرکوک‌و تورکیا ڕازی بکات، عەرەبی کەرکوک‌و عێراق ڕازی بکات.

ئایا کورد دەتوانێت ئەو ویلایەتانە ڕازی بکات‌و کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان؟.

تورکیا نایەوێت کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان، لەبەر چەندین هۆ، سەرەکییەکەیان هانی کـوردەکـان دەدات جیاببنەوە لە دەوڵـەتـی عـێـراق‌و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕابگەیەنن، ئەمەش بە مەترسییەکی گـەورە لەسەر ئەمنی قەومیی تورکی دەزانن‌و بە سەرەتای پارچەپارچەبوونی دەوڵـەتـی تورکیا لە قەڵەمی دەدەن، وڵاتە عەرەبییەکانیش ڕازی نابن لەبەر هەمان هۆ، ئەمریکاش لەبەر ڕازینەبوونی تورکیاو وڵاتە عەرەبییەکان، ڕازی نابێت کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان، جارێک دوو بەرپرسی کورد لەگەڵ جۆ بایدن کۆدەبنەوە، پرسیاری ئەوەی لێدەکەن: ئایا ئەمریکا ئەمجارەش وەکو (١٩٧٥) پشت لە کورد ناکات؟، لەوەڵامدا بایدن دەڵێت: نا، بەمەرجێک کوردیش بیر لە کەرکوک نەکاتەوە.

لـەم سـەردەمـی عـەولـەمـەدا، کە هێزی بەرهەمهێنانی لە گەشەکردنێکی خێرادایەو سنووری نیشتمانییەکان دەبەزێندرێن‌و ئۆرگانە نێو نەتەوەییەکان گەشەدەکەن‌و ڕەگـەزە جۆراوجۆرەکان ئاوێتەی یەکدی دەبن، مەسەلەی هێنانەوەی بەڵگە مێژووییەکان‌و ڕاستییە جوگرافییەکان بە ئەو ڕۆڵەی جاران ناگێڕێ لە چارەسەرکردنی کێشەکان، بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچەکەو بەرژەوەندیی تورکیاو ئێران‌و وڵاتە عەرەبییەکان ڕۆڵـی کاریگەر دەبینن لە چارەسەرکردنی کێشەکان.

جارێکیان محەمەد حسێن هەیکەل، گەورە نووسەری میسرو عەرەب، لەگەڵ کێسنجەر کۆدەبێتەوە: کێسنجەر بە هەیکەل دەڵێت: دوو مەرجی پێشوەختم هەیەو بۆم جێبەجێ بکە، ئیدی چی دەڵێیت حازرم، هەیکەل دەڵێت: مەرجەکان چین؟، کێسنجەر دەڵێت: یەکەم، باسی مێژووی ئوممەی عەرەبییەم بۆ مەکە، دووەم، باسی وڵاتە عەرەبییەکانم بۆ مەکە، ئێمە دانیشتووین باسی کێشەی نێوان میسرو ئیسرائیل دەکەین، ئێوە وەکو میسر چیتان دەوێ لە ئیسرائیل؟، یسرائیلیش لەبەرامبەردا چی دەوێت لە میسر؟

لینینیش زۆرجار لە مشتومڕەکانیدا شیعرێکی شاعیری ئەڵمانی گۆتەی بە نموونە دەهێنایەوە، کە دەڵێت: گوڵ لێرەیە، با لێرە دانس بکەین. (هنا الوردە فلنرقص هنا)، ئایا سەرکردایەتی کورد زەمانەت بە لایەنەکان دەدات، ئەگەر کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو هەرگیز بیر لە جیابوونەوە ناکاتەوە؟، ئایا سەرکردایەتی کورد ڕازی دەبێت ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بخرێتە چوارچێوەی دەستووری عێراق، (کورد بەشێکی دانەبڕاوە لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لە عێراق)(٩)؟، ئایا سەرکردایەتی کورد توانی باوەڕ بە تورکمان‌و عەرەبی کەرکوک بهێنێ، کە بوونی پارێزگای کەرکوک بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوان باشترو گونجاوترە لەوەی بیر لەوە بکەنەوە وەکو پارێزگایەک لە دەرەوەی هەرێم بمێنێتەوە، یاخود ببنە هەرێمێکی سەربەخۆ؟

لەم بـوارەدا دەبێت سەرکردایەتی کورد بەڵێن بە عەرەب‌و تورکمان بدات، مافی ئەوان لە دەستووری هەرێم دابین بکات، ئیدارەی هەرێم‌و کەرکوک (ئەگەر بوو بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان) بەشێوەیەکی تەوافوقی بەڕێوەببرێت‌و لە ئاستی دەرەوەشیدا دڵنیای تورکیاو ئێران‌و وڵاتە عەرەبییەکان بکات، کە کوردی کوردستانی عێراق بیر لە جیابوونەوە ناکات.

چارەسەرێکی دیکەی تەوافوقی ئەوەیە، کە کەرکوک بەشێوەیەکی هاوبەش لەنێوان هــەردوو حکومەتی ئیتحادی‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەببرێت، ئەم بیرۆکەیە لەلایەن عادل عەبدولمەهدی، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆمار/ خولی یەکەم، تەرح دەکرێت، ئەو دەیەوێت سوود لە ئەزموونی فەرەنساو ئیسپانیا وەربگرێت، کە ئەو دوو وڵاتە بەشێوەیەکی هاوبەش هەرێمێکی نێوانیان بەڕێوەدەبەن، ئەم چارەسەرە بۆ کورد دووخاڵی پۆزەتیڤی تێدایە:

**خاڵـی یەکەم:**

هەرێمی کوردستان حسابی دەوڵەتی بۆ دەکرێت وەکو لایەنێک بەرامبەر حکومەتی عێراق.

**خاڵی دووەم:**

هەرێمی کوردستان هەم لایەنێکە لە ئیدارە هاوبەشەکەو هەم شەریکیشە لە حکومەتە ئیتیحادییەکە، ئەمەش بە قازانجی هەرێمی کوردستان دەشکێتەوە.

**سێیەم:**

چارەسەری تەوافوقی، کردنی کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکەی جێی ناکۆکی بە هەرێمێکی سەربەخۆ بەتایبەتی کـەرکـوک‌و خانەقین بە کەلارو کفری‌و چەمچەماڵ‌و دوزەوە، بە جەلەولاو سەعدییەو مەندەلی‌و بەدرەوە، ئەم بیرۆکەیە هەندێک لە ڕۆشنبیرە کوردەکانی کـەرکـوک بـڕوایـان پێی هـەیـە، هـەروەهـا کەسایەتییە تورکمانەکانیش کاری بۆ دەکەن، لەوانە سەرکردەی دیـاری تورکمانی شیعە (عەباس ئەلبەیاتی).

ئەم چارەسەرە دوو خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە.

**خاڵی یەکەم:**

عێراق لـەڕووی عەمەلییەوە دەبێت بە وڵاتێکی فیدراڵیی هەرێمایەتی‌و فیدراڵییەت دەبێتە واقیع‌و هانی پارێزگاکانی دیکەش دەدات، کە هەوڵبدەن ببنە هەرێمی فیدراڵ، کە ئەمەش لە قازانجی گەلانی عێراق‌و ناوچەکەیە بەگشتیی‌و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی.

**خاڵی دووەم:**

هەرێمی کوردستان خۆی ناخاتە ژێر بەڵێنی قورس‌و مەترسیدار لەسەر دواڕۆژی‌و ناوچەکەش لە شەڕی ئەتنی‌و دەستێوەردانی دەرەکی دووردەخاتەوە.

**پەراوێزەکان:**

١-بڕوانە دەستووری عێراق، مادەی (١٤٠).

٢-**فريد أسسرد-المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية. ص(٧٥).**

٣- **فريد أسسرد-المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية. ص(٨٢)ء ص(٩٠).**

٤-د.فوئاد مەعسوم: چاودێر: ژمارە (٢٨٠)، دووشەممە (٢٠١٠/٦/٢٨).

٥-**د.كمال مظهر أحمد: كركوك وتوابعها.. حكم التأريخ والضمير ص (١٩٥).**

٦-**نفس المصدر.. نفس الصفحة.**

٧-نفس المصدر.. ص(٧١).

٨-**الدائرة الأعلامية. العدد (٢٨٤) التأريخ: (٢٠٠٧/١١/٢٩)ص (٤ من ١٣).**


٩-هەندێک لە پەرلەمانتارە عەرەبەکان، لەوانە حسێن الفلوجی تەرحی لەو جۆرەیان هەبوو، یان پێیان باش بوو.

# ڕای گشتی

پاشکۆیەکی مانگانەیە پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن (KIE)
بەهاوکاری ڕێکخراوی (NED)و لەگەڵ [illegible]دا بڵاودەکرێتەوە.

K.I.E
Kurdish Institute for Elections
پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن

ساڵی سێیەم ژمــارە (٧) سێشەممە ٢٠١٠/٨/١٧

توانای دەستوری هەرێمی کوردستان لە دیموکراتیزەکردنی هەرێمدا

ل ٢



خوێندنەوەیەک بۆ پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستاندا

ل ٣



لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا

ل ٤

# ڕێکخراوەکان داوای یاسایەکی نوێ لە پەرلەمانو مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکەن

ئا: ڕای گشتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوا پرۆژەیدا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیاریدا لەجیاتی بودجەی چەسپاو بۆ ڕێکخراوەکان چیدی لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵو پــرۆژەی بــەســوود پــارە بداتە ڕێکخراوەکانو تا دەرچوونی یاسای نوێی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی مانگانە بڕی دوو ملیۆنو نیو دینار خەرج دەکرێت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی تا ئێستا مینحە لە حکومەت وەردەگرنو بەوهەنگاوەش مانگانە زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن دینار بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە. چالاکوانانی بواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش پێیانوایە بڕیارەکەی حکومەت لە بەرژەوەندی هەندێک ڕێکخراو دەداتو چالاکوانێکیش لەو بڕوایەدایە ئەگەر ڕێکخراوێک بۆ بودجە پشت بە حکومەت ببەستێت باشترە» بڕواتەوە ماڵەوە».

ســەبــارەت بــە دەرچــوونــی بڕیارەکە ڕاوێــژکــاری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی فــازڵ عومەر ڕایگەیاند، کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی نوێی لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا گرتۆتەبەر، ئەمەش پەیوەندی بەو نارەزایەتیو گلەییو گازەندانەوە هەیە کە لە نێوەندی ڕێکخراوەکاندا بوونی هەبوو بەوەی کە جۆرێک لە ناعەدالەتیو نایەکسانی لەدابەشکردنی مینحەدا هەیەو لەسەر بنەمایەکی مەنتیقیو زانستیانە نییە بەڵکو لەسەر ئەساسی مەحسوبیەتو مەنسوبیەت دابــەشــکــراوە. بە گوێرەی گوتەی فــازڵ عومەر بۆ چــارەســەری ئــەو ناعەدالەتییە «حکومەت بڕیاریدا بەدوو ئاراستە ئیش لەسەر ڕێکخراوەکان بکات کە ئەمەش هەستکردنە بە گرنگی ڕێــکــخــراوەکــان نــەک ئــەوەی کە هەندێک وا تێدەگەن کە حکومەت دەیەوێت دەسەڵاتیان کەمبکاتەوە» چونکە وەک ئــەو ڕاوێــژکــارەی سەرۆکی حکومەت گوتی « حکومەت لە پێناو بەشدارییپێکردنێکی فیعلیترو جدیتر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە ئــەو ســیــاســەتــەی گــرتــۆتــەبــەر» سیاسەتەکەی حکومەتی هەرێم دوو ڕەهەندییەو یەکەمیان هەوڵدانە بۆ دەرکردنی یاسایەکی نــوێ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە سایەیدا کار بۆ تێپەڕاندنی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابــردوو دەکــاتو کارێک بکات حکومەت مامەڵەیەکی مەدەنیانە لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بکاتو هــەروەهــا لە لایەکی دیکەوە لە هەناوی ئەم مامەڵەیەدا پارێزگاری لەسەربەخۆیی خودی ڕێکخراوەکان بکاتو ئازادی ڕێکخراوەکان بپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستنو لەکارو چالاکییەکانیان بەردەوام بن.

لە ئێستادا وێڕای ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵگەدا بینیویانە ڕێکخراوەکان لــە ڕێــگــەی پــرۆژەیــاســایــەکــەوە داوای ئــەوەیــان بــەرزکــردۆتــەوە کە پەرلەمانو حکومەتی هەرێم بــە یاسایەکی نــوێ مامەڵەیان لەگەڵ بکەنو جــۆری مۆڵەتدان بــە ڕێــکــخــراوەکــان ڕێکبخرێتو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە لایەن حکومەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

فازڵ عومەر ئاماژەی بۆ ئەوە کــرد، پێویستە بەیاسایەکی نوێ چۆنێتی پێدانی مینحەو هاوکاری حکومەت بۆ ڕێکخراوەکان دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی « ئەو سیستمی مینحەدانە کە گلەیی لەسەر هەیە نەمێنێتو ببێتە مامەڵەکردن لەسەر بنەمای پرۆژەو پرۆپۆزەڵ بەتایبەتی ئــەو پــرۆژانــەی کــە لەخزمەتی بــەرژەوەنــدیــیــە گشتییەکانی کۆمەڵگەدانو ئەو بودجەیەی بۆ ڕێــکــخــراوەکــان تەرخاندەکرێت پێویستە بخرێتە سندوقێکەوەو لەڕێگەی پێشبڕکێوە پــارەی ئەو سندوقە بدرێتە ڕێکخراوەکان».

دووەم ڕەهەندی بڕیارەکەی حکومەت مەسەلەی پاراستنی ســەربــەخــۆیــی ڕێــکــخــراوەکــانــە، هەرچەندە ئێستا پرۆژەیاسایەکی حکومەت هەیەو ڕێکخراوەکانیش پرۆژەیاسایەکیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە هــەردوو پرۆژەیاساکە یاسایەکی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام تا دەرچوونی ئەو یاسایە حکومەت بــڕیــاریــداوە بــڕە پــارەیــەک وەک هاوکاری بداتە ڕێکخراوەکان.

ئەو بڕە پارەیە کە دوو ملیۆنو پێنجسەد هەزار دیناری عێراقییەو دەدرێتە ئەو ڕێکخراوانەی مۆڵەتیان هەیەو بەپێی یاسای ژمارە ١٥و بڕیاری ٢٩٧ ی سلێمانی مۆڵەتیان وەرگــرتــووە کەنزیکەی ١١٣٤ ڕێکخراونو تەنها ٢١٤ یان مینحەیان پێدراوە.

بە بــڕوای فــازڵ عومەر ئەو دابەشکردنی مینحەیە «جۆرێک لە نایەکسانی تێدا بــووە» بۆیە حکومەت بڕیاریداوە وەکیەک بۆ هەر ڕێکخراوێک کە پێشتر مینحەیان وەرگرتووە بڕی ٢٥٠٠٠٠٠ دوو ملیۆنو پێنج سەد هەزار دیناریان پێدەدرێتو تا کۆتایی ئەمساڵ بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

پاساوی حکومەت بۆ پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە ڕێکخراوەکان وەک ئــەوەی فــازڵ عومەر باسی کرد ئەوەیە «ئەو ڕێکخراوانە بینایان لەسەر ئەو بودجەیە کردووە بۆیە نەدەکرا یەکسەر لێیان ببڕدرێت، لە کۆتایی ساڵدا هەموو ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبنە خاوەنی یەک جۆر لە مامەڵە».

لــە ئــێــســتــادا زۆرێـــــک لە ڕێکخراوەکان هاوکاری لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەردەگــرنو ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە لەسەر بنەمای پرۆژە هاوکارییان دەکەن.

ڕاوێــژکــارەکــەی ســەرۆکــی حکومەت لــەو بــڕوایــەدایــە ئەگەر «ڕێکخراوێک سەلیقەی هەبێت دەتوانێت بۆ ئامانجی مرۆیی بودجە بۆخۆی دابین بکاتو حکومەتیش لە لایەن خۆیەوە بەشێک دەبێت لەو پرۆسەیەو هاوکاری ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای پرۆژەکانیان دەکات».

لە بودجەی گشتیدا بــڕی ٨٨٦ ملیۆن دینار مانگانە بۆ ئەو ٢١٤ ڕێــکــخــراوە تــەرخــانــکــرابــوو، لە هەمانکاتدا سەنتەرو گروپو تیپە ڕۆشنبیرییو هونەرییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکرابوو، بەمەش مانگانە زیاتر لە (یەک ملیارو سەدو هەشتاو شەش ملیۆن – ١١٨٦٠٠٠٠٠٠ ) دینار بۆ ئەو ڕێکخراوو گروپو سەنتەرو یانەو تیپانە لە بــودجــەی گشتی وڵات خەرجکراوە.

بڕیارەکەی حکومەتی هەرێم لە لایەن هەندێک لەڕێکخراوەکانەوە ستایشکراوەو ئەو ڕێکخراوانەشی کە بودجەیەکی زۆریان لەحکومەت وەرگرتووە بە بڕیارەکە نیگەرانو لە بەرامبەر ئــەو هەڵوێستەشدا فازڵ عومەر گوتی «بەدیهێنانی هەر گۆڕانکارییەک لێدانە لە بەرژەوەندی هەندێک کــەس ئــەوەی کە ئێمە کردوومانە لەو سۆنگەیەوەیە کە بــەرژەوەنــدی گشتی لەبەرچاو دەگرینو بێگومان ئەوانەی نیگەرانن لەبەرژەوەندییان دراوەو ئاساییە بەلامانەوە چونکە هەر گۆڕانکارییەک ئەو شتانەی لێدەکەوێتەوە».

بــەڕێــوەبــەری ناوەندی ئایندە بــۆ پــرســەکــانــی گــەنــج سیروان عەباس بڕیارەکەی حکومەتی پێ ئیجابییەو دەڵێت»جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە نوێیەی حکومەت جۆرە لێکهەڵاواردنێک لەنێوان دووجۆر لەڕێکخراودا دەکات ئەو ڕێکخراوانەی کە بەراستی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مــەدەنــیــنو ئــەوانــەشــی تەنها بۆ بودجە دروستبوون، لە کۆتاییدا تەنها ئەو ڕێکخراوانە دەمێننەوە کە دەتوانن ئیشی باش بکەنو خزمەت بەکۆمەڵگە بکەن».

گوتیشی « بە هۆی بڕیارەکەی حکومەتەوە بەشێک لە ڕێکخراوەکان تەسفییە دەبــن» چونکە هەندێک ڕێکخراو تەنها پشتی بەداهاتی حکومەت بەستووەو خــۆی هیچ هەوڵێک نادات سەرچاوەی دارایی نوێ بدۆزێتەوە».

بــەبــڕوای شــارەزایــان کــاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا کارێکی خۆبەخشانەیەو ڕێکخراوەکان زۆرێکیان هیچ چاوەڕوانییان لە حکومەت نییە پارەیان پێبدات بەڵکو خۆیان لەسەر بنەمای پــرۆژەی بەسوود بۆ کۆمەڵگە سەرچاوەی دارایی دەدۆزنەوە.

ســیــروان عــەبــاس لــە بــارەی داخرانی هەندێک لەو ڕێکخراوانەوە کــە بــودجــەیــان کەمبۆتەوە یان دەبڕدرێت گوتی « ئەگەر ڕێکخراوێک چاوەڕوانی بودجە لە حکومەت بکات بچێتەوە مــاڵ باشترە». ئەو لەو بڕوایەدایە ئەو ڕێکخراوانەی بەو جۆرە کاردەکەن بوونەتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە بۆیە « ڕێکخراوێک بووبێتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە ئەوا داخرانی باشترە».

بڕیارەکەی حکومەت لە بارەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاوی یەکەمی ئەو سیاسەتەیە کە کابینەی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی سەر بودجە گرتوویەتییە بەرو بە گوێرەی زانیاری فــازڵ عومەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو میدیا بە گشتی بەشی دووەمی ئەو سیاسەتەی حکومەت دەبێت.



## چالاکوانێک: ڕێکخراوێک ببێتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە داخرانی باشترە

**«مانگانە لە بودجەی گشتی زیاتر لە یەک ملیارو سەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار بۆ ڕێکخراوو گروپو سەنتەرو یانەو تیپە وەرزشییەکان خەرجکراوە»**

**«جۆرێک لە ناعەدالەتیو نایەکسانی لەدابەشکردنی مینحە بەسەر ڕێکخراوەکاندا هەیەو لەسەر ئەساسی مەحسوبیەتو مەنسوبیەت دابەشکراوە»**

**« ئەو بودجەیەی بۆ ڕێکخراوەکان تەرخاندەکرێت پێویستە بخرێتە سندوقێکەوەو لەڕێگەی پێشبڕکێوە پارەی ئەو سندوقە بدرێتە ڕێکخراوەکان»**


Ford
پێشەنگە
نیڤا
بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیل/سنووردار
$30,750 28,750
داشکاندنی مانگی ڕەمەزان
★ فرۆشتن بە شێوەی قیست بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە پێشەکی ٪٢٥
و قازانجی ساڵانەی ٪٨ لە ڕێگەی بانکی بەغداوە.
★ گەرەنتی سێ ساڵ یان ٦٠٠٠٠ کم.
★ یەکەم خزمەتگوزاری لە ٥٠٠٠ کم دا بە خۆرایی یە.
EXPLORER
$16,000 15,000
FOCUS
داشکاندن تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا تا
$٢٠٠٠
پیرۆز ڕەمەزان
سلێمانی
٠٠٩٦٤ ٧٤٨٠ ١٠٠٠٠٠
دەباشان ١١٦ شەقامی چوارتا
هەولێر
٠٠٩٦٤ ٦٦ ٢٥٧٨٨٨٨
شەقامی ١٠٠ مەتری،گولان ١٠٩
ژ.پ: ٢٥٩ سلێمانی / عێراق
ئیمەیل: niva@nivairaq.com


شاری پاشای نیشتەجێبون
شاری پاشا هەڵدەستێت بەفرۆشتنی شوقەکانی، بەڕووبەری ١٥٠م٢ بەباشترین
کەرەستەی بیناسازیو پاراستنی لەگەرماو سەرما بەتازەترین سیستەمی [عزل]
■ سێ ژووری نوستن
■ یەک ژووری میوانی گەورە
■ چێشتخانەیەکو مەخزەنێک
■ دوو حەمامو تەوالێت
■ دوو بەڵەکۆنی دڵگیر
■ مەخزەنێکی ١٠م٢ لەژێر زەمین
◆ ناونیشان: سلێمانی - ڕاپەڕین
بەرامبەر دەروازەی فڕۆکەخانەی سلێمانی، تەنیشت قەیوان سیتی
ژمارەی تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠١٧٢٢٩٩ - ٠٧٧١١٥٢١١١٢ - ٠٧٥٠٢٢٨٢٤٥٨

# خوێندنەوەیەک بۆ پرۆژەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستاندا

زەردەشت خالد *

حەوت ڕێکخراوی ناحکومی لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٩دا پرۆژەیاسایەکی ٢٧ ماددەییان پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کردو لەرۆژی ٢٠١٠/٦/٢٧دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. ئەم پرۆژەیاسایە لەهەردوو (بڕیاری ژمارە ٢٩٧ی ساڵی ١٩٩٩و یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠١) گەشەسەندووترە لەرووی (بابەت‌و میکانیزم)ی دروستکردنی ڕێکخراوەکانەوە کە لەلایەن کۆمسیۆنێکی سەربەخۆوە چارەسەرکراوە ئەمەش تارادەیەک ئەو گەندەڵی‌و مەحسوبیەت‌و مەنسوبیەتە کەمدەکاتەوە کەپێشتر لە کاری ڕێکخراوەییدا هەبوو لە وەرگرتنی مۆڵەت، لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا دوور نییە لەکەموکوری‌و پێویستی بەهەڵوەستەکردن‌و پەرەپێدانەو هیواداڕین پەرلەمانتاران لەخولی تازەی خۆیاندا ئەم سەرنجانە لەبەرچاوبگرن.

### ئەنجوومەنی کۆمسیاران

ئەم دەزگا سەربەخۆیە لە رووی دارایی‌و ئیدارییەوە لە نۆ ئەندام پێکدێت‌و بەپێی جوگرافیای هەرێم ٣ ئەندام لەسلێمانی‌و ٣ ئەندامی هەولێرو ٣ ئەندام لەدهۆک بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینی ئەم یاسایەیە هیچ ئاماژەیەک بە پارێزگای کەرکوک نادات لەکاتی گەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان‌و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. هەروەها باس لەئەندامی یەدەک ناکات لەکاتی نەمانی شیاوێتی یاسایی یەکێک لەئەندامەکان یان لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەیان کەرێژەی دەنگدان تێیدا تێکدەچێت بەشێوەیەک کە ناتوانرێت بەزۆرینە دەنگ لەسەر بڕیارەکانی کۆمسیۆن بدرێت ئەمەش دەبێتەهۆی پەککەوتنی ئەم دەزگا کاریگەرە، ئەم کەلێنە یاساییە ئەگەری ئەوەی هەیە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بقۆزرێتەوە و خراپ بەکاربهێنرێت. باشتر وابوو لەگەڵ نۆ ئەندامە سەرەکییەکەدا ٣ ئەندام یان ٩ ئەندامی یەدەک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، هەروەها پێویستە لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەی نیوەی یان زیاتری ئەندامان ئەنجوومەنی کۆمسیاران بە هەڵوەشاو لە قەڵەمبدرێت‌و پەرلەمان دووبارە ئەنجوومەن هەڵبژێرێتەوە. ئەمەش دەبوو بەکارتێکی فشار بەدەست ئەندامانی ئەنجوومەن تاکو سەرۆکی ئەنجوومەن تاکرەوی لەبڕیارەکانیدا نەکات جگەلەوەی بەرپرسیارێتی ئەنجومەن، کەبەشێوەی هاوبەشی یان فەردی دەبێت، لەبەرامبەر پەرلەمان باس لەو ڕێژە دەنگدانە ناکات کە پەرلەمان دەتوانێت متمانە لە ئەندامانی ئەنجوومەن بسێنێتەوە.

شێوازی دەنگدانی پەرلەمان لەسەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمسیاران بەزۆرینەی سادەیە، باشتربوو کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ بووایە ئەم جۆرە ڕێژەیە چاودێری پەرلەمانی بەهێزتر دەکات‌و هاندەر دەبێت بۆ هەڵبژاردنی کەسی شیاو لەم ئەنجوومەنەدا. هەروەها ماوەی ئەندامێتی بۆ ٤ ساڵە بەڵام دەبوایە ئاماژە بەوە بدرایە کە قابیلی تازەکردنەوە نییە تاکو ڕێگە بگرێت لە پاوەنکردنی ئەم ئەنجوومەنە لەلایەن چەند روخسارێکەوە کە ئێستا دەزگاو وەزارەتەکانی حکومەت بەتەواوەتی بەم دۆخـەوە دەناڵێنێت. لە ماددەی ١٥دا کەباس لەمەرجەکانی ئەندامێتی دەکات بەبرگەیەک باسی لەهەبوونی رەگەزنامەی عێراقی بکردایەو ئاماژەی بدایە بەهەبوونی بڕوانامەی بەکالۆریۆس‌و بەلایەنی کەمەوە رەچاوی باڵانس جێندەریشی بکردایە لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە بەلایەنی کەمەوە ٢ ئەندامیان لەرەگەزی مێ بن.

### نەبوونی ئەحکامی گشتی سزادان لەیاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا

لە یاسای زۆرێک لە دەوڵەتاندا هەندێک تاوان بەناوی تاوانی ڕێکخراوەییەوە دەکرێت‌و تەنانەت هەندێکجار پرۆسەی شۆردنەوەی پارە (غسل الاموال)و چەندین جۆر تاوانی تر لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە دەکرێت بەتایبەتی لەبەرئەوەی بەپێی برگەی دوو لەماددەی ١٦ی ئەم پرۆژەیاسایە ڕێکخراو توانای وەرگرتنی سەرچاوەی دارایـی هەیەو ئەمەش وا لەهەندێک ڕێکخراو دەکات زۆر بەئاسانی بتوانن ببنە مۆڵگەیەک بۆ ئەمجۆرە تاوانە. دەبێت بەپێی یاسا ڕێکخراو ناچاربکرێت ناوی ئەو سەرچاوانە بدات بەدەستەوە کە هاوکاری دارایی پێشکەشدەکەن، ئەمەش ڕێگر دەبێت لەوەی کە هەندێک بەرپرسی حیزبی لەژێرەوە هاوکاری هەندێک ڕێکخراو بکەن، پاشان لەکاتی دەرنەخستنی سەرچاوەکانی دارایی ڕێکخراودا دەبێت سزای تایبەت هەبێت بۆ هەریەک لەڕێکخراوەکەو دەستەی دامەزرێنەرەکەی. هەندێکجار ئەندامانی ڕێکخراو لەڕێگەی ڕێکخراوەکەیان یان بەبەکارهێنانی



هەژموونی ڕێکخراوەکەیانەوە تاوانی سیستماتیک ئەنجامدەدەن‌و دەبنەمایەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو هەربۆیە نەبەخشینی ماف بەو کەسانە کەجارێکی تر نەبنە ئەندام لە ڕێکخراوێکی تردا مەسەلەیەکی گرنگە ئەمە جگە لەسزای سەرەکی تاوانەکەیان کەدەبووایە لەناو پرۆژەیاساکەدا ڕێکبخرایە.

بەرای من چاکتربوو کەدەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراو بە «مكلف بخدمة عامة» لەقەڵەمبدرایە تاکو بتوانرێت لەسەر سزای بەرتیل‌و ئیختلاس‌و چەندینجۆر تاوانی تر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها پێویستە لەکاتی دەستدرێژیکردنە سەریان بەندەکانی پرۆژەیاساکە زیاتر پشتگیریان بکات.

### نەبوونی کات بۆ پاراستنی دۆکیۆمێنتی ڕێکخراو نەبوونی دەقێک بۆ بە دۆکیۆمێنتکردنی بڕیارەکانی ڕێکخراو

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەپرۆژەیاساکەدا دەقێک نەهاتووە بەپاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی بودجەو ئەو کڕین‌و فرۆشتن‌و چالاکیانەی کە ڕێکخراو ئەنجامیاندەدات‌و دەبێت بۆ ماوەی چەند ساڵێک بیانپارێزێت چونکە لە رووی فەلسەفەی یاساوە ئەو دۆکیۆمێنتانە لەلایەکەوە رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕن لەپاراستنی ماف‌و جیاوکی خاوەنەکانیان‌و لەلایەکی تریشەوە کاتێک دیوانی چاودێری هەڵدەستێت بە چاودێریکردن‌و سەیرکردنی دۆکیۆمێنتەکان لەوکاتەدا ڕێکخراو دەتوانێت هیچ زانیارییەکی پێشکەش نەکات چونکە لەدەقەکانی پرۆژەیاساکەدا هیچ سزایەکی لەکاتی سەرپێچیکردندا تێدا نییە. وەکو بنەمایەکی یاسای سزادانیش «نە تاوان هەیە نە سزا تەنها بەپێی یاسا نەبێت» لەبەرئەوە دیوانی چاودێری دارایش ناتوانێت هیچ جۆرە سزایەک بسەپێنێت‌و ئەمەش وا لەدیوانی چاودێریی دەکات کەنەتوانێت بەرۆڵی خۆی هەڵبستێت وەکئەوەی لەبرگەی ٢ ی ماددەی هەڤدەهەمدا هاتووە. لەهەمانکاتدا ڕێکخراو پەنادەباتە بەر سووتاندن‌و فەوتاندنی ئەو دۆکیۆمێنتانە لەپێناو شاردنەوەی تاوان‌و گەندەڵییە ئیدارییەکانی.

هەروەک بوونی گەرەنتییەکیش تاکو بڕیارەکانی ڕێکخراو وەک بەڵگە بەئاسانی لەبەردەم دادگادا کاری پێوەبکرێت پێویستە بەشێوەیەکی نووسراو بێت تاکو خاوەن بەرژەوەندی بتوانێت بە ئاسانی نـاوەرۆکـی بڕیارەکە بسەلمێنێت. بەپێی یاسا بڕیارەکانی ڕێکخراو کەدەردەچێت پێویستە هۆکاری دەرچوونی بڕیارەکەی تێدا نووسرابێتەوە بۆ ئەوەی کاری ڕێکخراوەکە بەتەواوەتی لەمیزاجی شەخسی بەدووربێت.

### پێگەی دادگای ئیداریی لەپرۆژەیاساکەدا

دادگـــای ئـیـداری بەشێوەیەکی گشتی ئەم تایبەتمەندیانەی لە خۆگرتووە: مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئیداریی کاتێک پێچەوانەی یاسا دەربکرێت، هەروەها مافی قەرەبووکردنەوەی هەر لایەنێک کە لەئەنجامی بڕیارێکی نایاساییەوە زیان بەرکەوتووبێت، لەگەڵ بینینی ئـەو تانووتانەی کەپەیوەندییان بەرەگەزنامەو هەڵبژاردنی لۆکاڵییەوە هەیە وەک هەڵبژاردنی سەندیکاکان. زیادکردنی ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەم دادگایە خاڵێکی پۆزەتیفە چونکە ئەمە دادگایەکی ئینشائیە واتە دەتوانێت خۆی ڕێسایەکی یاسایی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەربکات‌و لەداهاتوودا زیاتر پاڵپشت بێت بۆ کاری ڕێکخراوەکان. بەڵام ماددەی ١٨ دژیەکبوونێکی هەیە لەگەڵ ماددەی ٢٢ چ لەرووی بابەت‌و چ لە رووی کاریگەرییەوە چونکە ئەم ماددەیە باس لەهەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو دەکات بەزۆرینەی سێ لەسەر چواری ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی بەڵام پرۆژەیاساکە ئاماژەی بەوە نـەداوە کەئایا دەکرێت لە پرۆپۆزەلی ڕێکخراوێکدا مافی هەڵوەشانەوە

بدات بە تاکە کەسێک چونکە سروشتی ئەو ماددەیە دیار نییە کەئاخۆ ماددەیەکی فەرمانکەرە( أمرە) کە بەپێی یاسا ناکرێت بەپێچەوانەیەوە ئیتفاق بکەین یان سروشتێکی (شیکاریی) هەیە. هەروەها ئەوە ڕێژەی سێ لەسەر چواری هەموو دەستەی دامەزرێنەرە، یان بە سێ لەسەر چواری ئامادەبووانی دەستەی دامەزرێنەر دەبێت کەیاساکە بۆشاییەکی گەورەی بۆ راڤەی جیاوازو فرت‌و فێڵی یاسایی داناوە.

پێویستە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە ملکەچی دادگای ئیداریی بێت نەک دادگای بەرایی بەو پێودانگەی کە بڕیاری دەستەی دامەزرێنەر بڕیارێکی تەواو ئیدارییە نەک مامەڵەیەکی بازرگانی. تانووتگرتن لەو بڕیارەی دەستەی دامەزرێنەر بەو شێوەیە دەبێت کەئەندامێک تانووت لەرێژەی دەرچوونی بڕیارەکە بگرێت کە سێ لەسەر چوار نەبووە یان لەئامادەبوونی ئەو کۆبوونەوەیە ئاگادارنەکراوەتەوە کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی تێدا دەردەکرێت. بۆئەوەی ئەم پرۆسەیە باشتر بەرێوەبچێت باشتروایە پرۆژەیاساکە ئەنجوومەنی کۆمسیاران ناچار بکات بە ناردنی چاودێرێک کە بەئاگابێت لەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوی تێدا دەدرێت پاشان ئەو بڕیارە بکرێتە ناو مەحزەرێک‌و هەموو ئەندامە ئامادەبووەکان ئیمزایان لەسەری بکردایە بەوانەی کەرازیبوون‌و هۆکاری رازیبوونەکەیان لـەگـەڵ ئەوانەشی کـەرازیـنـەبـوون بەهۆکاری رازینەبوونەکەیانەوە. پاشان چاودێر بەچەند کۆپییەک تەسدیقی دەکـات، کۆپییەک رەوانـەی ئەرشیفی ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەکات بۆ کاتی دروستبوونی کێشەو رۆڵی دۆکیۆمێنتێکی یاسایی یاریدەدەر دەبینێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان. پرۆسەی پاکتاوکردن چەند ڕێوشوێنێک لەگواستنەوەی ماڵی گوازراوەو نـەگـوازراوەی بۆ ڕێکخراوێکی تری هاوشێوەی ئەم ڕێکخراوە دەگرێتەبەر کە تانووتەکان پێویستە ملکەچی دادگـای بەرایی بێت کە لەبرگەی دووی ماددەی ٢٠دا ئاماژەی پێدراوە.

**پێویستە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە ملکەچی دادگای ئیداریی بێت نەک دادگای بەرایی بەو پێودانگەی کە بڕیاری دەستەی دامەزرێنەر بڕیارێکی تەواو ئیدارییە نەک مامەڵەیەکی بازرگانی**

هەروەها لە رووی بۆچونی یاساوە ڕێکخراو کەسایەتییەکی مەعنەوی هەیە کە ئیرادەی ئەم کەسایەتییە لە ڕێگەی دەستەی دامەزرێنەرەوە گوزارشتی لێدەکرێت ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە لەبرگەی ١و ٢ی ماددەی بیستدا هاتووە کەدەستەی دامەزرێنەر خۆی ئاگاداری خۆی دەکاتەوەو داواکاری یاسایی لەسەر خۆیان بـەرزدەکـەنـەوە کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەی یاساییەو دووبارە بەگەرانەوە بۆ بیروباوەری ئەندامانی ئامادەکاری ئەم پرۆژەیاسایە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستیان چییە...

لەماددە ٢٢ی ئەم پرۆژەیاسایەدا دەسەڵاتێکی نوێ بەخشراوە بەدادگای ئیداری لەهەرێمی کوردستاندا کە ئەندامانی ڕێکخراو دەتوانن بڕیارەکانی ڕێکخراو، کەپێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆی بێت، لەرێگەی ئەم دادگایەوە هەڵبوەشێننەوە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا چۆن دەبێت بابەتی «تظلم» پێش بەرزکردنەوەی داوانامە بێت بۆ ئەم دادگایەو ماددەی «تظلم» چەند دەبێت، کەئەم بابەتانە دەچنە کرۆکی کاری دادوەریی ئیدارییەوەو نەبوونی دەبێتەهۆی ئەوەی ئەو ماددەیە بەهای یاسایی خۆی لەدەستبدات‌و نەتوانێت لەناو واقیعدا شوێن پێی خۆی بکاتەوە.

* خوێندکاری کۆلێژی یاسا لەزانکۆی سلێمانی

# پرۆژەیاسای دەستەی هەڵبژاردن‌و چەند سەرنجێک

دەرون عەبدولکەریم *



پـاش ئـەوەی کۆمەڵێک لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاسایەکیان سەبارەت بە دامەزراندنی دەستەی باڵای سـەربـەخـۆی هـەڵـبـژاردن‌و راپرسی لەهەرێمی کوردستان پێشکەشکرد، بەپێویستمان زانی کەخوێندنەوەیەکی کـورت بۆ چەند برگەیەکی ئەم پرۆژەیە بکەین کە تەنها مەبەستمان سەروەریی یاساو شەفافیەت‌و پـارێـزگـاریـکـردنـە لـەرەوتـی دیموکراسی بەتایبەتی لەواقیعی ئەمرۆی کوردستاندا کەدەمانەوێت ئەو یاسایانەی لەم هەرێمەدا دەردەچـن ئەوپەڕی شەفافیەت‌و دادپەروەری دەستەبەر بکەن.

بەپێی ئەم پرۆژەیاسایە دەستەی ناوبراو تاکە دەسەڵاتی یاسایی ئەنجامدانی هەڵبژاردن‌و راپرسییە گشتییەکانی دەبێت لەهەرێمی کوردستاندا بەهەڵبژاردنە فیدرالیەکانیشەوە لەوانەش وەک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق‌و راپرسی لەبارەی هەموارکردنی دەستووریی فیدرالی عێراقەوە. واتە ئەم دەستەیە تەواو سەربەخۆیە لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق‌و دەسەڵاتی تایبەتی خۆی هەیەو لەرووی ئیداریی‌و داراییەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای فیدراڵیدا نییە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێگەی رەخنەیە چونکە پرۆژەکە باس لەوە دەکات کە ئەم دەستەیە راسپاردەو رێوشوێنەکان بۆ هەڵبژاردنەکان دادەنێت بەمەبەستی پەیرەوکردنی بەپێی ئەو یاسایانەی لەهەرێمدا هەن، هەموو ئەمانەش دەبنەهۆی ناجێگیریی‌و ناسەقامگیریی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنە فیدرالییەکان چونکە ناکرێت یەک هەڵبژاردن دوو دەسەڵاتی جیاواز سەرپەرشتی بکات‌و یەک هەڵبژاردن بەدوو جۆر رێوشوێن‌و رێسا ئەنجامبدرێت کەئەمەش دواجار دەبێتەهۆی بەریەککەوتن‌و دژیەکی لەنێوان ئەم دەستەیەی هەڵبژاردنی هەرێم‌و کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی فیدراڵیدا، سەرباری ئەوەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان‌و میدیای دەرەکیش زیاتر بەرەو کۆمسیۆنی فیدرالی دەچن‌و ئەمەش وادەکات ئەم دەستەیەی هەرێم لەرووی نێودەوڵەتییەوە فەرامۆش بکرێت بەو پێیەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دەستەیەکی هەرێمایەتییەو ئەمەش لەواقیعی سیاسی ئەمرۆی هەرێمدا مەترسی دەستێوەردانی حیزبی دەهێنێتە ئاراوە.

سەبارەت بەهەماهەنگی‌و تەنسیقکردنی نێوان دەستەی ناوبراوی هەرێم‌و کۆمسیۆنی فیدرالی پرۆژەیاساکە هیچ بەهایەکی بۆ ئەو تەنسیقکردنە نەهێشتۆتەوەو دەسەڵاتی حەسری لەرووی رێکخستن‌و جێبەجێکردن‌و بەرێوەبردنی سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی لەهەرێمدا ئەنجامدەدرێن داوەتەدەست دەستەکە بەبێئەوەی سروشتی ئەو تەنسیقەی نێوانیان لـەرووی میکانیزمەوە دیاری بکات. هەموو ئەمانەش لەکاتێکدایە کە کورد زۆر بە چالاکی بەشدارە لەکۆمسیۆنی فیدراڵیدا.

لە پرۆژەیاساکەدا پێویستە چاودێرانی هەڵبژاردنەکان‌و راگەیاندنە بیانی‌و ناوخۆییەکان لەلایەن ئەم دەستەیەوە تۆمار بکرێن‌و ناکرێت ئەم دەستەیە دەسەڵاتی رەتکردنەوەی هیچ کام لەو چاودێرو راگەیاندنە بیانی‌و ناوخۆییانەی هەبێت کە دەیانەوێت چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن، بۆ ئەوەی ئەم دەستەیە نەکرێتە هۆکارێک بۆ بچوککردنەوەی کاری چاودێریی لەسەر چۆنێتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان.

لە پرۆژەیاساکەدا هاتووە کە ئەم دەستەیە تایبەتمەندە بەو تانانەی کە پەیوەندیدارن بە هەڵبژاردنەکانەوە، واتە هەموو جۆرە هەڵبژاردنێک دەگرێتەوە بەگشتی. لێرەدا دارێژەرانی ئەم پرۆژەیاسایە یاسای ژمارە ١٤ ی ساڵی ٢٠٠٨ی لەبیرکردووە کە یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمەو تێیدا دەسەڵاتی سەیرکردنی هەموو ئەو تانانەی داوەتە دەست ئەنجوومەنی شورا کە لەسەر هەڵبژاردنە لۆکاڵی‌و خۆجێییەکان دەگیرێن.

پرۆژەیاساکە باس لەوە دەکات کە یەکێک لەپێکهاتەکانی ئەم دەستەیە بریتیە لەئەنجوومەنی دەستەکەو لە٧ ئەندام پێکدێت کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگیان لەسەر دەدرێت بەڵام دەسەڵاتی پاڵاوتنی ئەو ئەندامانەی داوەتە دەست سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە رای ئێمە ناکرێت ئەم دەسەڵاتە بدرێت بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڵکو چاکتر وایە پاڵاوتنی ئەم کەسانە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بکرێت یاخود ئەندامانی پەرلەمان بە نیسابێکی دیاریکراو پێشنیاری ئەو ناوانە بکەن .


هەروەها کەباس لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی دەستەکە دەکات ماوەی سەرۆکایەتی ساڵێکە کەشیاوی تازەکردنەوەیە بەڵام دیاری نەکردووە کە تازەکردنەوەکە بۆ چەند جارە کەرەنگە ئەمە بواری قۆرغکردنی ئەو پۆستە بدات.

هەروەها باس لەوە کراوە کەپەرلەمان بۆی هەیە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەم دەستەیەدا بکات بەزۆرینەی رەهای ئەندامەکانی لەکاتی سەرپێچی یاساکاندا. سەرەرای رەخنەمان لەرێژەی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان کەدەبووایە زۆرینەی ئامادەبووان بوایە هەروەها جۆری سەرپێچی‌و ئەو یاسایەشی کەسەرپێچیکردنەکەی دەبێتەهۆی لێپرسینەوە، دیاری نەکراوە. واتە بەپێی پرۆژەکە ئەگەر یەکێک لەئەندامانی دەستەکە، بۆ نمونە، سەرپێچی یاسای هاتوچۆش بکات ئەوا دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت جگە لەوەی سروشتی بەرپرسیارێتییەکەش دیاری نەکراوە کەئایا سزاییە یان مەدەنییەو بەپێی کام یاسا دەبێت؟! ئایا بەپێی یاسای سزادانی عێراقییە یاخود بەیاسای راژەی مەدەنی عێراقییە یان چ یاسایەکی ترە؟ جۆری لێپرسراوێتییەکەش نادیارە کەئایا بەدەستلەکارکێشانەوەیە یان کۆتاییهێنانە بەپۆستەکەی یان بەخشینیەتی یان...هتد.

* خوێندکاری کۆلێژی یاسا لەزانکۆی سلێمانی

# توانای دەستوری هەرێمی کوردستان لە دیموکراتیزەکردنی هەرێمدا

خالید عومەر رەشید *



## بەشی یەکەم

دانـــان‌و پـەسـەنـدکـردن‌و کـارکـردن بـەدەسـتـور بەیەکێک لەهەنگاوەکانی دورکەوتنەوە لەدیکتاتۆریەت‌و هەنگاونان بەرەو دیموکراسی دەژمێردرێت، بەواتایەکی دیکە قۆناغی پاش دانانی دەستور قۆناغێکی تەواو جیاوازە لەقۆناغی پێش دانانی دەستور چونکە، وەک پرەنسیپێکی گشتی، قۆناغی پاش دانانی دەستور قۆناغی هەنگاونانە بەرەو دیموکراسی‌و ئەمەش پشتبەستە بەو راستییەی کە دەستور ئەو بەڵگەنامەیەیە کە دەسەڵات لەشێوازی نەریتییەوە (عورفی) دەپەرێنێتەوە بۆ شێوازی بەیاساییکردنی دامـــەزراوەو بـریـارەکـانـی، (یـاسـا)ش بەتێگەیشتنێکی دیموکراسیانە ئەو رێسایانەیە کە گەل لەدانانیاندا بەشداربووە.

بەم تێگەیشتنە دەستور هەڵدەستێت بەکەمکردنەوەو لەچوارچێوەدانی ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر هەبووەو بەدەسەڵاتێک جێگەی دەگـرێـتـەوە کە بـەو دەستورە رێکخراوەو هاوڵاتیان بەشداربوون لەدانان‌و پەسەندکردنیدا، واتـە لەقۆناغی دانانی دەسـتـورەوە ئیدی هێدی هێدی هەرەمی دەسەڵات ئەو بڵندییەی نامێنێت‌و بەشێک لەتوانای دەسەڵاتی پێشوو لادەبرێت یاخود دەدرێت بەهاوڵاتیان. بەم شێوەیە لەلایەکەوە دەسەڵاتێکی شەرعی دروسـت دەبێت‌و لەلایەکی دیکەوە رۆڵـی تاک لەسیاسەتدا فراوانتر دەبێت‌و ئەم دوو روداوەش دەبنە سەرەتایەکی گرنگی بنیاتنانی سیستمی دیموکراسی.

لـەم روانگە تیۆرییەوە پرسیارێکی جـەوهـەری سـەبـارەت بـەرەشـنـوسـی دەستوری هەرێمی کوردستان دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەم رەشنوسە ئەگەر پەسەند بکرێت دەتوانێت ببێتەهۆی بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەکورتی‌و لەژێر چەند ناونیشانێکدا لەسەر هەندێک برگەو مادەی رەشنوسەکە هەڵوەستە دەکەین، بەتایبەت ئەو برگەو مادانەی کە بوونەتەهۆی ئەوەی کە بە(نەخێر) وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدرێتەوە.

### دانانی دەستور

بەشێوەیەکی گشتی دەستور لەلایەن دەسەڵاتێکەوە دادەنرێت کە پێیدەوترێت (دەسـەڵاتـی دامـەزرێـنـەر)و خـودی ئەم دەسەڵاتە لەجەوهەردا دەسەڵاتێکی سیاسییە کە بەشێوەیەکی نایاسایی‌و نادیموکراسیانەو لەئەنجامی شۆرش یاخود کودەتاو ئینقلاب دەسەڵاتی گرتۆتە دەست‌و هەوڵی دانانی دەستور دەدات، کەدیارە دوای دانانی دەستور ئەم دەسەڵاتە بوونی نامێنێت‌و بەگوێرەی دەستور دەسەڵاتێکی دیکە دروستدەبێت کە پێیدەوترێت (دەسەڵاتی دامەزرێنراو) ئەم دەسەڵاتەش خۆی لەدەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن‌و دادوەری)دا دەبینێتەوە.

دانانی دەستوری هەرێمی کوردستان ئەم شێوازە ستانداردەی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵکو لیژنەیەکی ١٩ کەسی رەشنوسی دەستوریان ئامادەکردووە کە ١٥ کەسیان ئەندام پەرلەمان بوون، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی یاسادانان کە دەسەڵاتێکی دامەزرێنراوە هەستاوە بەدانانی دەستور، نەشیاویی ئەم کارەش لەوەدایە کە دەبینین بەشێوەیەکی نادروست دەستور دانراوە لەلایەن کەسانێکەوە کە ئەو دەسـەڵات‌و تایبەتمەندییەیان نییەو لەسنوری دەسەڵاتی خۆیان لایـانـداوە، ئەمەش سەرەتایەکی ترسناکە لەلادان لەدەسەڵاتی دیاریکراوو پەراوەکردنی دەسەڵاتێک کە هی پەرلەمان نییە، چونکە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی دامەزرێنەر لەوەدایە کە دەسەڵاتێکی بێ سنور پیادە دەکـات‌و پابەندی هیچ یاساو رێسایەک نابێت‌و تەنها بەرژەوەندی گەل‌و ئامانجەکانی شۆرش لەبەرچاو دەگرێت، لەکاتێکدا دەسەڵاتی یاسادانان تایبەتمەندیی‌و دەسەڵاتی سنوردارەو دەبێت بەپێی دەستور پەراوەی دەسەڵاتەکانی بکات.

جگە لەمەش لەرووی دیموکراسیبوونی دانانی دەستورەوە گومانێک لەسەر دانانی رەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە شێوازی دیموکراسیانەی دانانی دەستور دوو رێگە لەخۆدەگرێت، یان ئەوەتا دەبێت لیژنەیەک لەلایەن هاووڵاتیانەوە «هەڵبژێردرێت» بۆ دانانی دەستور، یاخود دەبێت لیژنەیەکی «دیاریکراو — تعین» رەشنوسی دەستور ئامادە بکەن‌و لەهەردوو رێگەکەشدا دەبێت دواتـر رەشنوسەکە بخرێتە راپرسییەوەو لەلایەن زۆرینەی گەلەوە قبوڵبکرێت، هەرچەندە هەندێک لەنوسەرو شارەزایان پێیانوایە کە دانانی دەستوری هەرێمی کوردستان شێوازێکی دیموکراسیانەی هەیەو خۆی لەرێگەی دووەمی ئاماژەپێکراودا دەبینێتەوە، بەڵام بەبروای من بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن پەرلەمانەوەو خۆخستنە جێی دەسەڵاتی دامەزرێنەر، لادان لەو رێگە دیموکراسییەدا بەدیدەکرێت. باشتر وابوو هەڵبژاردن بکرایە بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی ئامادەکاری رەشنوسی دەستورو دواتر ئەو رەشنوسەی ئامادە دەکرا بخرایەتە راپرسییەوە. بەمەش لەلایەکەوە رێگەی دانانی دەستورەکە دیموکراسیانەتر دەبوو لەلایەکی دیکەشەوە جێگرەوەیەک بۆ دەسەڵاتی دامەزرێنەر بەشێوەی هەڵبژاردن دیاریدەکرا.



لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو بروایەی کە ئەم شێوازە لەدانانی دەستورو لادان لەسنوری دەسـەڵات لەلایەن پەرلەمانەوە خاڵێکی ئومێدبەخشی دیموکراسی نییە، بەڵکو سەرەتایەکی ترسناکە بۆ ئەو قۆناغە نوێیەی کەدوای دەستور دروستدەبێت.

* بەکالۆریۆس لەزانستە سیاسیەکاندا

# هەرێمو دەستەی هەڵبژاردن

مەستی سەرکەوت

سەرەتا دەمەوێت بڵێم زۆر ئاساییە ئەگەر نەشڵێم گرنگ‌و پێویستە کەهەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی یاسایی خاوەن پەرلەمان‌و حکومەت‌و چەندین دامەزراوەو پێکهاتەی دەوڵەتی کە پرۆسەی هەڵبژاردن تیایدا لەچەندین بـواردا پەیرەودەکرێت، ببێتە خـاوەن دامـەزراوەیـەکـی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن، چونکە ئەگەر هەڵبژاردن، وەک پێوەرێکی گرنگ‌و بەبەهای پێوانەکردنی ئاستی دیموکراسی، یەکێک بێت لەپێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کە گرنگی بەبەشدارییپێکردنی سـەرجـەم تـاک‌و لایەنەکانی خـۆی لە بریاردان‌و بەرێوەبردنی سەرجەم کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی دەدات لەرێی پێدانی بوارو فرسەتی یەکسان‌و پیادەکردنی بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەڵات. ئەوا دەبێت بڵێین کەبوونی دامەزراوەیەکی سەربەخۆو بێلایەن بۆ رێکخستن‌و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماو پێوەرە سەرەکی‌و گرنگەکانی سەرکەوتن‌و پیادەکردنی هەڵبژاردنێکی پاک‌و بێگەرد، بۆیە بـریـاردان لەسەر دروستکردن‌و پێکهێنانی دامەزراوەیەکی بەردەوامی تایبەت بە هەڵبژاردن هەروا کارێکی ئاسان نییەو پێویستە رەچاوی چەندین خاڵ‌و پێوەری گرنگ بکرێت تاببێتە جێی متمانەو بەراستی ببێتە دامەزراوەیەک کەشایستەی ئەوەبێت سەرپەرشتیارو بریاردەری پرۆسەیکی گرنگی وەک هەڵبژاردن بێت.

مـەرج‌و پێوەرەکانی دامـەزرانـدن‌و کارکردنی هەر دامەزراوەیەکی تایبەت بەهەڵبژاردن نێودەوڵەتین‌و سـەرەرای ئەوەی وڵاتە پێشکەوتووو دیموکراتەکانی جیهان پەیرەوی دەکەن، چەندین دامەزراوەو رێکخراوی جیهانی‌و نێودەوڵەتیش هەن چـاودێـری پرۆسەکانی هـەڵـبـژاردن‌و دامـەزراوەکـانـی تایبەت بـەو پرۆسەیە لەوڵاتانی جیهاندا دەکەن.

مـەرج‌و پێوەرەکانی دامـەزرانـدن‌و کارکردنی هەر دامەزراوەیەکی تایبەت بەهەڵبژاردن زۆرن، لەوانە:

١. شەفافیەت لە پێکهێنانی دامەزراوەکەو هـەڵـبـژاردن‌و دامـەزرانـدنـی ئەندامانی بریاردەرو بەرێکارانی کارو کارمەندانی دامەزراوەکە.

٢. سەربەخۆیی‌و بێلایەنیی دامەزراوەی هەڵبژاردن، کە دەبێت ئەم سەربەخۆیی‌و بێلایەنییە بەروونی دیاربێت، بەتایبەت رەنگدانەوەی لە دەستنیشانکردنی ئەندامانی دەستەکە لە خەڵکانی سەربەخۆو بێلایەن‌و ناسراو بەو ئاکارانە.

٣. بـەتـوانـایـی دامــەزراوەکــە لە جێبەجێکردنی یاسای هەڵبژاردن‌و دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە بەرێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و بەرێوەبردنی باشی قۆناغەکانی پرۆسەکە.

٤. بەتوانایی دامەزراوەکە، لەدابینکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردن، هەر لەمەشقی کارمەندانی پێویست بۆ بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن‌و هۆشیارکردنەوەی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن تا دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکانی پرۆسەکە، لە لیستی ناوی دەنگدەران‌و پسوڵەی دەنگدان‌و سندوقی دەنگدان‌و...هتد.

٥. هەبوونی پشتگیری دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، بەتایبەت دامەزراوەکانی دادوەری‌و حکومەت بۆ دامـــەزراوەی هەڵبژاردن لەپێناو سەرخستن‌و باش بـەرێـوەچـوونـی پـرۆسـەکـە، بەتایبەت لەبواری ئاسانکردنی کاری دامەزراوەکەو کەمکردنەوەو نەهێشتنی کۆسپەکانی بەردەم کارەکانی هەڵبژاردن، هەر لە دابینکردنی دارایی‌و پێداویستی مادیی‌و خزمەتگوزارییە مەدەنییەکان‌و دابینکردنی ئارامی‌و ئاسایشی پرۆسەکەو هەڵسوراوانی پرۆسەکە.

سەبارەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا بـەنـاوی (دەسـتـەی بـاڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن‌و راپرسی لەهەرێمی کوردستان) کە رەشنوسی پرۆژەیاساکەی لە لایەن (١٣) پەرلەمانتارەوە ئامادەو پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوەو تێیدا داواکراوە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانەوە. دەگەرێمەوە بۆ سەرەتای ئەم نوسینەم کە وتومە: زۆر ئاساییە گەر نەشڵێم گرنگ‌و پێویستە کە هەرێمی کوردستان ببێتە خـاوەن دامەزراوەیەکی تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کەئەگەر هەڵبژاردن پێوەرێکی گرنگی ئاستی دیموکراسی بێت، ئەوا دامــەزراوەی تایبەت بە هەڵبژاردن پێوەرێکی سەرەکی‌و گرنگی ئاستی پاکی‌و بێگەردی پرۆسەی هەڵبژاردنە.

لەبەرئەوەئەگەرهەرتانەولەکەیەک‌لەسەر دامەزراوەی هەڵبژاردن هەبێت‌و سەرجەم یاریزانانی کایەی سیاسی‌و بەشداربووانی پرۆسەی هەڵبژاردن متمانەی تەواویان بە دامەزراوەی تایبەت بە هەڵبژاردن نەبێت کە سەرپەرشتی ئامادەکردن‌و جێبەجێکردنی هـەڵـبـژاردن دەکـات‌و یـەکلاکـەرەوەی کێشەکانی هەڵبژاردن‌و بریاردەرە لەسەر هەموو هەنگاوو چەمکەکانی هەڵبژاردن‌و ئەنجامی کۆتایی پرۆسەکە، ئەوا گومان‌و نیشانەی پرسیار لەسەر هەموو پرۆسەکە دروستدەبێت‌و پێناچێت دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەش قبوڵبکریت‌و پرۆسەکە سەرکەوتونابێت‌و شکستدەهێنێت.

بـەشـێـوەیـەکـی گشتی رەشنوسی پرۆژەیاسای پێکهێنانی (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن‌و راپرسی لەهەرێمی کوردستان) کە ئێستا لەبەردەست پەرلەمانی کوردستاندایە، چەند تێبینیەک هەڵدەگرێت، لەوانە: کەپێویستە شەفافیەت‌و روونی زیاتر لەخۆبگرێت تا دامەزراوەیەکی هەڵبژاردنی بەهێزو سەربەخۆمان هەبێت‌و بتوانێت لە بارێکی وەک هەرێمی کوردستاندا کەبەشێکە لەعێراقێکی فیدراڵ خزمەت بە ئەزموونی هەرێم‌و پرس‌و دۆسێکانی کوردو هەرێم بکات نەک زیانی پێبگەیەنێت.

لە برگەی یەکەمی مـاددە (٤)ی ئەم پرۆژەیاسایەدا پاڵاوتنی کاندیدەکانی ئەنجومەنی دەستە لەرێی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەبێت‌و بەدەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن. کەئەمەش خاڵێکی نەرێنییەو رێگە لەبەردەم بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی ناو پەرلەماندا دەگرێت کەبەشداربن لە دیاریکردن‌و قبوڵکردنی پاڵاوتنی کاندیدەکان بۆ ئەنجومەنی دەستە. باشتروایە قبوڵکردنی پاڵاوتنی کاندیدەکان بۆ ئەنجومەنی دەستەی دامـەزراوەیـەکـی گرنگی وەک هەڵبژاردن لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانیەوە بێت کەنوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی ناو پەرلەمانی تێدابێت، تا هەنگاوەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی دەستەکە جێی متمانەی هەموو لایەک بێت‌و نەوترێت پێکهێنانی دەستەکە کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی تەنها لایەنێکەوە.

هـەروەهـا مەرجی زۆریـنـەی رەهـای ئەندامانی پەرلەمان وەک بەربەستێک لەبەردەم پێکهێنانی دەستەکەو هەوڵدانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی سەیردەکرێت، هەربۆیە باشتروایە مەرجەکە زۆرینەی سادەی پـەرلـەمـان یـاخـود زۆریـنـەی رەهـای ئامادەبووانی دانیشتنەکە بێت.

برگەی (١)ی ماددەی (٦)ی رەشنوسی پرۆژەیاساکە کەباسی پێکهێنانی ئۆفیسی پارێزگاکان دەکات‌و ماددەی (٨) خاڵی (٢) باسی پلەی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستەکە دەکـات، پێویست بوو کەپلە تایبەتەکەی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستە دیارییبکرایەو لانی کەم کەمتر نەبوایە لە پلەی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عیراق، ئەم ماددانەو چەندین خـاڵ‌و برگەو مـاددەی تـری رەشنوسی پرۆژەیاساکە پێویستی بەوردکردنەوەو رۆنکردنەوەی زیاتر هەیە، وەک شێوازو ئاستی پەیوەندی نێوان دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێم و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەعێراق.

بەدەر لە تێبینی یاسایی لەسەر رەشنوسی پرۆژەیاساکە، پێویستە بۆ باری ئێستای کوردستان‌و کـورد لە عێراقی فیدراڵدا، بۆ دەرکـردنـی هەریاسایەک‌و هەڵنانی هەر هەنگاوێک چەندینجار بیربکەینەوەو لایەنە بـاش‌و خراپەکانی کاریگەریی‌و دەرەنجامەکانی ئایندەی لێکبدەینەوە، تابتوانین زۆرترین سـوود بە هەرێمی کوردستان‌و ئەزموونەکەی بگەیەنین.

**مەرجی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان بەربەستێکە لەبەردەم پێکهێنانی دەستەکەداو هەوڵدانێکە بۆ کۆنترۆڵکردنی**

# لەبەر ڕۆشنایی پرۆژەیاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا

د. شۆرش حەسەن



بەپێی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی لەعێراقدا بۆی هەیە خاوەنی کۆمسیۆنێکی باڵای تایبەت بەخۆی بێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەموو هەڵبژاردن‌و راپرسییەک کە لەم هـەرێـمـەدا ئەنجامبدرێت. ئەمە هەقێکی هەرێمەکانەو لـەدەرەوەی دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فـیـدراڵـە کـە بـەمـادەی (١١٠)ی دەستور دیاریکراون، لێرەدا قانونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ هیچ ڕۆڵ‌و پەیوەندییەکی نیە لەمەنعکردنی هەرێم لەو هەق‌و دەسەڵاتەیدا چونکە قانونێکی ئاساییەو ئەمیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو دەستورە دەرکراوە، بۆیە بەپێویستی نازانین باس لەو مادانەی ئەو قانونە بکەین کە گوایە ڕێگردەبن لەدامەزراندنی وەها کۆمسیۆنێک لەهەرێمەکان وەک هەندێک بەرێز ئەو بۆچونەیان هەیە.

ئێمەلەکاتێکداجەختلەسەرماف‌و دەسەڵاتە دەستورییەکانی هەرێم دەکەینەوەو داوای سەربەخۆیی زیاتری بۆ دەکەین لەحکومەتی فـیـدراڵ بـەپـێـی ئەحکامەکانی دەستور، زۆر بەراشکاویش داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین کەکاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتەکانی خۆی بەدامەزراوەیی بکات‌و چیتر لەژێر کاریگەری‌و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی نەمێننەوە چونکە تائێستا دوای ١٩ ساڵ ئەزمونی حوکمرانی هەنگاوێکی جدی بەو لایەنە نەنراوە جگە لەهەڵدانی دروشمی بریقەدار نەبێت. لێرەوەش ڕۆڵ‌و ئەدای وەها کۆمسیۆنێک ئەگەر دروستبکرێت بەباشتر نابینم لەداموەدزگاکانی تـری هەرێم کە ئەمیش دەچێتە پاڵیان بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئەحزابی دەسەڵات. بەواتایەکی تری سادەو کوردانە تا ئێستا بەدورین لەپرەنسیپەکانی دیموکراسی‌و بـەکـردەوە بـاوەڕمـان پێی نییەو تەنیا وەک دروشم بەکاریدەهێنین (گەلانیش لەسەر دروشم ناژین) وەک خرۆشۆف لەسەردانەکەیدا بۆ ئەمریکا ساڵی ١٩٦٠ئەم حەقیقەتەی درکاند.

ئەو کۆمسیۆنەش بەگوێرەی ناوەکەی دەزگایەکی سەربەخۆو بێلایەن دەبێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردن‌و راپرسییەکانی هەرێم. دیموکراسیەتیش مەحاڵە بوونی هەبێت بەبێ هەڵبژاردنی ئازادو بـێ غـەلـوغـەش‌و هـەردووکـیـان تەواوکەری یەکترن‌و دوو ڕووی یەک دراون. بەڵام بەخوێندنەوەی واقیعی هەموو داموەدزگاکانی هەرێم‌و هەڵبژاردنەکان کەتیایدا ئەنجامدراون ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کەهیچ پرۆسەیەکیان بەئاسایی نـەڕۆیـوەو تـەزویـرو فرتوفێڵی تێداکراوە، ئەمە لەکاتێکدا زۆربـەی ئەم هەڵبژاردنانە لەژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی کۆمسیۆنی عێراقدا ئەنجامدراون کە حیزبەکانی دەسەڵاتداری هەرێم چەند ئەندامێکی کەمیان هەبووە لەو کۆمسیۆنەدا، ئـەی ئەگەر کۆمسیۆنی تایبەت بەهەرێم دابمەزرێت‌و بەخەڵکی سەر بەحیزبە حوکمرانەکان پربکرێتەوە، ئەوسا دەبێت ئێمە چاوەڕێی چۆن هەڵبژاردنێکی پاکوبێگەرد لەم کۆمسیۆنە بکەین‌و ئاخۆ چەندی تر لەپرۆسەی دیموکراسی دورمان بخاتەوە؟! چونکە بەکردەوە دەزگاو دەسـەڵاتـە فەرمییەکانی هەرێم بەحیزبیبونی خۆیان سەلماندووەو زیاتر بەتەنگ بەرژەوەندییەکانی حیزبەوەن وەک لە بەرژەوەندی گشتی‌و میللەت.

پـرۆژە یـاسـای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم لەرۆژی ٦/٢٣ پێشکەشی پـەرلـەمـان کـراو لە ٦/٢٧ یشدا (واتە دوای چوار ڕۆژ) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، کە ئەمە لەخۆیدا بەڵگەو نیشانەی بەرنامەڕێژییەک دەنوێنێت بۆ زوو دەرکـردنـی ئـەم یاسایە لەلایەن پـەرلـەمـانـتـارانـی دەسـەڵاتـەوە، لەکاتێکدا بوونی وەها کۆمسیۆنێک لەحاڵی حازردا هێندە پێویستییەکی بنەڕەتی نییە، چونکە ئەگەر بەو شـێـوەیـە بـووایـە دەبـوو دوای دەرکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ یان لەپێشتردا بیر لەدامەزراندنی ئەو کومسیۆنە بکرابایەوە، کە چەندان هەڵبژاردن لـەهـەرێـم لـەژێـر سەرپەرشتی کۆمسیۆنەکەی بەغدا بەڕێوەچوو، ئەمە لەکاتێکدا ئێمە چاوەڕوانی چارەنوسی ناوچە دابـراوەکـان دەکەین کەئالیەتی گرنگیش بۆ ئەمە ئەنجامدانی ڕاپرسییە لەو ناوچانەو ئەو ڕاپرسییەش بێگومان لەژێر سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵای سەرخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەکرێت.

ئـەوەی تێبینی دەکـرێـت لەم پـرۆژە یاسایە نەقلێکی سـادەو خێرای هەمان قانونی ژمارە(١١)ی کۆمسیۆنی عێراقەو هیچ هەوڵێکی تێدا نـەدراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بە ئەزموون‌و یاسای وڵاتانی تر هەرچەندە ڕێژەیەکی دیاری ئەو بـەرێـزانـەی خاوەنی پرۆژەکەن پیاوی قانونین. لێرەدا بەپێویستی دەزانین چەند تێبینییەک بخەینەڕوو لەسەر ئەو پرۆژەیە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی.

برگەی (١٠)و (١١) لەمادە (٣)ی پرۆژەکە تایبەت بە ئیشەکانی ئەو کۆمسیۆنە، لەگەڵ ئەوەی ئەو دوو برگەیە دووبارەن لەهەمانکاتیشدا مەبەستیان لێڵ‌و نادیارە چونکە هەردووکیان باس لەو حاڵەتە دەکەن ئەگەر هەرێم بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن‌و ڕاپرسییەکانی فیدراڵی بکات ئەوا لەوکاتەدا دەبێت تەنسیقی هەبێت لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراقدا. ئێمە لێرەدا لەگرنگی‌و چۆنێتی‌و پێویستبوونی ئەو تەنسیقە دەپرسین بۆ چییە؟ ئـەگـەر ئـەو تەنسیقە بمانگەڕێنێتەوە هەمان دۆخی جارانی بەر لەدروستبوونی ئەو کۆمسیۆنەی لەمەر خۆمان کەواتە هیچمان بەهیچ نەکرد! دواتر ئەو کۆمسیۆنەی هەرێم بەناوەکەیدا کۆمسیۆنێکی باڵاو سەربەخۆی هەرێمە، واتە پێویستە وەک هەموو دەزگاکانی تری هەرێم کارو بڕیارەکانی کە لەم هەرێمە ئەنجامیاندەدات لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی فیدراڵەوە ڕێزی بگیرێت، ئیتر ئەم تەنسیقە ئەگەر خۆبەستنەوە بەبەغداو کۆمسیۆنەکەی نەبێت چیترە! بۆیە ئـەو دوو برگەیە بـەرای ئێمە زیـادەن‌و پێویست نین. دەکرێت لەکۆتایی پرۆژەکە ئاماژەیەک بدرێت بەهەڵوەشانەوەی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی سـەر بەکۆمسیۆنی بەغدا ئەمە دەلیلێکی قانونییە بۆ شەرعیەتی ئەو کۆمسیۆنە نوێیە وەک بەدیل بۆ کۆمسیۆنەکەی عێراق.

بـرگـەی (١)ی مـادەی (٤)ی پـرۆژەیـاسـاکـە ئەنجومەنی هەیئەی کۆمسیۆنی بە (٧) ئەندام دیاریکردووە، ئەم هەیئەتە گرنگەو ئێمە بۆ بەقیاس لەسەر ئـەوەی عێراق وەریبگرین کە لـەوێ (٩) ئەندام بێت ئەوا بۆ ئێمەی هەرێمێکی خاوەن (٣) پارێزگا (٧) ئەندام بەسە. ئێمە بوونی (٩) ئەندام بەلای کەمەوە بەگونجاو دەزانین بۆ ئەم هەیئەتە نەوەک (٧) ئەندام لەبەر پێویستی‌و گرنگی دەوریـان‌و وردەکـاریـی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن. بەپێی هەمان برگەی ئاماژەپێکراو لەپرۆژەکە ئەو (٧) ئەندامە بەزۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دادەنرێن پاش کاندیدکردنیان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئێمەش دەزانـیـن دەستەی سەرۆکایەتی پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان تەنیا ئـەنـدامـانـی سـەر بـەحـیـزبـە دەسـەڵاتـدارەکـان لەخۆدەگرێت، بۆیە باشترە کە ئەم هەیئەتە لەلایەن لیژنەیەکی پەرلەمانی تایبەتەوە یان تایبەتمەندەوە پێشنیارو کاندید بکرێن هەروەک کۆمسیۆنی باڵای عێراقی بەپێی برگەی (٢) لەمادە (٣)ی قانونی ژمارە (١١)ی ئەو کۆمسیۆنە کە ئەندامانی هەیئەتەکە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە کاندید دەکرێن کە بۆ ئەم مەبەستە لەپەرلەمان پێکهێنراوە. هەروەها پێویست ناکات مەرجی قانونی بوونی لانیکەم دوو ئەندامیان فەرزبکرێت وەک لەبرگەی ئاماژەپێکراودا هاتووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕبن لەو بوارەدا لەگەڵ پاکی‌و بێگەردی‌و سەربەخۆیی‌و بێلایەنیان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە نەوەک تەنیا بەرووکەش.

لەمەرجەکانی پێویست بۆ ئەندامێتی لەو هەیئەتە، بەپێی برگەی (٢)ی مادەی (٤)، پێویستە لەبەندی (٦)ی ئەم برگەیە ئەو کەسانەش لەئەندامێتی ئەو هەیئەتە بێبەشبکرێن کە لەتاوانەکانی شـەری ناوخۆ تێوەگلاون شانبەشانی ئەوانەی لەتاوانەکانی ڕژێـمـی پێشوودا گلابوون. هەروەها بەندێکی تری تایبەت بۆ ئەم مەرجانە زیادبکرێت‌و تێیدا هەموو ئەوانەش لەئەندامێتی ئـەو هەیئەتە بێبەشبکرێن کە لەسەر حسابی ماڵ‌و داهاتی گشتی دەوڵەمەندبوون..

مادەی (٥)ی تایبەت بەدەسەڵات‌و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی هەیئەی کۆمسیۆن لەبرگەی (١١) یدا باس لەپێدانی دەرماڵە دەکات بۆ کارمەندانی ئـەو کۆمسیۆنە بەرێژەیەک کە لەهاوشانەکانیان لەکۆمسیۆنی عێراق زیاتر نەبێت. ئەمە بـەرای ئێمە خۆبەستنەوەیە بەبەغداو پێویست ناکات بەڵکو ڕێـــژەی مـوچـەو دەرمـاڵـەی کارمەندانی ئەو کۆمسیۆنە دەبێت بەپێی باری ئابوری‌و کۆمەڵایەتی شیاو لـەهـەرێـم‌و ئـەو پۆستەی لەم کۆمسیۆنە وەریدەگرن بۆیان دیاریبکرێت. هەروەها پێویست بوو ئەو پرۆژەیە چۆنێتی دانان یاخود دامەزراندنی کارمەندە باڵاکانی تری ئەو کۆمسیۆنەی دیاریکردبا وەک بەرپرسی نوسینگەی پارێزگاکانی هەرێم بۆ نموونە.

«پێویستە ئەو کەسانەش لەئەندامێتی ئەو هەیئەتە بێبەشبکرێن کە لەتاوانەکانی شەری ناوخۆ تێوەگلاون»

بـرگـەی (١)ی مـادەی (٨) دەڵـێـت پێویستە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیۆن خۆیان بۆ کاری هەیئەتەکە تەرخانبکەن (متفرغ بن)، ئەمە لەخۆیدا شتێکی بەدیهیەو پێویست ناکات لەپرۆژەکە جەختی لەسەر بکرێتەوە چونکە ئەندامی ئەو هەیئەتە ئەگەر خۆی بۆ کاری کۆمسیۆن تەرخان نەکات ئەوا نەدادەمەزرێت‌و نەکارەکەشی بەسەرکەوتویی ئەنجامدەدات. کـەواتـە تـەفـەروغـی ئـەنـدامـی ئەنجومەنی هەیئەت تەحسیل حاسڵە. هەروەها لەبرگەی (٢)ی هەمان مادەدا هاتووە کە «ئەندامانی ئەنجومەنی هەیئەی کۆمسیۆن پلەی تایبەت (درجـە خاصە)یان دەبێت بۆ ماوەی (٥) ساڵ‌و قابیلی نوێکردنەوەشە». ئەم برگەیە دوو شتی جیای تێکەڵ بەیەککردوە، پلەو پایەی فەرمی ئەندامێتی لەو ئەنجومەنەدا لەگەڵ وەرگرتنی ئەندامێتی تێیدا یان خۆکاندیدکردنەوە بـۆی زیاتر لەجارێک کەئەمانە دوو شتی لێکجیان‌و دەبـووایـە بەجیاواز ڕێکخرابان. هەرچی پلەی تایبەتی ئەندامانی ئەو هەیئەتەیە دیارینەکراوە ئایا بەپلەی وەزیر یان بریکاری وەزیر یاخود بەڕێوەبەری گشتی دەبن، کەئەمانە لەڕێکخستنی پلەی وەزیفیدا هەموویان بەپلەی تایبەت دادەنرێن.

ئەمەی سەرەوە چەند تێبینییەک بـوون لـەسـەر پـرۆژەیـاسـاکـەو هیوادارین لەکاتی پەسەندکردنیدا لەلایەن پەرلەمانتارانی بەرێزەوە لەبەرچاوبگیرێن.هەروەهاهیوادارین بەرکاربوونی ئەو یاسایە لەهەرێمدا کۆمسیۆنێکی بـاڵاو سەربەخۆو بێلایەنی بەکردەوە بهێنێتە کایەوە نەوەک دوبارەکردنەوەی ئەزمونی شکستخواردوی هەمان کۆمسیۆنی عێراق‌و زۆربـەی دامەزراوەکانی تری هەرێم بێت کەزۆربەیان لەسەر بنەمای حیزبی دامـەزراون نەوەک لەسەر بنەمای لێهاتویی‌و شارەزایی‌و دڵسۆزیی بۆ میللەتەکەمان.

« هیوادارین بەرکاربوونی ئەو یاسایە لەهەرێمدا کۆمسیۆنێکی باڵاو سەربەخۆو بێلایەنی بەکردەوە بهێنێتەکایەوە»

## فەرهەنگۆک

ئا: سەرکەوت حەمە حسێن *

# دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردن

هەڵبژاردن یەکێکە لە ئەرک وبەرپرسیاریتییەکانی دەوڵەت لە وڵاتێکی دیموکراتدا، دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم پرۆسەیەش دەکەوێتە سەرشانی حکومەت‌و فەرمانرەوایانی ئەو وڵاتە.

بودجەی هەڵبژاردنیش، چ بودجەی پێکهێنان‌و بەردەوامی کارکردنی دامـەزراوەی هەڵبژاردن یاخود بودجەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێکە لە بودجەی دەوڵـەت. بەو پێیەش دەوڵـەت سەرچاوەی یەکەم‌وسەرەکی دابینکردنی خەرجی‌و تێچوونی ئەو هەڵبژاردنانەیە کە لەوڵاتەکەی خۆیدا بەڕێوەدەچێت.

دەشێت ئـەو دامـەزراوەیـەی سەرپەرشتی ڕێکخستن‌و بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەگرێتە ئەستۆ، دامەزراوەیەکی کاتی یاخود جێگیرو بـەردەوام بێت، یاخود دامەزراوەیەکی سەر بەوەزارەتێک یاخود هەر پێکهاتەیەکی حکومی بێت یاخود دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بێت، دەشێت بودجەی کاری خۆی یاخود بودجەو خەرجی پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە بودجەی دەوڵەت وەربگرێت یاخود ئەو بودجەو تێچوونە لەڕێی وەزارەتێک یان دامەزراوەیەکی دیکەی حکومەتەوە وەربگرێت، دەشێت بڵێین کە سەرچاوەی ئەو بودجەیەو چۆنێتی پێدان‌و خەرجکردنی بۆ دامەزراوەو پرۆسەی هەڵبژاردن لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت‌و جیاوازیان هەیە، بەڵام لەکۆتاییدا هەر دەبێت بڵێین کە پێویستە دەوڵەت خۆی وەک سەرچاوەی یەکەم‌و سەرەکی دابینکردنی ئەو بودجەو تێچوونە سەیربکرێت‌و هەربارێکی دیکەی جیاواز بارێکی نائاسایی‌و کاتیەو بۆ هاوکاری ئەو وڵاتەیە لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسیەت‌و چەسپاندن وبەردەوامبوونی دیموکراسیەتە.

بودجەی هەڵبژاردن:

١. بودجەی بەردەوامی دامەزراوەی هەڵبژاردن (ئاسایی):

ئەم بودجەیە بەردەوامەو بۆ ئەو دامەزراوانەی هەڵبژاردن خەرجدەکرێت کە پێکهاتەکەیان بەردەوامەو بەتەواوبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵناوەشێنەوە، بەنمونە دامـەزراوەی هەڵبژاردن لە عێراق (کۆمسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق).

ئەم بودجەیەش ساڵانەیەو بەشێکە لە بودجەی ساڵانەی دەوڵەت، بەهەر ڕێگەو شێوازێکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆو لەڕێی وەزارەت یان دامەزراوەیکی حکومیەوە خەرجبکرێت‌و بدرێتە دامەزراوەی هەڵبژاردن، ئەوا بەکاردێت بۆ ڕاییکردنی کارە ئاسایی‌و بەردەوامەکانی دامەزراوەی هەڵبژاردن‌و مووچەی کارمەندانی دامەزراوەکە.

٢. بودجەی پرۆسەی هەڵبژاردن (تایبەت):

ئەم بودجەیە تایبەتەو تەنها لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دابین دەکرێت، پێدەچێت ئەم بودجەیە بەشێوەیەکی تایبەت‌و وەک بودجەیەکی نائاسایی لەلایەن دەوڵەتەوە دابینبکرێت یاخود وەک بودجەیەکی ئاسایی بخرێتە بودجەی دەوڵەتەوە لەو ساڵەدا کە بڕیارە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجامبدرێت. ئەم بودجەیەش تەنها بۆ تێچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان سەرفدەکرێت، هەر لەدابینکردنی پێداویستی مادی پرۆسەکەوە یاخود دابینکردنی مووچەو خەرجی کارمەندانی ناوەندەکانی دەنگدان‌و مەشقپێکردنیان‌و ئامادەکردنیان بۆ ڕۆژی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە.

سەرچاوەی بودجە:

١. دەوڵـەت: لێرەدا دەوڵـەت خۆی بودجەی دامـەزراوەی هەڵبژاردن‌و پرۆسەی هەڵبژاردن دابیندەکات، جا ئەو دامەزراوەیە کاتی بێت یاخود بەردەوامبێت، یاخود بەهەر شێوازێک بودجەو تێچوونەکە خەرجبکات‌و بگاتە دەست دامـەزراوەی هەڵبژاردنی وڵاتەکەی.

٢. هاوکاری دەرەکی: لەوڵاتە تازەپێگەیشتوەکان یاخود وڵاتە هەژارەکان یاخود ئەو وڵاتانەی تازە هەنگاو بەرەو دیموکراسی دەنێن (بەنمونە، عێراق لـەدوای ساڵی ٢٠٠٣) لەچەند ساڵی یەکەمی دوای ئەو هەنگاونانەو تا باری ئابوری‌و سیاسیان جێگیردەبێت، پێویستیان بەهاوکاری ماددی‌و مەعنەوی دەرەکی هەیە بۆ سەرخستنی هەنگاوەکانیان‌و پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتەکەیاندا.

بۆئەم وڵاتانە دەشێت ڕێکخراوو دامەزراوە نێودەوڵەتیەکانی وەک نەتەوەیەکگرتوەکان‌و دامەزراوەکانی سەر بەو ڕێکخراوە یاخود هەر ڕێکخراوێکی دیکەی نێودەوڵەتی یاخود وڵاتێک یان چەند وڵاتێک، ئەرکی دابینکردنی بودجەی دامەزراوەی هەڵبژاردن‌و پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود تەنها بودجەی پرۆسەی هەڵبژاردن یاخود بەشێکی بودجەی پرۆسەکە بگرنە ئەستۆ.

٣. هاوکاری ناوخۆیی تایبەت:

لەم بارەدا کە دەوڵەت توانای دابینکردنی بودجەی دامەزراوەی هەڵبژاردن‌و پرۆسەی هەڵبژاردنی نیەو هاوکاری دەرەکیش کەمبۆتەوەو بەشی بەردەوامی کاری دامەزراوەکەوە ئەنجامدانی پرۆسەکە ناکات، دەوڵەت‌و دامەزراوەی هەڵبژاردن پەنا بۆ بەخشەری ناوخۆیی وڵات دەبەن لە بازرگانان یاخود دابینکردنی بەشێک لە بودجەکەیان لەڕێی دابینکردنی هەندێک خزمەتگوزاری بۆ کۆمپانیاو دامەزراوەو پارتە سیاسییەکانی وڵاتەوە، وەک سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ئەو دامەزراوەو کۆمپانیاو پارتە سیاسیانە یاخود مەشقپێکردنیان لە بواری هەڵبژاردندا.

* ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن– KIE